# خیانەتی حەڵاڵ

(( چەند پەیڤێك دەربارەی وەرگێران و وەرگێڕ ))

حەمە کەریم عارف

٢٠٠٨

# پێرست


١-وتەیەك

٢-كورتە مێژوویەكی وەرگێڕان

٣-زمان و وەرگێڕان

٤-وەرگێڕ پێویستە مەرجەكانی نووسەری تیا بێت

٥-هیچ پێوەرێكی رەها بۆ وەرگێڕان نییە

٦-خیانەتی حەڵاڵ

٧-هیچ وەرگێرانێك ناكاتە ئەسڵی دەق

٨-ئافاتی وەرگێران

٩-وەرگێران=هاوتاسازی

١٠-وەرگێران و دەردی كوردی نەزانی

١١-هەڵوەستەیەكی پاچڤەوانی

١٢-سەرنجێك دەربارەی وەرگێرانی دەقی ئەدەبی

١٣- وەڵامی گۆڤاری ئایندە

١٤-وەڵامی رۆژنامەی كوردستانی نوێ

١٥-هیچ شتێك لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە

١٦-دیمانە

# وتەیەك

ئەگـەر سـەرنجی کتێبخانـەی نیشـتمانی هـەر میللـەتو نەتەوەیـەك بـدەین، دەبیـنین بەرهـەمی وەرگێردراو ڕێژەیەکی باڵای ئەو کتێبخانەیەی پێك هێناوە، ڕێژەیەکی ئەوتۆ ڕەنگە زۆربـەی کات لە نیوە بەسەرەوە بێ. بۆیە گەر کتێبخانەیەك بەرهەمی وەرگێڕدراو دەوڵەمەندی نەکردبێ ئەوا لـە زۆر رووەوە هـەژارو کـەم ڕەونـەقو بـێ نمـوود دەنـوێنێ. ڕەنگـە ئەمـە بگەڕێتـەوە بـۆ گەلـەك هـۆی رامیـاریو ڕۆشـنبیریو هۆشیاریو بەتەنگەوە هـاتنو نـەهاتنو خەمسـاردی ڕۆڵـەکانی میللـەتی خودان کتێبخانەی هەژار...

کتێبخانەی کوردی، یەکیکە لە کتێبخانە هـەژارەکانو بـەو حاڵەشـەوە دەبینی ئاسـتی هۆشیاری خـەڵکی کـورد تـاکو نەوژی هێنـدە نزمـە کـە کـاری وەرگێـڕان بـە کـارێکی کـەمو سـووك تەمەشـا دەکەن.. ڕەنگە زۆر کەس –هەڵبەتـە لـە رووی نەفامییەوە– نامیلکەیـەکی ناشیعری کاڵو کرچی پـێ پەسـندتربێ لـە وەرگێڕانـی شـاکارێکی ئـەدەبی جیهـانی! دیـارە بەرنامـەداری بـۆ وەرگێـڕان، کـارێکی گەلـەك پێویسـتەو دەبـی لـەو بەرهەمـە فیکـریو فەلسـەفیو کـارە ئـەدەبیو هونـەریو زانستیانەوە دەسـت پێبکـرێ کـە لەگـەڵ ئـەو بـارە واقیعـیو کۆمەڵایـەتیو مێژووییـەدا بگونجێـت کەمیللەت پێیدا ڕەت دەبیو خێرایی بە ڕەوتـی گەشەسـەندنو بـەرەو کامـڵ چوونو پێگەیشـتنی ئـەو واقیعـە کۆمەڵایـەتیو مێژووییـە ببەخشـێت.. لـێ ئێمـەی کـورد چـونکە خـودان مێژوویـەکی نیمچـە وێسـتاوو پچڕپچـڕین، بۆیـە بیرو بیرکردنـەوەشمان پچڕپچـڕە، نەفەسمان کورتـەو پشـوو درێژی ئەو میللەتانەمان نییە کە ڕەوتو کاروانی مێژوویان لـە پچڕانو دابڕان بەدوور بـووەو بـە شێوەیەکی سروشتیو ئاسایی قۆناغە کۆمەڵایەتیو مێژووییەکانیان بڕیوە... هەڵبەتە پچڕپچڕی بیرکردنەوەی ئێمـەی کـورد، کـە زادەی واقیعـی کۆمەڵایـەتیو پچڕپچڕی میللەتەکەمانە، سێبەری بەسـەر هـەموو بوارەکـانی ژیانمانـەوە دیـارە. یـەکێك لـەو بوارانـە مەیـدانی وەرگێڕانـە کـە نـەمان توانیـوە بـەپێی نیمچـە بەرنامەیـەکی تـۆزێ ڕێكوپێـك ئـەزموونی ڕۆشـنبیریو فیکـریو ژیـانی تۆمـارکراوی میللـەتان بـۆ زمانەکـەی خۆمـان نـەقڵ بکـەین، تـا لەلایەکـەوە زمانەکـەمان دەوڵەمەنـد بکــەینو ســەدان زاراوەو وشــەی هاوچــەرخ بڕژێتــەناو زمانەکەمانــەوە،و لەلایــەکی دیکــەوە بیروبیرکردنـەوەی خۆمـان بـە ئـەزموونی پێشکەوتووانەی میللـەتانی دی موتوربـە بکـەین هـەر ئـەم نەفەس کورتییەو ئـەم هزرینـە خـراوە وای لێکـردوین بـە زۆری پـەلاماری شیعرۆکەیەك، یـا کورتـە چیرۆکێك یـا وتارۆکەیـەك یـان نووسـینێکی سەرڤەسـەرڤەی نەرمـە قـووت بـدەینو خێـراو بـەکاڵو کرچی تەرجەمەی بکەینو لەم بلاڤۆكو لەو ڕۆژنامەو غەزەتەدا بیانکەین بە ئاردی نێـو دڕکـانو چ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو هونەری بەجێ نـەهێڵن. هەڵبەتـە ئـەم جـۆرە بـێ سـەروبەرییە خزمـەتێکی ئـەوتۆ بـە کتێبخانـەی کـوردی ناکـات، چـونکە چ کرانەوەیـەك بەسـەر ئـەدەبیاتو ڕۆشـنبیریی میللەتانـدا، بـۆ ئـەدەبی کـوردی دەسـتەبەر ناکـاتو چ هەناسـەیەکی تـازەی بەبـەردا ناکاتو نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی داهێنان.

مەخابن ئێمە لەبەر تەمەڵی و بێ سەلیقەیی خۆمان تا رۆژگاری ئەمڕۆ شاکارە رۆشنبیری و هونەری و فیکری و فەلسەفییە جیهانییەکانمان بە جەماوەری خوێنەری کورد نەناساندووەو نەمانتوانیوە بە ئەمانەت و وەفادارییەوە وەریانبگێڕین و بیانخەینە بەردەست خوازیارانی رۆشنبیری.. جا مادامێکی وەرگێڕان هۆیەکە بۆ نزیك خستنەوەی گەلان لە یەکدی و ئاشنا بوونی گەلان بە باری سەرنج و بۆچوونی یەکدی لەمەڕ ژیان و ژیارو...

ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیری و شارستانی چێدەکات و... بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێڕان کە بریتییە لە گوێزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتر، لە چوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەکی رێکوپێکدا ئەنجام بدرێ: روو لە وەرگێڕانی ئەو کتێب و شاکارانە بکرێ کە بایەخی رۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لەکاروانی پێشڤەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی، وازهێنان لە وەرگێڕانی پەڕاگەندەو بەرهەمی کەم بایەخ و نیمچە مردوو، رەچاوکردنی پسپۆڕی و حەز لە وەرگێڕاندا، رێزگرتنی کاری سەرکەوتووی هەر وەرگێڕێك، رێککەوتن لەسەر زاراوە هەمە پەسندو زانستی و چەسپاوەکان. دەزگا رەسمییە رۆشنبیرییەکان وەرگێڕە بە تواناکان بەسەر بکەنەوە. دەستیان بگرن و هانیان بدەن کە شاکاری هونەری و رۆشنبیری و زانستی بە زمانی پاراوو رەوان وەربگێڕن، چونکە بەم کارە هەم تواناو بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەملێنێ و هەم بەهرەو سەلیقەی بەراوردو جیاکردنەوەی بەرهەمی رەسەن لە بەرهەمی نا ڕەسەن و بازاڕی دەڕسکێ. ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی فرە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات. چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێ و ناوێرێ بەرهەمی کاڵ و کرچ رەنگماڵ بکات و بە نرخی شاکاری هونەری و رەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت.

گوتمان مێژووی ئێمەی کورد، مێژوویەکی نیمچە وەستاوو پچڕپچڕ بووەو هەڵبەتە بیرو بیرکردنەوەشمان زادەو رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە بۆیە لە زۆربەی وارەکانی ژیاندا تا رۆژی ئەمڕۆ بێ بەرنامەین و بە نەفەسی کورتەوە مامەڵە لە تەك واقیعی خۆماندا دەکەین.

هەڵبەتە مەیدانی وەرگێڕان یەکێکە لەو مەیدانانەی کە پاشا گەردانی پێوە دیارەو دوور لە هەموو نەخشەو بەرنامەیەك و پلانێك بەپێ خاوسی بەناو کەوتووین و تەنانەت وەرگێڕ لەگەڵ خۆشیدا بەرنامەی نییە. هەر جارە روو لە دنیای بابەتێك دەکات، دیارە یەکێك لە فاکتەرەکانی ئەم حاڵە ئەو کەلێن و بۆشاییە گەورەیە یە کە لە کتێبخانەی کوردیدا هەس... یا دەیاردەیەکی سەقەتی دیکە ئەوەیە پێمان وایە ئەم دنیایە هەر شیعرو چیرۆکە! بێ چەندو چوون پڕی دەدەێنێ و هەر کە چەند شیعرۆکەو کورتە چیرۆك و هەندێ وتارۆکەمان بە سەقەتی وەرگێڕاو بە بەرتیل و خاترانە لێرەو لەوێ بڵاومان کردەوە، ئیدی خۆمان لێدەبێ بە ئەرەستۆو مامۆستاو دەفتەری کەس ناخوێنینەوە. هەڵبەتە لە ئەنجامی ئەم پاشاگەردانییەو لە ئاکامی بێ توانایی گەلەك لە وەرگێڕەکانمان و لە ئەنجامی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی لێ وەرگێڕدراو و بۆ وەرگێڕدراوەوە دووچاری بەد وەرگێڕان بووین و ئەم دیاردەی بەد وەرگێڕانەش روو لە زیادییەو خەریکە هەڕەشەی شیواندن و سەقەتکردنی زمانەکەمان لێدەکات...

ئـەوەتا لافـاوی رسـتەو دەسـتەواژەو رستەسـازی هەڵـەو بـێ بنچـو بنـاوانی زانسـتی و دوور لـە تەبیعەتی زمانی کوردی و سەرباری ئەمەش نا مەفهووم وا خەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێرانکردن دەبات. ئەم دیاردەی بەدوەرگێڕان و زمان شێوانە زۆر بە زەقی لە کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکانـدا، بەتایبـەتی لـە بابـەتی زانسـتە ئینسـانییەکاندا بـەدی دەکـرێ و پێدەچێت هـەر کاریگەری ئەمەش بێ کە کەم و زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆکە کوردییەکاندا رەنگی داوەتـەوە. دەزگاکانی دیکەی راگەیاندن ئەوە هەر باسیان مەکە! دیارە گەر کار واپڕوات ئـەوا چەند ساڵێکی دی کوردینووس و کوردیزان دەچنە قاتی و مەگەر بە چراوە بۆیان بگەڕێی.

هەڵبەتە خەتەری مەزنی شێوانی زمان لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا نییە، بەڵکو لـەوەرگرتنی ئـەو داڕشتن و رستە بەندییە ناکوردیانەدایە کە هەندێ وەرگێڕ لەبەر نابەڵـەدی و تەمـەڵی خـۆی، خێـرا وەریدەگرێ و دیارە ئەم زمانە سەقەتەی بەرە بەرە دەبێ بـە زمـانی بـاوو وەرگێڕانـی پچڕپچڕو بـێ سـەروبەر کـار دەکاتـە سـەر زمـانی نـەوە تازەکـان و پاشـان کـار دەکاتـە سـەر زمـانی نووسـین و ئەدەبیاتی تازەو ئیدی نەوەکانی دی کە چاویان بە بەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ هەڵەو بێسەروبەر دەکـەوێ، وا هەسـت دەکـەن کـەئاڵۆزی و پچڕپچڕی بابەتەکە، بـۆ خـۆی جـۆرە شـێوازێکی نوێیـە، نازانێ کاکی وەرگێڕ بە پەندی دنیاو قیامەتی کردووەو بە جۆرێکی وەرگێـڕاوە مەگـەر هـەر خـۆی سەری لێدەربکات.

ئیـدی خوێنـەریش چـونکە پشـتیوانەیەکی رۆشـنبیری ئـەوتۆی نییـە، بۆیـە بەلـەز وەك ئـەوەی هـەنگوین لـە دارا بدۆزنـەوە دەکەنـە لاسـایی کردنـەوەی. بۆیـە سـەیر دەکـەی کۆمـەڵێکی زۆری خوێنـدەواران، کـە تاقـە پەیوەنـدییان لەگـەڵ رۆشـنبیری جیهانیـدا، لـە رێگـەی ئـەو وەرگێڕانـە سـەقەت و شـێواوانەوەیە... بـێ ئـەوەی تاقـە یـەك زمـانی زنـدووی جیهـانی یـان ناوچـەیی بـزانن بـەناوی نوێنـەرو ردێـن سـپی رۆشـنبیرییەوە خـۆ لـە قـەرەی مالیجـەو چارەسـەری گـەورەترین و گـەرمترین کێشـەی رۆژی ئـەم دنیایـە دەدەن، بـێ ئـەوەی پشـت بـە تاقـە یـەك سەرچاوەو ژێـدەرو دەهمەنی دەرەجەیەك ببەستێ، دێن سەرچاوە دەرەجە چوارو پێنجە لەبنەڕەتدا شێواوەکان کاوێژ دەکەنەوەو دەیتفێننەوەو خەڵکەکە بێ چ قێزکردنەوەیەك هـەڵی دەگرنـەوەو تـا رادەیـەکی زۆریش پێی قاییلن و بانگەشەی هزرڤانی و پیتۆڵیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەن و ئیدی لە چـەندین لاوە مونتیکارلۆی بانگەشەیان بۆ وەگەڕ دەخرێ.

گەر هەندێ ورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین گەلـەك نموونـەو دەقی ئـەدەبی زادەو لـە دایکبـووی ئـەم حاڵەتـە بـەدی دەکـەین، راسـتە زمـان دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـەو پـێ بـەپێی پەرەسـەندنی قۆناغـە مێـژوویی و کۆمەڵایەتییـەکان گـۆڕانی بەسـەردا دێ و پەرەدەسـەنێ و قاڵبـە کۆنـەکان دەشـکێنێ و قۆنـاغ بـە قۆنـاغ کـاژە کۆنـەکان فـڕێ دەداو کـاژی تـازە دێنێتـەوە، لـێ بـەو مانایە نییە کە بنەما سەرەکییەکان نەمێنن و هەڵوەشێنەوە.

هەڵبەتـە دەبـێ ئـەوە بگـووترێ کـە ئێمـە کەوتووینەتـە سـەردەمێکی فـرە خێـراو خۆشـبەزەوەو تەکنۆلۆژیا میللەتانی تەواو لێکدی نزیك کردۆتـەوە... گـەر هـەر بـەم خەمساردییەوە بمێنینـەوەو بـە تـەمابین بـە پشـتیوانی نامیلکـەی شـیعری و کۆمەڵـە چیرۆکی پـەرپوت و بـێ رەونـەق و کـەم

**نموودەوە ببین بە خودانی کتێبخانەی دەوڵەمەند ئەوا کاتێ بە خۆ دەزانین لە هەموو جەژنان بووین‌و دەستمان لە بنی هەنبانەوە دەرچوو، بۆیە بەبێ وەرگێڕانی بەرنامەدارو بەردەوام نابین بە خودانی کتێبخانەی دەوڵەمەند.**

**تێبینی:**

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی:**

**پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم ٢٠٠٤**

**وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر، ل ٢٥٠- ٢٥٣**

# کورتە مێژوویەکی وەرگێڕان

"١"

وەرگێڕان وەکو پێویستیەکی تیرەی بەشەر،مێژوویەکی تاڕادەیەك دوورو درێژی هەیە،یەکەمین کاری وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵێك بەر لە زاین وبۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی کۆنی میسر.بەڵام لە رۆژاوادا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ بەر لە زاین.بۆ ئەو سەردەم و رۆژگارانەی کە رۆمیەکان بەشی هەرە زۆری کەلتوری یۆنانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان وئیدی لەو سەردەمەوە پاچڤەو وەرگێڕان ڕەونەقی پەیداکردو برەوی سەند.ئەوەی کە تا ئیستا ساغ بووەتەوە، یەکەمین پاچڤەی ئەدەبی لە رۆژاوادا پاچڤەی ئۆدیسەیە بۆ سەر زمانی لاتینی.گوایە لە ساڵی ٢٧٠پ.ز لەلایەن لیویوس ئاندریکۆس، شاعیری رۆمیوە ئەنجام دراوە.

هەڵبەتە پێشتر پاچڤەی زارەکی بەتایبەتی لە مەیدانی مەزەبداو لە کۆمەڵگە جووەکاندا هەبووە. رۆحانیانی جوولەکە خەڵکیان لە مەیدانی شاراندا کۆدەکردەوەو تەوراتیان بۆ شەرح وشرۆڤە دەکردن.بەهەرحاڵ پاچڤەی نڤیساری تەورات لە سەدەی دووەمی پ.ز.لەلایەن کۆمەڵێك زانای ئاینی جوولەکەوە کراوە، بەمەبەستی وەدی هێنانی پێویستیەکانی کۆمەڵگەی جوولەکەی ئاکنجی ئەسکەندەریە.ئەم وەرگێڕانە میناکی وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی ناڕەوان تەمەشا دەکرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحیەتدا، پرۆسەو کاری وەرگێڕانی ئینجیلیش بۆ سەر زمانانی لاتینی، سریانی،قیبتی و ئەرمەنی دەستی پێکرد، کە هەرهەموویان پاچڤەی وشە بە وشە بوون ولە رووی ماناوە زۆر نارەوان ونامەفهووم بوون.مەسەلەکەش ئەوەبوو کە ئەهلی کلێساومەسیحیانی توندڕەو، پێیان وابوو دەبێ شێوەی هەوەڵینی پەیڤی خودا وەکو خۆی بپارێزرێت ودەستکاری نەکرێت..هەر بۆیەش وەرگێڕانەکەی جرۆم لە سەدەی چوارەمی زاینیدا،کە وەرگێڕاێکی رەوانی پەیام و نێوەرۆکی ئینجیل بوو،لە وەرگێڕانی وشە بە وشە لایدابوو، رووبەرووی نارەزایی توندی پاچڤەوانان وخوێنەران و کۆمەڵگەی رۆحانی کاتۆلیك بووەوە.

لەسەرەتاکانی سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا، سێ رەوت و رێبازی وەرگێڕان لە ئەورووپا رەواجی هەبوو:لە عەرەبیەوە بۆ لاتینی،لە عەرەبیەوە بۆ عیبری، لە یۆنانیەوە بۆ لاتینی. هەڵبەتە وەرگێڕان لە عەرەبیەوە بۆ زمانانی تری میناکی لاتینی وعیبری نیشانەی ئەوەیە کە ئەورووپای رۆژاوایی زانست و شارستانیەتی ئیسلامیان پێ قەبووڵ بوو وجوولەکانی ئەورووپای مەسیحی شارستانیەتی ئیسلامیان لەلا پەسند بووە. وڕەوتی سێیەمیش، واتا وەرگێڕان لە یۆنانیەوە بۆ لاتینی نیشانەی سوود وەرگرتنی ئەورووپایە لە زانستی سەردەمی کلاسیك وکۆن..بەهەرحاڵ لە سەدەی سیازدە بە دوواوە ئیدی کاری وەرگێڕان لە زمانانی جیاوازەوە پتر گەشەی کردو پەرەی سەندو کارلێکێکی هزری وکەلتوری وزانستی و زمانەوانی یەجگار گەورە لە نێوان زمانانی

لاتینی وعەرەبی وعیبری وئەسپانی و پرتوگالی و ئیتاڵیایی و فەرەنسی وئینگلیزی وهۆڵەندیدا چێبوو.
ئیدی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کاری وەرگێڕان لە قەڵەمڕەوە کەلتوریەکانی ئەوروپای ڕۆژاوایی دا لە هەموو لایەکەوە رەواجی پەیدا کردو برەوی سەندو لە ڕاستیدا بزوتنەوەی ئۆمانیستەکان کە باوەریان بە توانای مرۆڤ ومافی ژیان وئازادی وبەختەوەری مرۆڤ هەبوو، یەکێك لە فاکتەرەکانی ئەم تازەکردنەوەو تازەبوونەوەی ژیانی کەلتوریە بوو..بزوتنەوەی ئۆمانیستەکان لە ئیتاڵیا سەری هەڵداو پاشان گەییە فەرەنساو لە ئاخروئۆخری سەدەی پازدەیەمدا گەییە ئینگلتەراو تەنانەت دەرباری هنری هەشتەم بوو بە مەڵبەندی چالاکی ئۆمانیستەکان. زۆر بەرهەمی گرینگی ئەدەبی یۆنانی وڕۆمانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدران و کارێکی قووڵی کردە سەر ئەدەبیاتی ئینگلیزی..
بەم پێیە پاچڤە لە سەدەکانی ناڤیندا هۆیەك بووە بۆ گواستنەوەی سیستماتیکی زانستان،لەسەردەمی ڕێنیسانسدا هۆیەك بووە بۆ پاچڤەی شاکارە ئەدەبیەکانی جیهانی کۆن بۆ سەر زمانانی ئەوروپایی ولە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا هۆیەکی یەك لایەنە بووە لە نێوان گەورە نێودارانی ئەدەب وهونەرو تارادەیەك فەیلەسوفان وزانایان و خوێنەرانیان لە سەرانسەری جیهاندا.
سەدەی بیستەمیش بە سەدەی پاچڤە ناودەبرێت،هەڵبەتە پێداویستیە سیاسی،کۆمەڵایەتی،کەلتووری وهزری وهونەری وزانستی وڕکابەرییە بازرگانی وئابوریەکانی رۆژگار وایان دەخواست کە هەر هەموو قەواڵە وبەڵگەنامە، گوتار، کتێب ونووسینەکان بۆ زۆربەی زمانانی دنیا،وبەلای کەمەوە بۆ زمانانی هەردووك لای مامەڵەکە بێنە وەرگێڕان..هەڵبەتە جەنجاڵی ولەزی سەدەی بیستەم کردیە کارێك کە پرۆسەی وەرگێڕانیش هەم خێرا ببیٚ و هەم مەیدانەکانی زیاترو هەم هەمەجۆرتر بن کە بووە مایەی میکانیکی بوونی وەرگێڕان، واتا لێرەدا کەمتر بایەخ بە وردەکاری دەق دەدرێت و وەرگێڕان لەسەر بناغەی دانانی میکانیکی وشەی زمانێك لە جێی وشەی زمانێکی دیکە ئەنجام دەدرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕان تەنیا دەورێکی بچووك لە نزیك خستنەوەو تێگەیاندن و تێگەییشتنی میللەتان لە یەکدی بگێڕێت.
لەشکری ئیسلام کە دەستی دایە فتوحات و وەڵاتگیری، زۆر وڵاتانی گەورەی خودان کەلەپوری دەوڵەمەندی رۆشنبیری وشارستانی داگیرکرد.جوولەکەو مەسیحیان بوون بە موسوڵمان.ئێرانیان و هندیان وسریانیان ومیسریان وئەسپانیان ملیان بۆ شەریعەتی ئیسلام دا، ئیدی بەرەبەرە زمانی عەرەبی بوو بە زمانی هاوبەشی هەموو دانیشتوانی قەڵەمڕەوانی ئیسلامی. پزیشکانی لێهاتوو وگەورە زانایان، لە جوولەکە ومەسیحی ونەستوریان لە بارەگای خەلیفەکانی ئیسلام نزیك بوونەوەو ئیدی تێکەڵیەکی زۆر لە نێوان رەگەزە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلام چێبوو،وگۆڕینەوەی هەمەجۆری هزرێن ئەقلانی لەم جیهانە تازەیەدا ڕەونەق ورەواجی

پەیداکرد.عەرەب پەیوەندی راستەوخۆیان دەگەڵ شارستانیەتی یۆنانی- ئێرانیدا پەیداکردو کەوتنە ژێر کاریگەریی راستەوخۆو قووڵی شارستانیەتی ئەوانەوە.
لە کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچیدا، پاچڤەوانانی ئیسلامی وردە وردە دەستیان دایە وەرگێڕانی هەندێك شتان، بەڵام بزووتنەوەی راستەقینەی وەرگێڕان لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی کۆچیەوە دەستی پێکردو پێڕۆکە بوو..لەم سەردەمەدا زۆر بایەخ بە پاچڤەی بەرهەمەکانی ئەرسۆو ئەفلاتون دراوە..سەدەی سێیەمی کۆچی سەرەتای قۆناغی زێرینی بزاڤی وەرگێڕانی ئیسلامی بوو وتا کۆتایی سەدەی پێنجەم بەردەوام بوو.. بەمجۆرە موسوڵمانان پتر لە سێ سەدە سەرگەرم و مژولی پاچڤەی بەرهەمێن زانستی و فەلسەفی و ئەدەبی و ئاینی شارستانیەتە کۆنەکان بوون ولە شەش زمانی ناسراوی ئەو رۆژگارەوە، واتا عیبری و سریانی وفارسی وهیندی ولاتینی و یۆنانیەوە، بەرهەمیان وەردەگێڕاو کەلەپورێکی مرۆڤانی دەوڵەمەندیان بۆ خۆ پێکەوە نا.دەزگایەکی زانستیان بە ناونیشانی (خانەی حیکمەت) دامەزراند بۆ حەوانەوەی وەرگێڕەکان و پاراستنی بەرهەمەکانیان وچەندین شاندی پسپۆڕیان بۆ تاقیب وسۆراخی کتێبانی بایەخدار بۆ ئێران وهیندو قەستەنتەنیە نارد..
خەلیفە عەباسییەکان بایەخێکی تایبەتیان بە کاری وەرگێڕان دەدا.بەمەبەستی پاچڤەی بەرهەمێن زانستی و فەلسەفی بۆ سەر زمانی عەرەبی پەنایان وەبەر زمانزانانی ئێرانی و هیندی و سابیئی وجوولەکەو مەسیحی دەبرد..لەو رۆژگارەدا سێ مەڵبەندی وەرگێڕان هەبوو:ئەسکەندەریە،جندی شاپور،وحەڕان..ئیدی لە ماوەیەکی کەمدا موسوڵمانانیش بەرەبەرە شانبەشانی مامۆستا مەسیحیەکانیان دەستیان دایە وەرگێڕان وشرۆڤەی کتێبانی غەیرە عەرەبی لە زمانانی فارسی وهیندی و عیبری وسریانیەوە.عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع یەکێکە لە وەرگێرە گەورەو بە نێوبانگەکانی ئەو رۆژگارەو جێدەستی دیارەو بووە بە سەرمەشقی نووسەرانی عەرەب.ئەم نووسەرو وەرگێرە ئێرانی نەژادە پاش ئەووەی چووە سەر ئاینی ئیسلام، زمانی عەرەبی بە تەواوەتی فێربوو، کۆمەڵێك کتێبی باشی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی کە (کلیلەو دیمنە) یەکێکە لە نموونە دیارەکانی.هەڵبەتە پاچڤەوانانی ئەو سەردەمە تەنیا بە پاچڤەی کتێبانی کیمیاو پزیشکگەرییەوە نەوەستاون و بایەخیان بە زانستانی سروشتی، میتافیزیکی و مەزەبیش داوە، لەوانە تەورات وئینجیل و بەرهەمێن مانەوی و زەردەشتی کە دەورێکی شایستەیان لە دەوڵەمەندکردنی زانستێن ئاینی موسوڵمانان هەبووە. هەروەها لە گەردووناسی وبیرکاری وسیاسەتیشدا زۆربەرهەمیان لە هیندی وفارسییەوە کردووە بە عەرەبی وئەمە جگە لەوەی ئەندازەو پزیشکگەری وگەردووناسی یۆنانیشیان کردووە بە عەرەبی..هەرچەندە شتێکی ئەوتۆ لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە نەماەتەوەو ئەوەی ماویشتەوە بە سەر کتێبخانانی رۆژهەڵات و رۆژاوادا پەرت وبڵاوبوەتەوە..بەڵام لەو نوسخە کەمانەوە کە ماوەتەوە ئەوە بە دیاردەکەوێ پاچڤەوانانی ئەو رۆژگارە زۆر زانیاربوون ولە کاری وەرگێڕاندا رێبازی تەواو زانستانەیان گرتووەتەبەر، دەقێك چەندین جار لەلایەن پاچڤەوانانی جیاوازەوە و لە سەرچاوەێن جیاوازەوە وەردەگێڕدرا. ئەوکارانەی لەلایەن کەسانی کەمشارەزاوەو بە پەلە ئەنجامدرابوون،

پێداچوونەوەیان بۆ دەكرا، چاك دەكرانەوەو زۆرجار لە نوێ تەرجەمە دەكرانەوە. بۆیە كتێبی وا هەیە پتر لە چوار تەرجەمەكراوە.بە تایبەتی بەرهەمەكانی ئەرستۆ كە لە جیهانی ئیسلامدا باوبوون.بەهەرحاڵ پاچڤەوانانی ئیسلامی توانیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە شارستانیەتێكی بەشكۆو مەزن دامەزرێنن و یۆنان وعەرەب وئیسلام بە یەكتر بناسێنن وسەردەمی كۆن بە سەدەكانی ناڤینەوە گرێ بدەن وبەهۆی ئەم پاچڤانەوە بوو كە لاتین زمانان ئاشنایەتیان دەگەڵ زۆر بەرهەمی كلاسیكیدا پەیداكرد.
بە گوێرەی قەرینەونیشانان پرۆسەی وەرگێڕان لە وڵاتی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام وزۆر بەرهەم وكتێبان لە سانسكریتی و زمانانی دیكەوە، بە تایبەتی لە رۆژگاری ساسانیەكاندا هاتووەتە وەرگێڕان كە بەداخەوە دەقە پەهلەویەكانیان نەماوە..بەڵام وەرگێڕان لە زمانە ئەوروپاییەكانەوە، بە تایبەتی فەرەنسی،بۆ فارسی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە سەدەیەك لەمەوبەر،بۆ سەردەمی دامەزراندنی دەزگاو دامەزراوەی (دارالفنون)وناردنی خوێندكاران بۆ هەندەران. ئەم دەزگا فێركاری و پەروەردەییە لە سەردەمی عەباس میرزاو لەسەر پێشنیازی رۆشنبیرانی ئەو رۆژگارە بەو مەبەست ومەرامە دامەزرا كە شارستانیەت و زانست و زانیاری رۆژاوایی بهێنرێتە وڵاتەوەو بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستاو فێركاریان لە هەندەرانەوە هێنا..ئەوەبوو كتێبی دەرسی لە بوارەكانی زاست، ئەدەبیات، مێژوو وپزیشكی و..هتد بە یارمەتی وكۆمەكی ئەو مامۆستاو فێركارنە پاچڤەی فارسی كران.دوای ماوەیەك لەسەر داوای عەباس میرزا كەوتنە پاچڤەی بەرهەمێن ئەدەبیش.جا چونكە خوێندكاران زیاتر بۆ فەرنسا دەچوون، بۆیە زمانی فەرەنسی لە وڵاتدا زیاتر رەواجی هەبوو ئەوەبوو نەك هەر بەرهەمی نووسەرانی فەرەنسی وەرگێڕدران بەڵكو لە ڕێگەی فەرەنسییەوە بەرهەمی ئەدەبی لە زمانانی دیكەی ئەوروپاییشەوە بۆ فارسی وەرگێڕران وەك:ئاڵمانی، روسی، پۆلاندی، مەجەڕی، ئەسپانیایی و پورتوگالی.
هەڵبەتە بزاڤی وەرگێڕان وچاپی كتێب لە دوای مردنی عەباس میرزاو فەتعەلی شا،لە سەردەمی محەمەد شادا دووچاری سستی وكەساد بوو، بەڵام لەسەردەمی ناسرەدین شاو موزەفەرەدین شادا گەییە لوتكە. محەمەد تاهیر میرزاو محەمەد خان اعتماد السلتەنە، پڕكارترین پاچڤەوانانی ئەم قۆناغە بوون. یەكێك لە پاچڤە هەرە بە نێوبانگەكانی محەمەد تاهیر میرزا(سێ تفەنگداری كۆنت مۆنت كریستۆ)یەو (دكتۆری ناچاری وژیاننامەی كریستۆف كۆلۆمبس)ش لە وەرگێڕانە بە ناوبانگەكانی محەمەد خانی اعتماد السلگنە-ن
ئیدی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، زمانی ئینگلیزی بەرەبەرە وەكو زمانی سەرچاوەی وەرگێران لە ئێراندا جێگەی فەرەنسی گرتەوەو تا ئیستاش بەردەوامە..
دیارە كورد لەم مەیدانەشدا هەر قرەی دنیا بووەو ئەوەندەی من بیزانم لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمداو بەشێوەیەكی پچڕپچڕو بێ بەرنامە دەستی داوەتە كاری وەرگێڕان. لە ساڵی ١٩١٩دا مەترانێكی سابلاخی ئینجیلی كردووە بە كوردی كە رەنگە ئەمە سەرەتای وەرگێڕانی كوردی بێ. ئیدی لە پەنجاكانی هەمان سەدەدا مامۆستا دكتۆر جەمال نەبەز هەردوو شاكاری ئەدەبی (پاڵتۆ)ی گۆگۆل و (گەرداوەكە)ی شەكسپیری كردوون بەكوردی.لە هەفتایەكاندا ئینجیل

جارێکی دی لە لایەن مامۆستایان قەشە یوسف پەری سلێمان وکەریم زەندەوە کراوە بە کوردی.ئیدی کاری وەرگێڕان لە هەفتاکانەوە گوڕێکی بەستووەتەوەو لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمەوە بە تەواوەتی رەواجی پەیداکردووەو ئێستاش بە لێشاو مومارەسە دەکرێت و تا رادەیەکی زۆر پاشاگەردانی وبێ بەرنامەیی پێوە دیارە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- تحلیل کلام،روشی برای ترجمە:نظریة وکاربرد/ژان دولیل،ترجمە:دکتر اسماعیل فقیە،تهران/رهنما،١٣٨١

*- گفتمان وترجمە، علی صلح جو،چاپ اول/١٣٧٧

*- اصول ومبانی ترجمە/طاهرە صفارزاە/چاپ پنجم:زمستان ١٣٧٠

*- زبان،ترجمە،وارتباط فرهنگ ها/حسین یعقوبی،چاپ اول(١٣٨٤)

# زمان و وەرگێڕان

"١"

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندی ونیشانە هەرە دیارەکانی ئینسان و لە هەر هەموو بوونەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە..گومان لەوەدا نیە کە ئەگەر زمان نەبوایە تیرەی بەشەر هەرگیز نەیدەتوانی جیهان بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆکە هەیە دروست بکا وپێکبهێنێ.ئەگەر دیقەت بدەی پێشکەوتنی تیرەی بەشەر لە هەرهەموو روویەکەوە،لە ئەدەبیات وهونەرەوە بیگرە تا دەگاتە زانست و تەکنۆلۆجی قەرزارباری زمانە..کەواتە بەم پێودانگە زمان دەکاتە ئەوزارێکی ڕەسەنی دەستی خەڵکی بۆ چێکردنی پەیوەندی وهەڤبەندی دەگەڵ یەکدیدا، بەڵام هەندێك بە تەشەرەوە یەژن هۆیەکی سەرەکی بەدحاڵی بوونی نێوان خەڵکیە.. دیارە واقیع ئەم بۆچوونەی بە درۆ خستووەتەوەو بە پێچەوانەوە نەبوونی زمانێکی هاوبەش بووەتە کۆسپ لەبەردەم تێگەییشتنی تیرەی بەشەر لە یەکدی وئەم حەقیقەتە زیاتر لای ئەو کەسانە دەردەکەوێ تەنیا زمانێکی ناوچەیی لۆکاڵی دەزانن وسەفەری ولاتانی دی دەکەن وناچارن بەرخوردی خوێندەڤانی، بازرگانی، سیاسی،وکەلتووری و..هتد بکەن.

بەهەرحاڵ بۆ چارەسەری کۆسپ وتەگەرەی زمانەوانی وەکو گرفتێکی گەورە لەبەردەم پەیوەندی نێونەتەوەیی،زۆر ڕێگەو ڕێبازان پێشکەش وپێشنیازکراون لەوانە:

١- بایەخدان بە زیادکرنی خزمە تگوزاری پاچڤەی نڤیساری و زارەکی وسوود وەرگرتن لە زانستێن کۆمپیوتەری.

٢- دروستکردنی زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی دەستکردی میناکی زمانی سپرانتۆ تا هەر تاکێك بتوانێ بە ئاسانی فێری ببێ و سوودی لێوەربگرێت.

٣- هاندانی خوێندن و فێربوونی زمانێکی ئاسایی ئەم دنیایە وەکو زمایکی جیهانی، واتا زمانێك هەمان ڕۆڵ بدینێ کە لاتینی لە سەدەکانی ناڤیندا لە مەڵبەندە زانکۆییەکاندا دەیبینی و ئەمڕۆکە تا ڕادەیەك ئینگلیزی لە هەندێ ئاستدا دەیگێڕێت.

٤- دانان و داڕشتنی بەرنامەیەکی فێرکاری چەند زمانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا،جا هەر بۆ جەختکردنەوە لەسەر زمان و ڕۆڵی زمان لە ژیان و ژیاری تیرەی بەشەردا، پێویستە بە پەلەو خێرا چاوێك بە رابردوودا بگێڕین.وەکو تەورات دەڵێت:" لە ڕۆژگاری کۆندا، رۆڵەکانی ئادەم لەسەر رووی زەمین هەموو بە یەك زمان دەئاخافتن.تا رۆژێ هات لێبڕان لە رۆژهەلات کۆچ بکەن، بەرێکەوتن تا گەیینە دەشتێکی دەڤەری شینعار و لەوێندەر هەواریان خست. ئەوجا بە یەکتریان گوت:وەرن با بۆخۆمان شارێك دروست بکەین و بورجێکی لەسەر رۆبنەین، بورجێك هێندە بەرزو بڵند بێ کە سەر لە ئاسمان بسوێ تا بەمجۆرە بگەینە عەرش ولەسەر زەوی پان وبەرین پەراگەندەو پەرتەوازە نەبین.لەم کاتەدا یەهووە(یەزدان) هاتە خوارێ تا تەمەشای ئەو بورجە بکات کە رۆڵەکانی ئادەم خەریکی دروستکردنی بوون.یەهووە لە سەرکێشی وبێ پەروایی و بێباکی ئەم قەومە ترساو لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم خەڵکە یەکگرتوو ویەکزمانن و بەم یەگرتووی ویەکێتیە هەموو

کارێکیان لێدەوەشێتەوەو لە دەست دێت،ئیدی یەهووە بیری لەوە کردەوە کە ئەم نەخشەیەیان لێ تێکبدات وکارێکی وەهای کرد کە چیتر لە زمانی یەکتر تێنەگەن.کە لە زمانی یەکدی تێنەگەییشتن ناچار ناکۆکی و دووبەرەکیان تێکەوت ودەستیان لە دروستکردنی بورجەکە هەڵگرت وبەسەر زەوی پان وبەریندا پەرتەوازە بوون."/تەورات، بابی یازدەیەم/

دیارە زمان بە جۆرێ تان وپۆی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشەری تەنیوەو بووە بە بەشێك لە حاڵەت ودیاردە ئاسایی وپێویستەکانی میناکی خواردن وخواردنەوەو خەوتن و هەستان و کار، کە بەدەگمەن خەڵکی بیر لە رۆڵ وکارو پێکهاتەو سەرەتاو سەرهەڵدانی دەکەنەوەو یەجگار زەحمەتە وێنای کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانی بێ زمان بکرێتەوە.راستە ناتوانرێ مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمان دیاری بکرێت، بەڵام خۆیایە کە دیاردەیەکی یەجگار کۆن و دێرینە وزۆر زەحمەتە پەی بەوە ببرێ کە زمان چۆن هاتووەتە ئاراوە، چونکە هەندێ نیشانانی ژیانی مرۆڤ لەسەر رووی زەوی دەدۆزرێنەوە کە بۆ پتر لە نیو ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، هیچ بەڵگەنامەو دیکۆمێنتێکی روون دەربارەی زمانی زارەکی تیرەی بەشەر لە دەستدا نیە،چونکە هیچ شوێنەوارێکی زمانی زارەکی نەماوەتەوە.هەر بۆیەش تا ئیستا سەدان گریمانەو تیۆری دەربارەی سەرەتاو سەرهەڵدانی زمانی زارەکی مرۆڤ خراونەتە روو. دوورنیە یەکەمین زمانی بنیادەم بریتی بووبێ لە کۆمەڵە دەنگێکی خۆبەخۆیی و ئاماژان، کە بە تێپەڕبوونی رۆژگار هەر جوڵەوکردەوەو دەنگێك قاڵبێکی رەمزی وەرگرتووەو مانایەك یان چەند مانایەکی پەیدا کردووەو بووە بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی..هەندێك زانا پێیان وایە یەکەمین وشەی زمان ئەو کاتە پەیدا بووە کە مرۆڤ ئامێرو ئەوزاری داهێناوەو بە دەم بەکارهێنانی ئامێرو ئەوزارانەوە، بۆ پەیوەندی کار، دەگەڵ خەڵکی تردا کۆمەڵێك دەنگی بەکارهێناوە کە لە ئەنجامدا گۆڕاون بە پەیڤ و واژە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمان وئەوزار لە یەك کاتدا سەریان هەڵداوەو پەیدا بوون.دیارە زۆر تیۆری وبۆچوونان لەمەڕ پەیدابوون وسەرهەڵدانی  زمان هەیە لەوانە:بۆچوونێکی مەزەبی ئەفسانەیی هەیە کە گوایە زمان ریشەیەکی ئاسمانی هەیەو دیاریی خوا بووە بۆ تیرەی بەشەر،ئەمە لە هەندێ مەزەب وباوەڕی هیندیەکاندا هەیەو لە تەوراتیشدا جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە یەزدان گەردوون وبوونی لە رێگەی وشەوە خوڵقاندووە.تیۆرییەکی دیکە سەرچاوەی سەرهەڵدانی زمان دەگێڕنەوە بۆ دەنگەکانی ناو سروشت، واتا لەگینە یەکەم وشەی مرۆڤ لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت بووبێ، واتا لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانە بووبێ کە مرۆڤی ئەو رۆژگارانە لە ژینگەو دەوروبەری خۆیانەوە ژنەوتوویانە. بۆ نموونە کاتێ باڵندەیەك خوێندوویەتی مرۆڤ لاسایی دەنگەکەی کردووەتەوەو زۆرجار ئەو دەنگەی کردووە بە ناو بۆ باڵندەکەش وەکو کوکوختی، کە رەنگە لە جۆری خوێندنەکەیەوە کە دەڵێت "کوکو"وەرگیرابێ. هەندێکی تر پێیان وایە دەنگە سەرەتاییەکانی زمان، زادەو کاردانەوەی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازار، بە توڕەیی،وبە لەزەت، بە خۆشی وناخۆشی و ئەو

شتانە بووە..بەهەرحاڵ تا زیاتر هەوڵی ئەوە بدەین پەی بە چۆنیەتی وهۆی داهێنانی زمان لە لایەن مرۆڤەوە بەرین ، زیاتر گومڕا دەبین ودەکەوینە گێژەنگ وگێژاوەوە..بەلاّم وادیارە مەسەلەی زمانگرتنی تیرەی بەشەر وکەوتنە قسانی، رووداوێکی لە نکاو وکوت وپڕ نەبووەو شان بە شانی پەرەسەندن وپێشکەوتنی بەشەرەکە،ئەویش پەرەی سەندووەو گەشەی کردووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە.. واتا زمان وەکو هەردیاردەیەکی زندوو، لە زاوزێ وگەشەکردن و مردندایە،یانی لە گۆڕانی بەردەوامدایە. وەکو چۆن مرۆڤ بوونەوەرێکە لە گۆڕانی بەردەوامایە وقەت لە پێستێکا نەماوەتەوەو نامێنێتەوە، زمانیش کە زادەو بەرەنجامی پێداویستیە مادی ومەعنەوییەکانی مرۆڤە، دەبێ وەکو هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، لە داب ونەریت وخوو خدەو رێو رەسم وجل و بەرگان، بە گوێرەی کات وشوێن بگۆڕێت. دیارە ئەو فاکتەرانەی بەشداری لە گۆڕان وگۆڕینی زمان دەکەن زۆرن، لەوانە گۆڕانی پێداویستیە مادی ومەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر.گۆڕانی وشەکانی زمان لە قۆناغێکی ژیانەوە بۆ قۆناغێکی تر.چۆنیەتی گەردان کردنی وشەو فرمانی ناو زمان، گۆڕانی دەستوری زمان، داتاشینی وشەی تازە بە گوێرەی دەستوورە باو وناوخۆکانی زمان. وەرگرتنی وشە لە زمانانی خزم وبێگانەش. جا وەرە ئەم پرۆسەی گۆڕانە زمانەوانیە بە درێژایی بوونی بەشەری بێنە بەرچاو و وێنای ئەوە بکە کە زمان چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە.. هەڵبەتە ئەم گۆڕانە دەرەکی وناوخۆیانە کردیانە کارێك مەسەلەی لێکدی حاڵی بوونی بەشەر زیاتر ئاڵۆزو دژوار بووە، شتێك چێبووە دەشێت ناوی بەرهەڵست یان لەمپەری زمانەوانی لێ بنرێ..ئیدی جیاوازی زمانان بووەتە مایەی ئەوە کە تیرەی بەشەر بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندیە مادی ومەعنەویەکانی خۆی پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرێت.

"٢"

وەرگێڕان،بەشێوەیەکی زۆر کۆنی پەیوەندی مرۆڤانی دێتە ژماردن و پردێك بووە بۆ لێکدی حاڵی بوونی تیرەی بەشەر. پێشینەی لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕان بایەخ و کاریگەریی، چۆنیەتی و مەرجەکانی وەرگێڕان بەشێوەیەکی پەراگەندەو پچڕپچڕ دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمە پێش، بەلاّم لێکۆڵینەوەی سیستەماتیك ورێکوپێك لەم بوارەدا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی پێکردووە.. پێدەچێت یەکەم کەس لە رۆژاوادا بەتایبەتی خۆی لە باسی تێوری پاچڤە دابێت (ئاتین دولە)ی نووسەرو وەرگێڕو چاپخانەداری فەرەنسی بووبێ،کە کتێبێکی بە ناونیشانی (پرەنسیپەکانی وەرگێڕان) بلاّوکردووەتەوە،وباسی شێوازو چۆنیەتی وەرگێڕانی دەقێن جیاوازی کردووەو ناوبانگێکی باشی دەرکردووە،لێ بۆچوونە نوێیەکانی بوون بە بەلاّی سەری ولە تەمەنی سی وحەوت ساڵیدا، بە تۆمەتی وەرگێڕانی نادروستی یەکێك لە باسەکانی ئەفلاتون کە بێباوەڕی بە بوونی رۆح گەیاندووە،دادگایی کراوەو بە تاوانی لە دین دەرچوون بە بەرهەمەکانیەوە سووتاندوویانە.(ئاتین دولە) لە کتێبەکەیدا ئەرکەکانی وەرگێڕی دیاریکردووە کە دەشێت زۆر بە کورتی لەم خالاّنەدا چڕبکرێتەوە:

١- وەرگێڕ لەسەریێتی نێوەرۆکی دەق ومەبەست ومەرامی نووسەر بەباشی تێبگات.
٢- دەبێت شارەزاییەکی فرەی لە هەدوو زمانی یەکەم ودووەمدا هەبێت.
٣- وەرگێڕ لەسەریێتی خۆی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێت چونکە هەم چەمکی دەقە ئەسڵیەکە زەدەدار دەکات وهەم جوانی گوزارشت ودەربڕینەکەی دەشێوێنێ.
٤- وەرگێڕ دەبێ شێوەزارە باوەکان بەکاربێنێ.
٥- وەرگێڕ لەسەریێتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن وداڕشتنی گونجاوی وشانەوە هەمان کاریگەریی و روونی وڕەوانی دەقە ئەسڵەکە بە وەرگێڕانەکەی ببەخشێت.(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: زبان، ترجمه،وارتباگ فرهنگ ها.ترجمه وتاليف حسين يعقوبى/ص١٥،کە لە صفارزادەی وەرگرتووە)

هەڵبەتە ئەوەی( دولە) دەربارەی ڕەوانی چەمك و دوورە پەرێزی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە گوتوویەتی، هەمیشە سەبارەت بە هەموو جۆرە وەرگێڕانێکی نقیساری، زارەکی ،ئەدەبی، زانستی، هونەری...هتد زەرووری و پێویستە.هەڵبەتە (جاحز) لە کتێبی (الحيوان)دا زۆر بە جونی وکارامەیی بۆچوونی خۆی لەمەڕ وەرگێڕان دەربڕیوەو لەم بوارەدا شەش سەد ساڵێك پێش (دولە)کەوتووەو بۆچوونەکانی هێندە تەڕوتازەن لە تۆ وایە بۆ ئەمڕۆ نووسراون، بۆیە جێی خۆیەتی پوختەیەکیان لێ هەڵێنجرێ و لێرەدا پێشکەش بکرێت:
١- توانای زەینی وەرگێڕ دەبێ هاوتای توانای زەینی خودان بەرهەمەکە بێت.
٢- وەرگێڕ دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا هەبێت.
٣- چوونیەکی لە نێوان زمانانی دنیادا نیە، هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆیە شێوەی دەربڕین و زاراوەو ئیدیۆم وپێکهاتەو بونیادو دەستورو توانای کورتبڕی و درێژبڕی زمانێك لە زمانێکی دیکە جیاوازە.
٤- زمانی یەکەم ودووەم ئاسیو بە یەکدی دەگەیەنن، هەریەکەیان بەلای ئەویتردا دەکشێت دەستورو پێکهاتەو بونیادو ڕستەسازی و تایبەتمەندیانی دیکەی یەکتر وەردەگرن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، وەرگێڕان،لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زیاترو بە شێوەیەکی ڕێك وپێکتر خراوەتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو بووە بە بابەت وخەمی هەندێك لە زمانەوانان، لەوانە:

و.هـ.کومیسارۆف کە زمانەوانێکی روسیە، پێی وایە تێوری وەرگێڕان پێتڤیە لەسەر سێ بنەمایان رۆبنرێ:گوێزانەوی زانیاری، گوێزانەوەی مانا، گوێزانەوەی بونیادی دەستوری (نەحو وسەرف)گونجاو.گوێزانەوەی زانیاری تیمەو نێوەرۆك دەگرێتەوە، گوێزانەوەی ماناو بونیادی دەستوریش کە دەکاتە دۆزینەوەی هاوتای ورد لە هەردوو ئاستی وشەو ڕێزماندا،فۆرم وشێوە دەگرێتەوە.وزۆر کەسی دیکەش لەو بوارەدا قەڵەمڕانیان کردووە،لەوانە تێوریزانانی قوتابخانەی وەرگێڕانی لایپزیك وەك:نۆبرت، کید،فتچاك،جاگر،هلبیگ ورۆزیکا..هەروەها یۆجین نایدا کە یەکێکە لە تێوریسێنانی بە نێوبانگی وەرگێڕان ولایەنە هەمەجۆروسەخت و دژوارەکانی وەرگێڕانی لێزانانە خستووەتە

بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو تاوتوێی کردوون.هەروەها (کوت فۆرد)ی زمانەوانی ئینگلیزیش لەو بوارەدا قەڵەمی تاوداوەو پێی وایە جگە لە بەرهەڵست و لەمپەری زمانەوانی،کۆسپ وتەگەرەو بەرهەڵست و لەمپەری کەلتوریش هەیە وئەو وشانەی کە بە ڕواڵەت لە دوو زمانی جیاوازدا هاوواتان، یان واتای چوونیەکیان هەیە، هەموو کاتێك مانایەکی یەکسان ناگەیەنن.

کەواتە جیاوازی زمان یەکێك بووە لە کۆسپەکانی بەردەم پەیوەندیە مرۆڤانیەکان، بۆیە هەر لە کۆنەوە بیر لە زماێکی هاوبەشی جیهانی کراوەتەوە.زانایان وهزرڤانان هەمیشە بە ئاواتی ئەوەوە بوون کە هەموو خەڵکی جیهان بە یك زمان قسان بکەن،چونکە پێیان وابووە کە زۆربەی شەڕەکانی تیرەی بەشەر زادەی بەدحاڵی بوون، بوون.واتا بەرەنجامی جیاوازی زمانەو ئەگەر خەڵکی دنیا بە یەك زمان قسە بکەن، رەنگە لە کارەساتی زۆر جەنگ وشەڕان بخەلەسن. ئەم بیرۆکەیە بوو بە هاندەری ژمارەیەك لە زانایان کە بکەونە هەوڵی دۆزینەوەو دروستکردنی زمانێکی جیهانی. ئەمانە پێیان وابوو ئەگەر تیرەی بەشەر یەك زمانیان هەبوایە یان بەلای کەمەوە زمانێکی دووەمیان وەکو زمانی کۆمەك بەکارهێنابا وەرچەرخانێکی دیارو بەرچاو لە پەیوەندی نێوان مرۆڤدا دەهاتە ئاراوە..بەڵام لەبەر ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك پابەندبووە بە زمانی خۆیەوەو ئامادە نەبووە دەسبەرداری زمانی خۆی بێ ولەبەر کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی ونەتەوەیی ئامادە نەبوون زمانی میللەتێکی تر لە زمانی میللەتی خۆ بە باشتر بزانن و وەکو زمانێکی نێونەتەوەیی بەکاری بێنن، بۆیە ژمارەیەك کەوتنە سەر ئەو بیرەی کە زمانێکی ئاسان وسادەی ئەتۆ دروست بکرێ کە لەلایەکەوە فێربوونی بۆ هەموو کەسێك زۆر ئاسان بێت و لەلایەکی ترەوە زمانی نەتەوەیی هیچ میللەتێك نەبێت و کاردانەوەی نەرێنی لای کەس دروست نەکات و زوو قەبوڵ بکرێ.ئیدی لە سەدەی هەڤدەوە کۆمەڵێك هەوڵ بۆ دروستکردنی زمانانی دەستکرد دراوە..لێ لە نێوان سەدان پرۆژە هەوڵدا تەنیا چەند هەوڵێکی زۆر کەم، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی دەستێك تێناپەڕێ سووکە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لەوانە:ڤولاپوك،سپرانتۆ،وئایدۆ.بەڵام لەبەر زۆر هۆی واقیعی وسایکۆلۆژی وسیاسی هیچ یەکێك لەو زمانە دەسکردانە نەبوون بە زمانی جیهانی.بۆیە بیر لەوەکرایەوە بۆ چارەسەری کێشەی لەمپەرو کۆسپی زمانەوانی، پەرە بە زمانێکی سروشتی و ئاسایی وەکو زمانێکی جیهانی بدرێ.دیارە ئەم بیرۆکەیەش بۆ چەند سەد ساڵێك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە سەردەمانێك لە سەدەکانی ناڤیندا زمانی لاتینی زمانی ئەکادیمی سەرانسەری ئەوروپا بوو،عەرەبی زمانی بازرگانی وخوندەڤانی سەرانسەری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بوو.بەڵام دوای ئەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیی لە ئەوروپادا گەشەی کردو پەرەی سەندو زمانی نەتەوەیی بایەخی پەیداکرد، زمانی لاتینی پێگەی جارانی نەماو زمانی فەرەنسی لە ماوەی سەدەی هەڤدەوە تا سەدەی نۆزدە، وەکو زمانی نێونەتەوەیی سیاسەت ودیبلۆماسیەت، شوێن وجێگەیەکی تایبەتی وەدەست هێنا..بەڵام لە سەدەی نۆزدەداو لەگەڵ سەرهەڵدانی

شۆڕشـی پیشەسـازی لـە بریتانیـاو پەرەسـەندنی چـالاکی ئیمپریالیسـتانەی بریتانیـا لـە سەرانسـەری جیهانـدا، زمـانی ئینگلیـزی بەرەبـەرە جێـی بـە زمـانی فەرەنسـی لـەق کـرد.لـە سـەدەی بیستەمیشـدا کـە ئـەمریکا وەکـو زلهێزێکـی ئـابوری کۆمەڵایـەتی سیاسـی سـوپایی دەرکەوت وهاتە ئاراوە، ئیدی زمانی ئینگلیزی پێگەیەکی تایبەتی وریزپەڕی لە پەیوەندی و چێکرنی پەیوەندی لە نێوان میللەتاندا پەیدا کرد..لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکەمیشدا بـە هـۆی بزوتنـەوەی گلۆبالیزەیشـن وجیهانەوانیـەوەو تەشـەنە کردنـی ئینتەرنێتـەوە ئیـدی زمـانی ئینگلـزی زیـاتر بـرەوی سـەندو لـە هـەوڵی ئەوەدایـە بـە کـردەوە بـوونی خـۆی وەکـو زمانێکی جیهانی بسەلمێنێ.دەبێ ئەوەش بگوترێ کە رەقیبانی زمانی ئینگلیـزی ژمارەیـان کەمـە وئومێـدێکی ئـەوتۆیان نیـە کـە بتـوانن ململانێـی زمـانی ئینگلیـزی بکـەن وبەخـەنیم ورەقیبـی مەترسـیدار حەسـاوبکرێن..بـۆ نموونـە زمـانی چینی وەربگرین،ڕاسـتە خـەڵکێکی یەجگار فرە قسەی پێدەکەن، بەڵام لە رۆژاوادا لەوە بێگانە ترە کە بتوانێت ڕکە دەگـەڵ زمـانی ئینگلیزیدا بکات.. ئەوەی کە کۆسپە لەبەردەم بە جیهانی بوونی ئینگلیزی ئەوەیە کە وڵاتـان مایلن ناسنامەی زمانەوانی خۆیان بپارێزن،وسەرهەڵدانی شێوەزاری تری زمانی ئینگلیزی ودوورکەوتنـەوەو جیابوونـەوەی بەرەبـەرەی ئـەو شـێوەزارانەیە لـە یـەکتری.. واتـە زمـان بـە تەبیعـەت لـق وپـۆ دەهـاوێ و ئـەو لقانـە هـەوڵی ئـەوە دەدەن سـەربەخۆیی خـۆ وەربگـرن و لـە ئەنجامـدا تایبەتمەنـدی خۆیـان پەیـدا دەکـەن وبـا لـە رەگوریشەشـدا یـەك بـن، دەبـن بـە زمـانی سەربەخۆو جیا لە دایکە زمانەکە..

یـەکێك لـەو خزمەتانـەی کـە زمانـەوانی لـە بـواری نیشـاندانی بونیـادی زانسـتی شـێوەکانی لابردنـی کۆسـپ ولەمپـەری زمانیـدا پێشکەشـی کـردووە ئەوەیـە کـە بونیـادی فـۆرمی و نێوەرۆکی زمانانی جۆراوجۆر لە یەکدی جیاوازن.کە دوو زمان بەیەکدی دەگیرێن و دەگـەڵ یەکدیدا بەراورد دەکرێن،خاڵە هاوبەش وجیاوازەکانیـان دەردەکـەوێ.ئەمـەش دەبێتـە مایـەی ئەوە کە کار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێوان هەردوو زمانەکە بکرێت. ئـەم رێبـازە ئـەوەی سەلماند کە بونیادو پێکهاتەی فۆرم ونێوەرۆکی هیچ جووتە زمانێك وەکو یەك نییە وئەمـەش هـەنگاوێك بـوو بـۆ چارەسـەری یـەکێك لـە مەسـەلە بنەرەتیـەکانی پاچڤە..دیـارە هـەر زمانێـك بگـری تـا رادەیـەك هزرینـی ئـەو کەسـانە دەنـوێنێ کـە قسـەی پێدەکـەن.واتـا زمـان وکـەلتور پەیوەندییـەکی سـفت وچـڕیان پیکڤـە هەیە،لـە هـەر شـوێنێ کـەلتورو زمـان پێکڤـە گەشـەیان کردبێ، پەیوەندییەکی بتەو لە نێوان بنـەما گشتیەکانی دەستوری زمان وتایبەتمەندیـەکانی کەلتوری ئەو زمانەدا دەبینرێ. خۆ هەر بە سووکە سەرنجێك ئەوە بە دیاردەکەوێ کـە زمانـان لە رووی وشەو فەرهەنگی وشەوە بە ئاشکرا لێکدی جیاوازن و ئەمەش بە شێوەیەکی گشـتی پەیوەندی بە ژینگەودەوروبەری ئەو خەڵکانەوە هەس کە بەو زمانە دەدوێن.بۆ نموونە زمـانی کوردی بۆ ناوی(چیا) وشەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لە هەندێ بواری تـردا زۆر هـەژارە (بـۆ نموونـە دەریـاوانی)..واتـا زمـان بـە ئاشـکرا ژینگـەی جوگرافیـایی وکۆمەڵایـەتی هـەر گـەل ونەتەوەیەك دەنوێنێ. یانی زمانی هەر کۆمەڵێك وشەدانێکی یەجگار ئاڵۆزەو هەموو خـەون و

خەیاڵو حەزو خولیاو کول وکۆڤان و کاروکردەوەکانی ئەو کۆمەڵەی لە خۆگرتووە..واتا زمان رەنگدانــەوەی ژینگــەی سروشــتی و ســایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتیــە.بــەم پێیــە هــەر چــەمك و دیاردەیــەك لــە وشــەدانی هــەر زمانێکــدا کــۆدوکلیلێکی تایبــەتی خــۆی هەیــەو بــەو کلیلــە (وشــە)دێتــە کردنــەوەو تێگەییشــتن، ئــەم کۆدانــەش لــە زمانێکــەوە بــۆ زمــانێکی دی جیاوازن،وئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە تێگەییشتنی تەواوەتی چەمك ومانای ئەو وشانە لە زمانێکی دیدا هەندێجار دژوارو ئەستەم بێت.لەمبارەیەشەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن. هەندێك پێیان وایە مادامێکی بونیادو پێکهاتەی زمانان لە یەکدی جیاوازن،ناتوانرێت چەمك ومانایانی زمانێك بە تەواوەتی و وەکو خۆی بۆ زمانێکی دی بگوازرێتەوە. بۆیە هەوادارانی ئـەم بۆچوونە باوەریـان وایـە کـە وەرگێـران لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی تر،یـان گونجانـدن وجێکردنەوەی چەمکی زمانانی جیاواز لە زمانێکی دەستکردا یان زمانێکی سروشتی و ئاسـایی جیهانیـدا مەحاڵـە، چـونکە چـەمك وزاراوانـی هـەر زمانێـك بـە جـۆرێ لـە بونیـادی ئەوزمانەدا تەنراوە کە لە جیابوونەوە نایەت..بۆیە نەك هەر چێکردنی پەیوەندی هاوبەشی زمانی لە نێوان جیهنیاندا کاری کردەنی نیە، بەڵکو زمان کۆسپە لە ڕێگەی تێگەییشتن لە واقیعیش، چونکە زمان لەمپەرو کۆسپە لە نێوان تیرەی بەشەرو اقیعدا،و واقیع وەکو خودی واقیـع نـانوێنێ، بـەڵکو وەکـو خـودی (زمـان)دەیـەوێ نیشـانی دەدا (بڕوانـە: گفتمـان و ترجمە/علی صلح جو/١٣٧٧)

بەهەرحاڵ هەندێکی دی لایان وایە جیاوازی بونیادی زمانان لە یەکدی بەو ڕادەیە نیە کە نەتوانرێ بۆ یەکتر پاچڤە بکرێن.راستە ناتوانرێ بۆ هەموو وشەکانی زمانێك(وشەی هاوتا) لە زمانێکی دیدا بدۆزرێتەوە، بەڵام وەرگێران، تەنیا (گوێزانەوەی وشە)نیە.لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، دەکرێت نێوەرۆکی وشەیەك لە ڕێگەی چەند وشەیەکەوە بگوازرێتەوەو پاچڤە بکرێت..واتا گواستنەوەی چەمکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر شیاوەو دەشێت.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*–زبان،ترجمە،وارتباگ فرهنگها/ترجمە وتألیف:حسین یعقوبی/نشر مرکز/چاپ اول ١٣٨٤

*– ترجم شدن،داگلاس رابینسون،ترجمە رچی خدادادی (هیرمندی) چاپ اول(١٣٨٠)

*–

"٣"

زمان کاتێك بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە زمانێکی جیهانی کە لە زۆر وڵاتانی جیهاندا نەخش و رۆڵی دیارو تایبەتی وکاریگەری هەبێت،ومیناکی زمانی ئەسڵی وزکماك ودایك لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتانەوە بەکاربێت،واتا خەڵکەکە بە زمانی خۆیانی بزانن،بۆ نموونە میناکی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی:بریتانیا،ئیرلەندا،ئەمریکا،ئوستریالیا، نیوزیلاندا، ئەفریقیای باشوور ودورگەکانی کاریبی..هەڵبەتە هیچ زمانێك نیە کە زمانی زکماك وئەسڵی زۆربەی وڵاتانی دنیا بێت.بۆ نموونە زمانی ئەسپانیایی کە زمانی زکماکی نزیکەی بیست وڵاتێکی

ئـەمریکای ناوەنـدی وباشـووره ئەمـە حاڵـەتێکی ریزپـەڕو دەگمەنـە.جا بـەم پێودانگـە مـەرج وماکی بە جیهانی بـوونی هـەر زمانێك جگـە لـەوەی کـە دەبـێ زمـانی زکماکی چـەند ولأتێکـی جیهـان بێـت، دەبێـت لـە ولأتـانی دیکەشـدا کاریگـەریی هـەبێ وکـەم وزۆر بـەکار ببرێ.جا ئـەم زمانـە پێویسـتە لـە ئاسـتی جهانیـدا زۆر بایەخـدارو گـرینگ بێـت، لـە بـواره جۆراوجۆرەکـانی ژیانـدا بـە ڕادەیـەك زمـانی بەخشـش بـێ کـە ولأتـانی دیکـە خـۆ بـەخۆو بـە ناچـاری هـەوڵی فێربوون وبەکارهێنانی بدەن وقوتابخانەو بنکەی فێرکاری بۆ بکەنەوە.جا لێرەدا دوو حاڵـەت دێتە پێشێ، حاڵەتی یەکەم ئەوەیە کە زمانێك وەکو زمـانی فـەرمی- نـەك زمـانی زکمـاك یـان نەتـــەوەیی-ولأتێـــك وەکـــو کـــەناڵێکی پەیوەنـــدی لـــە مەیـــدانانی سیاسەت،یاســـای دادڤانی،وکـەناڵی پەیوەنـدی گشـتی وسیسـتەمی فێرکـای بـەکاردەبرێت و بـە زمـانی دووەم ناودەبرێت و وەکو تەواوکەری زمانی زکماك یـان زمـانی یەکـەمی خـەڵکی ئـەو ولأتـە سوودی لێوەردەگیرێـت.نموونـەی ئەمـەش لـە دنیـادا زۆره وەك:هیندسـتان وسـەنگافورەو گینیـاو نەیجیریا...هتد.

حاڵەتی دووەم ئەمەیە هەرچەندە ئەو زمانە، زمانی فەرمی دەوڵەت نیە، بەلأم ژمارەیـەکی زۆر لـە خـەڵکی ئـەو لأتـە بـۆ مەبەسـت ومـەرامی خۆیـان، ئیـدی چ مـەرامی بازرگـانی بێ،یـا ئابوری،سەفەروسیاحەت،سیاسـی وکـەلتووری بێـت، خۆبـەخش وخـۆ بـەخۆیی هـەوڵی فێربوونی دەدەن وپێشوازی لێدەکەن..لەم حاڵەتـەدا ئـەو زمانـە وەکـو زمـانی بێگانـەی یەکـەم لـەو ولأتـەا نـاودەبرێ. ئـەم زمانـەش بـە زۆری ئـەو زمانەیـە کـە منـدالأن لەسـەرەتاوەو لـە قوتابخانەوفێرگەکانـدا دەیخـوێنن وفێـری دەبـن،زۆر نموونـەش بـۆ ئەمـە هەیـە وەکـو زمـانی روسـی لـە کۆنـەکۆمارەکانی یـەکێتیی سـۆڤیەتی جاران،زمـانی ئینگلیـزی لـە زۆر ولأتـانی جیـاوازی دنیـادا وەکـو زمـانی یەکـەمی بیـانی دەخـوێنرێ و لـە برەودایـە و دڕی بـەو زمانـە بیانیانـە داوە کـە پێشـتر زمـانی یەکـەمی بیـانی هەنـدێ لـە ولأتـانی دنیـابوون،وەکو زمـانی فەرەنسی لە قوتابخانە سـەرەتاییەکانی جـەزایردا.جا کـاتێ کـە زمانێکی بیـانی وەکـو زمـانی فەرمی ولأتێك وەردەگیرێت، رەنگـە تـەنیا وەکـو زمـانی فـەرمی دەوڵـەت بـەکاربێت،یان لـەوەیـە شە قلێکی نیمچـە فـەرمی وەربگرێـت وتـەنیا لـە هەنـدێ بـواری تایبـەتیدا بـەکاربێت وسـوودی لێوەربگیرێت.دیاره زۆر فاکتەری میناکی:پێشینەی مێژوویی هاوبـەش، هاوکێشـەی سیاسـی وبەرژەوەندی ئـابوری وپەیوەنـدی تـەکنۆلۆژی وئـاڵو وێـری بازرگـانی وبازاڕگـەرمی،وکارلێکی کەلتوری هەن بۆ هەڵبژاردنی زمانێك وەکو زمانی یەکەمی بیانی لـە هـەر ولأتێکـا..هەڵبەتـە لـە ڕۆژگاروسەردەمی ئەمڕۆکەشدا هەلومەرج و واقیعەکان بۆ فێرخوازانی زمانی بیـانی یـەجگار لـەبارەو جۆرەهـا کـەناڵی ڕاگەیاندنـەوانی،کتێبخانانی کاغـەزی و ئەلیکترۆنی،قوتابخانـە، سیدی،فێرگەو سیستەمی فێرکاری لە دوورەوە، خولی فێربوونی زمان هـەن و ئاسـانکارییەکی یـەجگار گـەورە بـۆ فێرخـوازان دەکـەن و زەمینـە بـۆ بلأوبوونـەوەی (زمـانی یەکـەمی بیـانی)لـە ولأتاندا خۆشدەکەن،وئەمەش دەبێتە مایەی ئەوە کە زمان بەرەبـەرە ڕۆڵ ودەورێکـی جیهـانی پەیدا بکات.

***

ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێت زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی تایبەتی دەدوێن، ڕۆڵێکی گەورە لە بەجیهانی بوونی ئەو زمانەدا بدینێت..بەڵام واقیع پێمان دەڵێت ئەگەر زۆری ژمارە فاکتەرێکیش بێت ئەوا ڕۆڵێکی زۆر کەمی هەیە.بۆ نموونە زمانی چینی پتر لە ملیارێك خەڵکی قسەی پێدەکەن وکەچی زمانێکی جیهانی نیە وتەنیا لە چین ولە چەند وڵاتێکی زۆر کەمدا بەکاردێت.خۆ ئەگەر لاپەرەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە زۆر نموونەی لەمبارەیەوە تێدایە.بۆ نموونە زمانی لاتینی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا لە جیهانی شارستانیەتی ئەو ڕۆژگارەدا زمانێکی جیهانی بووە، هەڵبەتە نەك بەهۆی زۆری ژمارەی خەڵکی ڕۆمەوە بەڵکو بەهۆی هێزی سوپایی بێشومارو بێڕەزای دەسەڵاتەوە بووە.پاشان کە دەسەڵاتی ڕۆم لاواز بوو وهەرەسی هێنا، ئەوسا زمانی لاتینی لە سایەی بەرەکەتی دەسەڵاتی ئاسمانی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمدا سەدان ساڵی دیکە،بەهەمان تین وتاوی نێونەتەوەیی خۆیەوە بەردەوام بوو.

هەڵبەتە هیچ زمانێك ناتوانێت بەبێ هێم وبناخەیەکی بەهێزوبتەوی سیاسی سوپایی، یان ئابوری، یان زانستی یان ڕۆشنبیری ڕۆڵی کەناڵێکی پەیوەندی نێونەتەوەیی بگێڕێت. هەڵبەتە زمان هەرگیز لەو خەڵکەی کە قسەی پێدەکەن وبەکاری دێنن نایەتە دابڕان. واتە زادەو بەرەنجامی پێداویستیە بەشەری وژیاری وشارستانیەتەکانی کۆمەڵگەیە.هەرکاتێك زمانێك لە ئاستی نێونەتەوەیی وجیهانیدا بوو بە زمانی بەرهەمهێنان وبەخششی زانستی، ئەدەبی،هونەری وئابوری، ئیدی خۆبەخۆ لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانیەوە پێشوازی لێدەکرێت..

ڕەنگە هەندێکەس خۆشی و ڕوونی وسادەیی ودەوڵەمەندی ئەدەبی ولایەنی ئاینی و ئاسانی دەستوری،زمانێك بە هۆی ڕەواج وبرەوی جیهانی ئەو زمانە دابنەن، لەگینە ئەمە لە هەندێ ئاستدا بۆ خۆی فاکتەرێك بێت، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە فاکتەرێکی بنجبڕو زۆر پەسند نیە.بۆ نموونە زمانی لاتینی هەرچەندە ئاڵۆزی وقورسی ولە ڕووی ڕێزمانی و دەستوریەوە جیاوازی نێوان نێرو مێی هەبووە،بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕەواجێکی جیهانی هەبووە. یان فەرەنسی وێڕای هەموو ئاڵۆزی و وردەکارییەکی خۆی لە هەردوو سەدەی هەڤدەو هەژدەدا ڕۆڵێکی نیمچە جیهانی لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هەبووە. کەواتە بەم پێودانگە ئاسانی فێربوونی زمان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە بە جهانی بوونی ئەو زمانەدا نابینێت..بۆ نموونە منداڵانی وڵاتانی جیاوازی دنیا لە یەك ماوەی زەمەنیدا، سەرباری جیاوازی دەستوری و واژەیی زمانی زکماکی خۆیان فێری زمانی خۆیان دەبن. بۆ نموونە منداڵێکی چینی کە دەبێت بەلای کەمەوە سێ چوار هەزار حەرف وپیت فێربێت، لە هەمان ئەو تەمەنەدا زمانی زکماکی خۆی کۆنترۆڵ دەکات کە منداڵە ئینگلیزێك کە زمانەکەیان تەنیا بیست و شەش حەرف وپیتی هەیە، فێری ئینگلیزی دەبێت.. ڕاستە هەندێ تایبەتمەندی زمان هەن کە دەورێکی باش لە بڵاوبوونەوەو بە جیهانی بوونی ئەو زمانەدا دەبینن، بەڵام

فاكتـەری بنجـیو چارەنووسساز نـین.بـۆ نموونـە خـەڵكی باسـی ئاسـانی فێربـوونی زمـانی ئینگلیزی دەكەن، بەڵام راستیەكەی ئەمەیە كە هیچ زمانێك هێندەی زمانی ئینگلیزی وشـەو زاراوەی لەو زمانانەوە كە تەماسی دەگەڵدا هەبوون وەرنەگرتووە،بۆیە خوازیارانی فێربوونی زمـانی ئینگلیـزی وا هەسـت دەكـەن كـە وشـەكانی زمـانی ئینگلیـزی ئاشـناو ئاسـانن، یـانی زمانی ئینگلیزی دەرگای لە وشەو زاراوەی بیانی دانەخستووە، بەڵكو پێشوازییەكی گەرمی لێكـردوون ولـەناو خـودی زمـانی ئینگلیزیـدا مشـتوماڵی داون وسـیقاڵی كردوونەتـەوەو بـە تێپەڕبوونی رۆژگار بوون بە بەشێك لـە زمـانی ئینگلیـزی، دەوڵەمەنـدیان كـردووە، بێئـەوەی ڕسـتەبەندی ودارِشـتنی زمـانی ئینگلیـزی بشـێوێنن..بـە پێچـەوانەوە ئـەو زمانانـەی كـە هەوڵدرابیٚ لە وشەو زاراوەێن بیانی پاك بكرێنـەوە پاشەكشـەیان كـردووە. بەڕاستیش زمـانی پـەتی دیاردەیـەكی سـاغڵەم و دروسـت نییـە،بەپێچـەوانەوە نیشـانەی گۆشـەگیرییە، نیشـانەی ئەوەیە تەماسێكی رۆشنبیریی ئەوتۆی نیە،بۆ نموونە سەبارەت بە زمانی كوردی كـە مـەخابن تـا ئیسـتا زمـانی ئـەدەبی یـەكگرتوومان نیـە،واتـا زمـانی سـتاندارد كـە هـەر كوردێـك پێـی بنووسێت وبخوێنێتەوە، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا هەندێك هـەوڵ بـە نـاوی زمـانی كـوردی پەتیەوە درا بۆ پاككردنەوەی زمانی كوردی لە وشەو زاراوەێن بیانی، كە بەڕای مـن ئـەو كـارە ئـەنجامی نـەزانی بـووەو نـەك خزمـەتی زمـانی كـورد نـەكردووە بـەڵكو زەرەری لێـداوە.چونكە ئەوەی زمان دەشێوێنیٚ وەرگرتنی وشەو زاراوەی بیانی– هەڵبەتە لە ڕادەی ماقووڵدا–نیە،بە تایبـەتی كـە لـە قـاڵبی دەسـتوورو فۆنـەتیكی زمـانی دووەم بدرێن،ئـەوا زمانەكـە دەوڵـەمەنـد دەكەن،بەپێچەوانەوە ئەوەی زمان دەشێوێنێت ولـە گرێژەنـەی دەبا ڕستەسازی و دارِشتنی بیانیە كە مـەخابن لـە رۆژنامـەوانی كـوردی و كەناڵـە ڕاگەاندنەوانیـەكانی ئـەمڕۆدا هێنـدە زەق ونادیارە كە خەڵكی نەخوێنەواریش هەستی پێدەكەن وپێی توڕەو قەڵس دەبن..

جـا بـەم پێیـەو لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بۆچـوونانەی سـەریٚ دەگەینـە ئـەو ئەنجامگیریـەی كـە هەرچەندە تایبەتمەندیە بونیادیەكانی زمان، دەوڵەمەندی فەرهەنگی وشەی زمـان، كەلـەپوری دەوڵەمەندی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی زمـان، وابەسـتەیی زمـان بـە ئـاینێكی ئاسمـانی كاریگـەرو ئیقلیمگیرەوە دەوریان لە بڵاوبوونەوەی زماندا هەیە.بەڵام هێزودەسـەڵاتی سیاسـی خودانـانی ئەو زمانە، بەتایبەتی هێزو دەسەڵاتی سوپایی فاكتەری هەرە گرینگی بە جیهانی بوونی ئـەو زمانــە بــووە.هەڵبەتــە لــە رۆژگــاری ئــەمڕۆدا فاكتــەرو هاوكێشــەكان گۆڕانیــان بەســەردا هـاتووە..ئەگـەر لاپـەرەكانی مێـژوو هەڵبدەینـەوە دەبیـنین زمـانی یۆنـانی پـێش نزیكـەی سـیٚ هـــەزار ســـاڵ لەمەوبـــەر لـــە دەڤـــەری رۆژهـــەڵاتی نـــاڤین رەواجێكـــی نێونەتـــەوەیی پەیداكردووە..هەڵبەتە هۆی ئەمە فەلسەفەی بەرزی ئەفلاتون و شانۆنامە پوختـەو بـەرزەكانی سـۆفۆكل وئـاخیلۆس نـەبووە.بـەڵكو زیـاتر هێـرش وپـەلامارو لەشكركێشـی وسـەركەوتنە سـوپاییەكانی ئەسـكەندەری گـەورە بـووە.. نموونـەی دیكـە زۆرن..بـۆ نموونـە بڵاوبوونـەوەو بـەكارهێنانی زمـانی عـەرەبی لـە بـاكوری ئـەفریقیا ورۆژهـەڵاتی ناڤینـدا بـە پلـەی یەكـەم قەرزباری فتوحاتی ئیسلامیە..

بەلاّم لەگەلّ هەموو ئەمەشدا ناكرێت فاكتەری سوپایی وهێزی لەشكری بە تاقە فاكتەرو هۆكاری رەواجی جیهانی زمانێك بزانرێ.. بۆ نموونە مەغۆلەكانیش لە قۆناغێكی مێژوییدا نیوەی ئاسیایان داگیركردوو یەك دوو سەدەیەكیش حوكمڕانی ناوچەداگیركراوەكانیان كرد،بەلاّم نەیانتوانی تەنانەت لە ناوچەیەكی بچووكیشدا رەواج و برەو بە زمانی مەغۆلی بدەن.كەواتا ئەگەر هێزی سوپایی زمان بەگەلّ خۆی بخات و لە سنووری نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیی بپەڕێنێتەوە بۆ مەرزو بومی ولاّتانی دی، ئەوا بەبێ هێزی پشتیوانی ئابووری و رۆشنبیریی گەورە لە ولاّتە داگیركروەكاندا جێگیرو ریشاژۆ نابێت.بەلّكو بەربەرەكانیش دەكرێت و دەبێزێنرێ..ئەم مەسەلەیەش لە سەدەی بیستەمدا وبە زەبری پێشكەوتنی تەكنۆلۆژی كەنالّە گشتییەكانی پەیوەندی وەك مۆبایل و ئینتەرنێت و سەتەلایت و رۆژنامەوانی ئەلیكترۆنی..هتد،رەواج وبرەوێكی زیاتری پەیداكردووەو هەر هەموو سنوورە جوگرافیاییی ودەروونیەكانی بڕیووەو زمانی ئینلیزی لە هەر هەموو زمانەكانی دیكەی دنیا پتر سوودی لەو كەنالاّنە وەرگرتووەو زۆر بە خێرایی قۆناغەكانی بە جیهانی بوون دەبڕێت. بێگومان ڕەگی ئەم حالّەتی بە جیهانی بوونی زمانی ئینگلیزیە دەچێتەوە سەرچالاكیە ئیمپریالیسیەكانی ئینگلتەرا لە سەدەی نۆزدەدا لەلایەك و بەرپابوونی شۆرشی پیشەسازی لەو ولاّتەدا لە سەدەی هەژدەدا..واتا سیاسەتی ئیمپریالیستی ئینگلتەرا، زمانی ئەو ولاّتەی گەیاندە زۆر شوێنی دووری دنیاو كار گەییە ئەوەی كە بریتانیاو كۆلۆنیەكانی بە ڕادەیەك فراوان بوو كە هەتاو لە خاكیا ئاوا نەدەبوو.. ئەم ئامادەگی وحوزوورە جیهانیەی زمانی ئینگلیزی، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، وێرای هاتنەخوارەوەی گێچی دەسەلاّتی بریتانیا، لەلایەن زلهێزی ئینگلیزی زمانی دنیاوە،واتا لەلایەن ئەمریكاوە،پارێزراو ریشاژۆكرا.

***

ئەگەر هەندێك بە وردی لە زمانی ئەدەبی یەكگرتووی هەر میللەت ونەتەوەیەك وردببینەوە دەبینین ئەم زمانە ستانداردە، بە درێژایی رۆژگارو بە پێی پێداویستیە حەیاتییەكانی ئەو میللەت و نەتەوەیە، لە دیالێكت وشێوەزارەكانی ئەو میللەتە دروست بووە، واتا شێوەزارەكان وەكو جۆگەلە رژاونەتە ناو زمانە ستانداردەكەوەو دەولّەمەندیان كردووە،واتا هەوێن وماكی زمانی یەكگرتوو، یەكێك لە شێوەزارەكانە.هەلّبەتە گەلەك فاكتەری كۆمەلاّیەتی(زۆری ژمارەی ئەو كەسانەی قسە بەو دیالێكتە دەكەن و لە ژیانی رۆژانەدا بەكاری دێنن) وپێشینەی مێژوویی وجیۆسیاسی و ئابووری و بازرگانی و كەلتوری و رۆشنبیریی و ئاینی و بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی ئەو میللەت و نەتەوەیە رۆلّیان لە چێكردنی ئەو زمانە یەكگرتووەدا بینیوەو بووە بە پردێكی ئەمینی پەیوەندییە مادی ومەعنەویەكانی ئەو كۆمەلّگەیەی كە بەكاری دێنێت و جۆرێك تەبایی نەتەوەیی و ئاشتی و پێكڤە سازانی لە نێواندا دروست كردوون..جا لە ڕوانگەی هەمان هاوكێشەوە بیرۆكەی بەكارهێنانی زمانێكی ئاسایی وەكو ئەلّقەی پەیوەندی نێوان هەموو كۆمەلّگەی بەشەری لە

سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوەو بە شێوازی جۆراوجۆر کاری بۆ کراوە..وتۆڕی جیهانی ئینتەرنێت میللەتان ودنیای بە ڕادەیەك لە یەکتر نزیك کردووەتەوە کە بە ڕاستی دنیا بووە بە گوندێکی زۆر بچووك و ڕەنگە حاڵی حازر تاقە عەیبی ئەم پرۆسەیە ئەوەبێ کە خەڵکی ئەم گوندە هێشتا وەکو پێویست لە یەکدی حاڵی نابن.
دیارە هەر دیاردەو رووداو وپرۆسەیەك لایەنی ئەرێنی ونەرێنی خۆی هەیە،دیاردەی بە جیهانی کردنی زمانی ئاسایی نەتەوەیەك یان ولاتێکیش لەم حاڵەتە بەدەر نیە. رەنگە هەڵبژاردنی ئەو زمانە لە ئاستی جیهاندا ببێتە مایەی زاڵی هزری وپراکتیکی خەڵکانی سەر بەو زمانەو بە سەر ئەو خەڵکانەدا کە ئەو زمانە میناکی زمانی دووەم و زمانی بیانی فێر دەبن. بۆ نموونە دەوڵەتی بریتانیا لە سەدەی نۆزدەدا کە دیتیان سەرانی ولاتانی پاشکەوتووی ئاسیایی و ئەفریقایی شارەزاییەکی تەواویان لە زاراوەو دەستەواژەو چەند مانایی وردەکارییەکانی زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەکردەوە لە و گرێبەست وپرۆتۆکۆل و پەیماننامانەدا کە بە زمانی ئینگلیزی دەگەڵ ئەو ولاتانەدا دەیبەست،کڵاوی دەکرنە سەرو دەستکەوتێکی زۆری بۆ خۆ بەدەستدێنا.ئەمە جگە لەوەی چەسپاندنی زمانێکی تایبەتی وەکو زمانێکی جیهانی،خەڵکی لە فێربوونی زمانەکانی دی تەوەللا دەکات و خێرایی بە پاشەکشەو مەرگی ئەو زمانانەی دی دەبەخشێت و لە دوا ئەنجامدا دەبێتە مایەی توانەوەی نەتەوە بچووکەکان کە ئەمە لەباری رۆحی وسایکۆلۆژییەوە قەبوڵکردنی فرە ئەستەمە..جا لە هەلومەرجی ئیستای جیهاندا خەڵکانێکی زۆر هەن پێیانوایە فێربوونی ئەو زمانانەی کە سوودێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسییان پێوە بەند نییە خۆی لە خۆیدا کات بە فیڕۆ دانە.بۆ نموونە رەواج و برەوی جیهانی زمانی ئینگلیزی کردویەتێ کارێك نەك هەر خەڵکانی ئاسایی ئینگلیزی زمان روو لە فێربوونی زمانانی دیکە نەکەن، بەڵکو رێژەیەکی کەم لە کارناسان و کارگێڕانی کۆمپانیا بریتانیەکانیش جگە لە زمانی ئینگلیزی زمانانی دی یا نازانن یان ئەوەندەی نازانن کە لە بواری کاری خۆدا تەفاهومی پێبکەن.زۆر کەسی تریش پێیانوایە دروستبوونی جیهانێکی تاکزمانی خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکە بۆ هاتنەدی ئاشتی و یەکێتیی جیهان.هەڵبەتە خەڵکانێکیش هەن پێیانوایە بەکارهێنانی یەك زمان لە سەرانسەری جیهاندا زامنی تەبایی ولێکدی حاڵی بوونی هاوبەش نیەو مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو ولاتانەی کە خودانی یەك نەتەوەو یەك زمان بوون و شەڕی خوێناوی دوورو درێژی ئەوتۆیان تیا هەڵگیرساوە کە بووەتە مایەی جیابوونەوەی نیشتمانی و نەتەوەییان ..بۆنموونە شەڕی جیابوونەوەی ئەمریکا، شەڕی ناوخۆی ئیرلەندای باکوور...هەروەها فرەزمانیش لە ولاتێکا مەرج نیە ململانێی نەتەوەیی و ئیتنی و نەژادی لێبکەوێتەوە نموونەش فنلەندا وسویسرایە.
هەڵبەتە ئەو کەسانەی کە زمانێکی جیهانی لە منداڵیرا وەکو زمانی دایك و زکماك فێردەبن،بە بەراورد دەگەڵ ئەو کەسانەدا کە هەمان زمان وەکو زمانی دووەم وبیانی لە تەمەنی مێردمنداڵی و گەورەییدا فێر دەبن،لە رووی توانای زمانەوانیەوە بە دەسەڵاتترە.بۆ نموونە

کەسێك کە ئینگلیزی زمان نیە، واتا زمانی ئینگلیزی زمانی زکماکی نیە بۆ نووسین و راپۆرو وتارەکانی لە چاو کەسێکی ئینگلزی زمانەوە کە هەمان کاری ئەو دەکات،پێویستی بە وەخت وماندووبوونی زیاتر هەیە..ئەمە جگە لەوەی کە بایەخدانی زۆر بە دروستی بەکارهێنانی زمانەکە دەبێتە مایەی ئەوە کە ئاستی داهێنەرانەی کارەکەی تا ڕادەیەك دابەزێ..هەروەها ئەو زانایانەی کە لە ژینگەی زانستی نێو نەتەوەییدا، بابەت و نووسینەکانیان بە زمانی غەیرە ئینگلیزی بڵاودەکەنەوە،لەوەیە کارەکانیان پشتگوێ بخرێ و لە مافی مادی ومەعنەوی خۆیان بێ بەش بن..رەنگە ئەم گرفتە بەوە چارەسەر ببێ کە سیستەمێکی فێربوون وخوێندنی جیهانی ئەو زمانە لە وڵاتە جیاوازەکانی دنیادا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە پیادە بکرێت و ئەگەر ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی دروست و جدی بەکار ببرێ هەنگێ توانای زمانەوانی منداڵێکی ئەم پەڕی دنیا دەگەڵ یەکێکی ئەوپەڕی دنیادا لە بواری فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا جیاوازییەکی بنجی یان فرەی نابێت.

***

ئایا هەڵبژاردن و جێگیرکردنی زمانێك وەکو زمانی جیهانی خێرایی بە پاشەکشەو مەرگی زمانە بچووکەکان، زمانی کەمینەکان دەبەخشێت؟ هەڵبەتە زمانیش وەکو هەر بوونەوەرێکی زندوو لە هەڵکشان وداکشان بەدەر نیە،لە گەشەکردن و لە پوکانەوە بەدەر نییە، قۆناغی زێڕین وژێرینی خۆی هەیە،قۆناغی رەواج و برەو وقۆناغی کەسادو نەمانی هەیە،کەس بە تەواوەتی نازانێت تاکو ئیستا چەند زمان لەم دنیایەدا پوکاوەتەوەو مردووە،رەنگە ژمارەیان بگاتە چەند هەزار زمانێك. کەواتە مەسەلەی رەواجی زمان ومەرگی زمان تەنیا پەیوەندی بە هەڵبژاردن و جیگیرکردنی جیهانیی زمانێکەوە نییە. زۆرجار مەرگی زمانێك لەوەوە هاتووە کە گەلێك لە رووی رۆشنبیریی و کەلتوری و زمانەوانیەوە،بەتەواوەتی تەسلیم بە گەلێکی دیکەی زاڵ بووە..لەوە دەچێت هۆی مردن وفەوتانی کۆمەڵێك لە زمانە ناوچەیی ونەتەوەییەکانی ئەمریکای باکوور وبەرازیل و ئوستراليا و ئەفریقا..ئەو حاڵەتە بووبێ.توێژەران پێیانوایە لە کۆی نزیکەی سێ چوار هەزار زمانی جیهان، لە سەدا هەشتایان تا کۆتایی سەدەی بیست ویەکەم بپوکێنەوەو نەمێنن.. ئەگەر ئەم پێشبینیە بێتە دی بێگومان کارەساتێکی کەلتوری راستەقینە بە خۆوە دەبینین.چونکە کاتێ زمانێك دەمرێت گەنجینەیەکی گەورەی فۆلکلۆر وئەفسانەو گۆرانی وستران و داب ونەریت وخو وخدەو باوەڕێن ئاینی وقسەی نەستەق وپەندی پێشینان کە ئاوێنەی جیهانبینی تایبەتی خەڵکانی سەر بەو زمانە بووە،لە گەڵیا دەمرێت ودەفەوتێ،بۆیە لەو ساڵانەی دواییدا زۆر بنکەو مەڵبەند لە شوێنانی جیاوازی جیهان هاتوونەتە دامەزراندن بۆ پاراستنی ئەو زمانانەی کە مەترسی مردنیان لەسەرە.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە هەر میللەتێك لە رووی سایکۆلۆژیەوە زمان وکەلتوری خۆی خۆش دەوێ وبە یەکێك لە مەرجەکانی بوونی کۆمەڵایەتی خۆیی دەزانێت و وەکو ناسنامەی تایبەتی شانازی پێوە دەکات. بۆیە بە ئاسانی وبە تەواوەتی تەسلیم بە زمان وکەلتوورێکی بیانی نابێت و ئەمە بە سەرەتای توانەوەو مەرگی خۆی دەزانێت.بۆ نموونە ئەگەر لە ئاستی یۆگسلافیای جاراندا

هەڵوەستەیەك بكەین، دەبینین سەرباری ئەوەی بۆ چەندین دەیە خەڵكی دەڤەرە جیاوازەكانی یۆگسلافیا بە زمانی هاوبەشی سربۆ-كرات قسەیان دەكرد، بەڵام دوای جیابوونەوەی كۆمارە جیاوازەكانی ئەم وڵاتە لە یەكدی، هەر یەكێك لە میللەتەكانی یۆگسلافیا گەڕانەوە سەر زمانی خۆیان و كردیان بە زمانی فەرمی وڵات ونەتەوە..یان ئەگەر تەمەشای وڵاتانی ئەسكەندەنافی بكەین، دەبینین زمانانی سوێدی، نەرویجی ودانیماركی جیاوازییەكی زۆر كەمیان لە یەكتر هەیە و ئەوەندەیان خاڵی هاوبەش لە نێواندایە كە خەڵكی ئەو وڵاتانە دەتوانن لە یەكدی حاڵی بن. كەچی هەر بۆ خۆجیاكردنەوەی ئەو میللەتانە لە یەكتری، وەكو سێ زمانی جیاوازو سەربەخۆ ناودەبرێن وحیسابیان دەگەڵ دەكرێت.بەم پێیە پێدەچێت ناسنامەی نەتەوەیی-كەلتوری دەگەڵ بیرۆكەی یەك زمانی هاوبەشی جیهانیدا، یانی دەگەڵ جیهانێكی تاكزمانیدا تێك نەكاتەوە..هەڵبەتە بمانەوێ و نەمانەوێ ڕەواج وبرەوی زمانێكی جیهانی كار دەكاتە سەر بونیادی دەستوری و فۆنۆلۆژی زمانەكانی دیكەی جیهان و دووچاری گۆڕانیان دەكات و بگرە هەندێجار دەشیشێوێنێ. بۆیە هەندێ لە وڵاتانی دنیا زۆر بە حەساسیەتەوە بەرخوردو مامەڵە دەگەڵ ئەو دیاردەیەدا دەكەن و یاساو ڕێسای یەجگار توندیان بۆ پاراستن و بژاری زمانی نەتەوەیی خۆ داناوە، یەكێك لەو وڵاتانە فەرەنسایە.

جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ كە ئایا هیچ لەمپەرو بەرهەڵستێك هەیە بتوانێت ڕێگە لەو گۆڕبەستنەوەیەی زمانی ئینگلیزی بەرەو بە جیهانی بوون بگرێت؟

هەڵبەتە ئەگەر ڕەواج وبرەوی زمانێك وەكو مەسەلەیەكی سیاسی وەربگرین،ئەوا لەم حاڵەتەدا هەر گۆڕان وگۆڕینێك لە مەیدانی هاوسەنگی هێزو دەسەڵاتی جیهانیدا لەوەیە گۆڕینی ئەو زمانە جیهانیەی لێبكەوێتەوە،بۆ نموونە لەسەردەمانی رابردوودا زمانی لاتینی وفەرەنسی ڕەواجی جیهانیان هەبووە،بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە سیاسیەكاندا، ڕەواج وپایە جیهانیەكانی خۆیان لە دەست داوە.بەڵام مەرج نیە ئەم حاڵەتە بۆ هەموو سەردەم و هەموو زمانێك دروست دەربچێت وبە یاساو ڕێسای بنجبڕو نەگۆڕ بزانرێ..جا سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی،حاڵی حازر لە بارودۆخێكی جیهانی هێندە لەباروكۆك وبتەودایە پێناچێت تەنانەت بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریكا یان ڕووخانی بریتانیاو بوونی بە كۆلۆنی وڵاتێكی غەیرە ئینگلیزیش،بە ئاسانی پاشەكشە بكات و بپوكێتەوەو بمرێت..بەڵام لەوەیە ئەگەر زانایان لە بواری سنعەتی پاچڤەدا،ئامێرێكی وەرگێڕانی پوختەو دروست دابهێنن،هەنگێ پێویست بە فێربوونی یەك زمانی جیهانی نەمێنێت،ئەمەش تا ئیستا هەر ئەگەرەو كاری لەسەر دەكرێت،وسەرباری ئەو پێشكەوتنە خێراو بەرچاوانەی لەم بارەیەوە بە دەست هاتوون،هێشتاش دروستكردنی ئامێرێكی وەرگێڕانی نموونەیی وتەواو بەم زووانە بە دوور دەزانرێ.. بۆیە زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تاكە زمانە كە بێ هیچ ڕەقیب وخەنیمێكی جددی لە ئاستێكی زۆر بەرین و كاریگەردا لەلایەن خەڵكی جیهانەوە بەكاردەبرێت.واتا هەلومەرجی ئەمڕۆكە لە قازانجی بە جیهانی بوونی زمانی ئینگلیزیدایە،بەڵام هیچ شتێكیش جێگیرونەگۆڕ نییە. مێژووی زمانان زۆرجار ئەوەی نیشانداوە كە زمانانیش وەك ئیمپراتۆریەتان قۆناغی پەیدابوون و سەرهەڵدان و

بەهێزبوون وگەییشتنە لوتکە وپاشان سەردەمی داروخان و هەرەسی خۆیان هەبووە.ئەگەر لەسەدەکانی ناڤیندا کەسێك باسی مردنی زمانی لاتینی کردبا،گاڵتەیان پێدەکرد،لە سەدەی هەژدەیەمدا کەسێك باسی پاشەکشەی زمانی فەرەنسی لە جیهانی سیاسەتدا کردبا بە شێتیان دەزانی..هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێ هەرچەندە هەفتەیەك لە دنیای سیاسەتدا زۆرو دوورو درێژە،بەڵام لە دنیای زمانناسی وزمانەوانیدا سەدەیەکیش هەر کەمە..

دەشێت بەهێزبوون وگەشەسەندنی بزاڤە ناسیونالیستیەکانی دنیا بە ئەگەرێکی پاشەکشەی رەواجی جیهانیی زمانی ئینگلیزی دابنرێ کە پێشترو لەم وتارەدا ئاماژەیەکی خێرامان بۆ کردووە..بە کوردی وبەکورتی یەکێك لە هەوڵە کاریگەرو پراکتیکیەکانی چێکردنی پەیوەندی جیهانی،بریتیە لە هاندانی فێربوونی زمانێکی ئاسایی وسروشتی وەکو زمانێکی جیهانی..جا ئەم زمانە ئاساییە وەختێ دەشێت وەکو زمانێکی جیهانی جێی خۆی بکاتەوە کە لە وڵاتانی جیاوازی دنیادا چ وەکو زمانی زکماك،چ وەکو زمانی دووەم و چ وەکو زمانی یەکەمی بیانی بە شێوەیەکی کاراوکاریگەر بەکارببرێت.واتا دەبێت ئەو زمانە سەنگ وئیحتوبارێکی ئەوتۆی هەبێت کە خەڵکانێکی بێگانە بەو زمانە ،خۆبەخش ولە پێناوی مەرام و بەرژەوەندیە بازرگانی،ئابووری،سیاسی وکەلتوریەکانی خۆدا هەوڵی فێربوونی بدەن.هەڵبەتە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی بە جیهانی بوونی زمانێکی ئاسایی،ئەوەیە کە لە شوێنانی زۆردا خەڵکانێك هەبن بەکاری بێنن با ئەو شوێنانە لە رووی جوگرافیاییەوە لێکدی دووربن،ئەمەش مەسەلەیەکە پەیوەندی بە دەسەڵات وهێزی سیاسی،ئابووری،ولەشکری ئەو وڵات یان وڵاتانەوە هەیە کە ئەو زمانە بە زمانی زکماکیان دەژمێردرێت..

جا حاڵی حازر زمانی ئینگلیزی بە حوکمی ئەوەی لە هەموو مەیدانە ئابووری و،بازرگانی،سیاسی،هونەری،و وەرزشی ولەمانەش گرنگتر لە دنیای کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێتدا بوون وئامادەگیەکی چڕوسخی هەیە،بە عەمەلی ولە مەیدانی پراکتیکیدا دەوری زمانێکی نیمچە جیهانی دەبینێت..جا ئەم دیاردەیە وێڕای لایەنە ئەرێنیەکانی، مەترسی خێراکردنی مەرگی زمانە لۆکاڵ و ناوچەیی و نەتەوەییە بچووکەکانیشی لێدەکرێت..ئەمە جگە لەوەی کە زمانی ئینگلیزیش دیالێکتی جیاوازی هەیەو هەندێجار کار دەگاتە ئەوەی خەڵکانی سەر بە دیالێکتە جیاوازەکانی زۆر بە زەحمەت لێکدی دەگەن ولەوەیە هەندێجار لە یەکتریش حاڵی نەبن...

"٤"

یەکێك لە چیرۆکەکانی تەورات ئەویە کە گوایە "لە رۆژگارانی کۆندا،رۆڵەکانی ئادەم لەسەر رووی زەوی هەموو بە یەك زمان قسەیان دەکرد.تا زەمانێك هات کە لێبڕان لە رۆژهەڵات کۆچ بکەن و بڕۆن.کەوتنە ڕێ تا گەییشتنە دەشتێك لە دەڤەری شنعار و لەوێ هەواریان خست وئاکنجی بوون. پاشان بە یەکتریان گوت:وەرن با بۆ خۆمان شارێك دروست بکەین و بورجێکی لەسەر دروست بکەین،بورجێك هێندە بەرزو بڵند بێت کە سەر لە ئاسمانی خوا بسوێ تا بەمجۆرە بگەینە عەرش وچیتر لەم سەرزەمینە پان وبەرینەدا پەرتەوازەو ئاوارە نەبین.لەم کاتەدا یەهووە

هاتە خوارێ تا ئەو شارو بورجە بدینێت کە فرزەندانی ئادەم خەریکی دروستکردنی بوون. یەهووە لە بێباکی وبێپەروایی ئەم قەومە کەوتە ترسەوەو بە خۆی گوت ئەم خەڵکە یەکگرتوو ویەکپارچەن و زمانێکی یەکگرتووی یەکپارچەیان هەیە و بەم یەکپارچەییە هەموو کارێکیان لێدەوەشێتەوەو لە دەست دێت.ئیدی یەهووە بیری لە چارەیەك کردەوە کە نەخشەکەیان لێ تێکبدات وڕیسەکەیان بکاتەوە بە خوری وکارێکی وەهای کرد کە چیتر لە زمانی یەکدی حاڵی نەبن.وەختێ نەیانتوانی لە زمانی یەکدی بگەن تەفرەقەو ناکۆکیان کەوتە ناو ودەستیان لە دروستکردنی بورجەکە هەڵگرت وبەسەر زەمینی پان وبەریندا بڵاوبوونەوەو پەرتەوازە بوون."

هەڵبەتە جۆرە باوەڕێك هەیە کە گوایە تیرەی بەشەر لە کۆنی کۆندا یەك زمانی هەبووەو هەمووان هەر بەو زمانە دواون ولێکدی حاڵی بوون وبە ئارامی ژیانیان بەسەر بردووە،دیارە ئەم بۆچوونە ڕەگ و ریشەیەکی ئەفسانەیی-ئاینی هەیەو ڕەنگە ئەمە تەنیا خەون وخەیاڵ وخولیایەکی بەشەری بووبێ لە قاڵبی ئەفسانان وچوارچێوەی ئاینیدا خۆی نواندبێت.پاش بێهوەیی و بێئاکامی ئەو هەولاڵنەی بۆ دۆزینەوەو زیندووکردنەوەی ئەم زمانە دران،خەڵکانێك کەوتنە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە زمانێکی دەستکردی دروستکراوی هاوبەش بۆ هەموو تیرەی بەشەر دابێنن و جیاوازی زمان نەبێتە مایەی بەدحاڵی بوون وبەو زمانە دەستکردە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە جیاوازی زمانان لە نێوان تیرەی بەشەردا چێی کردووە..دیارە هەوڵین هەوڵەکانی ئەم بوارە بەو نەفەسەوە بوو زمانێك دروست بکرێ کە هیچ نزیکایەتی وخزمایەتیەکی دەگەڵ زمانە ئاسایی وزندووەکانی دنیادا نەبێت وهیچ میللەتێك پێی قەڵس نەبێت.هەڵبەتە ئەم دوورە پەرێزیە لە زمانانی ئاسایی و زندووی دنیا،بووە مایەی ئەوەی کە ئەو زمانە دەسکردانە زۆر نامۆو بێگانە بنوێنن و لە لایەن کۆمەڵگە بەشەریەکانی جیهانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرێت ولە دوا ئەنجامدا شکست بێنێت.ئیدی خەمخۆرانی زمانانی دەسکرد هەر کۆڵیان نەداو لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا، بە بۆچوون وتێوریەکانی خۆیاندا چوونەوەو کەوتنە سەر کەڵکەڵەی دروستکردنی زمانانی ئەزموونگەری و بیریان لەوە کردەوە کە زمانێك دروست بکەن کە لە زمانانی ئاسایی وخۆڕسکەوە هەڵێنجرابێت و وەرگیرابێت..سەرکەوتووترین هەوڵی ئەم بوارە زمانی (سپرانتۆ)بوو کە لایەنگرانێکی فرەی پەیداکردو لە زۆر وڵاتاندا برەوی پەیداکردو رەواجی سەند..بەڵام ئەم زمانەش نەیتوانی ببێ بە ئەڵقەی پەیوەندی وحاڵیکردن و لێکحاڵی بوونی نێونەتەوەیی وبە تێپەڕبوونی رۆژگار بەرەبەرە دایە کزی ودایەوە کەندێ. یەکێك لە هۆیە سەرەکیەکانی بە جیهانی نەبوونی زمانانی دەسکرد ئەوەیە کە رەواج وبڵاوبوونەوەوفێربوونی هەر زمانێك هاندەرێکی مادی یان مەعنەوی یان ناچارییەك یان پێویستیەکی لە پشتەوەیە کە ئەمە لە زمانی دەسکردا نییە.ئەمە جگە لەوەی چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێب وبڵاڤۆك وبڵاوکراوان وچاپەمەنی بەم زمانە بودجەیەکی یەجگار گەورەو مۆڵی گەرەکە..هۆیەکی تری پێشوازی نەکردن لەم زمانە(سپرانتۆ) ئەوەبوو چونکە لەسەر بنەمای یەك دوو زمانێکی ئەوروپایی رۆنرابوو،خەڵکە غەیرە ئەوروپاییەکان گوێیان پێنەداو وەکو پێویست پێشوازیان لێنەکرد.

هەر زمانێك بگری بۆ خۆی سیستەمێكە لە ڕەمزونیشانان بۆ دەرككردن وتێگەییشتن لە جیهان،واتا ڕێگەیەكە بۆ تێگەییشتن لە جیهان، بۆیە تا ژمارەی ئەو ڕێگایانە زیاتر بێت ئەگەری تێگەییشتنی دروست لە جیهان وژیان پتر دەبێت،بەلاَم خۆ لە دنیای ئەمڕۆدا كێشەوگرفتی پەیوەندی نێونەتەوەیی جیهانی مۆدێرنیش كێشەیەكە وسەنگی خۆی هەیە ومەسەلەێن بازرگانی وپاراستن و بەرقەراری ئاشتی نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخ وگرینگی زیاتر پەیدا دەكات وزمان ونزیكی زمانان لە یەكتر لەم زەمینەیەدا دەوری گرینگ دەبینێت،وئەفسانەكەی بورجی بابیل كە پێشتر ئاماژەمان كردێ و وەكو نموونەیەك هێنامانەوە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی بنەرەتی زمان لە پەیوەندی وهاوكاریە مرۆڤانیەكان و ڕەنگدانەوەی كەڵكەڵەی دێرینی ئینسانە كە هەموو تیرەی بەشەر یەك زمانیان هەبێت.دیارە لە كۆنی كۆنەوە مرۆڤ هەستی بەوە كردووە كە پێویستی بەوەیە لێكدی حاڵی ببێ وئەم پێویستیەش بە پێی قۆتاغ و ڕۆژگارو دەگەڵ دروستبوون وگەشەكردنی كۆمەڵگەێن شاری شارستانیەتە جیاوازەكاندا زیادی كردووە.بۆ ئەم مەبەستەش پەنا وەبەر پاچڤەو وەرگێران براوەو لەو ڕۆژگارەوە كە بەرخوردو تەماس لە نێو گروپ وكۆمۆنە بەشەریەكاندا پەیدابووە،پاچڤەو پاچڤەوانان دەورێكیان لە چێكردنی پەیوەندیە مرۆڤانیەكاندا هەبووە. واتا وەرگێڕان ڕێگەیەك بووە بۆ زاڵبوون بەسەر لەمپەرو كۆسپە زمانەوانیەكان ونزیكخستنەوەو تێگەیاندنی مرۆڤ لە یەكتری. هەڵبەتە وەرگێڕان لەسەرەتاوەو تا ئیستاش تەنیا كەناڵی دروسكردنی پەیوەندی ولێكدی حاڵی كردنی خەڵكی دەڤەرو ولاَتانی جیاواز نەبووە،بەڵكو هۆیەكی كاریگەریش بووە بۆ گوێزانەوەی بیرو كەلتوورو هونەری بەهرەداران و زانایانیش. دیارە وەرگێڕانیش زادەی پێداویستیە مادی ومەعنەویەكانی بەشەرەو پێ بە پێی گۆڕانی ئەو پێویستیانە ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.هەڵبەتە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا بارودۆخی دنیا گۆڕانی گەورەی بە خۆوە بینیوە.مەسەلەی سەفەرو كرانەوەی سنووران لە بەردەم ئەهلی سەفەرو ئەوزاری سەفەركردن وشۆڕشی زانستی-تەكنۆلۆژی كردیانە كارێك كە وەرگێڕانیش لەوە دەربچێت تەنیا ئەوزارێك بێت بۆ پاچڤەی بەر هەمێن ئەدەبی و فەلسەفی..بەڵكو بوو بە ڕێگەیەك بۆ چارەسەری چاككردنی پەیوەندیە نێونەتەوەییەكان..بەهەرحاڵ ئاڵۆزبوون وخێرابوونی ڕەوتی ژیان لە هەر هەموو زەمینە ئابووری وسیاسی وكۆمەلاَیەتی وزانستی ورۆشنبیریی و تەكنۆلۆژیەكاندا كردیانە كارێك كە كەموكوڕی و سستی وخاوی تەرجەمە بەشەرییەكان زیاتر دەربكەوێ و زانایان و پسپۆڕان بیر لە داهێنانی شێوەیەكی كاریگەرترو كاراتری وەرگێڕانی خێراو بێ هەڵە وبێ كەم وكوڕی بكەنەوە. كەڵكەڵەی ئەم پسپۆڕو زانایانە ئەوەبوو ئەوزارێكی میكانیكی ولە هەمان كاتدا هۆشمەنمدی ئەوتۆ بۆ وەرگێڕانی دەقی جیاواز دابهێنن كە هەر تاكێك بتوانێت بێئەوەی پێویستی بە فێربوونی زمانانی دیكە بێت،هەردەقێكی زمانانی دی بۆ سەر زمانی زكماكی خۆی پاچڤە بكات وهەردەقێكی زمانی خۆیشی بۆ سەر زمانانی دی وەربگێڕێت..دیارە هەوڵ وكۆشش لەم بوارەدا بەردەوامەو تا ئیستا یەكێك لە گرفت وكێشەكانی وەرگێڕانی میكانیكی ئەوەیە كە شارەزاو پسپۆرانی وەرگێڕانی

میکانیکی بە خۆیان پاچڤەوانی پیشەیی نین و تەنیا بەسەر زمانی زکماکی خۆیادا زاڵن و لە وردەکاری و هەستیاریی وەرگێڕانی باش بێ ئاگان.

یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی ئەم شێوە وەرگێڕانە(وەرگێڕانی میکانیکی)ئەمەیە چونکە ئامێری پاچڤەکردنەکە لە هۆش وهەست و زانست و زانیاریی میتازمانی ئینسانی بێبەش و بێ بەهرەیە ناتوانێت ئاڵۆزی بونیادی،فۆنۆلۆجی و وشەوانی وسێنتاکسی زمانەکان دیاری ودەست نیشان بکات.جا ئەمە خۆی لە خۆیدا کردویەتێ کارێك کە پێشکەوتووترین ئامێری وەرگێڕانیش کاریگەرییەکی سنوورداری هەبێت و لە بوارەکانی ئەدەبیات،فەلسەفە، ئاین و..دەستەوەستان بێت ونەکارێت وەرگێڕانێکی لەباروپەسند بە دەستەوە بدات..

وەرگێڕان پرۆسەیەکە بۆ گوێزانەوەی چەمك ومەفهوومە زمانیە هاوبەشەکان لە هەردوو رووی روخسارو ماناوە،شێوەو نێوەرۆکەوە. مانا لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ئەزموونی بەشەرە دەگەڵ ژینگەی خۆیدا،بۆیە بەشەر ئەگەر ئەزموون وتەجرەبەی دەگەڵ شتێکد نەبێت ونەیناسێت لە چەمك ومانای ئەو شتە وەکو پێویست تێناگات،ونەك هەر لە لایەنی زمانەوانیەوە بگرە لە رووی عاتیفی وبەرخوری کۆمەڵایەتیشەوە ناتوانێت گوزارشتی لێبکات..دیارە شێوەی ئەم ئەزموون و تەجرەبەیەش لە زمانە جیاوازەکاندا فەرق دەکات،یانی زمانانی جیاواز، مانای جۆراوجۆر لە شێوەو قاڵبی تایبەتدا بەرجەستە دەکەن.واتا مانا هەرگیز لە دوو زمانی جیاوازدا سەدی سەد تێکناکەنەوەو وەکو یەك نابن.ئەمە جگە لە مانای خوازەیی ومەجازی کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێت،وتەنانەت قامووس وفەرهەنگیش ئەم گرفتەیان وەکو پێویست چارەسەر نەکردووە،چونکە فەرهەنگ زیاتر مانای ئاشکراو ڕاستەوخۆی وشە بە دەستەوە دەدات.

بەهەرحاڵ بەشەر بە حوکمی ئەوەی بوونەوەرێکی ئەزموونگەرایە،هەقی خۆیەتی هەموو شتێك تاقی بکاتەوەو بجەڕبێنێت،ولە بواری چێکردنی پەیوەندییەکی هاوبەشی جیهانیدا هەردوو جۆری وەرگێڕانی بەشەری و وەرگێڕانی میکانیکی ودروستکردنی زمانانی دەستکردی جەڕباندووەو بەردەوامە لەسەر تاقیکردنەوەی زیاتری ئەو بوارانە ومەسەلەی زمانی دەستکرد، بەرەبەرەو لە سەدەی هەڤدەیەمەوە ئیدی لەوە دەرچوو تەنیا خەیاڵ بێت،هاتە مەیدانی تەجروبەو ئەزموونی پراکتیکیەوە.بەڵام ئەگەر سەرنجی پرۆژە زمانەوانیە دەستکردەکانی سەدەکانی هەڤدە–نۆزدە بدەی دەبینی ئەم پرۆژانە زیاتر ڕەنگدانەوەی حەزو خەون وخولیای خاوەنەکانیان بوون تا پردی پەیوەندی بن..

بەهەرحاڵ لە سەدەکانی ناڤیندا کاتێ کە زمانی لاتینی دەورێکی نیمچە نێونەتەوەیی لە نێوەندە خوێنەوارەکەدا دەبینی کەس کێشەیەکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبوو،بەڵام لە سەدەی هەڤدەو هەژدەدا لە گەڵ سەرهەڵدانی ناسنامەی ناسیونالیستی وپاشان پەیدابوونی ناسنامەی زمانەوانی وڵاتانی ئەوروپایی،لاتینی کەوتە پاشەکشەو لە ئەوروپادا جۆرە بۆشاییەکی زمانەوانی، بۆشایی زمانێکی هاوبەش یا نیمچە هاوبەش دروست بوو ولەگەڵ پەرەسەندنی بازرگانی جیهانی وگۆڕان و پەلوپۆ هاویشتنی کایە ئابوری،سیاسی،کۆمەڵایەتی،جوگرافی،رۆشنبیری وهونەریەکانی ژیاندا زیاتر هەست بە

زەرورەتی بوونی زمانێکی هاوبەش کرا..بۆیە توێژەران وپسپۆڕان کە سەکەوتنێکی ئەوتۆیان لەو زمانە دەسکردانەی کە هیچ لێکچوونێکیان بە زمانانی ئاسایی خەڵکیەوە نەبوو،بەدەست نەهێنا،روویان کردە ئەوەی زمانێکی دەسکرد لەسەر نموونەو کەتەلۆکی زمانانی ئاسایی دروست بکەن.واتا هەندێ زمانی ئاسایی بکەن بە هەوێن وماکی ئەو زمانە دەسکردە.هەڵبەتە لە ماوەی سەدەیەکدا پتر لە سەد زمانی دەسکرد لەسەر بنەمای نموونەێن ئەزموونگەری ونموونەی ئاسایی دروست کران کە سەرکەوتووترینیان زمانانی (سپرانتۆ،ڤلاپوك وئایدۆ)بوو..بەهەرحاڵ هیچ یەکێك لەو زمانە دەسکردانە لە واری پراکتیکیدا نەبوون بە زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی،چونکە لەلایەکەوە لەژێر گوشاری کاریگەریی زمانی زکماکی ئەو کەسانەدا کە فێری دەبوون وبەکاریان دێنا گۆڕانی جەوهەریان بەسەدا دەهات ولەلایەکی ترەوە لەلایەن خەڵکانی ئەورووپای رۆژاواوەو بەمەبەستی بەکارهێنان لە ئەورووپادا داڕێژرا بوو،وچونکە کەلەپورێکی زانستی،ئەدەبی،وهونەریان نەبوو وەکو پشتیوانەیەکی زمانەوانی پشتی پێببەستن وڕەگیان دەچووەوە سەر زمانانی هندو ئەورووپایی،ئەگەر بۆ ئەورووپاییەکان ئاشناو ئاسایی بووبن،ئەوا بۆ خەڵکانی غەیرە ئەورووپایی نامۆو بێگانە بوون وبەئاسانی پێشوازیان لێنەدەکرا.

بەهەرحاڵ هەوڵی بە جیهانی کردنی زمانی ئاسایی وخۆڕسکیش لە مێژوودا پێشینەی خۆی هەیە وهەوەڵێن هەوڵی ئەم بوارە لە سەدەی هەڤدەو هەژدەدا بۆ زندووکردنەوەی زمانی لاتینی دراوەو سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە.بۆیە لەبری هەوڵی زندووکردنەوەی زمانێکی مردوو پێشنیازی ئەوە کراوە کە یەکێك لە زمانە ئاسایی وخۆڕسکەکان بکرێ بە زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی. ئەوەبوو زمانی فەرەنسی لە نێوان ساڵانی ١٦٥٠-١٧٥٠دا لە رووی فیکری و سیاسیەوە لە ئەورووپادا بەسەر زمانی میللەتانی دیکەدا زاڵ بوو وەکو زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی ڕەونەق و رەواجی نیمچە جیهانی پەیدا کرد.بەڵام ئەمە بەردەوام نەبوو،ئیدی لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی نیمچە نێونەتەوەیی هاتە مەیدان وپاشەکشەی بە هەموو زمانەکانی دیکە کرد.دیارە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بریتانیا وپاشان ئەمریکا لە مەیدانە بازرگانی،پیشەسازی و زانستیەکاندا بوون بە پێشەنگی دنیاو هەڵبەتە خەڵکیش روو دەکەنە فێربوونی زمانێکی بیانی کە ئەوپەڕی سوودو قازانج لە بەکارهێنانی ببینن..بەڵام لەوسەدو پەنجا ساڵەی دواییەدا فاکتەرێکی دیکە هاتە گۆڕێ و وەکو کۆسپ ولەمپەرێك لەبەردەم رەوتی بە جیهانی بوونی ئینگلیزی، فەرەنسی وهەر زمانێکی دیکەی ئاسایی قوت بووەوە ئەویش فاکتەری سەرهەڵدانی ناسیونالیزم ونەتەوەگەرایی بوو. ئیدی لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنساوە هەستی ناسیونالیزم لەلای هەموو نەتەوە بچووك وگەورەکان گەشەی کرد و ئارەزووی خەڵکی هەر وڵاتێك ئەوە بوو کە زمانی زکماکی خۆی وەکو رەمزو نیشانەی نەتەوەیی خۆ بەکاربێنن وبە فاکتەری یەکخستن ویەکێتیی و نیشتمانی بزانن وئامادە نەبن دەسبەرداری ببن،بەم پێیە بەربەرەکانی زمانی ئینگلیزی گەشەی کردووە.ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئەو ئینگلیزی زمانانەی کە ئینگلیزی زمانی زکماکیان نیە،گۆڕانی گەورە، بە پێی واقیعی جوگرافی ئەو خەڵکانە،لە زمانی

ئینگلیزی دا رووی داوه.جا وەکو چۆن نەبوونی ناسنامەو پاشخان و کەلەپوریکی دەوڵەمەندو بەرەگ وریشە لە زۆر شوینی جیاوازی دنیادا بوو بە کۆسپ لەبەردەم قەبوڵکردن وبە جیهانی بـــوونی زمانـــانی دەســـکرد، بـــەو ئاوایـــەش کەلـــەپوورو پاشـــخان وناســـنامەی کەلتووری،کۆمەڵایەتی،نەژادی جیاواز بە گەورەترین کۆسپی بەردەم قەبوڵکردن و بە جیهانی بوونی هەر زمانیکی ئاسایی وخۆرسکی دنیا دەژمیردری..جا بەم پییە دەبیت ئەوە لەبەرچاو بگیریت کە زەروورەتی لیکدی حاڵی بوون وبەرقەراری پەیوەندی کۆمەڵگەی بەشەری دەگەڵ زەرورەتی پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی نەتەوەییدا نەك تیکناکەنەوە بگرە زۆرجارش هەڤدژن..یەکـەمیان بـەرەو زەرورەتـی فیربـوونی زمـانیکی سـتانداردی نیونەتـەوەیی و دەستبەرداربوونی تایبەتمەندی نەتەوەیی دەچیت و دووەمیان بەرەو پابەندی بەکەلتووری زمانی زکماك وخۆماڵی دەچیت.
رەنگە پەیرەوی کردنی میتۆدیکی دروستی خویندنی جووتزمانە بە پشتیوانیەکی نیونەتەوەیی و بەهاوکاری هەمە لایەنەی وڵاتانی جیهان لەم رووەوە لە سوود بەدەر نەبیت،دیارە ئەمەش بۆ خـۆی ئەزموونیکـە و وەکـو هـەر ئـەزموونیکی دیکـەی ژیـان لـە ئەگـەری سـەرکەوتن و بەسەرسەراکەوتن بەدەرنابیت.بەڵام خۆ ئەگەر ئەو زمانەش واتا زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی هاتە دی، ئەویش جاریکی دی،خۆبەخۆ لق وپۆپ دەهاویت ودیالیکت وشیوەزمانانی لیدەکەویتەوە،چونکە ئەو زمانە لە لایەن خەڵکانی زمان جیاوە وەردەگیریت و بەکاردەبریت و شەقڵ وتایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکاتەوە.شیوەزارو دیالیکتان لە ئەنجامی گۆرانکاری ناو خۆیەوەو لە ئەنجامی وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە،زوو بە زوو لیکدی دوور دەکەونەوەو تا دوای چەند سەدەیەك لە هەمان زمانی ستانداردی جیهانیەوە کۆمەڵیك زمانانی جیاوازی سەربەخۆ پەیدا دەبیت وئیدی هەمان تاس و حەمام،هەموو کیشە پاچڤەوانیەکان،زەروورەتی فیربوونی زمانی بیانی و..هتد دەست پیدەکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بروانە:
*- محمدی قاضی کیست وچه کرد؟ سید علی صالحی،چاپ اول(١٣٦٨)
*- کتاب مقدس،عهد عتیق وعهد جدید/انجمن پخش کتب مقدسه/١٩٨٢
*- زبان،ترجمه، ارتباط فرهنگ ها،حسین یعقوبی/چاپ اول (١٣٨٤)
*- فن الترجمه،ت: د.حیاه شراره،١٩٧٩،سلسله الوسوعه الصغیره
*- فن الترجمه فی ضؤ الدراسات المقارنه، صفاو خلوصی
*-مترجم شدن،داگلاس رابینسون،ترجمه رضی خدادادی (هیرمندی)چاپ اول ١٣٨٠
*- پەلکە رەنگینە،چ١،(٢٠٠٤)وەزارەتی رۆشنبیری، حەمەکەریم عارف
*- شیعرکوژی،کۆمەڵەی روناکبری وکۆمەلایەتی کەرکوك،چ١،(٢٠١٠) حەمەکەریم عارف

# وەرگێڕ پێویستە هەموو مەرج وتوانایەکی نووسەریی تیابێت

"١"

وەرگێڕانی وشە بە وشە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری پسپۆڕانی مەیدانی پاچڤەوانی و شارەزایان و ئەزموونـدارانی بوارەکـەوە بەگـەن ناکرێـت.چـونکە یـەکجار زەحمەتـە وشـەی زمـانی یەکـەم و دووەمی کاری وەرگێڕان لـە ماناو قاڵب و بونیـادو ڕەمزییەتدا یەکسـان بن وهـەمان بارگـەو وزەو توانـای دەربـڕین و گوزارشـت و گواسـتنەوەو گەیانـدنیان هەبێت،بۆیـە دەبێـت وەرگێـڕ بگـەڕێت نزیکترین هاوتاو هاومانای وشەو دەستەواژەێن زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا پەیدابکا و بە نزیکترین شێوازوستایلی زمانی یەکەم دای بڕێژێتەوە..بۆیە وەرگێڕ دەبێت بتوانێ لە گوتاری ئەو دەقە حاڵی بێت کە گەرەکیەتی وەری بگێڕێت،چونکە وەرگێڕ بە پێچەوانەی زمانەوانەوە کە وشەو ڕستە لە چوارچێوەی وشەو ڕستەداو لە پێناوی خودی وشەو ڕستەدا شیدەکاتەوە،دەق لە ئاستێکی بـاڵاترداو هێـوەتر لـە وشـە، ڕسـتە، یـان گوتـاری سـەربەخۆ، شـیدەکاتەوە.چـونکە پـڕ خویایە کە مەبەست لە وەرگێڕان، تەنیا پاچڤەی زنجیرە رستەیەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو پاچڤەی تەواوی دەقەکەیە ولە ڕاستیدا پاچڤە هەرگیز بەو مانایە نیە کە وشەیەك لە جێی وشەیەکی دی دابنرێـت، بـەڵکو هـەڵێنجان وشـرۆڤەی مانایـە بـە مەبەسـتی وەرگێڕانـی دەق وەکـو یەکەیـەکی یەکپارچـە،بۆیە زۆرجـار قاموسـی زمـانیش دادی وەرگێـڕ نـادات وهـەموو گرفتـەکانی چارەسـەر ناکات.مانای وشەیەك،ڕستەیەك ویان سەرانسەری دەق پتر لە ڕێگـەی ڕاڤەوشرۆڤەوە دێتـە حـاڵی بـوون وفـامین.بۆیـە وەرگێـڕ دەبێـت سـوود لـە شـرۆڤە، واتـە شـیکردنەوەو وردکردنـەوەی هۆشمەندانەی هـەموو دەقەکە وەربگرێت.چونکە بـەبێ پـەی بـردن بە ڕازو ڕەمـزو نهێنـی وتـان و پـۆی دەق، یـەجگار ئەسـتەمە پـەی بە شـرۆڤەو ڕاڤەی ڕسـتەی ئەسـڵی ببرێ..واتـە شـیکردنەوەو لێکدانەوەی شرۆڤەکاریانە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەردی بناغەیەو بـەبێ ئەمە هیچ وەرگێڕانێك مەیسەر نابێت.بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی شرۆڤەکاریانەش وەرگێڕ لە سـەرێتی هەوڵبـدات ئـەو مەبەست ومەرامە دەست نیشـان بکات کـە نووسـەرەکە ویستویەتی گوزارشتی لێبکات..چونکە وەرگێڕان دەکاتە گوزارشت کردنەوە لەو چەمك وهزرو باوەڕانەی لە دەقی یەکەمدا هەن..

بەکوردی و بە کـورتی، بـۆ حـاڵی بـوون وتێگەیشتن لـە هـەر پـەیام و گوتارێك، پێویسـتە ئینسـان چـەمکەکان لـە قـاوغی وشـە دەربێنـێ و بیخاتـە بۆتـەی ئەزموونـەوەو بـە کۆمـەکی زانیـاری غـەیرە زوبـانی خـۆی، هـەوڵی تێگەییشـتنی باشـترو زیاتریـان بـدات. زمـان یـەکێك لـە ڕەگـەزەکانی پـەیام پێکدێنێ..واتە شرۆڤە پرۆسەیەکە کە دەمانگەیەنێتە حاڵیبوون لە مەبەست ومەرام، یانی شـرۆڤە ڕێیەکـە دەچـێتەوە سـەر تێگەییشـتنی مەبەسـت ومـەرام وخـۆ ئامـادە کردنـە بـۆ گوێزانـەوەو داڕشتنەوەی دەق لە زمانی دووەمدا.یانی بەم پێودانگە وەرگێڕان لـەم قۆناغـەدا دەکاتـە هونـەری گوزارشت ودەربڕینەوەی تازەی دەق، واتـە ئـەوەی لـە پرۆسـەی وەرگێڕانـدا دێتـە وەرگێـڕان وشـە نیە، وەرگێڕ نایەت وشە لە جێی وشە دابنێت و تەواو، بەڵکو چەمك ومانا کە بناغەو هێمی پـەیام ومـەرام پێکـدێنێ، دێتـە وەرگێـڕان..وەرگێـڕ لـەم حاڵەتـەدا مامەڵـە دەگـەڵ زمانـدا وەکـو شـتێکی

مجەڕەد ناکات، بەڵکو سەروساختی دەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندایە. مەبەستی وەرگێڕ ئامادەکردنی دەقی دووەمە بە جۆرێ کە هەمان کاریگەری ودەوری دەقی یەکەم بدینێ..جا لێرەدا پێتڤیە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێك داب ونەریتی تایبەتی خۆی لە قسەکردندا هەیەو ئەمەش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئاوێتەی زمان بووەو مۆرکێکی تایبەتی داوەتێ،ولە شێوازی دەربڕینی ئەو کۆمەڵگەیەدا ڕەنگی داوەتەوە،ئیدی قورسی وەرگێڕان لەمەدایە کە لە نێوان دوو کەلتور،دوو دنیای هزرین ودوو دنیای دەرك وتێگەییشتنی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت کە وەرگێڕ لەسەرێتی بە جددی ڕەچاوی بکات و هەمیشە ئەم خاڵەشی لەبیرو خەیاڵ بێ هەرچەندە سەروسەختی دەگەڵ تێکڕای دەقدایە، بەڵام بۆ ئەوەی دەرەقەتی پاچڤەی دەق بێت، لە سەرێتی چۆنیەتی وەرگێڕانی دروستی زمانیش فێربێت.چونکە زاڵی بەسەر زماندا، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پرۆسەی وەرگێڕان.هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە وەرگێڕ دەبێت زمانەوان بێت،زانای بواری زمان بێت، بەڵکو پێویستە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بزانێت..وبە کورتیەکەی وەرگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی پیشەیی کاری وەرگێڕان بکات،دەبێت فێری ئەوە بێت بە چاکی بیربکاتەوە،بە چاکی بنووسێت،تا پەیامی ئەو نووسین یان دەقەی وەری دەگێڕێت، بە باشی و بە ڕەوانی وروونی وبە هەمان کاریگەریی زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە...

"٢"

بێگومان مەبەست ومەرامی شیکردنەوەو وردکردنەوەی کەلامی جووت زمانی، ئەوە نییە کە فێری چۆنیەتی پاچڤەی زمانێك بۆ زمانێکی تر ببی، بەڵکو مەبەست وئامانجی بەرهەمهێنانەوەی دووبارەی مانای دەقێکە بە کۆمەکی کەرەستە گوزارشتییەکانی زمانی دووەم.شیکردنەوەو لێکدانەوەی کەلام هێوەتر لە شیکرنەوەی فۆرم یان بونیادی سیستەماتیکی زمانێك دەڕوات. واتە بواری بایەخدانەکەی بەرینترە لەوە. بۆیە وەرگێڕ لەسەرێتی خۆی لە کۆت وبەندی دەلالەتێن زمانەوانی رووتی وشەو پەیڤان هەندێك دووربگرێت..هەنێك لە پاچڤەوانان، بە تایبەتی پاچڤەوانانی ناشی وتازەکار، بە هۆی ڕاڕایی ودوو دڵیەوە ناوێرن هەندێك لە دەقە ئەسڵییەکە دووربکەونەوەو لێی ڕامێنن و وەکو یەکەیەکی یەکپارچە بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە تێی بڕوانن و ببینن، تەنیا خۆیان بە لایەنە زمانەوانیەکانی دەقی یەکەمەوە هەڵدەواسن،و وەرگێڕانی وشە بە وشە بە وەرگێڕانێکی دروست و وردو پەسندو جۆرە ئەمانەتدارییەك دەزانن، غافڵن لەوەی کە ئەم جۆرە ئەمانەتداری یان پابەندییە بە فۆرم و قاڵبانەوە، دەکاتە لە دەستدانی روح وگیانی پەیامی دەق. بۆیە ئەو وەرگێڕو پاچڤەوانانەی کە بە پراکتیکی هەستدەکەن ودەبینن کە بایەخدانی زیاد لە پێویست بە وشەو قاڵبی زمان دەبێتە مایەی لاوازبوونی ماناوچەمکان،خۆ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە دوورەپەرێز دەگرن. هەروەها زۆر وەرگێڕیش هەن زیاد لە ئەندازە بایەخ بە ڕاڤەو شرۆڤە دەدەن وئەوە فەرامۆش دەکەن کە ئامانجی دوورکەوتنەوەو رزگاری لە کۆت و بەندی قاڵبی زمانی ئەسڵی ئەوەیە کە لە مانا شاراوەو پەنهانەکانی ناو زمانەکە نزیکر ببێتەوە نەك دوورتر بکەوێتەوە. دیارە پاچڤەوان بۆی نیە ڕاڤەوشرۆڤەی بێ قەیدو مەرج بکات،شرۆڤەو

ڕاڤـە بەنـدە بـە خـودی دەقەکـەوەو نابێـت لـە دەقەکـە دەربچـێت، دەنـا وەرگێڕانەکـەی هـیچ ئەمانەتدارییـەکی تیـا نـامێنێ.بۆیـە بەرجەسـتە کردنـەوەی لـە نـوێی پـەیام وچـەمك لـە زمـانی دووەمدا، پێویستی بە زانست وهوشیاری و بەهرەو توانای ڕاڤەوشرۆڤە هەیە.

"٣"

با لێرەدا کەمێك لەسەر شێوازیش بوەستین،شێواز دەکاتـە چۆنیەتی نووسین وداڕشتنی بابـەت. هەڵبەتە شێواز سـەراپای ڕەگـەزو پێکهاتـەکانی دەق بە نێوەڕۆك وفۆرمیشـەوە دەگرێتـەوە. دیـارە کە فۆرم ونێوەڕۆك مەحاڵە لێکدی جیا بکرێنـەوەو میناکی دوو رووی یـەك دراون، بەهـەردووکیان و پێکڤـە دراوەکـە وبـەهای دراوەکـە پێکـدەهێنن وبـەلابردنی هـەر یـەکێکیان دراوەکـە لـە دراوی دەکـەوێت و هـیچ بەهایـەکی نـامێنێ.واتـە بـە هـەردووکیان یارمـەتی خوێنـەر دەدەن کـە لـە مانـاو چـەمکی گشـتی پـەیام وناسـینی دەق تێبگـات..دیـارە لـە هـەر دەقێکـدا چـوار ڕەگـەزی سـەرەکی بەشـدارە:نووسـەر، بابـەت، ژانـر (جـۆری دەقـی ئـەدەبی، جـۆری ئـەو زمانـەی بـەکار هێنـراوە)و وەرگـر.واتـە شـێواز دەکاتـە زنجیرە پەیوەندییـەکی لـە جیابوونـەوە نـەهاتوو لـە نێـوان ڕەگـەزە بەشدارەکانی پێکهاتەی دەقدا.کەواتە وەرگێڕ بۆ چێکرنی پەیوەنـدی کاریگەر،لەسـەرێتی هەنـدێ لەو زەروراتەی کە پەیوەسـتن بـە شێوازوستایلەوە، ڕەچاوبکات، چونکە وەرگێـڕان لـە جەوهـەردا دەبێت بە سەرمەشقی فیکری سەراپای دەقە ئەسڵەکەوە پابەند بێت وبۆی نیە بە ئارەزووی خۆی و بە کەیفی دڵی خۆی مامەڵە دەگەڵ دەقدا بکات. وەرگێـڕ دەبێت لـە کاری خۆیـدا، لـە پرۆسـەی وەرگێڕاندا میانڕەو بێت،وشـەو پـەیڤان لـە سنوورێکی مـاقوڵ و لۆژیکیـدا ڕاڤـەو شـرۆڤە بکات،لـە شرۆڤەو شێوازدا ئەوەندە جڵەو شل نەکات کە بە شێوازێکی نەگونجاو، شێوازی دەقە ئەسڵیەکە عەیبـدار وزەدەدار بکـا.ئەگـەر بشـێت دەقێـك بـە ئاپارتمانێـك بشـوبهێنرێ، ئەواشێواز ڕواڵـەت و دیمەنەکەیەتی.دیارە شێواز دەکاتە چۆنیەتی نووسینی بابەت، نووسین لە ڕێگەی وشـەو زمانـەوە بەرجەستە دەکرێت، بۆیە وشەو زمان لە کاری وەرگێڕاندا دەبێ بایەخی خۆی پێ بدرێت.ڕاسـتە زمـانی نووسـین لەچـاو زمـانی قسـەکردندا، پێویسـتی بـە گونجـان وهاوئاهـەنگی وسفتچـنیەکی زیـاترە بـەڵام ئەمـە بەو مانایە نیە کە بایەخدان بە وشـەو ڕێزمانی دەق لەسـەر حیسـابی خـودی دەقەکـە وەکـو یەکەیـەکی یەکپارچـە بێـت، چـونکە ئەمـە هاوسـەنگی و بەڵانسـی دەقەکـە تێکدەدات،ئاشکراشـە کـە وەرگێـڕ هەمیشـە دەق وەکـو یەکەیـەکی یەکپارچـە وەردەگێڕێـت نـەك ڕسـتەو مانـا.بۆیـە توانـای دۆزینـەوەو ناسـینی هـزرو بـیرە بنجییـەکانی نـاو دەق،ولێهـاتوویی و شـارەزایی لـە دەسـکاری چـەمکان وپێکڤـە گرێـدانیان بـە شـێوەیەکی لـۆژیکی و روون و ڕەوان لـە مەرجـە سـەرەکییەکانی هـەر وەرگێڕێکی باشـە. هـەر دەقێك ژیانی تایبـەتی خۆی هەیـە ،چونکە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەرەکەیەتی و خـودی نووسـەرەکەی دەنوێنێتـەوە.هـەموو دەقێك بـە پلەی جیاواز مەوداو رەهەندی سۆزداری،ئەقڵانی و ئایدیالی و خەیاڵی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە،جا بـۆ خوڵقاندنـەوەو ئەفراندنـەوەی وردو دروسـتی دەق و تێکسـتان لـە زمانێکی دیـدا، لـە زمـانی دووەمدا، فامین ودەرککردن وتێگەییشتنی کرۆك وجەوهەرو ڕۆح و کێش وئاهـەنگی ئـەو مـەوداو ڕەهەندانـە، یـەجگار پێویسـت ومەرجـە. بۆیـە وەرگێـڕ دەبێـت هـەموو مـەرج و تایبەتمەندیـەکانی

نووسـەرێکی باشـی تێـدا هـەبێت. چـونکە پاچـڤە هـەموو گیروگرفتـەکانی نووسـینی تێدایـە، زێدەباری ئەوەی کە وەرگێڕ ناچارە لە مەبەست وئامانجی نووسینێك تێبگات کە هی خۆی نیە و ئەو پەیامە نووسراوەی کە پەیوەندی بەمەو نیە لە زمانێکی تردا بەرجەستە بکاتەوە.واتە وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی هونەرێکە پێویستی بە بەهرەو توانای کارامەو پەروەردەکراو، بە زانستی زمانەوانی وغەیرە زمانەوانی هەمیشە لە حاڵی گۆڕان، توانای دەست نیشانکردن و بەرزە خەیاڵی، وێڕای هۆش وگۆش ودوڕناسی و ئەقڵمەندییە.

"٤"

وەرگێڕان وەکو چەلەنگییەکی زەینی بەلای کەمەوە مەعلانی وکارامەیی و لێزانی لە چوار بواری بەرینی هەستیاری میناکی: زمان، زانیاری و رۆشنبیریی گشتی،تێگەییشتن لە بابەت و مەبەست،وداڕشتنەوەو ئەفراندنەوەوی لە نوێی گەرەکە..مرۆڤ تەنیا ئەو شتە باش وەردەگێڕێت کە باشی دەزانێت، بۆیە زانینی زمان و ئەودیوی زمان بۆ تێگەییشتن وحاڵی بوون لە پەیام و دووبارە نووسینەوەوخوڵقاندنەوەی یەجگار پێویستە.توانای حاڵی بوون لە بابەت ومەبەست، دەکاتە کارێك کە وەرگێڕ بتوانێت زانیاری لە خودی دەقەکەوە هەڵێنجێ ودەربێنێ و ئەو ماناو چەمکانە دیاری ودەست نیشان بکات کە نووسەری دەقە ئەسڵیەکە مەبەستی بووە. وەرگێڕ دەبێت ئەو توانایەی هەبێت کە هەم لە زمان و هەم لە حەقیقەتەکان حاڵی بێت و تێی بگات.هەر دەقێك، خۆی لە خۆیدا فیکرو تەسەورو وێنایەکی لەخۆگرتووە، بۆیە بەر لەوەی لە زمانێکی تردا (زمانی دووەم) بەرجەستە بکرێتەوەو یان نیشان بدرێتەوە، دەبێ شرۆڤەو ڕاڤە بکرێ، یانی بێتە تێگەییشتن. شرۆڤە چالاکییەکە لە بواری روونکردنەوەی ماناو چەمکدا دێتە ئەنجامدان و هاوکێشەی: نووسەر، بابەت، ژانر و وەرگری هەر دەقێك ڕەچاو دەکات.دەرك وتێگەییشتنی بابەت ومەبەست بریتیە لە توانای بەرجەستەکردنەوەو پێکڤە گرێدانی ڕەگەزەکانی هاوکێشەی ناڤبری..بەهەرحاڵ وەرگێڕان بەبێ شرۆڤەو تەفسیری مانا، نایەتە ئەنجامدان، بۆیە هەر وەرگێڕێك نەتوانێ دەق بە دروستی تەفسیرو شرۆڤە بکات، ناتوانێ لە زمانی دووەمدا ئەو دەقە بخوڵقێنێتەوەو مەبەست و مەرامێك دەداتە پاڵ نووسەری دەقەکە کە نە لە دوور ونە لە نزیك ئاگای لێی نیە. بە کورتی و بە کوردی بوختانێکی گەورەی بە دەمەوە دەکات.بەهەرحاڵ وەرگێری چاك نەك هەر پێتڤیە شارزایی لە زمان و خاوەنی زانیاری چاك وتواناو بەهرەی دەرککردنی چەمك ومانای دەقی هەبێت، بەڵکو دەبێت تواناو کارامەیی داڕشتنەوەی دەقەکەشی لە زمانی دووەمدا هەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێت توانای نڤیساری هەبێت..

((٥))

وەرگێڕانی وشە بەوشە بریتیە لەوەی کە وەرگێڕ دێت وشە دەکات بە بناغەی کاری وەگێڕان و لە هەمان کاتدا بەشەکانی پەیڤەوانی وریزبەندی وشەکان لە دەقە ئەسڵیەکەدا وەکو خۆی ڕەچاو دەکات.پابەندی مانای ئەسڵی وشە دەبێت، هاوتایەك لە زمانی دووەمدا دەدۆزێتەوە کە بە تەواوەتی ودەقاودەق دەگەڵ مانای ئەسڵی وشەکە لە زمانی یەکەمدا تێکبکاتەوە.وەرگێڕانی

وشە بە وشە بە زۆری نارەوان وئاۆزو نامەفهووم دەردەچێت وخوێنەر گومڕاو چەواشە دەکات،چونکە بە گوێرەی پێوەرو پێوانەکانی زمانی یەکەم بەرخوردو مامەڵە دەگەڵ ئەوزارەکانی زمانی دووەمدا دەکات.

ئارمانجی سەرەکی پاچڤە ئەوەیە کە هاوتایەکی مانایی گونجاوو ورد لە نێوان هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا چێبکات وبخوڵقێنێ.هەرئەمەش وەرگێڕان لە کارێن دیکەی میناکی وەرگرتن،وکورتکردنەوە جیا دەکاتەوە.دیارە دۆزینەوەی هاوتایەکی تەواو کارێکی نیمچە مەحاڵە.هیچ وەرگێڕێك ناتونێت هاوتایەکی تەواوەتی دەقی یەکەم بە دەستەوە بدات،بگرە هەندێ بابەتی میناکی زاراوە، ئیدۆم، نوکتە، پەندو هێمای رۆشنبیری وئەدەبی زۆربەی کات نایەنە وەرگێڕان.زۆربەی ئەوانە لە زمانێکی تردا هاوتای تەواوەتیان نیە،بۆیە لە بواری پراکتیکیدا شتێك نیە ناوی باشترین و وردترین وەرگێڕان بێت..هەڵبەتە سەرکەوتنی وەرگێڕان پەیوەندی بە ئارمانج ومەرامی خودی وەرگێڕانەکەوە هەیە.بۆ نموونە ڕەنگە وەرگێڕانی باس و وتارێن زانستی وئابوری تەنیا پێویستی بە گواستنەوەی ئەمینانەی ماناو ناوەرۆکەکەی هەبێ و ڕەچاوکردنی شێوازی نووسین وئەدەبیەتی شێواز ئەوەندە گرینگ نەبێت.بەلاّم لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، شێوەوشێوازی ئەدەبی دەق بە ئەندازەی ناوەرۆکی دەقەکە بایەخی هەیە، بۆیە وەرگێڕانی شاکارە ئەدەبیە فرە توێیەکان یەجگار زەحمەت وئەستەمەو..

بەهەرحاڵ وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی دەکاتە گوێزانەوەی چەمك ومەفهوومێك بە شێوەی زارەکی یان نڤیساری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی.وەرگێڕان یەکێکە لە شێوە هەرە کۆن و دێرینەکان کە خەڵکانی زمان جیاوازی هەمەجۆر بە مەبەستی چێکردنی پەیوەندی دەگەڵ یەکدیدا، پەنایان بۆ بردووەو دەشێت بگوترێ لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگە بەشەریەکاندا وەکو پێویستییەکی مادی ومەعنەوی تیرەی بەشەر سەری هەڵداوەو هاتووەتە ئاراوەو بەرە بەرە پێویست بە کەسانێك بووە کە بتوانن چەمك ومەبەستێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگوازنەوە.

دیارە رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو زمانانەی کە تەرجەمەیان لێوەدەکرێ وبۆ دەکرێ زیاتر دەبن و بابەتێن وەرگێڕان زیاتر وهەمەجۆرتر دەبن.ئەمە خۆی لە خۆیدا بووەتە مایەی بە میکانیکی بوونی وەرگێڕان، میکانیکی بوون بەو مانایەیە کە کەمتر هەوڵدەدرێ ئەندێشەو تیمەی دەقە ئەسڵییەکە وەکو پێویست وبەوردی بگوازرێتەوە،بەڵکو زیاتر هەوڵدەدرێ بەشێوەیەکی میکانیکی وشەی زمانێك لە جێگەی وشەی زمانێکی دی دابنرێ.لەبەر ئەمە وەرگێڕان هەرچەندە لە باری چێکردنی پەیوەندی زمانەوانیەوە لە ئاستە فەرمیەکانی وەکو پەیوەندی دیبلۆماسی و وەرگێرانی گوتارێن زانستی پەسندە بەلاّم لە ئاستە نافەرمیەکاندا چونکە زمان ڕەگی لە زەمینەو ژینگەی کەلتوری وشارستانی، و واریقات و رووداوێن کۆمەلاّیەتی،وتایبەتمەندی ئیتنی و نەتەوەییدایەو رەنگدانەوەی هەموو ئەو لایەنانەیە زۆر کارامەوکاریگەر نیە. چونکە مانای وشە تەنیا لە ناو دایکە زمانەکەی خۆیدا ئیحتوباری هەیەو هەر زمانێك بگری بونیادی تایبەتی خۆی هەیەو تایبەتمەندی وخەسڵەتی شارستانی وکەلتوری ئەو نەتەوەو گەلەی کە قسەی پێدەکەن وتایبەتمەندی کۆمەلاّیەتی وئابوری کۆمەلاّیەتی خۆی هەیەو هەڵدەگرێ،هەموو ئەمانە لە

**پرۆسەی وەرگێڕانی زمانێك بۆ زمانێکی تر رۆڵی کاریگەر دەبینن..ئەمە جگە لەوەی وردی و توانای وەرگێڕیش فاکتەرێکی گرینگە لە کاری وەرگێڕانا وەکو ئەوزارێکی پەیوەندی جیهانی..**

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

***- تحلیل کلام، روشی برای ترجمە: نظریة وکاربرد..ژان دلیل**

**ترجمە فارسی:دکتر اسماعیل فقیە..تهران: رهنما ١٣٨١**

***-گفتمان وترجمە،علی صلح جو، چاپ اول ١٣٧٧**

# هیچ پێوەرێکی ڕەها بۆ وەرگێڕان نیە

"١"

وەرگێڕان وەکو چالاکیەکی زمانەوانی وهزری مرۆڤ،هەر ئەوە نیە کە ماناوچەمك وهاوتایان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی وەربگێڕدرێ،یان ئاوێتەکردنی دوو قەڵەمڕەوی زمانەوانی بێت،وەرگێڕان وەکو هونەر دەکاتە پرۆسەی خوڵقاندنەوەی ئەبستمۆلۆجیا وکەلەپورو ئەزموونانی زمانی یەکەم لە قاڵب وبازنەی زمانی دووەمدا،واتە بەم پێیە وەرگێران دەکاتە دیالۆگێکی ئامانجدارو بەرنامەدار لە نێوان دوو کەلتووردا.

ئیدی ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی پرۆسەی وەرگێڕان هەیە،بۆ نموونە ئۆکتافیوباز، شاعیرو هزرڤانی مەکسیکی پێیوایە مرۆڤ دەگەڵ زمان گرتن وقسەفێربووندا، فێری وەرگێڕان دەبێت.واتە خودی قسەکردن بۆخۆی وەرگێڕانە..لێ هەندێکی دی پێیان وایە قسەکردن و وەرگێڕان دوو کاری جیاوازن،بەڵگەشیان ئەوەیە کە مرۆڤ وەختێ قسە دەکات،قسەی خۆی دەکات وقسەی هەرکەسێکیش پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە نەك بەکەسێکی ترەوە.واتە لە ڕێگەی زمانەوە هەندێك چەمك وماناو مەبەستی دڵخوازی خۆی بۆ خەڵکانێکی تر دەگوازێتەوە، بەلام وەرگێران ئەمە نیە،پاچڤەوان لە ڕاستیدا بۆچوون وگۆشەنیگای کەسێکی تر دەگوازێتەوە نەك قسەو گۆشەنیگای خودی خۆی، وەرگێڕ قسەی کەسێکی تری بۆ زمانێکی تر وەرگێڕاوە. بۆیە نابێت قسەکردن و وەرگێڕان بەیەك شت دابنرێن، بەڵکو دوو کاری جیاوازن.بەهەرحاڵ ئەمەش بۆچوونەو دوا حوکم نیە و چەند ئەگەری دروستی هەڵدەگرێ ئەوەندەش ئەگەری نادروستی هەڵدەگرێت.چونکە خەڵکانێك پێیانوایە قسەکردن ڕەهەندو مەوداو لایەنی(پاچڤەوانی) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تری تیانیە..بەلام لە لایەکی ترەوە دەبێت لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر ئەوەبکرێ کە لە پرۆسەی قسەکردندا، بەر لە هەرشتێك دیالۆگێك لە نێوان تاك وخودی تاکدا چێدەبێت،وەکو چۆن لە پرۆسەی وەرگێڕاندا زمان دەبێت بە ئەڵقە پەیوەندی نێوان وەرگێڕو خوێنەر،لە قسەکردنیشدا، زمان دەبێت بە ئەڵقە پەیوەندی نێوان تاك وخودی تاك..هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا پەیوەندی تاك هەم دەگەڵ خۆیداو هەم دەگەڵ خەڵکی دیدا لە ڕێگەی هیرمۆنەتیك و ڕاڤەوە چێدەبێت. دیارە ئەم پرۆسەی کەشفکاری وپەیوەندیە چ دەگەڵ خودداو چ دەگەڵ خەڵکیدا لە ڕێگەی زمانەوە سەردەگرێت، بۆیە لەم ڕووەوە پاچڤەو قسەکردن هاوتای یەکترن.

"٢"

وەرگێڕان لە دوو ئاستدا دێتە ئەنجامدان،یان بە گوتەیەکی ڕوونتر بە دوو قۆناغدا دەڕوات و دوو جۆرە.یەکێکیان وەرگێڕانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر،ئەویتریان وەرگێڕانە لە ناو خودی یەك زماندا کە بریتیە لە تێگەییشتن وبیرکردنەوەو ڕامان لە قەڵەمڕەوە جیاوازەکانی ئەو زمانە، واتە تاوتوێکردنێکی بێدەنگ وهێمنی لایەنە جیاوازەکانی یەك زمانە بە مەبەستی گەییشتن بە مانا. دیارە ئەم دوو جۆرە وەرگێڕانە لە یەك کاتدا ڕوودەدەن، بۆیە بمانەێ ونەمانەوێ هەردوو ئاست و جۆرەکە یەکانگیرن و تێکدەکەنەوە.خوێنەری هەردەقێك، دەقەکە بۆ خۆی و بە گوێرەی زمانی

خۆی وەردەگێڕێت. ئەو دەقەی کە لە لایەن پاچڤەوانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پاچڤە دەکرێت،جارێکی دی خوێنەر لە دڵی خۆیدا تەرجەمەی دەکاتەوە.یانی بەم پێودانگە هەر خوێنەرێك، هەر ئادەمیزادێك، بە هۆی زمانداری خۆیەوە، خۆ بەخۆو هەمیشە پاچڤەوانێکە لەوگۆڕەی.کەواتە هەردەقێك چ وەرگێڕدراوبێت و چ نووسراو، پێویستی بەوەیە لە لایەن خوێنەرەوە تەرجەمە بکرێ وخۆی لە خۆیدا دووبارە تەرجەمە کردنەوەیە. وەرگێڕی هەر دەقێك، دەتوانێ ئەو دەقە تەنیا بۆ خودی خۆی بە تەواوەتی پاچڤە بکات.خوێنەر بۆ تێگەییشتنی ئەو دەقە پێویستی بەوەیە کە دەقەکە لای خۆی ولە دڵی خۆیدا وەربگێڕێتەوە.واتە وەرگێڕان خودی ئادەمیزادە،چونکە تێفکرین وهزرین وتێگەییشتن وفامین، بۆ خۆی ولە خۆیدا پاچڤەیە..سەبارەت بە جۆری یەکەم،واتە پاچڤە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر،چونکە هەمیشە بە جۆرە دووەمەکە ئاوس وبارگاویە، هیچ کاتێك پاچڤەی پاچڤەوان بۆ خوێنەر ناکاتە وەرگێڕانێکی تەواو..بۆیە نابێت کەس بە تەمای وەرگێڕانێکی لە سەدا سەد پوختەو تەواو بێت..هەڵبەتە لێرەداو دەرهەق بە دەق ومقاوەمەتی دەق لە هەنبەر پاچڤەدا، دەبێ ئاماژەیەك بۆ ئەوە بێتە کرن کە دەق تا رەسنترو سفتتر بێت، لە هەنبەر پاچڤەدا مقاوەمەتی زیاتر دەکات،وئەوەی دێتە دی و دێتە وەرگێڕان دەقەکە نیە، بەڵکو وەرگێرە دێتە زمان وقسان ودەقێك دەخوڵقێنێ..

"٣"

هەموو وەرگێڕانێك شەقڵ و لایەنێکی دیالۆگی هەیە،دیالۆگ لە نێوان خۆت و بێگانەدا، دیالۆگیش بە مانا وردەکەی دەکاتە خێرهاتن وپێشوازی لە جیاوازی.کە هەڵبەتە ئەمە کارێکی زۆریش ئاسان نیە چونکە پاچڤەوان لە ژێر گوشارێکی دووسەرەدایە، سەرێکیان گوشاری پەیمانی ئەمانەتداریە وسەرەکەی تریان گوشاری بەدگومانی خیانەتە..ئەم هاوکێشەیەش بە شێوە پراکتیکیەکەی دەکاتە هێنانی خوێنەر بۆ قەڵەمڕەوی نووسەر و هێنانی نووسەر بۆ قەڵەمڕەوی خوێنەر،واتە وەرگێڕ لەو بەینەدا رۆڵی میانچی دەبینێ ومیانچی دەبێ زۆر بەسەبرو حەوسەڵەو پشوودرێژ بێت، چونکە بیەوێ و نەیەوێ رووبەرووی مقاوەمەتی هەم دەقەکەو هەم زمانی دووەم دەبێتەوە،نە دەق بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە دەدات و نە زمانی دووەم بە ئاسانی پێشوازی ومیوانداری لە دەقەکە دەکات، بۆیە چار هەرئەوەیە پاچڤەوان خەیاڵی وەرگێڕانی سەدی سەد پوختەو تەواو لە مێشکی خۆی دەربکات وهەردوو لای هاوکێشەکە، واتە نووسەرو خوێنەر بەڕادەیەك لێکدی نزیك بکاتەوە کە هەردوو لایان متمانەی پێبکەن..

بەهەرحاڵ تا میللەتان بە زمانی جیاواز قسان بکەن،بە زمانانی جیاواز بەشداری لە بەرهەمهێنانی ژیان بە هەر هەموو لق وپۆپەکانیەوە بکەن، وەرگێڕان دەمێنێ، بگرە هەندێ لە شارەزایان و پسپۆڕان پێیان وایە تێگەییشتن، وەرگێڕانە.بەم پێیە بێ، وەرگێڕان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ژیان و ئەگەر هەر هەموو میللەتانی دنیا بە یەك زمانیش قسە بکەن هەر دەمێنێ، چونکە تێگەییشتن، بۆ خۆی وەرگێڕانە.

گوتمان وەرگێڕان لایەنێکی دیالۆگی هەیە،جا لێرەدا پرسیار ئەمەیە:وەختێ دەگەڵ کەسێکدا دیالۆگ دەکەین، ئەم کارە بە چ شتێك دەکەین؟!..بێگومان بە زمان.زمان بریتیە لە وشە

(نیشانه)،ڕسته،دەق(گوتار).هەڵبەتە هەر وشەیەك بگری لە مانایەك پتری هەیە وقاموسی زمانان باشترین بەڵگەی دروستی ئەو بۆچوونەیە،دیارە ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێ فرەمانایی، جا بەم پێودانگە مانا لە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی وشەدا، بە گوێرەی ڕستە، بە گوێرەی دەق و گوتار دەگۆڕێت.دیارە وشە بناغەی ڕستەیەو ڕستە بناغەی گوتارە(دەق). وشە بە تەنیاو لە دەرێی رستەدا نیشانەیە. ئیدی ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئێمە پێویستە مانا پاچڤە بکەین یان وشە؟رەنگە وەڵامەکە یان پاژێکی وەڵامەکە خۆی لەوەدا ببینێتەوە کە لە کاری وەرگێڕاندا وەرگێڕ ناچارە نووسەروخوێنەر بە ڕادەیەك لێکدی نزیك بکاتەوە کە هەردوولایان متمانەی پێبکەن، دەنا هیچ پێوەرێکی ڕەهاوموتڵەق نیە بۆ وەرگێڕانێکی تەواو..


بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- مترجم شدن/داگلاس رابینسون/ت: رضی خدادادی(هیرمندی)،چاپ اول ١٣٨٠

*- درباره ترجمه،اندیشه در عمل/پل ریکور/ت:مرتضی بحرانی،چاپ اول ١٣٨٦

*- کیست وچە کرد ،محمدی قاضی،سید علی صالحی،چاپ اول(١٣٦٨)

# خیانەتی حەلاڵ

٢٠٠٨/٤/١

(١)

وەرگێڕان دەکاتە گوێزانەوەی ماناو شێوازی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە. ئەمەش وادەخوازێت وەرگێڕ شارەزایەکی تەواوی هەموو پێچ و پەناو نهێنییەکانی زمانی یەکەمی دەقەکە بێت و لەڕادەبەدەر شارەزای کەوشەن و تخوبی زمانی دووەم بێت. چونکە لە زمانی دووەمدا، خودی دەقەکە بەرهەم دەهێنێتەوە. جا ئەم کارە وەرگێڕ ناچاردەکات فەرهەنگ بەکاربێنێ. هەر وەرگێڕێك دەستبەرداری بەکارهێنانی فەرهەنگ بێت ،دەبێ گومان لەکارەکەی بکرێت وهەندێ کەس پێیان وایە نابێ ئەو خەڵکانە بە وەرگێڕ دابنرێن..کە مەخابن مەسەلەی فەرهەنگ و فەهەنگنووسی لای ئێمە هێشتا زۆر کورپەیە و لە چەند هەوڵێکی کەم تێنەپەڕیوەو هەرگیز لەو ئاستەدا نییە کە تینوویەتی وەرگێڕ بشکێنێ. وەرگێڕی کورد ئەگەر دووچاری گرفت و دژواری زۆر ببێ نەهەقی نییە. چونکە ئەم کارە لە زمانی کوردیدا تازەیەو پاشخانێکی ئەوتۆی نیە. بۆیە ئەم کارە تا دەکەوێتە سەر سکەی خۆی و رەوتی دروستی خۆی وەردەگرێت هەندێ پاشاگەردانی و بێسەروبەری بەخۆوە دەبینێ..

لەسەرێرا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە وەرگێڕان پرۆسەیەکی هونەرییە و دەکاتە دووبارە کردنەوەی بەرهەمهێنانی دەقێکی داهێنراو لە زمانی دووەمدا، واتە گواستنەوەیە. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمان تورەکەیەکەو پڕە لە وشەو بەکەیفی دڵی خۆت دەستی پێدا دەکەیت و وشەی لێ دەردێنی،و لە جیاتی وشەی زمانی یەکەمی دەقەکە دای دەنەیت و ئیدی دەبڕێتەوە. چونکە وشە لە زمانە جیاوازەکاندا چەند هاو واتای یەکدی بکاتەوە هێشتا هەمان رووبەری گوزارەیی و مانایی پڕناکاتەوە. چونکە ئەو هەلو مەرج و فاکتەرانەی مانای وشەیان دروستکردووە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازە. هەر ئەمەش کاری وەرگێڕ گەلەك دژوارو ئەستەم دەکات. واتە لەمپەری زمان، فاکتەرێکی هەرە گرنگی ناکامی وەرگێڕە.. هەر بۆ نموونە گەلەك زمانی مردوو هەن کە زۆر زەحمەتە بێنە وەرگێڕان. چونکە لەگەڵ مردن و نەمانی ئەو گەلانەدا کە بەکاریان هێناوە، مەرجی ژیان ومانیان تیا نەماوە.. ئەمە جگە لەوەی کە وشە شت نییە، بەڵکو رەمزی ئەو شتەیە کە دەویستریَ نیشانبدریَ.یانی وشە خودی هزرو مەبەست نییە بەڵکو رەمزییەتی. واتە وشە بە پلەی یەکەم مانا بەرجەستە دەکات. بەم پێیە وشە بۆ خۆی و لە خۆیدا خواستن و کینایەیە.بۆیە وشە لەناو دەقدا خودی شت نییە، رەمزی شتەکەیە، هەروەها هەمان ئەو رەمزە نییە کە وشەکە بەتەنیاو لە دەرێی دەقەکەدا هەیەتی. بەمجۆرە زمان بۆ خۆی و لە خۆیدا دەبێ بە پارچە چنراوێکی هەرە ئاڵۆز لە خواستن و کینایە. کە خواستن و کینایە خۆی لە خۆیدا خودی شت نییە، بەڵکو وەرگێڕانی شتە. بۆیە بەم حیسابە وەرگێڕانی دروست و ئەمین

وەرگێڕانی وشە بەوشەیە کە ئەمەش گەر مەحاڵ نەبێت نیمچە مەحاڵێکە بۆ خۆی، جا کەس حاڵی بە حاڵی وەرگێڕ نەبێ'!.

کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان پەیوەندییەکی بتەوی بە زمان و زانستی زمانەوە هەیە. بۆیە کەس ناتوانێ دەقێکی دیاریکراو ،کە خۆی لە خۆیدا نمایندەی زمانێکی دیاریکراوە، بەبێ شارەزایی تەواو لە زمانی یەکەم و دووەمی دەقەکە وەربگێڕێت. هەڵبەتە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی زۆر سەختترە، چونکە زمان لە بونیادی دەقی ئەدەبیدا یەك لایەنی دەقەکە پێکدێنێ، واتە دەقی ئەدەبی تەنیا بەرهەمهێنانی زمان نییە. بۆیە وەرگێڕانی هەر دەقێك خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنانی دەقێکی ترە، بەڵام مەرج نییە هەر وەرگێڕانێکی دەقی ئەدەبی ئەدەبیانە بکەوێتەوە.

ئەدەب خۆی لە خۆیدا پرۆسەی گۆڕینە، گۆڕینی ئەو جیهانەی تیایدا دەخوڵقێ و دەڕسکێ بۆ جیهانێکی باڵاترو مرۆڤانیتر. ئەدەب هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە ژینگەی هونەری و کەلتووری و شارستانی خۆی، واتە قۆناغ و سەردەمی خۆی ببەزێنێ و لە ئایندەدا دەنگ و ڕەنگ بداتەوە..واتە ئەدەب ڕەگەزە پەراگەندەکانی شارستانییەتێکی تایبەتی و دیاریکراو دەهونەرێنێ و جۆرە زندوویەتییەکی پێدەبەخشێت.یانی دەقی ئەدەبی شەقڵ و مۆرکی شارستانییەتی سەردەمی خۆی و پاشخانە کۆمەڵایەتی و هزرییە باوەکانی ئەو سەردەمە وەردەگرێت. ئاشکراشە کە هەر کارێکی ئەدەبی بەهۆی وشەوەو لە وشەدا تۆمار دەکرێت. و وشەش تەنیا بەشێکە لە زمان. هەموو زمان نییە. یانی کاری ئەدەبی هەر هەموو ڕەگەزەکانی زمان بەکار نایەنێ. ئەدیب دێت هەندێ ڕەگەزی زمان هەڵدەبژێرێ و پێی دەنووسێت و ئەو رەگەزانە لە چوارچێوەی ئۆرگانیزمێکی تایبەتیا ڕێکدەخات و دەهونەرێنێ و ئەدەبییەت لێرەدا پەیدا دەبێت..واتە دەقی ئەدەبی سەرهەڵدەدا، دەقی ئەدەبیش یان لە لایەن ڕەخنەگرەوە شرۆڤە دەکرێ یان لە لایەن وەرگێڕی داهێنەرەوە کاتێك هاوتای دەقە ئەسڵییەکە لە زمانی دووەمدا بەرهەمدێنێتەوە. دەقی ئەدەبی گەورە لە چوارچێوەی یەك زماندا ناهێورێ، هاوار دەکات و درەنگ یا زوو کەسێك پەیدا دەکات کە بۆ زمانانی دیکەی بپەڕێنێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە خوێنەرێکی دیدا پەیدا بکات، یان کۆمەڵە خوێنەرێکی دی بەخۆی ئاشنا بکات.. هەڵبەتە سەرچاوەی هەرە بنەڕەتی کاری وەرگێڕ دەقە، دەقیش بەهەزارو یەك داو تەنراوە، دەیان ڕەگەزو توخمی تێرژاوەو لێوان لێوە لە وردەکاری وهونەرکاری و خەون و خەیاڵ و فانتازیا و تایبەتمەندی، بە کورتی و کوردی دەق دنیایەکی جادوویی هەزار توێیەو کوڕم دەوێ کەشفی بکات و بوێرێ خۆی لە قەرەی بدات و توخنی بکەوێ. جا وەرگێڕ یەکێکە لەو سەرکێشانەی خۆی لەم هەڵەمووتی هات و نەهاتە داوەو دەدا. دیارە سەرکێشیش لە خەسڵەتەکانی هەر داهێنەرێکە،کەواتە بەم پێیە ئەرکی وەرگێڕ وەکو داهێنەر لەوە گەورەترە تەنیا گۆڕینی زمانێك بۆ زمانێکی تر بێت. بەڵکو دەبێت بەهرەوەرییەکی ئەدەبی ئەوتۆشی تێدا بێ کە بتوانێ لەبەر ڕۆشنایی بارو دۆخە تازەکەدا هەموو ڕەگەزەکانی دەقەکە بخوێنێتەوەو شرۆڤە بکات و دەقێکی لێ بخوڵقێنێتەوە کە هاوتای

دەقە ئەسڵییەکە بێ نەك کۆپییەکی کوت و متی دەقە ئەسڵییەکە. واتە دەقە ئەدەبییە وەرگێڕدراوەکە دەکاتە دەقێکی ئەدەبی تازە، کە بە هەمان کەرەستەی دەقە ئەسڵییەکە لە زمانێکی دیدا بیناکراوە. کەواتە وەرگێڕی دەقی ئەدەبی وەکو داهێنەری دەقە ئەسڵییەکەیە، بە هەندێ جیاوازییەوە، لەوانە: وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی ڕەگەزەکانی جەوهەری دەقەکەدا ئازادی نووسەری دەقەکەی نییە،و لەسەریێتی پابەندی ئەو ڕەگەزانە بێ کە نووسەری دەقەکە هەڵیبژاردوون. ئەمە جگە لەوەی نابێ مۆرکی زاتی وەرگێڕ بەسەر کارە وەرگێڕدراوەکەوە دیاربێ. بۆیە وەرگێڕانی چاك جۆرە تەقەموسێکە،و وەرگێڕی چاك ئەوەیە بتوانێ بچێتە پێستی نووسەری دەقەکەوەو بیرەکانی لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە. یانی وەرگێڕان کاری هەموو کەسێك نییە، هەڵبەتە هیچ کارێکی ڕەوشەنبیریی یا ئەدەبیش نییە بەدڵی هەموو کەسێك بێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی سروشت و زەوق و سەلیقەی بەشەر. زۆر بەرهەمی ئەدەبی لە ڕۆژگارێکا مایەی پەسەندی خەڵکی بووەو لە زەمەنێکی دیدا تەپوتۆزی فەرامۆشی لەسەر نیشتووە.. جا لێرەدا ڕۆڵی وەرگێڕ بەدیار دەکەوێ کە دەکاتە تەکاندنی ئەو گەردو تۆزەی لەسەر کارە ئەدەبییە فەرامۆشکراوەکاننیشتووە و بەمەش پردێك لە نێوان نووسەرو خوێنەردا هەڵدەبەستێ کە ڕێك لەگەڵ کاری ڕەخنەگردا یەکانگیر دەبێت.. جا کە وەرگێڕ لەسەری بێ، پردی دیالۆگ لە نێوان ئەدیب و خوێنەردا ڕۆبنێ ،ئەوا دەبێت هەموو هەوڵ و تەقەللایەك بخاتە گەڕ کە زمانەکەی زمانێکی ئەدەبی بێ، تا خوێنەر ڕابکێشێت. هەڵبەتە ئەمەش کارێکی زۆر قورسەو بەئاسانی نایەتە دی. چونکە وەرگێڕانی هەر دەقێکی ئەدەبی بەتەنیا ناکاتە وەرگێڕانێکی ئەدەبی. چونکە ئەگەر وەرگێڕان جگە لە خودی دەقەکە هەر هەمو مەرج و بەها ئەدەبییەکانی دیکەی ناو دەقەکەی نەپاراستبێ، ناچێتە خانەی وەرگێڕانی ئەدەبییەوە. ڕەنگە کۆپییەکی دەقە ئەسڵییەکە بێ بەڵام هاوتای نییە. وەرگێڕانی ئەدەبی تەنیا ئەدیب لە عۆیەی دێت. بۆیە زانینی دوو زمان بەتەنیا بەس نییە بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانێکی ئەدەبی. وەرگێڕی ئەدەبی لەسەریێتی شتێك دابهێنێ و بەدەستەوە بدات کە وەکو ئەدەب لێی وەربگیرێت و بخوێنرێتەوە. ببێ بە مەڵۆیەك و بچێتە سەر شارای کەلەپوری نەتەوەکەی. هەڵبەتە زۆر دەست لەسەر زەرووڕەتی زانینی تەواوەتی زمانی یەکەم و دووەمی هەر وەرگێڕانێك دادەگیرێت. بەڵام سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبی،ڕەنگە ئەم مەرجە لە زەرووراتە هەرە گرنگەکان نەبێ. یان بە تەنیا بەس نەبێت، بە تایبەتی سەبارەت بەو زمانە مردووانەی کە ناکرێت تیایدا قووڵ ببیەوەو بچیتە بنج و بناوانی، ڕەنگە برە شارازاییەکی پشت ئەستور بە بەهرەوەری ئەدەبی، مەبەست بێنێتە دی. چونکە ئەم مەرجە یارمەتی وەرگێڕ دەدات کە پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی دەقە ئەسڵییەکە بونیاد بنێتەوە یان  هاوتای ئەو پاشخانە بخوڵقێنێتەوە، کە دیارە ئەمە کارێکی گەلەك سەختە.چونکە دوو پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی چوونیەك لە دنیادا نییە، بۆیە دەبێ وەرگێڕ لە شارستانییەت و کۆمەڵگەی خۆیدا بۆ نزیکترین هاوتای ئەو پاشخانە بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. ئەمەش جارەکی دی دەمانباتەوە سەر مەسەلەی زمان و زانینی

زمان.چونکە لەم حاڵەتەدا دەبێ وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لەمەڕ پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی ئەو زمانە هەبێ کە لێوەی وەدەگێڕێت،و خودانی خەیاڵێکی داهێنەرانەو زەینێکی روون و تیژ بێ. تینوو و تامەزرۆی دەقەکە بێ. ماناکانی لە ناو ڕستەداو بە گوێرەی واقیعی دەقەکەو پاشخانی شارستانی و کۆمەڵایەتی دەقەکە تێبگات.چونکە دەق، یان پارچەکانی دەق لە یەکدی دانابڕێت،و هەر یەکێتیی بەشەکانییەتی کە دەقایەتی و نەفەسی گۆڕانخوازی پێدەبەخشێت، خۆ ئەگەر بۆی بکرێت ئاگاداری ڕاوبۆچوونی خەڵکانی دیکەش بێ لەسەر هەمان دەق،و شارەزای ژینگەی شارستانی وکۆمەڵایەتی دەقەکەبێ زۆر. باشترە،چونکە بەمە دکارێت سەنگ و ئیحتوبار بۆ کارەکەی بەدەست بێنێ،وتاسەی خوێنەر بشکێنێ و ئارەزووەکانی پاراو بکات ، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی سەرکەوتنی وەرگێڕان..

(٢)

کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتیی کۆمەڵگە بەشەرییەکانەو تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز قسە بکەن و گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوون و بارە شارستانی و کۆمەڵایەتییە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بە زمانانی جیا هزرو بیرو رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت.. هەڵبەتە وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ناسنامەی کارکرن لە هەموو زمانەکاندا، واتە وەرگێڕان دەکاتە بەزاندنی جیاوازییە دەرەکی و فۆرمییەکان، دەکاتە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بەزمانێکی دی بەرهەمهاتووەو لە زمانێکی دیدا بەرجەستە بووە.. جا بەم پێیە تالەمپەرە زمانەوانییەکان کەمتر ببنەوە، زەرورەتی وەرگێڕان کەمتر دەبێتەوە، چونکە وەرگێڕان دەکاتە بەزاندنی لەمپەرە زمانەوانییەکان. بۆیە ئەو زمانە هونەرییانەی کە بە تەبیعەت گشتی و جیهانین، پێویستیان بە وەرگێڕان نییە بۆ نموونە وەك زمانی مۆسیقا. دوورترین خەڵکی رووی سەرزەمین دەتوانێ ڕاستەوخۆ گوێ لە هەر مۆسیقایەکی دنیا بگرێ و پێویستی بە وەرگێڕ نەبێت.بەڵام ئەو کارانەی کە بە وشەو لە ناو وشەو لە ڕێگەی وشەوە بەرجەستە دەبن، پێویستیان بە وەرگێڕانە. چونکە کەرەستەی دروستبوونەکەی (زمان) شەقڵ و سروشتێکی جیهانی نییە، بۆ نموونە کێ لە چین دا شیعری کوردی دەناسێت ئەگەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە نەبێت. واتە وەرگێڕان بۆ کەسێك کە نەتوانێ دەقی وەرگێڕدراو بە زمانی یەکەمی دەقەکە بخوێنێتەوە، زەروورییەو لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئیلهام و لەزەتە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە چۆن هەر دەقێك تایبەتمەندی خۆی هەیە،وئەگەر هەندێ خەسڵەتی لێکچوونی گشتی لەگەڵ دەقی تردا هەبێ ، بەتایبەتی ئەو دەقانەی لە هەمان ژینگەو زەمینەی شارستانی و کۆمەڵایەتیدا دەڕسکێن، ئەوا لە هونەرکاری و وردەکارییەکاندا لە هیچ دەقێکی دی ناچێت و تەنیا لە خۆی دەچێت. چونکە پاژێك لە خودی نووسەری هەر دەقێك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ

ونادیار لە بندێڕی دەقەکەدا هەیە. وەرگێڕ لەسەرێتی ئەم ڕاستییە فەرامۆش نەکات. ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاری وەرگێڕان دژوار دەکات. بۆیە ئەگەر دەقێك لە لایەن دەکەسەوە بێتە وەرگێڕان، گەر لە خەسڵەتە گشتییەکاندا لێکبچێت ئەوا لە وردەکارییەکاندا جیا دەبێتەوەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی توانای وەرگێڕەکان. چونکە مەحاڵە هەموویان بە یەك ئەندازە بچنە پێست و خووی دەقەکەوە و هەمان خوێندنەوەیان بۆ ئەو دەقە هەبێت. بۆیە پێموایە وەرگێڕ بەر لەوەی دەست بداتە وەرگێڕانی هەر بەرهەمێك دەبێ لەخۆی دڵنیا بێت کە دەرەقەتی ئەو دەقە دێت و ئەهلی ئەو مەیدانەیە. بۆیە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی کە سەروساختی لەگەڵ حەقیقەتە ئەزەلییەکان و پەیوەندی هەمیشەیی دەگەڵ ئەزموونە بەشەرییەکاندا هەیە تە نیا کاری ئەدیبی زەبەردەست و کارامەیە. چونکە ئەو جۆرە دەقە تەنیا وشە نییە، واتە تەنیا بە زمانێکی تەجریدی ڕووت بەرجەستە نەکراوەو نەهونەرێنراوە، بەڵکو هەر دەقێکی ئەدەبی بەسەدان ڕەگەزو داوو تان و پۆ و ڕایەڵ چنراوەو ئەفسوون و خەرمانەی خۆی هەیە. هەر دەقێکی ئەدەبی تەم ومژێکی ئەفراندنەوانی بەسەرەوەیە کە نابێ لە لایەن وەرگێڕەوە فەرامۆشبکرێ. کە پێموایە ئەمە لەسەرووی وشەو زمانەوەیە و تەنیا بەشێوازو لە شێوازدا بەرجەستە دەبێتەوە. جا وەرگێڕ لە کارەکەیدا واتە لە زمانی دووەمدا دەبێ هەر هەموو ئەو دنیا مەعنەوی و ئەفسووناویانە، هونەرمەندانە دووبارە بکاتەوە، کە ئەمە هەرگیز لە تونای وەرگێڕانی وشە بەوشەدا نییەو لێرەدا وەرگێڕانی وشە بە وشە هەرگیز ناچێتە خانە وەرگێڕانەوەو بە ورگێڕان حەساو ناکرێت. جا دژواری کاری وەرگێڕ ئەوەیە کە دەکەوێتە ناو دنیایەکەوە کە لە لایەن کەسێکی ترەوە خوڵقێنراوەو قاڵب و فۆرمی تایبەتی پێدراوە، ئیدی وەرگێڕ چاری ناچارە دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێشوەختە خوڵقێنراوە هەڵوەشێنێتەوەو بەهەمان کەرەستەو دارو پەردوو لە زمانی دووەمدا هونەرمەندانە و وەکو خۆی بیخوڵقێنێتەوە یان بەجۆرێ بیخوڵقێنێتەوە کە لە ڕووی تەکنیك و وردەکاری و هونەرکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە. ئەمەش نەك هەر بەهرەمەندی، بەڵکو جۆرە بلیمەتییەکی دەگمەنیشی دەوێت کە تەنیا بە ئەزموون و لە ناو تەجروبەدا دەخەملێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە بۆ قورسی ئەرکی وەرگێڕ کە ناعیلاجە لە چوارچێوەی دەق دەرنەچێت و لە زمانی دووەمدا بە ئەمانەتەوە گوزارشت لە هزرو بیرو هونەرکاری کەسێکی دی بکات. واتە وەرگێڕ خۆ بە خۆ دەبێ بە پەیڤداری نووسەری دەقەکەو ئەمانەتی کار وای لێدەخوازێ کە لە دەق لانەدات، بەمەش دەکەوێتە بەینی بەرداشی وەرگێڕانی ئازادی (خوێنەردار) و وەرگێڕانی وشە بەوشەی ئەمین بەڵام (بێ خوێنەر)..هەڵبەتە خوێنەر بەشێکی گرنگە لە هاوکێشەی نووسەرو نووسین، ئەو هاوکێشەیە بەبێ خوێنەر بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. بۆیە ناکرێ وەرگێڕ فەرامۆشی بکات. ئەدی چ بکات؟! وەرگێڕانی ئازاد گەر لە لایەکەوە خوێنەر ڕازی بکات، ئەوا لە لایەکی ترەوە لادانە لە ئەمانەتی کاری وەرگێڕان، وەرگێڕانی وشە بە وشە گەر لە لایەکەوە پابەندی بێ بە ئەمانەتی وەرگێڕانەوە، لە لایەکی

دییەوە خوێنەر تەرەو تەوەلا دەکات، خۆ هاوکێشەکەش بەبێ خوێنەر تەواو نابێت!!..ئەدی تەگبیر؟! هیچ چارێك نییە وەرگێڕ دەبێت میکانیزمێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە کە هەم لایەنی کەمی ئەمانەت و پابەندی بە دەقەوە بپارێزێت و هەم خوێنەر ڕازی بکات و لە زمانی دووەمدا دەقێکی هاوتای دەقی زمانی یەکەم دابهێنێ و بئافەرێنێ، ئەوجاش هەر لە تۆمەتی خیانەت تەبرێ نابێت. بەلاَم ئەمە خیانەتێکی حەلاَڵەو ناچاری حەرام حەلاَڵ دەکات.

هەڵبەتە بەم پێیە چەمکی زمان و وەرگێڕان بە جۆرێ لێکدی نزیك دەبنەوەو کارلێکدی دەکەن کە ببنە تەواوکەرو تەواوکراوی یەکتری،و ئەمەش پەیوەندییەکی بتەوی بە ڕۆشنبیریی و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەوە هەیە. زمان تا پتر کراوە بێ و لەگەڵ بەخششە زمانەوانییە زندووەکاندا لە کارلێکدا بێ ،لە رووی گوزارشتەوە دەوڵەمەندتر دەبێ و لە باری بەکارهێنانەوە خۆشدەستتر دەبێت و لە واری بەرهەمهێنانی فەلسەفی و هزری و هونەرییەوە شارستانیتر دەبێت.. جا بۆ نەگبەتی وەرگێڕی کورد، زمانی کوردی هێشتا زمانێکی نیمچە کێوییەو لە زۆر رووەوە گۆشەگیرو ڕەنگە نەزۆکیش بێ، هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە کە پێموایە لە سەرووی هەموویانەوە ئەو مامەڵە سیاسییە شۆڤینیستیانەیە کە تا ئەمڕۆ لەلایەن داگیرکەرانی کوردو کوردستانەوە، دەگەڵ زمانی کوردی دا دەکرێت،و دابڕان ودابڕاندنی ئابوری و بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری، ئەمە جگە لە لاوازی و کورتبوردی گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی کە نەیتوانیوە زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد لە دەوری خۆی خڕبکاتەوەو بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ڕۆشن سیما بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا وەگەڕ بخات. جا وەرگێڕێك کە زمان کەرەستەی هەرە جەوهەری و سەرەکی کارەکەی بێ، و ئەوەش حاڵی زمانی زکماکی بێ و بە خۆیشی دەسەلاتێکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕان بە سەلامەتی دەرباز دەبێت!!..زۆربەی ئەو کارە وەرگێڕدراوانەی لە بازاڕی چاپەمەنی کوردیدا بەرچاو دەکەون، ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێك لە وەرگێڕەکان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوەچڵی و بە سەقەتی دەزانن، هەر بۆیەش ئەو لێشاوی وەرگێڕانە نەیتوانیوە بزاڤێکی ڕۆشنبیریی ڕەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروست بکات و بخاتە سەر سکە.. ئەمە جگە لەوەی کە وەرگێڕان لای ئێمە نەبووە بە پیشەیەك کە خاوەنەکەی بژێنێ، خەڵکانێك هەن چ لە رووی دڵسۆزی و خەمخۆری و چ بەمەبەستی شۆرەت پەیدا کردن بەدەم هەڵپەی ژیان و نان پەیداکردنەوە، جارجارێ لە وەختی خۆ دەگرنەوەو بۆ وەرگێڕانی کارێك یان بەرهەمێکی تەرخان دەکەن، کە کارەکەشیان تەواوکرد، ئەوسا دەبێ بیدات بە کۆڵیاو لە دەرگای ئەم وەشانخانەو ئەو پەخشخانە بدات، گەر پاش زەحمەتێکی زۆر لێیکرایەوە، نۆرە دێتە سەر بەرپرسی وەشانخانەکە، ئەویش دوای وەعزبێژییەکی زۆرو فەزڵفرۆشییەکی فرەو گلەییەکی مشە لە حیزبە حەیاتەکە دەیخاتە تاقیگەی میزاجە نەخۆشەکەی خۆیەوە، ئیدی خۆی و بەختی یا گاڵ دێنێ یا پەموو، کە دوای پتر لە ساڵێك نامیلکەیەکی بۆ چاپکرا، دەبێ هەتا هەتایە منەتباری ئەو بێت و تاقە پولێکی هەقدەستی ناداتێ و بە جۆرە نوکتەیەکی لەم چەشنە بە

ڕێی دەکات : "حیزبی ئێمە حیزبێکی سیاحییە"! ئەمە لە کاتێکایە کە دەبیٚ کار بۆ بەپیشەکردنی پرۆسەی وەرگێڕان بکریٚ ،ووەرگێڕ بە پیشەکەی خۆی بژی و خۆی بۆ تەرخان بکات، چونکە وەرگێڕی جددی مامەڵە دەگەڵ کتێباندا دەکات کە ڕەنگە وەرگێڕانی کتێبێك چەند مانگ یان ئەگەر دوورو درێژو ئاڵۆزو سەخت بیٚ چەند ساڵێك بخایەنیٚ... جا وەرگێڕێك بە کارەکەی نەژی چۆن دەتوانیٚ ئەمە بکات؟!. هەڵبەتە نابیٚ ئەوەش فەرامۆش بکریٚ کە کاری وەرگێڕی باش دەچێتە خانەی کارە هونەرییە ئیبداعییەکانەوەو ڕێگەیەکی قەدبڕ لە نێوان کەلتوورو شارستانیەتە جیاوازو دوورەکاندا دەکاتەوە، واتە شارستانییەتی تیرەی بەشەر بەم وەزع و حاڵەی ئیستایەوە بمانەویٚ و نەمانەویٚ بەڕێژەیەکی زۆر قەرزاری خزمەتی ئەو سەربازە ونانەیە کە لە ڕێگەی وەرگێڕانی نایابەوە پێشکەش بە تیرەی بەشەریان کردووە..

(٣)

هەڵبەتە کاری وەرگێڕان، بەتایبەتی وەرگێڕانی ئەدەبی چەند سەرکەوتووش بێت، زیاتر ئاڕاستەی ئەوانەیە کە زمانی ئەسڵی دەقەکە نازانن. چونکە شارەزایانی زمانە ئەسڵەکە بە وەرگێڕان قاییل نابن وبە زمانە ئەسڵەکە دەخوێننەوە. بەڵام لە هەموو حاڵێکدا بەشەر بە تەبیعەت تامەزرۆی ئەوەیە بەشداری لەو دەسکەوت و لەزەتە فەلسەفی و هزری و هونەریانە بکات کە بە زمانێك بەرهەمهاتوون کە ئەم نایگاتیٚ،وەرگێڕی چاك دێت ئەم کەلەپورەی فیکرو خەیاڵەمان بە زمانی زکماکی خۆمان دەخاتە بەردەست و دەڵێت: فەرموو ئێوەش لەزەتی لیٚ ببینن، ئەمە دەسکەوتی تیرەی بەشەرەو هەقی هەموو کەسێکە سوودی ماددی و مەعنەوی لێوەربگرێت. ئەمە جگە لەوەی کاری ئەفراندنەوانی لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت، لە چوارچێوەی یەك زماندا ناهێوریٚ و درەنگ یان زوو دەبێت لەمپەی زمانان ببەزێنیٚ .چونکە گوتاری ئەفراندنەوانی هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنیٚ، بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی نییە. بۆیە وەرگێڕان هەوڵێکە بۆ بەزاندنی لەمپەران و گشتاندنی هونەرو هزرو فەلسەفەو زانست.. کەواتە وەرگێڕان زادەی پێداویستیەکانی تیرەی بەشەرەو تا زمانی جیاواز هەبیٚ ،ئەویش دەمێنیٚ مەگەر زۆر چاوەڕوان بکەین تا ڕۆژیٚ بێت هەموو تیرەی بەشەر بە یەك زمان بخوێننەوە بنووسن.. هەنگیٚ پرۆسەی وەرگێڕان خۆ بە خۆو بە شێوەیەکی سروشتی دەوەستیٚ و نامێنیٚ،و پرۆسەی لێکدی حاڵیبوون و کارلێکی شارستانی گەلەك لە ئیستا ئاسانتر دەبێت. ڕەنگە بشێت زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ کە بووە بە زمانێکی جیهانی و بڵاوبوونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادییە بکرێتە نموونەیەك بۆ ئەو بۆچوونە. بۆ نموونە ئەو نووسەرەی بە زمانی ئەنگلۆ ئەمریکی دەنووسێت، خوێنەرێکی فرەتری دەبێت و زووتریش لەو نووسەرەی بە زمانێکی دی دەنووسێت، شۆرەت و ناوبانگ پەیدا دەکات.. بۆیە ئەو نووسەرەی کە بە زمانێکی ناوچەیی و هەرێمایەتی دەنووسێت، هەقی خۆیەتی خۆزی بخوازیٚ کە بەرهەمەکەی بکریٚ بە ئینگلیزی و کاریش بۆ وەدیهاتنی خۆزیاکەی بکات..

ئەمەش لە ڕێگەی وەرگێڕەرانی زەبەردەست و کارامەوە، کە دەوری پۆستەچی رۆحی مرۆڤایەتی دەگێڕن، ئەنجامدەدرێت.

بەهەرحاڵ پلەو پەیامی وەرگێڕ هەرچییەك بێ، چەند وردو ئەمین بێ لە کارەکەیدا، هێشتا وەرگێڕانێك نییە بە دڵی هەموو کەسێك بێت و ،زۆربەی کات وەرگێڕ دەبێت بەسەربازی ون و مینا گومناوێك تەمەشا دەکرێت. گەر لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، فەزڵەکە بۆ نووسەری یەکەم دەگەڕێننەوەو ئەگەر هەڵەیەکی لە بەکارهێنانی ئامرازێکی پەیوەندیدا کردبێت، لێیدەکەن بە هەللآیەك ئەو سەری دیار نەبێت. بۆیە وەرگێڕ هەمیشە جۆرە ترسێکی زادەی هەستکردن بە مەسئولییەتی لە دڵدایەو پێشوەختە دەزانێ نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەیە و لەبەر سێرەی هەموو کەسێکدایە ، مەگەر بەوە دڵخۆشی خۆی بداتەوەو بڵێ :پیرەمەگروون بە چڕنۆك ناڕوخێ، خاوەن چڕنۆك دەمرێت و پیرە مەگروون هەر دەمێنێ..

بەهەرحاڵ وەرگێڕ تا پتر لە کارەکەیدا قووڵ ببێتەوەو شارەزایی زیاتر پەیدا بکات، زیاتر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە وشە لە توێیەکانی خۆیدا زۆر مانای وردو هونەری هەڵگرتووە.، کە پەیوەستن بە شارستانییەتی ئەو گەل و خەڵکەوە کە بەکاری دێنێ و مەحاڵە هاوواتای دەقاو دەقیان لە زمانێکی دی دا هەبێت. ئەم حەقیقەتە هێندەی دی ئەرکی وەرگێڕ قورس دەکات و لەوە دەردەچێت تەنیا گواستنەوەی مانای وشە بێت، بەڵکو ناچارە بکەوێتە تاقیب و گەڕان ،و ژینگەو پاشخانی کەلتووری و شارستانی و کۆمەڵایەتی ئەو دەقەی کە بەتەمایە وەری بگێڕێت، بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوەو لە بنج و بناوانی بکات،و ڕەگ و ڕیشە نادیارو شاراوەکانی دەقەکە بدۆزێتەوەو ئەوجا بێتە سەر بنەما سەرەکییەکانی کاری وەرگێڕان کە بریتییە لە پابەندی بە ماناو شێوازو دەقەوە، کە ئەگەر مەحاڵی مەحاڵ نەبێ ئەوا نیمچە مەحاڵە.و وەرگێڕ ناچاردەکات، چەند کارامەش بێت، کەمۆکەیەك لە دەقە ئەسڵییەکە لابدات و هاوتایەك نەك گۆپیەکی موو بە مووی دەقەکە بە دەستەوە بدات. بەهەرحاڵ وەرگێڕان کارێکی گەلە سەخت و گرانە، وەکو ئەوەیە بە دەرزی بیر لێبدەی... چەندیش سەرکەوتوو بێ، کەمکەس دانی خێری پێدا دەنێت، هەر ئەم دژوارییە کردوویەتێ کارێك کە هیچ وەرگێڕێك زێدەباری هەقی کەمالخوازی، لافی کەمال لێنەدات...

(٤)

وەکو پێشتر ئامازەمان کردێ کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە و تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوونە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بە زمانی جیاواز هزرو بیرو فەلسەفەو کەلتووو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت. واتە وەرگێڕان هۆیەکە لە هۆیەکانی ئاشنا بوون و نزیکبوونەوەو لێکدی حاڵی بوون و کارلێك لە نێوان گەلان و کەلتووری گەلاندا. جا وەرگێڕانی هونەری تەنیا گوێزانەوەی هزران یان بەرهەمان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی نییە، بەڵکو بەر لە هەرشتێك پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانییە. وەرگێڕ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی

زمانـەوانی جیـاواز وەردەگێڕێـت. لـە سیسـتـەمێکی زمانـەوانی ئـاڵۆزەوە بـۆ سیسـتـەمێکی ئاڵۆزی دیکـەی وەردەگێڕێـت. جا لێرەدا وەرگێـڕان تـەنیا گوێزانـەوەی مانـای وردو دروسـت نییـە، بـەڵکو گوێزانـەوەی تـۆن و ڕیـتم و شـێوازو ئاوازیشـە، واتـە گوێزانـەوەی شـەقڵی چڕو تایبەتی و شێوازو رۆحـی بەرهـەمێکە بەهۆی کەرەستەی زمانەوانییـەوە.. هەڵبەتـە ئـەم کـارە پێویستی بە فەرهەنگ هەیە، هەروەها وەرگێڕی چاك لـە سـەرێتی لـە زمانـەکانی دیکەشدا بۆ نوسخەی وەرگێڕدراوی ئەو بەرهەمە بگەڕێ کە بەنیازی وەرگێڕانیەتی.تا لەگەڵ دەقەکەی بەردەستیدا بەراوردی بکات و بزانێ خەڵکانی دی چۆن ئەو کارەیـان وەرگێڕاوەو سـوود لـە ئەزموونی ئەوانیش وەربگرێت.. چونکە وەرگێڕان مەسئولیەتێکی یەجگار گەورەیەو دەبێ وەرگێـڕ دەقەکـە لـە زمـانی دووەمـدا بەشـێوازی خـودی نووسـەرەکە بێنێتـە زمـان.هەڵبەتـە ئاگاداربوونی وەرگێڕ لەو وتارو باس و لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ تێوری وەرگێڕان نووسراون ، لە سـوود بـەدەر نابێت، چـونکە ئـەو کارانـە وێـڕای لایـەنی زانسـتی و ئەسـتاتیکیان، یارمـەتی وەرگێڕ دەدەن کە خۆی و سەرکەوتن وناکامی کارەکەی خۆی بزانێ و شارەزای ئەو یاسایانە ببێ کە لە کاری وەرگێڕانی پێشوترەوە هەڵێنجراون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر وەرگێڕ لە نـاو پرۆسـەی کـاری وەرگێڕانـدا کـە پرۆسـەیەکی ئەفراندنەوانییـە، خـۆی تـاقی نەکاتـەوەو یاساکانی ئەفراندن کەشف نەکات و ئەزموونێك پێکەوە نەنێ هیچ تێورییەك دادی نادات و فریای ناکەوێ.. هەڵبەتە وەرگێڕ کە بڕیاری وەرگێڕانی کارێك دەدات دەبێ تـەواو خـۆی بـۆ ئامـادە بکـات. هـەموو ئـەو لایەنانـەی کـە بـۆ تێگەیشـتنی دەقەکـە زەرووریـن، وەکـو ژینگـەو پاشـخانی شارسـتانی و کۆمەڵایـەتی لـە دایکبـوون و خـەملینی دەقەکـە، زانسـتانە تـاوتوێ بکـات.. ئـەوجا پـەنا بەرێتـە بـەر فەهـەنگی جـۆراو جـۆرو لێکۆڵینـەوەو خـەڵکانی پسـپۆڕ تـا وردەکـاری و نهێنـی و ئەفسـوونی وشـەو دەسـتەواژەو ڕسـتەکانی دەقـە ئەسـڵییەکە کەشـف بکـات و بدۆزێتـەوە.. هـەنگێ ئیـدی سـەلیقەو خۆشزەوقی دەور دەبینـێ کـە بـۆ هـەر کـارێکی ئەفراندنەوانی گەلەك پێتڤییە. زەوق لە بۆتەی زمانزانیدا قاڵ دەبێتـەوە. واتـە وەرگێـڕ بـۆ ئـەم مەبەستە، پێویستە زمانی زکماك ونەتـەوەیی خـۆی زۆر بە چاکی بزانـێ و کلیلـی کردنـەوەی هەموو نهێنییەکانی پێبێ و لـە ونگەکانیـدا گـومڕا نـەبێت. جـا لـەم حاڵەتـەدا فەرهـەنگ، تـەنیا دەورێکی بچووکی یاریدەدەر دەبینێ و نایـەڵێت لـە نهێنگـەکانی زمانـدا گیرۆدە ببـێ. چونکە ئـەو وشـە فەرهەنگییـە ڕاستەوخۆیانەی لـە قامووسـاندا هـەن، زۆر کـەم لەگـەڵ ئـەو هەسـت و سۆزو خەون و خەیاڵ وهزرو بیرو بەرجەوەن و هاماجانـەدا تێکدەکەنـەوە کە پێتڤییـە بـە دەم وەرگێڕانی ئەم وشە یا ئەو پـەرەگرافی دەقەکـەوە، لـە لایـەن وەرگێڕەوە بخولقێنرێتـەوە. بۆیـە تـا وەرگێـڕ زمـانی زکمـاك و نەتـەوەیی خـۆی زیـاترو باشـتر بزانێت، بـەهرەو سـەلیقەی زیـاتر دەخەمڵێ و کارە ئەفراندنەوانییەکەی خۆشتر بە دەسـتەوە دێت.و وەرگێـڕ بـەجۆرێ ئاوێتـە و ئاشقی دەقەکـە دەبێت، خـۆی لـە بیر دەکـات و دەچێتە پێسـتی نووسـەرەکەوە، وەکـو ئـەوەی خۆی دەقەك بەرهەمبێنێ. هەڵبەتە بێئەوەی دڵـی بێت یـان ڕێ بـە خـۆی بـدات بـە ئاسـتەمیش دەسکاری دەقەکە بکات. واتـە ئـەو جیهانـە ئەفسـووناوییەی کـە نووسـەرەکە خولقاندوویـەتی

کەشفدەکات و دەگاتە لەزەتێکی هونەری ئەوتۆ کە بە تەنیا دەرەقەتی نەیات و ناچار بێت هونەرمەندانە بیگەیەنێتە خوێنەرو بیکات بە شەریکی ئەو لەزەتە ئەستاتیکییەو.. هەر کارێکی وەرگێڕان ئەمەی پێکرابێ، دەشێت بگوترێ مەبەست و ئامانجی پێکاوە..

وەرگێڕ سەروساختی دەگەڵ وشەدایە، هەر وشەیەکیش سیحرو سام وخەرمانەی خۆی هەیە، چەمك و مانای خۆی هەیەو بە پێی دەستەواژەو ڕستەو پەرەگراف دەگۆڕێت، و حاڵەتێکی هەستەوانی تایبەتی پەیدا دەکات و هەستیارییەکی هۆزانڤانی و خوازەیی بەرجەستە دەکات، هەڵبەتە ئەمە خۆ بە خۆو لە خۆڕا دروست نابێت. بەڵکو دەستێکی هونەری دێت، ڕەنگ و دەنگ و د ەنگدانەوەی هەر وشەیەك و ئەو ئەتمۆسفێرو خەرمانەیەی دەورەی مانای وشەی داوە، دەنگ و ئاهەنگ و تۆن و ڕیتم و پەیوەندییە هەستەوانییە پەنامەکییەی وشە لە ناو دەستەواژەدا هەیەتی، ودەستەواژە لە ناو ڕستەداو ڕستە لە ناو پەرەگراف و پەرەگراف لە ناو فەسڵ و سەراپای بەرهەمەکەدا هەیەتی، هونەرمەندانە دەهونەێنێ و هەنگێ شتێکی هەرە تایبەت دروست دەبێت و شەقڵی داهێنەرەکەی وەردەگرێت و پێی دەگوترێت ستایل یان شێوازی تایبەتی نووسەر ( داهێنەر). جا ئەگەر نووسەر ئەوپەڕی ئازادی خەون و خەیاڵ و هەڵبژاردن و فانتازیاکاری هەبێ و بتوانێ زاتی خۆی لە سەرانسەری بەرهەمەکەدا بە شێوەیەکی نەدیار تۆو بدات ، ئەوا وەرگێڕ بێئەوەی ئەو ئازادییەی هەبێ، دەبێ هەمان ئەو پرۆسە هەستیارو ئاڵۆزە، لە زمانێکی دیکەدا بهونەرێنێتەوە، دەنا بەدەر لەم حاڵەتە، لەگینە وەرگێڕانێکی زانستی وشە بە وشە بەدەستەوە بدات کە لەباری توێکارییەوە تەواو لە دەقە ئەسڵەکە بچێت، بەڵام نەفەسی زندوویەتی تیا نابێ ،چونکە نەیتوانیوە هەستە فانتازی و شیعرییەکەی نووسەر بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، ئەوپەڕی هەندێ زانیاری وردی لەمەڕ دەقە ئەدەبییەکە دەداتێ، کە مەحاڵە بەتەنێ دەقی ئەدەبی دروست بکات..چونکە هەستکرن بە هەموو ئەو ڕەگەزانەو شیکرنەوەی ئەو ڕەگەزانەو هەرسکرنی هەستی شیعریی نووسەر، لە مەرجە هەرە پێویستەکانی وەدیهاتنی وەرگێڕانی ئەمینە.. بەهەرحاڵ وەرگێڕ لە سەرێتی بە پارێزێکی زۆرەوە بچێتە ماڵی ئەو دەقەی گەرەکییەتی وەریبگێڕێت،واتە دەبێ بە میوانی نووسەرە ئەسڵەکە،و پێویستە زۆر بە وردی سەرنج و دیقەتی کون و کەلەبەر ونهێنییەکانی ماڵەکە بدات و بیداتە بەر زەین وبەجۆرێ رەفتار بکات کە خانەخوێیەکەی زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی بکات و لێی بێزار نەبێت.

(٥)

بێگومان کاری وەرگێڕی مەعلان دەکاتە بەشداریکردنێکی چاك لە بەرهەمهێنانەوەو دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی نیشتمانی و کەلتووری گەلەکەی خۆی.. پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە وەرگێڕ لەسەێتی بە باشی ئەو زمانەی کە لێوەی وەردەگێڕێت بزانێت،و زمانی دووەم، ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێت گەلەك باشتر بزانێت. جا چەندیش لە هەردووك زماندا زەبەردەست و کارامە بێ، هەر نابێ فەرهەنگێن هەمە جۆرو بەکارهێنانی فەرهەنگانیش

فەرامۆش بکات. چونکە وەرگێڕ دەچێتە بەرەی شەڕێکی یەکجار تووشەوەو دەبێ هەموو چەکێك بەکاربێنێ، فەرەنگیش بۆ خۆی یەکێکە لە چەکە گرنگەکانی ئەو مەیدانە. جا وەرگێڕ دەبێ هەموو جۆرە فەرهەنگێکی ئیدیۆم و زاراوەو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و فەرهەنگی تەکنۆلۆجی وبازرگانی، فەلسەفی، زانستی و هەموو بوارەکانی ژیارو ژیان بەکار بهێنێ و پێموایە بەکارهێنانی فەرهەنگ لە کاری وەرگێڕاندا هێندە گرینگە، هەقە وەرگێڕ وەکو ئەمەکداریی و ڕێزێك بۆ ڕەنج و ماندووبوونی خودانی ئەو فەرهەنگانەی بەکاریان دێنێ، لە کۆتایی کارەکەیدا ناوێکی بە خێریان بێنێ..

دیارە هەر زمانێك ڕەنگدانەوەی رابردوو وئێستای ئەو گەل و نەتەوەیەیە کە دروستیکردووەو خولقاندوویەتی، بۆیە زمان پەیوەستە بە بارو دۆخی پەرەسەندنی یاساو ڕێساو دەستورە ناوخۆییەکانی ئەو زمانەوەو لێرەوە تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت و ئەگەر لەهەندێ باری ڕواڵەتییەوە لە زمانانی دیکە بچێت، ئەوا لە وردەکارییەکانیدا یەجگار جیاوازە، ئەمە وا لە وەرگێڕ دەخوازێ زۆر وردبێت لە کارەکەیدا، تا دەتوانێ زاراوەی هاومانا و هاوتای وەزیفی تەواو لە هەموو حاڵەتەکاندا بدۆزێتەوەو،ئەمەش بۆ خۆی دەستپێك و سەرەتای ئەفراندنەوانی کاری وەرگێڕانە.. جا وێڕای زەروورەتی بەکارهێنانی فەرهەنگ لە کاری وەرگێڕاندا، هەموو فەرهەنگێکی ئاسایی، ماناو چەمك و خەرمانەی ڕاستەقینەی وشە بیانییەکانمان پێنابەخشێت. بەڵام دەستمان دەگرێت و کۆمەکمان دەکات کە مەزەندەمان بچێتە سەر ماناو چەمکی دەقەکە. هەڵبەتە فەرهەنگی جووتزمانی، بە تایبەتی ئەگەر زمانی یەکەمی، زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکە بێ، پەسندترو لەبارترە بۆ وەرگێڕ. بۆ نموونە فەرهەنگی(گۆڤەندو زنار، فارسی- کوردی)ی حەمەکەریم عارف،بۆ وەرگێڕ لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی خۆشدەست ترە لە هەنبانە بۆرینەکەی مامۆستا هەژاری موکریانی. خۆ ئەگەر وەرگێڕانەکە لە کوردییەوە بۆ فارسی بێ، ئەوا هەنبانە بۆرینە خۆشدەست ترو لەبارترە. بەهەر حاڵ فەرهەنگ، تەنیا چەکێکە لە چەکەکانی مەیدانی وەرگێڕان و بە تەنیا هیچ جۆرە سەرکەوتنێك دابین ناکات، بۆیە وەرگێڕی هونەرمەند لە سەرێتی بە بەردەوامی لە زمانی دووەمدا بۆ ئەو وشەو چەمکانە بگەڕێ کە هاوتای ماناو چەمکی وشەی زمانە یەکەمەکە بێ، کە لەگینە لەهیچ فەرهەنگێکدا نەبێت. بەهەرحاڵ بەکارهێنانی فەرهەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە لە زەروراتی کاری وەرگێڕانەو هەر وەرگێڕێك بەبێ فەرهەنگ کاری وەرگێڕان بکات ، بەهیچ پێوەرو پێوانەیەك بە وەرگێڕ دانانرێ، و وەرگێڕ جگە لە بەهرەمەندی و ڕۆشنبیریی ، دەبێ پەنا بۆ هەر وەسیلەیەك بەرێ کە یارمەتی بدات و کارەکەی بۆ ئاسان بکات.

(٦)

وەرگێڕانی هونەری چالاکییەکی ئەفراندنەوانییە نەك تەنیا لە واری ئەدەبیدا، بەڵکو لە واری زمانەوانیشدا. بۆیە وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی ئامرازو کەرەستەکانی گوزارشت نییە، بەڵکو گواستنەوەی ئەرك و وەزیفەی ئەو ئامرازو کەرەستانەشە، واتە دەکاتە

**گواستنەوەی هەر هەموو قەوارە فیکری و سۆزداری و ئامرازو کەرەستە گوزارەییە ئەستاتیکییەکانی ناو دەقە ئەسڵەکە. ئەمەش تواناو بەهرەو ئەزموونێکی فرەی گەرەکەو بە هەموو کەس ناکرێ . چونکە هەر دەقێك لە ژینگەیەکی رۆشنبیری و مێژوویی و زمانەوانی تایبەتدا ڕسکاوەو قاڵب و شێوازی خۆی وەرگرتووە،و گواستنەوەی هەموو ئەمە بۆ ژینگەو زمانێکی دی، زانایی و هونەرمەندی و سەلیقە و بەهرەی ئەفراندنەوانی گەرەکە نە گاڵتە!.. وەرگێڕ دەبێ فرەمانایی وشەکانی زمانە ئەسڵەکە ساغ بکاتەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێ ماناو چەمکی دروست و وردی وشەکانی ناو دەقەکە دیاری بکات، ئەمجا پێویستە لە زمانی دووەمدا بۆ هاوتایەکی زندووی ئەو وشانەی زمانی یەکەم بگەڕێ و لە کارەکەیدا بەکاری بێنێ. هەڵبەتە وەرگێڕ چەند لە هەردووك زماندا کارامەو بە تواناو شارەزاش بێ. هێشتا هەر لە هەڵە ناخەلەسێ. چونکە دەق دنیایەکی زۆر تایبەتییەو بە دەیان نهێنی بارگاوییە و هەر وا بە ئاسانی نایەتە کەشفکرن و پەی پێنابرێت.. جا ئەمە لە مەترسییە گەورەکانی وەرگێڕانە. بۆیە چۆنییەتی وەرگێڕان و پابەندی بە دەقە ئەسڵەکەوە زۆر گرنگە. چونکە وەرگێڕانی خراپ و نا ئەمین نەك هەر کتێبە وەرگێڕدراوەکە و خاوەنەکەی لە بەرچاو دەخات، بەڵکو دوور نییە خوێنەر لە خوێندنەوەی سەرلەبەری ئەدەبیاتی ئەو زمانە تەوەلا بکات!.. جا وەرگێڕانی چاك و ئەمین ئەگەر بێفایدەو سوودیش بێ ، دەتوانێ زمانی دووەم و توانای دەربڕین و گوزارەکاری زمانی دووەم دەوڵەمەند بکات..**

---

***بۆ زانیاری پتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:***


١- فن الترجمة، ت: د.حياة شرارة، ١٩٧٩ سلسلة الموسوعة الصغيرة (٣٤)
٢- فن الترجمة فی ضوء الدراسات المقارنة، د. صفاء خلوصی
**٣- پەلکە ڕەنگینە، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) حەمەکەریم عارف**
٤- اصول و مبانی ترجمة، طاهرة صفارزادە ، **چاپ پنجم:** زمستان ( ٧٠ )

# هیچ وەرگێڕانێك ناكاتە ئەسڵی دەق

((١))

وەرگێڕان، كارێكی یەجگار قورسە، گەر بوترێ كاری وەرگێڕان بە مانای دروست و تەواوی وشەی وەرگێڕان، كردەنی نیە، هیچ نابێتە زێدەرۆیی. چونكە ئەگەر وەرگێڕان مەحاڵ نەبێ، ئەوا بێگومان نیمچە مەحاڵە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كارێكە تیرەی بەشەر ناتوانێ دەسبەرداری ببێ.. چونكە هیچ میللەتێكی سەر رووی زەمین بەتەنێ ناتوانێ هەموو كایەكانی ژیان و پێداویستییە فەلسەفی و هونەری و هزری و زانستی و ڕۆشنبیرییەكانی خۆی بەرهەم بێنێ. بۆیە ناچارە لە رێگەی وەرگێڕانەوە رێگەكان قەدبڕ بكات و بۆشاییە ژیاری و شارستانییەكانی پڕبكاتەوە. بۆیە زیادبوونی رێژەی وەرگێڕان، بە تایبەتی گەر بە شێوەیەكی بەرنامەدار بێ، كارێكی زۆر پەسندەو نیشانەی كرانەوەیە لە بەردەم زانست و زانیاری وهزرو هونەرو فەلسەفەی فەرەنگی و هێنانی بۆ ناو زوانی كوردی كە پێموایە ئەم پرۆسەیە یەكێكە لەو فاكتەرانەی كە زوانەكەمان لە نەزۆكی قوتار دەكات وبە ڕادەیەك دەیپیتێنێ كە ببێ بە زوانی بەخشش، لە هەموو ئاستە هونەری وهزریو فەلسەفی و زانستییەكانداو بەشداری جددی لە لە بەرهەمهێنای مێژووی تیرەی بەشەردا بكات، بە هیچ جۆرێ بەوە قایل نەبێ لە پەراوێزدا بمێنێ. كەواتە وەرگێڕان تا ئەو رۆژەی تیرەی بەشەر بە زوانانی جیاواز خۆ بگێڕنەوەو ژیان و ژیار وشارستانییەت بەرهەمبێنن، هەر دەمێنێ و قۆناغ بە قۆناغیش بە گوێرەی گۆڕانی پێداویستییەكانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە ئەوەی جێگەی گەنگەشەو موناقشەیە چۆنیەتی و چەندیەتی و شێوەی گوزارشت و دەربڕینی پرۆسەی وەرگێڕانە، نەك خودی وەرگێڕان..

((٢))

ئەوەی كە مایەی سەرنجە، هەندێ جار كەسانێك كە ڕقی شەخسی هەڵیان دەگرێت وخۆیان پێ جڵەو ناكرێ، دێن بە بێ ئینسافی لەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە دەدەن كە پڕ خوێنەرن، كە فرەخوێنەری خۆی لە خۆیدا نیشانەیەكە وشتی لەسەر رۆدەنرێ. مەبەستی لێدانەكە هەرچییەك بێ، بیانووەكە گوایە نائەمینی و جەڵەبییەتی وەرگێڕانەكەیە.. بەهەرحاڵ من قەناعەتی تەواوم بەوەیە كە هیچ شتێك لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، بە خودی ڕەخنەشەوە.بەڵام مەسەلەی دورستی ووردی و ئەمانەتداری لە كاری وەرگێڕاندا، نابێ بە شێوەیەكی میكانیكی وشك مامەڵەی لەتەكدا بكرێت و وەرگێڕ ناچار بكرێت، بە تەواوەتی تەسلیمی بونیادو ڕستەبەندی زوانی یەكەم، واتە ئەو زوانەی لێوەی وەردەگێڕدرێت، ببێ و بخرێتە ناو مینجاڕی وەرگێڕانی وشە بە وشەی بێ خوێنەر..چونكە هەر نووسینێك گوتارو پەیامی خۆی هەیە، وخەڵكانێك دەدوێنێ.جا لێرەدا مەسەلەی گوتار دێتە ئاراوە. هەر دەقێك گوتاری خۆی هەیە.گوتار سەروكاری دەگەڵ یەكەیەكی هونەری گەورەتر لە یەكەی ڕستە هەیە. وەكو چۆن بە كۆمەكی یاساو ڕێسای زوان دەتوانین ناوی لێكدراو، گرێ، دەستەواژەو ڕستە دروست بكەین، بەو ئاوایەش دكارین بە كۆمەكی یاساو

ڕێساکانی (گوتار) ،ڕستەکان بە جۆرێ دەربڕین کە پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێ و گوێگر یا خوێنەر زۆر بە سانایی لە ڕستەیەکەوە بچێتە سەر ڕستەیەکی دی و پەرەگرافێك چێبکەن کە ڕستەکانی پەیوەندی لۆجیکی و دروستیان بە یەکەوە هەبێ و پەرەگرافەکە روون و ڕەوان و هاوئاهەنگ بێت. ئیدی بە کۆمەکی ڕێساکانی گوتار دەتوانین پەرەگرافەکان بە جۆرێکی لۆجیکی بدەینە دەم یەکەوەو لە ئەنجامدا دەقێکی گونجاوی روون وڕەوان و مەفهووم بە دەستەوە بدەین. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە گوتاری دەقەکە کاریگەر بێ.بەلاّم لەو سەری دەقەکە موخاتەبێك هەیە کە دەبێ ئەو دەقە وەخوێنێ یان گوێی لێ بێ. کەواتە بەم پێیە گوتار دەکاتە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی دەقێك لە لایەن بەرهەمهێنەرێك و چۆنیەتی تێگەییشتنی ئەو دەقە لەلایەن وەرگرەوە.جا لەم حاڵەدا دەبێ هەردوو جەمسەرەکە، واتە هەم بەرهەمهێنەری پەیامەکە و هەم وەرگری پەیامەکە لەو ئاستەدا بن کە پەیامەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بگوازرێتەوە. لە غەیری ئەم حاڵەتەدا پەیامەکە یا ناگاتەجێ یان بە نیوەچڵی و نامەفهوومی دەگاتەجێ.

دیارە گوتار بەتەنێ و هەر خۆی ناکاتە دەق،بەڵکو کۆمەڵێك ڕەگەزو پێویستی و هەلو مەرجە هەر کاتێك یەك بگرن، دەق و تێکست پێکدەهێنن. واتە دەق بەرهەم و بەرەنجامی گوتارە. گوتار ڕەگەزێکی دینامیکی و نەوەستاوە، دەق وەستاوە. پرۆسەی گوتار تا دواساتی خۆی، واتە تا دەمی دروستبوونی دەق، هەموو کاتێك موخاتەبی لە بەرچاو ولە بیرو خەیاڵە، بەبێ مەخاتەب لەجێی خۆی دەچەقێ وناچێتە پێشێ. داهێنەری قسە هەمیشە دەبێ موخاتەبی گریمانەیی خۆی لە هزرو بیر بێ. ئەگەر وانەبێ گوتار ڕەوتی سیستەماتیکی خۆی وەرناگرێ و دەق یەکێتیی هونەری خۆی وەرناگرێت..

((٣))

کەواتە نووسەری سەرکەوتوو، ئەو نووسەرەیە هەمیشە لە پرۆسەی نووسیندا موخاتەبی گریمانەیی ( گوێگر یا خوێنەر)ی لە زەیندا بێت. جا لەمەوە پرەنسیپی هاوکاری دێتە گۆڕێ، پەیوەندی زوانەوانی دێتە ئاراوە. جا باسی زوان نابێ تەنیا لە سنوری ڕستەدا بوەستێ. چونکە یەکەی زوان تەنیا ڕستە نییە، بەڵکو کۆمەڵە یەکەیەکی گەورەتر لە زمان هەن کە د ەق پێکدێنن و ئەمەش بەرەو زوانناسی دەقمان دەبات..زمانناسی دەقیش ئەوەندەی سەروکاری لەگەڵ بەلاغەت ودەقدا هەیە، ئەوەندە سەروکاری لەگەڵ فەساحەت و ڕستەدا نییە. واتە فەساحەت پتر لە ڕستەدا بەرجەستە دەبێ ،بەلاّم بەلاغەت زیاتر لە دەق دا بەرجەستە دەبێ. کەواتە بەم پێیە ئەوەندەی بۆ بابەتەکەی ئێمە پێویست بێ، هەر جۆرە پەیوەندییەکی زوانی دەوەستێتە سەر پرەنسیپی هاوکاری. بێژەرو بیسەر، نووسەرو خوێنەر لە هاوکاری بەردەوامدان. چونکە ئەگەر ئەم هاوکاریە نەبێ پەیوەندی دروست نابێت.. ئەگەر هاوکاری نەبێ، زوان چەند ڕەوا وڕەسا بێ، کارێکی ئەوتۆی لە دەست نایەت.. جا بۆ هەر پەیوەندییەکی دروست و ساغڵەم کۆمەڵێك مەرج پێویستن لەوانە: چەندیەتی، چۆنیەتی، پەیوەندی ،شێوەی گوزارشت و دەربڕین. هەرکاتێك ئەو مەرجانە ڕەچاو بکرێ،وەرگر چ بیسەر بێ چ خوێنەر ئەگەر پابەندی پرەنسیپی هاوکاری بێ، بە ئاسانی دکارێت مەبەست و پەیامی بێژەر یا نووسەر دەرك بکات و تەفاعولی لەگەڵدا بکات. مەبەست لە

چەندیەتی ئەوەیە بەئەندازەی پێویست بڵێین، نەزیاد و نەکەم. چۆنیەتیش ئەوەیە کە پێویستە گوتەکانمان دروست بێ، یان بەلای کەمەوە خۆمان باوەڕمان بە دروستییەکەی هەبێ. پەیوەندی ئەوەیە ئەو قسەیەی دەیکەین پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێ.. شێوەی دەربڕین و گوزارشت، چ قسە بێ چ نووسین دەبێ هاوئاهەنگ و گونجاو بێ.. هەڵبەتە وەرگر دەبێ هەمیشە ئەوەی لە هزرو خەیاڵدا بێ کە بێژەر یا نووسەر هەرگیز ئەوەی مەبەست نیە گوێگر یا خوێنەر چەواشە بکات و تووشی سەرەگێژکەی بکات. بۆیە ئەگەر تووشی بوو بە تووشی دەقێکەوە کە بە رواڵەت پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێ ، دەبێ بۆ هۆی نەبوونی پەیوەندییەکە بگەڕێ و لەم ڕێگەیەوە بەشێکی فرەی هەر پەیوەندیەکی زمانەوانی چێدەبێت. واتە بەشێکی تەواوی پەیامەکە لە لایەن موخاتەبەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەڵام ئەوەش هەیە کە خودی زمان، یان زمان بەتەنێ هەر ڕێژەیەکی کەمی زانیارییان لە خۆ دەگرێت. ئەو باقیەکەی موخاتەب یان وەرگر بە زەبری مەزەندەو مەعریفەتی شەخسی خۆی پڕی دەکاتەوەو قەرەبوی دەکات. چونکە وەرگری چاك بەوە قایلە کە زوان نابێ لە ڕادەبەدەر بە شرۆڤەو رونکردنەوە باربکرێ،وکورتبڕی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی زەینی بەشەر، جا ئەم کورتبڕییە مەسەلەی گوزارشتی ناراستەوخۆی لێدەکەوێتەوە بەتایبەتی لە واری ئەدەبیات و کارێن ئەفرندنەوانی دا، کە ئەمە ئەفسوون و کاریگەرییەکی پتر بە دەق دەبەخشێت، و زمانی رەمزو رەمزکاری دێتە گۆڕێ کە تەنیا لە ڕێگەی زوانی ناڕاستەوخۆوە بەرجەستە دەبێت.

((٤))

بەگوێرەی پرەنسیپەکانی هاوکاری، دەبێ هەر دەقێکی زارەکی یا نووسراو مەرجەکانی چەندیەتی، چۆنیەتی، پەیوەندی و شێوازی گوزارشتی تێدا بێ وپەیڕەویان بکات، دەنا دەبێت بە کۆمەڵێك وشەو رستەی بێسەرو بەر و هەڤدژو لە دەقایەتی دەکەوێ. واتە هاوکێشەیەك هەیە کەبریتیە لە دوو جەمسەری پەیوەندی .جەمسەری پەیامنێر(مرسل) جەمسەری پەیام وەرگر. ئەم دوو جەمسەرە دەبێ لە حاڵی هاوکارییەکی ئازادانەی بەردەوامدابن،تا پەیوەندییەکە چێببێ.جا رەچاوکردنی ئەو مەرجانەی لەسەرێرا ئاماژەمان کردنێ، زەمانەتی بەرقەراری پەیوەندی دەکەن.. هەڵبەتە ئەندازەو چوارچێوەی ئەو مەرجانە رەنگە وەرگر (گوێگر یا خوێنەر) دیاری بکات، هەڵبەتە هەر دەقێك لە زوانی ئەسڵیدا یانی لە زمانی یەکەمدا بۆ خەڵکانێکە یا خەڵکانێك دەدوێنێ کە مەرج نییە خەڵکانی زوانی دووەمی ئەو دەقە ، واتە دەقەکە بە وەرگێڕدراوی هەمان ئاست و تایبەتمەندی خەڵکانی زوانی یەکەمی دەقەکەیان هەبێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە گرفتە عاسیەکانی وەرگێڕان و هەر دەشمێنێ. بۆ نموونە زۆر دوورە نووسەرێکی میناکی هەمینگوای لە کاتی نووسینی رۆمانەکانیا جگە لە خوێنەری ئینگلیزی زمان ،خوێنەری غەیری زمانی ئینگلیزیشی لە هزرو زەیندا بووبێ. کەواتە وەرگێڕ ناچار دەبێت، لە کاتی وەرگێڕاندا،تایبەتمەندی خوێنەری زمانی دووەم رەچاو بکات و بۆ ئەمەش ناچارە هاوتای دەستەواژەو زاراوەو ئیدۆمانی زمانی یەکەم، لە زمانی دووەمدا، زوانی وەرگێڕان، پەیدا بکات و بدۆزێتەوەو تەنانەت دابتاشێت.بەمەش پرەنسیپی ئەمانەتداری وەرگێڕان، وەکو هەندێ کەس

تێـی گەییشـتون لـەق دەبێـت. هەڵبەتـە پرەنسـیپی ئەمانەتـداری و وردی بـەو وشـکییە زادەی مامەڵـەی نادروسـت و میکانیکییـە لەگـەڵ وەرگێڕانـدا کـە داوا دەکـات لـە بەرانبـەر هـەر ڕەگـەزو تـوخمێکی نـاو زمـانی یەکەمـدا، هـەمان ڕەگـەزو تـوخم لـە زوانـی دووەمـدا دابنـرێ، دیـارە ئەمانـە غافڵن لەوەی سیستەمی گوتاری هەر زمانێك لە ڕووی بونیادەوە جیاوازە لە زمانێکی دیکەو هـەر کاتێك ئەو بونیادە بەهەر بیانوویەکەوە، بە تایبـەتی بـە بیانووی زەرورەتـی ئەمانەتداری و وردی لـە کـاری وەرگێـڕان، شـێوێنرا، پەیوەنـدی دروسـت نابێـت و گوتـار چـێ نابێـت، خوێنـەر لـە دەق تەوەلا دەبێت ، وەکو ئەمە لە بەشێکی زۆری کاری وەرگێڕانی ئەمڕۆی بواری چالاکی ڕۆشنبیریی کوردیدا بەدی دەکرێت. جا تا زەمینـەی ڕۆشـنبیریی دوو زوان پتر لێکدی جیاوازبن، مەسـەلەی زیادکرن و کەمکرن دەمێنێ و هەر وەرگێڕانێك پەنا وەبەر ئەو میکانیزمـە (زیـادکردن یـا کـەمکرن) هەڵبەتـە بەرێژەیـەکی زۆر حەسـاو بـۆ کـراو، نـەبات پچـڕ پچـڕو نـارەوان و نامـەفهووم دەنـوێنێ. هەماهەنگی بەلاغی پێ دروست ناکرێت. هەماهـەنگی بـەلاغی دەکاتـە پەیوەنـدی نێـوان پاژەکـانی دەق، کـە لەسـەر بنـەمای کۆمەڵـە فاکتـەرێکی دەرێـی دەق دروسـت دەبێـت، وەکـو پرەنسـیپی هاوکاری ،جا هەرکاتێ دەق نەتوانێ باشترین هاوسەنگی لە نێوان کەمبێژی (ئیجاز)و درێژدادڕی تاقەتبەر دروست بکات، ناکرێ ناوی دەقی لێ بنرێ. با هـەر ڕستەکانی لـە ڕووی دەستورییەوە دروست بن . واتە هەر پەرەگراف و پارچەیەکی زمانی چەند لە ڕووی دەستورەوە دروست و بـێ خەوش بێ، ناکرێ بە دەق بژمێردرێ..گونجان و هەماهەنگی بەلاغی دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە، لـە کەلتورێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت و جیاوازە. هەر دەقێك خەڵکی خۆی هەیە و خەڵکی خـۆی دەدوێنێ. هەر کاتێك بخرێتە بەر دەست کەسانێك کە موخاتـەبی خـۆی نـەبن، نایەتـە دەرککـردن. هەڵبەتـە یـەکێك لـە مەسـەلە دژوارەکـانی وەرگێـڕان ئـەم دیاردەیـەو چـۆنیەتی چارەسـەری ئـەم دیاردەیەیە.جا بۆ ئەوەی گوتارێك، یا نووسینێك دەقایـەتی پەیـدا بکـات، ببـێ بـە دەق، لـە کـاتی وەرگێڕانـدا بمانـەوێ و نەمانـەوێ دەبـێ دەسـتکاری زمـانیی– بـەلاغی بکرێـت.چـونکە گوتـار لـە کــەلتورێن جیــاوازدا، بــەگوێرەی دووری و نزیکــی ئــەو کەلتورانــە لێکــدی، جیــاواز دەبــێ و جیـاوازە.بۆیـە بـارکردنی بونیـادی خیتـابی زمانێـك، لـە زمـانێکی د یکـە پەیـدابوونی دەقـی لێناکەوێتـەوەو شـتێکیش کـە دەقایـەتی پەیـدا نـەکات ، یـا نـەبێت بـە دەق، بـە تـەواوەتی دەرك ناکرێـت.. جـا لێـرەدا هـەر دەقەکـە بـە ڕووتـی وەرناگیرێـت، بـەڵکو شـێوەی گەیانـدنی پـەیامی د ەقەکەش بۆ خۆی پرەنسیپێکەو دەبێ ڕەچاو بکرێ. بێگومـان شـێوەکانی پـەیام گەیانـدنیش لـە کەلتورێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، و ئەمە لە زواندا ڕەنگدەداتـەوەو کاریگـەری خـۆی دەبێـت. کـاتێ دوو کـەلتور، دوو زوان،یـان دوو وتـار بـۆ یـەکتر بگوازرێنـەوە، دەبـێ دەسـتکاری شـێوەی گەیانـدنی پەیامـەکانیان بکـرێ، دەنـا دەقـە ئەسـڵەکە بـە جـۆرێ پـەڕو بـاڵ دەکـرێ کـە نـە دێتـە تێگەییشـتن و نـە دەناسـرێتەوە. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە سیسـتەمی بـەلاغی زمانـان چوونیەك نیەو لەم حاڵەتەدا_ هەڵبەتە لە کاری وەرگێڕاندا_ دەستکاری کردنی لە قایدە نـەك هـەر پێشێلکردنی ئەمانەتداری نیە، بەڵکو پاراستنی ڕۆحی ئەمانەتدارییە.

بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕانی وشە بە وشە،یەکێك لە خەوشەکانی ئەمەیە کە وەکو پێویست چەمك و مانا ناگەیەنێ و نادات بە دەستەوە. زیاتر بونیادو پێکهاتەی زمانی یەکەم دەسەپێنێ نەك چەمك و ماناکەی بەرجەستە بکات. ڕەنگە لەم بارو حاڵەدا پتر بەکای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بێت تا گواستنەوەی چەمك و مانای ڕۆشنبیری. ڕەنگە وەرگێڕانی وشە بە وشە زیاتر لای ئەو کەسانە پەسند بێ کە زمانە یەکەمەکە دەزانن، و لە کاتی خوێندنەوەی زمانی وەرگێڕانەکەدا ،لە هزری خۆدا جۆرە بەراوردێکی ڕێزمانیان لا دروست دەبێ و زمانی وەرگێرانەکە باشتر لەو کەسانە تێدەگەن کە زمانە یەکەمەکە نازانن.. بەلآم زمانان لە رووی ڕێزمانیشەوە هەر جیاوازیان هەس.بۆیە هیچ وەرگێڕانێکی وشە بەوشە بە تەواوەتی ڕەوان و مەمەفووم دەرناچێت. جا پابەندی زیاد لە پێویست بە بەرجەستە کردن و گواستنەوەی بونیادی وشەوانی و دەستوری هەر زوانێك، دەکاتە کارێك کە چەمك و پەیامەکەی روون و ڕەوان نەبێت. واتە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا چەند بمانەوێ پەیامی دەقەکە ئاسانترو رونترو مەفهوومتر بگەیەنینە وەرگر ، ئەوەندە لە بونیادی وشەوانی و ڕێزمانی زمانی یەکەم دوور دەکەوینەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو دوو زمانە لە یەك خێزانە زمان نەبن. جا ئەمە کێشەیەکی زاڵە و ڕەنگە هەر وەرگێڕێك بە جۆرێ مامەڵەی لە تەکدا بکات.ڕەنگە باشترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوەبێ کە وەرگێڕ یان کەسێکی دیکە بێت پێشەکییەکی تێروتەسەل بۆ دەقە وەرگێڕدراوەکە بنووسێت کە شارەزایانە ڕێنوێنی خوێنەر یا وەرگر بکات بۆ ناو دنیای دەقەکەو ئاسانکارییەکی ئەوتۆی بۆ بکات کە بەئاسانی بەرهەمەکە دەرکبکات و لێی حاڵی ببێ و لەزەتی لێوەربگرێت.. بێگومان پێشەکی نووسینیش شارەزاییەکی چاکی دەوێ.. بەهەرحاڵ ڕەنگە وەرگێڕانی بابەتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بەبێ هیچ جۆرە دەسکاریی یان سوکە دەسکارییەك ، یەجگار دەگمەن بێت.. بۆیە ئەگەر وەرگێڕێك خۆی لە ئاستی تێگەییشتنی مەبەستی نووسەردا بە بەرپرسیار بزانێ، یان بە گوتەیەکی دی تێگەییشتنی مەبەستی نووسەر بە ئەرکی خۆی بزانێ و بەسەر بابەتی وەرگێڕانەکەدا زەبەر دەست و زاڵ بێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوە بەرەو دانەرایەتی ، واتە وەرگێڕ لەم حاڵەتەدا بۆ ئاستی دانەر نزیك دەبێتەوە. هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە وەرگێڕ تا ڕادەیەکی زۆر گیرۆدەی چوارچێوەی دەقە، بەلآم هەر دەقێك لە شوێنی خۆیدا و لە زمانی ئەسڵدا گوتاری خۆی هەیە و خەڵکانێك دەدوێنێ و پەیامێك دەگەیەنێ. ئەگەر لە زمانی دووەمدا، واتە لە زمانی وەرگێڕاندا، گوتارو موخاتەب و پەیام نەما، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی ناکامی ئەو وەرگێڕانەیە. بۆیە ڕەنگە مەسەلەی دەهمەننووسی و پەراوێز بۆ هەندێ دەقی لە ئەسڵدا قورس، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا کارێکی باش بێ و مەسەلەی گوتارو موخاتەب و پەیام دابین بکات و جۆرە ئاسانکارییەك بێ بۆ خوێنەر کە دەقەکە لە زمانی دووەمدا باشتر دەرك بکات. بەلآم وەرگێڕ دەبێ ڕێزی خوێنەر بگرێت و شتێك بۆ زیرەکی خوێنەر بێڵێتەوەو بزانێ لە کوێدا پەنا بۆ پەراوێز بەرێ و لە کوێدا بۆی نەبات.

کەواتە لە کاری وەرگێڕاندا، بەحوکمی جیاوازی زمانی یەکەم ودووەم، بە حوکمی تایبەتمەندی زمانەوانی و گوزارشتی زمانی یەکەم و دووەم، بەحوکمی جیاوازی بونیادو پێکهاتەی هەردوك زمان، بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە دەسکارییەکی زمانەوانی و گوزارشتی خۆی دەسەپێنێ، رادەی ئەم دەسکارییەش پەیوەستە بە رادەی دووری و نزیکی کەلتوری و گرێکوێرە زمانەوانییەکانی هەرتك زمانەکە لە یەکدی.. بۆیە هەرکەسێك کە بچێتە مەیدانی وەرگێڕان، دەبێ کەرەستەو ئامرازی تێگەییشتنی رازو رەمزو نهێنییەکانی دەقە ئەسڵیەکەی پێبێ، بتوانێ نهێنییەکانی دەقی یەکەم کەشف بکات، هەڵیوەشێنێتەوەو لە قاڵبی زمانی دووەمداو بە گوێرەی بونیادی دەستوری زمانی دووەم دایڕێژێتەوەو دەقایەتییەکەی بپارێزێ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە دەسکارییەك دەخوازێت کە پێم وایە هیچ وەرگێڕانێکی باش ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە. چونکە وەرگێڕان لە خودی خۆیدا، گواستنەوەو گوێزانەوەیەکی دەسکاری کراوە. هیچ وەرگێڕانێك چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاستی پراکتیکی، دەقاو دەق چوون ئەسڵەکە نییە. بۆیە وەرگێڕانی هەر دەقێك بەشێوەیەکی گشتی دەبێ هاوتای ئەسڵەکە بێ، ئەمەش وردەکاری وزەحمەتێکی زۆری گەرەکە، دیارە گوتاری هەر زمانێك جیاوازە لە زمانێکی دی، جا ئەم جیاوازیە، لە کاری وەرگێڕاندا جۆرە بۆشاییەك دروست دەکات کە پێویستە ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوەو ئەمەش بەو وردە دەسکاریانە پڕ دەبێتەوە کە باسمان کردو بەبێ ئەمە هیچ وەرگێڕانێك دەقایەتی وەرناگرێت و رەنگە نەشێت لە زمانی دووەمدا ناوی دەقی لێ بنرێت، کە نەشبوو بە دەق هەرگیز دەرك ناکرێت و نایەتە تێگەییشتن،کە ئەمە حاڵی زۆر کاری وەرگێڕدراوی بواری چەلەنگی رۆشنبیریی کوردیمانە.

کەواتە زەرورەتی دەسکاری یا وردە دەسکاری لە کاری وەرگێڕاندا زادەو بەرەنجامی جیاوازی نێوان کەلتورو زمانەکانە،تا ئەم کەلتورو زمانانە زیاتر لێکدی دوورو جیاواز بن، رادەی وردە دەسکاری زیاتر دەبێت. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.. بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا و هەر بۆ پشتیوانی ئەو بۆچوونانەی سەرێ ئاماژەیەك بۆ پێناسەیەکی (نایدا) لەمەڕ وەرگێڕان بکرێ کە پێی وایە وەرگێڕان بریتیە لە دۆزینەوەی ((نزیکترین هاوتای)) زمانی یەکەم ،لە زمانی دووەمدا. جا دەستەواژەی ((نزیکترین هاوتا))لێرەدا زۆر گرنگە، چونکە ئەوە دەگەیەنێ کە لە وەرگێڕاندا شتێك نییە بە نێوی هاوتای تەواو یان هاوتای موتڵەق، بەڵکو ((نزیکترین هاوتا ))هەیە. دیارە ئەم دەستەواژەی ((نزیکترین هاوتایە)) تەنیا لە ئاستی وشە یان پەیڤدا نیە،بەڵکو شێوازیش دەگرێتەوە.. بۆ نموونە رەنگە دەقێکی مینا ئیلیادە یا ئۆدیسەی هۆمەر بە زمانی تازەی ئەمڕۆکە بێتە وەرگێڕان کارێی زۆر پەسند نەبێت، خۆ ئەگەر بە زمانێکی کۆنی ئەوتۆش وەربگێڕدرێت کە خوێنەری ئەمرۆ لێی تێنەگات، ئەوا عوزر لە قەباحەت خراتر..بۆیە ناچار دەبێ پەنا وەبەر چارەسەرەکەی (نایدا) ببرێ و ((نزیکنترین هاوتا))ی ئیلیادەو ئۆدیسە چ لە ئاستی واژەو زمان چ لە ئاستی شێوازو گوزارشت بدۆزرێتەوە. دیارە زۆربەی شارەزایانی بواری وەرگێڕان پێیان وایە کە هاوتای موتڵەق نیە. ئەوەی بە هاوتا دادەنرێ تەنیا ((نزیکترین هاوتا))کەی (نایدا)یە.جا هەر هەموو دەسکاری یا وردەدەسکاریەکیش تەنیا لەو سنوورەدا قبوڵ دەکرێت. چونکە دەقی

وەرگێڕدراو هەرچییەك بێ دەبێ ئەوەی پێوە دیار بێ کە وەرگێڕانە. چونکە هەرگیز جیاوازی گوتار (خیتاب) بە تەواوەتی لەبەین ناچێت و لە نێو نابرێ. بۆیە وەرگێر لەم پێودانگەوە دەبێ ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە کار تا ماناو چەمکێن فەرەنگی لە قاڵبی زمانی زکماکی دا بگەیەنێ و بەرجەستە بکات، چونکە وەرگێڕان زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە زمانی ئەسڵی دەقەکە نازانن.

((٧))

پێموایە هەر دەقێك بگری بۆ وەرگرانی تایبەتی خۆی دێتە نووسین، یانی هەر دەقێك کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتی دەدوێنێ، جا یەکێك لە مەرجەکانی وەرگر یا دوێنراو یا موخاتەب ئەوەیە کە دەبێ زمان بزانێ، واتە زمانی دەقەکە بزانێت و ئاگاداری ئەو ژینگە کەلتورییە بێت کە بەرهەمەکەی تیا لە دایکبووە.هەر دەقێکیش گوتاری خۆی هەیە، پەیامدارو پەیام وەرگر لە جیهانی دەقدا دەگەیەنێتە یەك.. بۆ نموونە وەختێ بەرهەمێك لە ئەمریکا بڵاو دەبێتەوە، زیاتر رووی دەمی لە ئەمریکاییەکانە، بەڵام هەر هەمان بەرهەم لە لایەن هەموو ئینگلیزی زمانانی جیهانیشەوە دەخوێنرێتەوە، خۆ لە حاڵی وەرگێڕانیدا بۆ زمانەکانی جیهان، لە سەرانسەری جیهاندا موخاتەبی خۆی پەیدا دەکات، واتە هەموو خەڵکی جیهان دەدوێنێ.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو راستیە باقیە کە ئەوبەرهەمە بەر لە هەرکەسێك بۆ ئەمریکاییەکان نووسراوە، تەنانەت لە حاڵی یەکسانبوونی هەلومەرجەکانیشدا هەوەڵجار ئەمریکاییەکان، ئەوجا ئینگلیزەکان، دواتر هەموو ئینگلیزی زمانانی جیهان و دوای وەرگێڕان هەموو میللەتان، هەر یەکەیان بە گوێرەی نزیکی ئاستی زانست و رۆشنبیریی و کەلتوریان لە زانست و کەلتوری ئەمریکا، ئەم دەقە باشتر تێدەگەن، واتە دووری و نزیکی لە یەکدی کار دەکاتە سەر ڕادەی تێگەییشتن لە دەقەکە. کەواتە جیاوازی گوتاری نووسین لە کەلتووره جۆراوجۆرەکان دا بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە لە بەردەم کاری وەرگێڕاندا.بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی بەگویرەی توانای خۆی ئەم گرفتە بەشێوەیەکی دروست و هونەری بۆ خوێنەرانی چارەسەر بکات، دەبێ وەرگێڕ وای دابنێت بۆ کەسانێك تەرجەمە دەکات کە زانیاریان لەمەڕ ئەو بەرهەمە و ژینگەی رۆشنبیریی ئەو بەهەمە لە زانیاری ئەو کەمترە. دیارە ئەم دیاردەیە یان گرفتە ڕادەی جیاوازی گوتارە لە کەلتورە جۆراوجۆرەکاندا، بۆیە چارەسەری ئەم گرفتە بمانەوێ ونەمانەوێ قاڵبشکێنی لە زمانی یەکەم و قاڵبڕێژی لە زمانی دووەمدا گەرەکە، کە خۆی لە خۆیدا دەکاتە دەسکاری یا وردە دەسکاری .
کەریمی ئیمامی کە وەرگێڕێکی نێوداری ئێرانیە دەڵێت: "بەندە بە ئەزموونی شەخسی خۆم کە وەرگێڕێکی دوو زمانەم، بۆم دەرکەوتووە کە وەرگێڕانانی بێتوانا زیاتر بە دەقەوە دەچەسپن و تاقە وشەیەك کەم و زیاد یا پاش و پێش ناکەن.." دیارە وردی و ئەمانەتداری ئەمە نییە، وردی و ئەمانەتداری ئەمەیە کە بابەت و پەیامەکە بە شێوەیەکی تەواو بگوازرێتەوەو ئەمەش بە هیچ جۆرێ بەو مانایە نیە کە نابێ تاقە وشەیەك لە دەقی زمانی یەکەمدا بەبێ وەرگێڕان بمێنێتەوە یان چ وشەیەك نەهێنرێتە ناو زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکەوە کە هاوتایەکی لە دەقە ئەسڵەکەدا نەبێت.بەڵکو وەرگێڕ بۆی هەیە قاڵب و سیستەمی ڕستەبەندی زمانی یەکەمی دەقەکە بشکێنێ و لە قاڵب و سیستەمی رستەبەندی زمانی دووەم دا دای بڕێژێتەوەو دەقایەتی پێ ببەخشێتەوەو

کە ئەمە بەبێ وردە دەسکاریی زۆر وەستایانە هەرگیز نایەتە دی. یانی لەم حاڵەدا، دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچە لە لایەن وەرگێڕەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، وەرگێڕ سەراپای دەقەکە دەپشکنێ، پەناو پاسارەکانی، نهێنی و گرێ کویرەکانی کەشف دەکات، دەیخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، ئەوجا دێت گونجاوترین میتۆد بۆ وەرگێڕانی هەڵدەبژێرێ. کەواتە بونیادو پێکهاتەی وشەوانی و دەستوری وبەلاغی دەق، هەر دەقێك لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە، بۆیە رەچاو نەکردنی ئەم جیاوازیانە لە کاری وەرگێڕاندا، دەقێکی گۆج و ئیفلیجی وای لێدەکەوێتەوە کە ناکرێ نێوی دەقی لێ بنرێ. چونکە دەق یەکەیەکی یەکپارچەیە، بە تێکڕای رەگەزو ئەندامەکانی دەقایەتی پەیدا دەکات، هەر ئەندام یا ڕەگەزێکی کەم بێ، لە دەقایەتی دەکەوێ و دەبێت بە کۆمەڵە دەستەواژەو رستەیەکی ناڕەوان و نیمچە مردووی ئەوتۆ کە دەقیان لێ پێکنایەت،و کە دەقیش پێك نەهات، هیچ کاریگەرییەکی نابێ و ناخوێنرێتەوە.. کەواتە سروشت و تەبیعەتی وەرگێڕان لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ، ڕێگە بە وەرگێڕ دەدات لە سنورێکی دیاریکراودا و زۆر وەستایانە دەسکاری بەرهەمەکە بکات، بۆی زیاد بکات و لێی کەم بکات، بە قەولی تایتلر، ئەدیبی ئینگلیزی، وەرگێڕ کاتێ روحی بەرهەمەکەی ناسی " بۆی هەیە وەکو خودی نووسەرەکە مامەڵەی لەگەڵ بکات" واتە هەر وەرگێڕانێکی باش پێویستی بە دەسکاری زمانی هەیە. رەنگە ئەم دەسکارییە زادەی گوشاری رۆشنبیریی زمانی دووەم بێ، واتە زمانی دووەم ئەم دەسکاریە دەخوازێت. بەڵام دەبێ هەمیشە رادەی دەسکاریەکە لە ئاستی هەرە کەمدا بێ، چونکە وەرگرانی زمانی دووەمیش دەخوازن ئاگایان لە هزرو هزرین و داب و نەریت و خولیاو کەڵکەڵەو رەفتاری خەڵکانی دی هەبێ.

هەڵبەتە رادەی دەسکاری لە وەرگێڕاندا بە گوێرەی کات و شوێن دەگوڕێ.رەنگە بە حوکمی ئەوەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە میللەتان لە یەکدی نزیك بوونەتەوەو گوتاری رۆشنبیریی میللەتان لە یەکدی نزیك بووەتەوەو دەتوانن زۆر لە جاران ئاسانتر لێکدی حاڵی ببن، رادەی ئەم دەسکارییەی وەرگێڕان کەمترو کەمتر ببێتەوە. بەڵام تا میللەتان بە تەواوی نەگەن بە یەکدی و نەبن بە خاوەنی یەك گوتاری رۆشنبیریی، دەسکاری بواری وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ. بەهەرحاڵ ڕادەی دەسکاری لە وەرگێڕاندا بابەتێکە کە وەرگێڕ لە میانەی کارەوە دەتوانێ دیاری بکات. هەڵبەتە دەبێ لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکرێ کە وەرگێڕان نابێ بەرادەیەك لە زمان و کەلتوری زمانی دووەم نزیك ببێتەوە کە خوێنەر یا وەرگر نەتوانێ پەی بەسەرچاوە فەرەنگییەکەی ببات.چونکە ئەمە لادانە لە میتۆدی وەرگێڕان.لەبەر ئەوەی یەکێك لەو هۆکارانەی کە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بەرهەمێکی وەرگێڕدراو هاندەدات، حەزو کەڵکەڵەی ئاگادار بوونە لە چەندێتی و چۆنیەتی ژیانی خەڵکانێك کە لە شوێنێکی دیکەو بە کەلتورێکی جیاوازەوە دەژین..کەواتە وەرگێڕان نەدەبێ ئەوەندە خۆمانی بێ کە سەرچاوە بیانییەکەی ون ببێ نە ئەوەندەش غەریب بێ کە خوێنەر یا وەرگر نامۆیی لێبکات و نەچێت بە لایەوە.واتە شتێکی مامناوەندی بێت، ئەمەش پتر لە ڕێگەی پێوەرو مەحەکە زمانناسیەکانی دەقەوە بە دەست دێ. بۆیە خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو نابێ تەسەوری ئەوە بکات کە دەقی وەرگێڕدراو بە ئاسانی بخوێنێتەوە. دەبێ

هەمیشە ئاگاداری ئەوەبێ کە دەقێکی بێگانە دەخوێنێتەوەو ئامادەی ئەوە بێ کە هەر دەمێك روو بەرووی بونیادو پێکهاتەی پێچەوانەی بونیادو پێکهاتەی زمانی زکماکی خۆی ببێتەوە.. هەڵبەتە ئەمە هەرچەند لە چوارچێوە گشتیەکەیدا دروست بێ، ئەوا لە پاژکاری و وردەکاریاندا یەجگار قورس و زەحمەتە، چونکە مەرج نیە خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە ئاشنای بونیادی زمانە بێگانەکە بێ، واتە زمانی یەکەمی دەقەکە.

هەڵبەتە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێ کە لە واری چەلەنگی کاری وەرگێڕانی لای خۆماندا، ناو بەناو، لێرەو لەوێ، دەنگێکی ناساز بەناوی گوایە وردی و ئەمانەتداریەوە دژی هەر جۆرە دەسکاریەك لە وەرگێڕاندا بەرزدەبێتەوەو بەناهەق دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکات و تەنیا وەرگێرانی میکانیکی و پڕ وردەکاریی بێبایەخ بە وەرگێڕان دەزانێ، غافڵە لەوەی کە ورگێڕان پێویستی بە نەشتەرگەریی و دەسکاریی زمانی و بەلاغی هەیە..

جا وێڕای ئەوەی چ گومانێك لە زەرورەتی وەرگێڕان نیە، دەبێ ئەو ڕاستیەش بگوترێ کە وەرگێڕان ناتوانێ جێی نووسین ودانانی خۆماڵی بگرێتەوە، چونکە هەر میللەتێك دەبێ بتوانێ بە زمانی زکماکی خۆی بنووسێت و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەرهەمی هەبێت،وناسنامەی نەتەوەیی و خۆماڵی خۆی هەڵگرێت، ئەمەش کاتێ دێتە دی کە بەزمانی زکماك و خۆماڵی بوارەکانی ژیان بەرهەم بهێنرێ.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بگوترێ کە وەرگێڕان هەرگیز نابێ بە ئەسڵ و کاتێ ئەسڵ هاتە وەرگێڕان ،ئیدی ئەسڵەکە،بەمانای وشەی ئەسڵ، نیە..

تێبینی: بۆ زانیاری زیاتر بنوارە:


١- در امدی به اصول وروش ترجمه ،چاپ سوم، ١٣٨٤ کاظم لطفی پور ساعدی

٢- گفتمان و ترجمه .علی صلح جو، چاپ اول، ١٣٧٧

٣- ڕۆژنامەی بارزان، ژمارە(٨٧) ئافاتی وەرگێڕان، حەمەکەریم عارف


**ئافاتی وەرگێڕان**

((١))

بێگومان گەر کاری وەرگێڕان بەدەستی کەسانێك ئەنجام بدرێ کە بەروحی زمانی کوردی ئاشنابن ودەستەواژەو ڕستەی ناکوردی و ناسازو نامەفهوم لە خۆوەو بەدوور لە هەر میتۆدێکی زانستانە دروست نەکەن، ئەوا کارێکی زۆر بەسوود دەبێت. لێ بەداخەوە واقیعی کاری وەرگێڕان ڕێك پێچەوانەیە. جا لێرەدا مەبەستم نییە تانەو تەشەر لە کەس بدەم .بەڵکو ئەمە گلەییە، گلەیی زادەو بەرەنجامی خەمخۆریە. هەڵبەتە لە دەستی دژمنان شکایەت دەبرێتە لای دۆست، ئەی ئەگەر دۆست جێی دژمن بگرێتەوە شکایەت ببرێتە دەف کێ؟ لە زۆر بۆچوونی پاچڤەوانیدا جەختێکی زۆر لەسەر گوێزانەوەی ماناو نێوەرۆك دەکرێت و گوێزانەوەی فۆرم و شێواز بە پلەی دووەم دێت.. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە: گوێزانەوەی ماناو نێوەرۆك چۆن چۆنی دەکرێت؟لەم بوارەدا دوو زاراوەی: قاڵب شکێنی و قاڵب ڕێژی خۆ دەسەپێنن وبەرۆکی بیر دەگرن. دەڵێن وەرگێڕ لەسەریێتی قاڵبی دەقی یەکەم، یانی ئەو دەقەی وەریدەگێڕێت، تێکبشکێنێ، هەڵیوەشێنێتەوەو هەمان کەرەستەو دارووپەردوو بەئەمانەتەوە بڕێژێتە قاڵبی زمانی دووەمەوە، واتە ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێت.ئەمەش بۆیە دەبێ بکرێ چونکە بونیادو پێکهاتەی زمانان لێکدی جیاوازو دوورە.وەکو چۆن لە سەرانسەری دنیادا دوو بەشەری سەدی سەد چوون یەك نینە، بە هەمان شێوەش دوو زمانی تەواو وەکو یەك نیە..ئەمەش بەرەو سەرخان و ژێرخانی زمانمان دەبات. زۆربەی زمانەکان لەباری ژێرخانەوە لێکدی دەچن، یان لێکچوونیان لە نێواندایە، لێ لەباری سەرخانەوە تەواو لێکدی دوور دەکەونەوەو جیا دەبنەوە.. جا وەرگێڕ لە سەریێتی کە سەرخانی زمانی یەکەم هەڵبکۆڵێ وبگاتە ژێرخانی زمانەکەو ئەوجا لە قاڵبی زمانی دووەمی بدات، واتە بیڕێژێتە قاڵبی زمانی دووەمەوە.. لەمەوە دوو مەرجی بنەڕەتی هەر وەرگێڕێك دێتە ئاراوە، ئەویش شارەزایی تەواوە لە هەرتك زمانی یەکەم و دووەم. دیارە وەرگێڕانی وشە بە وشە کە بەڕای هەندێ لە پسپۆڕانی پاچڤەوانی ئافەت و بەڵای هەرە گەورەی زمانی دووەمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەرگێڕ ئەو دوو مەرجەی تیا نیە، واتە شارەزایی تەواوی لە هەردوك زمانەکەدا نیە..دیارە گوێزانەوەی پەیامی دەقێك (واتا ماناو مەبەست و چەمك و گوتارو وردەکارییەکانی دیکەی دەقەکە) لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم و داڕشتنەوەی لە قاڵبی زمانی دووەمدا (واتە تایبەتمەندییە فۆنەتیکی و زمانەوانی و دەستورییەکانی زمانی دووەم) مەرجێکی دیکە بەسەر وەرگێڕدا دەسەپێنێ کە ئەویش زەرورەتی شارەزایی وەرگێڕە لە بابەتی ئەو دەق یا بەرهەمەی وەری دەگێڕێت.. هەر وەرگێڕێك بە تەواوی شارەزای ئەو بابەتە نەبێ کە وەری دەگێڕێت، چەند زمانزانیش بێ بێفایدەیە و وەرگێڕانەکەی نا مەفهوم و کاڵوکرچ و زۆر جار غەڵەت دەردەچێت، کە ئەمە زۆر بە زەقی لە واری وەرگێڕانی ئەمڕۆی کوردیدا بەدی دەکرێت.. بێگومان مەسەلەی پاراستنی شێوازیش مەرجێکی دیکەی وەرگێڕانەو ڕاوبۆچوونی پاچڤەوانی جیاوازی لەسەرە.هەندێ پێیان وایە پاراستنی شێوەو شێوازی دەقی یەکەم لە پاش

پاراستنی چەمك و ناوەرۆك دێت..بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە بابەتێن نەهونەریدا، گوێزانەوەو پاراستنی چەمك و ناوەرۆك لە شێواز لە پێشترە، بەڵام لە کاری هونەری ئیبداعیدا، واتە لە بەرهەمێن خەیاڵی و شیعریدا ناوەرۆك و شێواز لێکدی جودا نین وبەجۆرێکی هونەریانەی ئەوتۆ ئاوێتەن کە جیاکردنەوەیان گەر مەحاڵیش نەبێ، یەجگار زەحمەت و ئەستەمە. بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی هەردووکیان بۆ زمانی دووەم وەربگێڕێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرهەمی ئەفراندنی ئەدەبی، کاری هەر وەرگێڕێك نیە..

((٢))

ئەگەر هەندێ ورد سەرنج بدەین و لە ئاست ئەو بزوتنەوە پاچڤەوانیە باوەی ئەمڕۆی کوردستان بوەستین دەبینین جۆرەها دەستەواژەو زاراوەو رستەبەندی سەیرو سەمەرە هێنراونەتە ناو زمانی کوردیەوە کە فریان بە زمانی کوردیەوە نیە، بنەماو بناخەی زمانی کوردیان، کە کۆڵەکەو ناسنامەی بوونی نەتەوەیی پێکدێنێ، خستووەتە مەترسییەوە، هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە پەرژینێ لە دەوری زمانەکەمان چێبکەین و بە ئامان و زەمان نەیەڵین نە وشەیەکی لێ بڕواتە دەرێ و نە وشەیەکی بێتە ناو . نا، نەخێر. زمان بوونەوەرێکی زندووە، یەکێك لە مەرجەکانی زندوویيەتیش بەخشین و وەرگرتنە، واتە پرۆسەی بەخشین و وەرگرتن مەرج و نیشانەی زندوویيەتیە ،بۆیە هیچ زمانێکی خالیسەو پەتی لە دنیادا نیە، هیچ زمانێکیش ناتوانێ رێگە لە هاتنی وشەی بێگانە بگرێت، بە تایبەتی ئەگەر زمانەکە وەکو زمانی کوردی، لەبەر هەر هۆیەك بێ، خزمەت نەکرابێ،و نەبووبێ بە زمانی بەرهەمهێنانی هزرو هونەرو فەلسەفەو زانست.. لە زۆر لایەنەوە بە کێویەتی خۆی مابێتەوە. جا وەرگرتنی وشەی بێگانە، بە تایبەتی ئەوانەی لە زمانەکەی خۆماندا نین، بە مەترسی دانانرێت.. چونکە ئەگەر وابوایە زمانی فارسی کە پتر لە هەزار ساڵە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا لە کارلێکدایەو وشەو زاراوەگەلێکی فرە فرەی ئەو زمانەی وەرگرتووە، دەبوایە ئێستا بە تەواوەتی لەناو بچوایەو ئاسەواریشی نەمایە. کەچی زمانی فارسی ئەمڕۆ لە ئەنجامی ئەو کارلێکەوە نەك هەر لاواز نەبووەو نەفەوتاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەڕادەیەك خەملیوەو زەنگین بووە کە ئەمڕۆکە بەبێ منەت هەموو بوارەکانی ژیان، لە هزرو فەلسەفەو هونەرو زانست بەرهەمدێنێ و شانبەشانی زمانە زندووەکانی جیهان بەشداری بەرهەمهێنانی میژوو و شارستانیەتی تیرەی بەشەر دەکات. هەڵبەتە هیچ زمانێکی زندوو ناتوانێ تەیمانێك بەدەوری خۆیدا بکێشێت و رێگە لە هاتنە ژوورەوەی وشەی بێگانە بگرێ، بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە جیهان لە سایەی جیهاندنەوانی و عەولەمەدا تەواو لێکدی نزیك بووەتەوەو بووە بە گوندێکی بچووك، وهیچ وڵات و میللەتێك ناتوانێ بە تەنێ هەموو کەناڵەکانی ژیان بەرهەم بێنێ. بۆیە دەبێ کارێکی وەها بکات لە رێگەی بەخشین و وەرگرتنەوە بەشداری لە بونیادنانی شارستانیەتی سەردەمی خۆیدا بکات. بۆ نموونە ئەمرۆکە هەزاران وشەو ناوو زاراوەی ئەوزارێن تەکنیکی و تەکنۆلۆژی میناکی: سەتەلایت ، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر،تەلەفۆن، رادیۆ، تەلەفیزیون، تاکسی وزۆری دی..کە زادەی داهێنانی زانستی و تەکنۆلۆجین، هاتوونە ئاراوەو بەناچاری بوون بە ناوو زاراوەی جیهانی. لە هەموو زمانانی دنیادا

بەکار دێن، مەگەر لە رووی دەنگ و فۆنەتیکەوە سووکە دەستکاری کرابن.یان هەندێ زاراوەو وشە هەن کە زادەی داب و نەیت و دامودەزگای تایبەتین کە لە زمانی یەکەما سەریان هەڵداوەو ریشاژۆ بوون،لە زمانی دووەمدا کە وەردەگیرێن، هاوواتایان نیە، بۆیە بەناچاری وەکو خۆیان وەردەگیرێن. بۆ نموونە وەك: بانك، ئوتێل، پەرلەمان، کابینە،ئوتومبیل، تاکسی..هتد کە وەختێ ئەو داب و نەریت و ئەوزارو دامو دەزگایانە دێنە ناو کۆمەڵگەیەکی دیکە، ناوەکانیشیان لەگەڵ خۆدا دێنن.. بەهەرحاڵ لە وەرگرتنی ئەو جۆرە وشەو زاراوانەدا دەبێ زۆر بە وریاییەوە کار بکرێ،.ئەو وشەو زاراوانەی کە هاوتایان لە زمانی دووەمدا هەیە، دەبێ هاوتا خۆماڵیەکەیان بەکار بهێنرێ، چونکە بە تەرککردنی هاوتای مەفهومتر و باوتری زمانی دووەم، بەرەبەرە ئەو زمانە دەگۆڕێت و دەشێوێت. هەنگینێ لە کەلەپورو رۆشنبیریی میللەت دوور دەکەوێتەوەو دابڕانی کەلتوری چێدەبێت. هەڵبەتە وەرگێڕانی وشە بە وشەی ئەو زاراوانە، فاکتەرێکی گەورەی شێواندن و ئاڵۆزاندنی هەر زمانێکە، بە تایبەتی لە لایەن خەڵکانی نابەڵەدو ناپسپۆڕەوە.. جا ئەمجۆرە کارە لە سنورێکی دیاریکروا ناوەستێ، بەڵکو وەکو ئاگری ناو پوش تەشەنە دەکات و هەر دەڕوات..

بەهەرحاڵ مەترسی لە وەرگرتنی وشەدا نیە، بەمەرجێ ئەو وشەو زاراوانە بخرێنە ژێر ڕکێفی دەستوری زمانی دووەمەوە، بەڵکو مەترسییەکە لە وەرگرتنی بونیادو ڕستەبەندی زمانی بێگانەدایە، چونکە بەمە زمانی دووەم تەواو دەشێوێت و دەئاڵۆزکێ و لە تێگەیشتنی ڕۆڵەکانی میللەت دوور دەکەوێتەوە.. رەنگە هەندێ وەرگێڕی تازە کورەو ناحاڵی ئەمە بە پابەندی بە فۆرم و شێوازی دەق بزانن، و زەرورەتی ئەو پابەندیە ناچاری ئەو کارەی بکات. لێ دەبێ ئەوە بزانێ کە مەبەست لە پابەندی بە دەق ئەوە نیە وەرگێڕ بە بیانوی پاراستنی شێوەو شێوازی دەق، بێت بونیادی ڕستەبەندی زمانی بێگانە بێنێتە ناو زمانەکەی خۆیەوە، بەڵکو دەبێ قاڵب و بونیادو رستەبەندی زمانی یەکەم تێك بشکێنێ و زۆر وریایانە هەموو کەرەستەو تفاق و پێکهاتەکانی زمانی یەکەم ، هونەرمەندانە لە قاڵبی زمانی خۆیدا، زمانی دووەمدا دابڕێژێتەوەو زمانی دووەمی پێ دەوڵەمەند وڕەوان بکات نەك بیشێوێنێ و بیئاڵۆزێنێ. جا لەم حاڵەتەدا یەکێك لە بنەماو بناخە هەرە سەرەکیەکانی پاچڤەوانی ئەوەیە کە زمانی دووەم ، واتە ئەو زمانەی کە بەرهەمەکەی بۆ وەردەگێرێت، زۆر باش بزانێ، شارەزای هەموو نهێنی و تایبەتمەندیەکانی بێ. کەواتە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکان وەرگێڕ ئەوەیە کە بەهەموو شێوەیەك زمانی دووەم بپارێزێ، هەڵبەتە پاراستنی زمانی دووەم بەو مانایە نیە کە لە قەفەزبنرێ و نەهێڵرێ لە پێستی خۆی بجولێت، نەخێر چونکە زمان بوونەوەرێکی زندوە، لە پرۆسەی گۆڕان ناخەلەسێت و گۆڕان و پەرسەندن خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی زندوویەتیە. مەبەست لە پاراستنی زمان ئەوەیە کە گۆڕانکاریەکان بە گوێرەی بنەما دەستوریەکانی زمانی دووەم رێکبخرێ و ئاڕاستە بکرێ. واتە بخرێتە ژێر ڕکێفی زمانی دووەمەوە. بەمە زمانەکە لە دەستەواژەوڕستەی ناهەموارو نادروست دێتە پاراستن. بەهەرحاڵ زمان بوونەوەرێکی زندووەو زادەی پێداویستیە کۆمەڵایەتی وهزری و فەلسەفی و هونەری و زانستیەکانەو بە حوکمی زندوویەتی خۆی دەبێ لە خۆتازەکردنەوەی

بەردەوامدا بیٚ و لێکدا لێکدا کاژ فڕیٚ بدات تا نەمریٚ و لە کاروان بەجیٚ نەمێنیٚ.بۆیە هەر نەوەیەك هەقی خۆیەتی بە گوێرەی پێداویستیەکانی خۆی و سەردەمی خۆی وشەو زاراوەی تازە دابهێنیٚ ،لیٚ ئەمە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕی و پوختەیی و ئەزموون هەیە.. تا بنەما دەستوریەکانی زمانەکەمان لە گرێژەنە دەرنەچێت و بۆ داتاشینی وشەو زاراوەی تازەش پەنا ببرێتە بەر بنەما دەستوریەکانی زمان..

((٣))

دیارە بۆ وەرگێڕێکی کورد، کە بیەویٚ هەر بەرهەمێك وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، یەکێك لە مەرجە هەرە بنەڕەتی و جەوهەریەکانی کارەکەی ئەوەیە شارەزاییەکی فرە خاسی لە زمانی کوردیدا هەبیٚ، لە دەقە کۆنە ڕەسەنەکان ورد ببێتەوە، بچێتە بنج و بناوانیان، سەرنجی چۆنیەتی داڕشتن و دەربڕینیان بدات، ڕستەو دەستەواژەو وشەیان لیٚ هەڵگوێزیٚ ولەبەری بکات، فەرهەنگی زمانەوانی خۆی پیٚ دەوڵەمەند بکات، چونکە بەمە چ نووسەرو چ وەرگێڕ توانای ئەوەی لا چێدەبێت کە بۆ دەربڕینی مەبەست و چەمکەکانی خۆی بۆ وشەی پێویست دانەمێنیٚ و تەنانەت بەهرەی ئەوەشی لە لا دەرسکیٚ کە وشەو زاراوەی تازەش بەگوێرەی بنەما دەستوریەکانی زمانی کوردی دابتاشێت و سەلامەتی زمانەکەش بپارێزیٚ.. جا شارەزایی لە زمان و ئەدەبیات و کەلەپوری کوردی یارمەتی وەرگێڕ دەدا مەبەست و چەمکەکانی خۆی لە قاڵبی وشەو دەستەواژەی پەسندو باوو ئاسان و مەفهومدا دەربڕیٚ و لە کاتی پێویستدا سوود لە وشەو دەربڕین و دەستەواژەی دەقە ڕەسەنە کۆنەکان وەربگرێت و زمانی خۆی پیٚ دەوڵەمەند بکات. واتە شارەزایی لە بەرهەمێن ڕەسەن وڕەوان و پەیگیری دەقە کۆنە ڕەسەنەکان دەکاتە کارێك وەرگێڕ لە زۆربەی ئەو هەلانە بخەلەسیٚ کە بەزۆری زادەو بەرەنجامی وەرگێڕانی کاڵو کرچی وشە بە وشەیە.. کە مەخابن لای ئێمە بەرادەیەك زاڵە کە هەندیٚ جار لە بەرهەمی وەرگێڕە باش و کوردی زانەکانیشدا بەدی دەکرێت.. خۆ کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکان بەرادەیەك شێواو ونامەفهوومن، پیاو گومانی ئەوە دەکات کە ڕەنگە ئەمە پیلانێك بیٚ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەناو زمانی کوردیەوە، زمانەکەمان لە بەرچاوی ڕۆڵەکانی میللەت بخریٚ.. هەڵبەتە وشەو زاراوەو دەستەواژەو ڕستەبەندی نامەفهووم و ئاڵۆز و نادروست و دوور لە سروشت و تەبیعەتی زمانی کوردی لە کتێبە وەرگێڕدراوەکاندا یەجگار زۆرە، تەنانەت تەشەنەی کردووە بۆ ناو عەوامی خەڵکیش، خۆ ڕادیۆ و تەلەفیزۆنەکان هەر باسی مەکە. هەڵبەتە جۆرە دابڕانێك لە کەلەپورو ئەدەبیات و زمانی کوردی لە لای نەوە تازەکان هەست پێدەکرێت و ئەم دوور کەوتنەوەیە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی، زەمینە بۆ بڵاو بوونەوەی ئەو زمانە سەقەتەی ئەمڕۆ لە وارە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکاندا باوە ،خۆشدەکات.. هۆیەکی دی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە زۆربەی نووسەرو وەرگێڕە تازەکان بە زمانانی بێگانە بیر دەکەنەوە و ئەوجامەبەستەکانیان بە کوردی دادەڕێژن..

هەڵبەتە هەنیٚ جار وەرگێڕانی وشە بە وشەی سەرکەوتووش بەدی دەکرێت. بە تایبەتی ئەگەر لە دوو زمانی هاوڕەگەزەوە بیٚ و کۆمەڵێك یاساو ڕێساو تایبەتمەندی هاوبەشیان لە نێواندا بیٚ.

بە هەرحاڵ زمانە زندووەکانی ئەمڕۆی جیهان لە کارلێکی رۆشنبیری و کەلتوریدان. نە لە کاریگەریی یەکتر بە دوور دەبن نە دەتوانن خۆ لە وەرگرتنی هەندێ زاراوەو دەربڕین و وشەی بێگانە بپارێزن. ئەمە زادەی کارلێکە کەلتوریە جۆراوجۆرەکانە.. لێ ئەمە دەبێ لە لایەن خەڵکانی پسپۆڕ شارەزاو لێزانەوە ئەنجام بدرێ، بۆیە شارەزایی لە زمان و کەلەپوری زمانی کوردی مەرجە بۆ نووسەرو وەرگێڕ. تا لەو رێگەیەوە کەلەپوری زمانەکەی خۆمان بپارێزین، وچاو لەوانەی پێش خۆمان بکەین کە چۆن کاریان لە ناو زمانی کوردیدا کردووەو وشەو زاراوەیان داڕشتووەو هەوڵیانداوە زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەن.. بۆ ئەوەی ، ئەوەی خۆمان هەمانە لە بێگانەی نەخوازین ،و ئەوەی وریدەگرین لەگەڵ رۆح و تەبیعەتی زمانی کوردیدا بیگونجێنین. هەڵبەتە ئەمەش کارێکی سادەو ئاسان و میکانیکی نییە.. هەموو کەسێك لە عۆیەی نایەت. ورگێڕی ئاشنا بە رۆح و تەبیعەتی زمانی کوردی ، وشەو دەستەواژەو داڕشتنی پێشینانی ئەهلی قەڵەم و ئەدیبان لە ناو فەرهەنگی زمانەوانی خۆیدا عەمار دەکات و لە کاتی پێویستا بە کەمێك دەستکاریەوە بەکاریان دێنێتەوە. یان بە گوێرەی بنەما دەستوریەکانی زمانەکەولەبەر رۆشنایی ئەو دەستەواژەو زاراوەو داڕشتنانە، وشەو زاراوەو داڕشتنی تازە دادەتاشێت..سەرکەوتنی وەرگێڕی چاك لەوەدایە کە بتوانێ ئەو زاراوەو دەربڕینانەی لە دەقە کۆن وکەلەپوریەکانەو وەری دەگرێت، بەجۆرێ بەکار بێنێتەوە کە رۆح و جەوهەرێکی تازەو سەربەخۆیان پێ ببەخشێت. بەلاَم رەنگ و بۆنە کوردیەکەی بپارێزێت.. دیارە شێوە زارەکانی زمانی کوردیش سەرچاوەیەکی دیکەی دەوڵەمەندکردنی زمانی هەر نووسەرو وەرگێڕێکە، کە دەتوانم بڵێم گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی کەشف نەکراوەو تا ئیستا وەکو پێویست کاری بۆ نەکراوەو سوودی لێوەرنەگیراوە. هەڵبەتە ئەمە لە خۆڕاو خۆبەخۆو بە شێوەیەکی میکانیکی نایەتە دی. بەڵکو دەبێ خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزاو ئەهلی قەڵەم و زمان کاری تیا بکەن و بە گوێرەی میتۆدێکی زانستانە رووی ئەو جۆگەلانە (شێوە زارەکان) بکەنە روباری زمانی یەکگرتووی کوردی، زمانی نووسین و خوێندنی هەر کوردی زمانێك..

((٤))

دیارە هەر وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، دەبێ شارەزای هەردوو زمانی یەکەم و(ئەو زمانەی لێی وەردەگێڕێت) زمانی دووەم (ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێت) بێ وبەسەریاندا زاڵ بێ. شارەزاییەکی تەوای لە بابەتی وەرگێڕانەکەیدا هەبێ.. هەر وەرگێڕێك ئەم سێ مەرجە سەرەکییەی تیا نەبێ ، بێگومان سەرکەوتن بەدەست نایەنێ .واتە ئەم سێ مەرجە دەبێ تەواکەرو تەواوکراوی یەکتر بن و سێکوچکەی کاری وەرگێڕان پێك دەهێنن، هەڵبەتە گلەییەکی زۆری ڕۆشنبیران و خوێنەرانی کورد لەوەیە کە بەشێکی زۆری کارە وەرگێڕدراوەکانی ئەمڕۆی واری چەلەنگی رۆشنبیریمان پڕن لە دەستەواژەی نامەفهووم ، وشەی غەڵەت، ڕستەبەندی زۆر ناسازو سەقەت و دوور لە رۆح و سروشتی زمانی کوردی، و خوێندنەوەی بەرهەمی کوردی لەبەرچاوی خوێنەری کورد دەخەن. رەنگە ئەم گلەییە تا ڕادەیەکی زۆر هەق بێ.ئەنجامی دڵسۆزی و خەمخۆری بێ نەك غەرەزو ڕکونی. بیگومان هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە

یەکێك لەو سێ مەرجە، یان هەرسێکیان وەکو پێویست لەو وەرگێڕە بەڕێزانەدا نیە.. یان ئەگەر هەشبێ بە نیوەچڵی هەیە. جا لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بۆ ئەوەش بکرێ کە وەرگێڕ چەند شارەزای هەردووك زمانەکەش بێ ، بە تایبەت زمانی یەکەم، ئەو زمانەی وەریدەگێڕێ، هەرگاڤەك گومانی لە وشەیەك پەیدا کرد، دەبێ بێ چەندو چوون پەنا وەبەر فەرهەنگ بەرێ، چونکە زۆرجار وەرگێڕ بەهۆی متمانەی زۆر بە زمانزانی خۆی، بەکارهێنانی فەرهەنگ فەرامۆش دەکات و تووشی هەڵە دەبێت.. بەهەرحاڵ ئەوەی زمان لە گرێژەنە دەبات، وشەی بێگانە نیە. لەم ڕۆژگاری جیهاندنەوانیەدا، ڕێگە لە وشە ناگیرێت.. ئەوەی زمان وێران دەکات ودەیشێوێنێ ڕستەبەندیە، ئێمە دەبێ لە خەمی ئەوەدابین ڕستەبەندیەکانمان کوردی بێ، نەك وشەکان، چونکە ئەگەر هەموو وشەکانمان کوردی پەتی پەتیش بێ، کە بە گوێرەی بنەما دەستوریەکانی زمانی کوردی نەخرێنە ڕستەوە، ماناو چەمك ومەبەستی روون و ڕەوان و مەفهووم بە دەستەوە نادەن.واتە دەردەکە لە وشەدا نیە، بەڵکو لە ڕستەبەندیدایە کە دەبێ هەوڵی خۆمان بۆ چارەسەری ئەمەیان بخەینەکار.

سەبارەت بە پسپۆڕی یان شارەزایی دەربارەی بابەتی وەرگێڕان،کە کۆڵەکەیەکی یەجگار گەورەی کاری وەرگێڕانە، وەرگێڕ دەبێ خۆی و توانای خۆی بناسێت و بەقەد بەڕەکەی خۆی پێ ڕاکێشێت. بۆ نموونە کەسێك ئاگاداری سەرچاوە سەرەکیەکانی فەلسەفە یان هەر وارێکی دیکەی ئەبستمۆلۆجی نەبێ ، با هەر زمانزان بێ ، لە کوێ دەکارێت لەو بوارانەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ؟! ڕەنگە ئەمە سەبارەت بە شاکارە ئەدەبیەکانی جیهان زۆر قورستریش بێ، چونکە مەسەلەی گوێزانەوەی شێوەو شێوازیش دێتە گۆڕێ و وەرگێڕ دەبێ بچێتە پێست و قاڵبی نووسەرەوە..

((٥))

دیارە سەبارەت بە شێوازو پاراستن و چۆنیەتی پاراستن و گوێزانەوەی شێواز، بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك پێیان وایە وەرگێڕان تا زیاتر لە دەقە ئەسڵەکە بچێت و پتر پابەندی بێ، ئەمە نیشانەو بەڵگەی پاراستنی شێوازە، بەڕادەیەك ئامانجی وەرگێڕ ببێتە ئەوەی بەرانبەر هەر وشەیەکی زمانی یەکەم ،هاوواتایەکی لە زمانی دووەمدا بۆ بدۆزرێتەوە. هەڵبەتە لە سایەی ئەم جۆرە وەرگێڕانەو لە ئەنجامی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی لێوەرگێڕدراوو بۆ وەرگێڕدراوەوە دووچاری ئافەت و بەلای بەدوەرگێڕان بووین و ئەم دیاردەی بەدوەرگێڕانەش روو لە زیادیەو خەریکە هەڕەشەی شێواندن و سەقەتکردنی زمانەکەمان لێدەکات.مەیموون زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەردا!!..ئەوەتا لافاوی رستەو دەستەواژەو رستەسازی هەڵەو بێ بنج و بناوانی زانستی، دوور لە رۆح و سروشتی زمانی کوردی و زێدەباری ئەمەش نامەفهووم وا خەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێران بوون ڕادەماڵێ.. ئەم دیاردەی بەدوەرگێڕان و زمان شێوانە زۆر بەزەقی لە کتێبە دەرسیەکانی قوتابخانەکاندا، بە تایبەتی لە بابەتی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەدی دەکرێت. پێدەچێت هەر کاریگەریی ئەمەش بێ کە زۆر بە چڕی لە رۆژنامەوانی و میدیا

کوردیـەکانی دیکـەدا ڕەنگـی داوەتـەوە.. کـە ئەگـەر کـار وابـڕوات ئـەوا چـەند سـاڵێکی دی کوردینووس و کوردیزان دەچنە قاتی و مەگەر بە چراوەبۆیان بگەڕێی.

هەڵبەتە مەترسی گەورەی شێوانی زمان لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا نیە، بەڵکو لە وەرگرتنی ئەو داڕشتن و ڕستەبەندیە ناکوردیانەدایە کە هەندێ وەرگێڕ لەبەر نابەڵەدی و تەمەڵی خۆیان خێرا وەریدەگرن .ئیدی ئەم زمانە سەقەتەی تەرجومە بەرەبەرە برەو دەسەنێ و باو پەیدا دەکات،و وەرگێڕانی پچڕپچڕو بێ سەروبەر کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکان و پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسین و ئەدەبیاتی تازەو نەوەکانی دی کە چاویان بە بەرهەمی تەرجومەکراوی پڕهەڵەو پەڵە و بێسەرو بەر دەکەوێ، وادەزانن ئاڵۆزی و پچڕپچڕی بابەتەکە، بۆ خۆی جۆرە شێوازێکی نوێیە، نازانێ کابرای وەرگێڕ ئەم کەتنەی ناوەتەوە..ئیدی خوێنەریش چونکە پاشخان و پشتیوانەیەکی ڕۆشنبیریی مکوم و تۆکمەی نیە، بۆیە بەلەز وەك ئەوەی هەنگوینی لە دارا دۆزیبێتەوە، دەکەوێتە لاسایی کردنەوەی. بۆیە سەیر دەکەی ژمارەیەکی زۆری خوێندەواران،کە تاقە پەیوەندیان بە ڕۆشنبیریی و کەلتوری جیهانیەوە، لە ڕێگەی ئەووەرگێڕانە سەقەت و شێواوانەوەیە بێ ئەوەی هیچ زمانێکی زندووی جیهانی یا هەرێمایەتی بزانن، بەناوی نوێنەرو ڕدێن چەرمووی ڕۆشنبیرییەوە، خۆ لە قەرەی مالیجە وچارەسەری گەورەترین و گەرمترین کێشەی ڕۆژی ئەم دنیایە دەدەن، بێئەوەی پشت بە تاقە یەك سەرچاوەو دەهمەنی دەرەجە یەك ببەستن دێن سەرچاوە دەرەجە چوارو پێنجە لە بنەڕەتا شێوێنراوەکان کاوێژ دەکەنەوەو دەیتفێننەوەو خەڵکەکەش بێ چ قێزکردنەوەیەك هەڵیدەگرنەوەو تا ڕادەیەکی زۆریش پێی قایلن و بانگەشەی هزرڤانی و پیتۆڵیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەن و لە چەندین لاوە مۆنتیکارلۆی بانگەشەیان بۆ وەگەڕ دەخرێ..جا ئەگەر هەندێ ورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلەك نموونەو دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعرە بەستەزمانەکە!!..زادەو لە دایکبوی ئەم حاڵەتی پاشاگەردانیە بەدی دەکەین.. ڕاستە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و پێ بە پێی پەرەسەندنی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت وپەرەدەسەنێ وقاڵبە کۆنەکان دەشکێنێ وقۆناغ بە قۆناغ کاژە کۆنەکان فڕێ دەداو کاژی تازە دێنێتەوە، لێ ئەمە بەو مانایە نیە کە بنەما سەرەکیەکانی نەمێنن و هەلوەشێنرێتەوەو داغان بکرێ..

بەهەرحاڵ ئەم جۆرە وەرگێڕانە چ بە هۆی نەزانیەوە بێ و چ بە بیانووی پاراستنی شێوەو شێوازەوە بێ، دەچێتە خانەی خیانەت بە زمانی کوردی، کە کۆڵەگەیەکی گەورەی بوونی نەتەوەیی و ناسنامەی میللیمانەو بۆ ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت، نیشتمان و دەوڵەتی مەعنەویە..

هەڵبەتە مەسەلەی ئەمانەتداری و پاراستنی شێوازی دەقی وەرگێڕدراو، یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی دیکەی وەرگێڕان..چونکە خوێنەر هەقی خۆیەتی هەر بەوە قاییل نەبێ کە بزانێ نووسەر چی گوتووە، بەڵکو پێویستە ئەوەش بزانێ کە چۆنی گوتووە.. جا ئەمە دەمانباتەوە سەر مەسەلەی ناوەرۆك و فۆرم...ئاخۆ بایەخی ئەم دوو لایەنە، لە وەرگێڕانی هەر بەرهەمێکدا لەیەك ئاستدایە؟!ئایا یەکێك لە هۆیەکانی ئەم هەموو وەرگێڕانە ئاڵۆزو نامەفهوومانەی ئەمڕۆمان،

ئەمە نیە کە زیاد لە پێویست بایەخ بە شێوازو ستایل دەدرێ؟! دەکرێ شێوازی نووسەر بە تەواوەتی پشتگوێ بخرێ؟ ئەگەر پشت گوێ نەخرێ چۆن و تا چ ڕادەیەك دەبێ بپارێزرێ؟ ئیدی هەر پرسیارەو پرسیاری لێدەبێتەوەو وەڵامدانەوەی بنجڕی ئەم پرسیارانەش هەر وا سووك و ئاسان نیە و ڕاوبۆچوونی هەمەجۆرو جیاوازی لەسەر هەیە..ڕاستە وەرگێڕان کارێکی پراکتیکیە،ئەگەر هەندێ یاساو ڕێسای گشتی هەبێ، ئەوا لە پاژکاریدا زۆر لەوە جیاوازترن کە هەرکەسێك خۆبەخۆ بێت پابەندی بێت و ئەنجامی بدات..بەڵام دەشێت بڵێین ئەمانەتداری یان پاراستنی شێواز، چەمکێکە لە حاڵی گۆڕاندایە، بەندە بەو بەرهەمەوە کە وەردەگێڕدرێ، واتە بە گۆڕەی بەرهەمەکە دەگۆڕێت و پێناسەی جودا وەردەگرێت. واتە بەرهەم هەیە دەتوانرێ تەرجەمەی ئازاد بکرێ، واتە ماناکەی بە تەواوەتی بپارێزرێ و شێوازەکەی زۆر بە هەند وەرنەگیرێت. ڕەنگە بشێت ئەمە لەگەڵ بەرهەمە ئەبستمۆلۆجیە ئەقڵانی و بابەتیەکاندا بکرێت، بەڵام دەرهەق بە د ەقە خەون ئامێزو بەرزە خەیاڵ وخودیە ئەدەبییەکان ئەمە ناکرێت، چونکە لەوێدا شتێك نیە ناوی ناوەرۆك و فۆرم بێ ،ناوی ناواخن و شێواز بێ. سنووریان لە نێواندا نامێنێ، ئاوێتە دەبن و لە یەك یەکەی هونەریدا تەجەلی دەکەن  وبەرجەستە دەبن کە ئەویش دەقی داهێنراوە. بۆیە لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ لە سەرێتی ئەو یەکە هونەریە، هونەرمەندانە، لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە.. هەڵبەتە لە نێوان ئەم دوو ڕێبازەدا، گەلەك وردە ڕێگەو ڕێچکەی دیکەش هەن، ڕەنگە لە ئەنجامدا هەر وەرگێڕێکی دڵسۆز بۆ کاری خۆی، بەدەم ئیشکردنەوەو لە میانەی ئەزموونی خۆیەوە ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە.

((٦))

جا هەر بەرهەمێك بگری و بۆ وەرگێڕانی هەڵبژێری، بە زمانێك نووسراوە کە یان هۆیەکە بۆ تێگەییشتن و تێگەیاندنی ناوەرۆکێك، ئیدی دیالۆگ بێ، هەواڵی ڕۆژنامەوانی بێ ،لێکدانەوەی سیاسی بێ، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بێ، مێژوو بێ، بیرەوەری بێ، زانستی بێ، تەکنیکی بێ ...هتد.زمان لەم جۆرە بەرهەمانەدا هۆیەکە بۆ گەیاندن و تێگەیاندنی ناوەرۆك و مەبەست، لەم بەرهەمانەدا ناوەرۆك لە پێشترە تا شێوازو تا ڕادەیەك جیا دەکرێنەوە، بۆیە ئەرکی وەرگێڕ ئەوەیە بەر لە هەرشتێك ناوەرۆك بەو پەڕی وردی و ڕەوانی بگوازێتەوەو وەربگێڕێ بۆ سەر زمانی دووەم و هەر ئەوەندە بایەخ بە شێواز بدات کە ئاسیو بە ناوەرۆك نەگات وزەدەداری نەکات. بەڵام سەبارەت بە بەرهەمێن خەیاڵی و داهێنراوی هونەری، بە تایبەتی شیعر، ئەوا زمان هیچ ئەرکێکی نیە تەنیا خودی خۆی نەبێ، واتە زمان هۆو ئەوزار نیە، بەڵکو خودی بەرهەکەیەو لێی جیا نابێتەوە، بۆیە لەم جۆرە بەرهەمانەدا ناوەرۆك و شێواز لێکدی جودا نین و جیا نابنەوە. ورگێڕ لەسەرێتی هونەرمەندانە ئەو جۆرە بەرهەمە وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە بگوازێتەوەو بۆ زمانی دووەمی وەربگێڕێت. بۆ نموونە دەکرێ داوا لە نووسەری بەرهەمێکی زانستی بکرێ،ئەگەر بەرهەمەکەی سەخت و ئەستەم بێ، کە بەرهەمەکەی بە زمان و شێوازێکی سادەترو ڕونتر بنووسێت تا خوێنەران باشتر لێی حاڵی بن، چونکە زمان لێرەدا تەنیا هۆیەکە بۆ دەربڕین و گەیاندنی ناوەرۆك. بەڵام ناشێت هەمان داوا لە شاعیرێك یان داهێنەری دەقێکی

هونەریی خەیاڵی بکرێت.چونکە لە دەقی داهێنراودا شێوازو ناوەرۆك لیکدی جیا نین.خۆ ئەگەر داهێنەر شێوازی دەربڕین و زمانەکەی دەستکاری بکات و بگۆڕێ، ناوەرۆکی بەرهەمەکەشی دەگۆڕێت و لە مەبەستی جەوهەری خۆی دوور دەکەوێتەوە.. ئەمە دەکاتە ئەوەی دەقێکی دی بە شێوەو شێوازێکی دی بئافەرێنێ و فڕی بە دەقی یەکەمەوە نامێنێ.

هەڵبەتە چۆنیەتی مامەڵە کرنی وەرگێڕ لەگەڵ هەر نووسراوێکدا، مەسەلەی ئەمانەتداری و نائەمینی بەگەڵ دەکەوێ.. بێگومان هەرکاتێ وەرگێڕ بە جوانی و وەکو پێویستەو دەبێ، لە دەقێك حاڵی نەبێ و کاری تیا بکات بێگومان کارەکەی نائەمین دەردەچێت.بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی بەدەم کاری وەرگێڕانەوە لە خۆی بپرسێت کە خوێنەر چی لەم ڕستەیەی من دەگات، ئایا ئەوەی خوێنەر لێی حاڵی دەبێت هەمان مەبەست و مرادی نووسەرە؟ یان دەتوانێ هەرجارەی بەشێك لە وەرگێڕانەکەی بداتە خوێنەرێك تا بیخوێنێتەوەو بزانێ ئەو خوێنەرە چەندو چۆنی لێدەگات.. بەتایبەتی لە وەرگێڕانی بەرهەمی زانستیدا، ئەوە لە خۆی بپرسێت، ئەگەر ئەم بەرهەمەی ڕاستەوخۆ بە زمانی دووەم (ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێ) بنووسیایەو دەربڕایە، چۆنی دەنووسی؟ چونکە کاری وەرگێڕی بەرهەمێن زانستی، بیەوێ نەیەوێ لایەنی فێرکاریانەشی تێدایە، هەمووش دەزانین فێرکار لە سەرێتی بابەتەکەی بە جۆرێ بخاتە روو کە فێرخواز بە ئاسانی و بەتەواوەتی لێی بگات.. هەڵبەتە سەبارەت بە زمان، کە مەرجی بنەڕەتی و سەرەکیە بۆ وەرگێڕو وەرگێڕان، جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بەوە بدرێ کە هەر زمانێك بگری، تواناو ئیمکاناتی خۆی هەیە و وەرگێڕ لەسەرێتی ئەو تواناو ئیمکاناتانە بدۆزێتەوەو داهێنەرانە بەکاری بێنێ، نەك بێ توانایی خۆی بە ملی زمانەکەدا بدات. بەهەرحاڵ سەلامە ترین وەرگێڕان ئەوەیە نە ئەوەندە ئازاد بێ لە ئەسڵەکە دوور کەوتبێتەوەو نە ئەوەندە وشە بە وشەو وشك بێ مەبەست نەگەیەنێ و خوێنەر لێی تەوەللابێ.

**تێبینی: بۆ زانیاری پتر بڕوانە:**


**١- نڤری بە ترجمە ،صالح حسینی، چاپ دوم: ١٣٨٢**

**٢- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی ، و: حەمەکەریم عارف، ٢٠٠٦**

**٣- خیانەتی حەلاڵ، رۆژنامەی بارزان، ژمارە: (٨٦، ٨٧)، حەمەکەریم عارف**


## وەرگێڕان = هاوتاسازی

((١))

وەرگێـڕان بـەمانا زمانەوانیەکـەی دەکاتـە شـرۆڤە کـردن و گواسـتنەوەی دەقێـك لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی. لێ بـە مانـا زاراوەییەکـەی دەکاتـە دۆزینـەوەی نـزیکترین و دروسـتترین هاوتایـانی وشەێن زمانی یەکەم، لە زمانی دووەمدا،بە جۆرێ کە رەوت و رێچکەو شێوازی نووسەر بپارێزرێ و نەشێوێنرێ..

وەرگێـڕان بە درێـژایی مێـژوو، وەکـو پێویسـتییەکی بەشـەری هـەر هـەبووەو یـەکێك بـووە لـە ئەوزارەکانی چێکرنی پەیوەندی لە مابەینی تیرەی بەشەردا. تەنانـەت کە دووکەسـی سـەر بەیـەك زمـانیش کـاتێ یەکـدی دەدوێـنن و مەبەسـتەکانیان بـە یەکـدی دەگەیـەنن، ئەمـەش هـەر دەچێتە خانـەی جـۆرە وەرگێڕانێکـەوە..تیرەی بەشـەر لـە رێگـەی وەرگێرانـەوە هـەوالّی یـەکتریان زانیـوە، سـودیان لـە تواناو بـەهرە، هـزرو بیر،و دەسـکەوتە رۆحـانی و ئەقلانییـەکانی یـەکتر وەرگرتـووە. چونکە بەشەر لەلایەکەوە پێویستیان بە زانسـت و هونـەری یـەکتر هـەبووەو هـیچ کس و گـروپ و میللـەتێك نـەبووە بەتـەنێ بتـوانێ هـەموو وارەکـانی ژیـان وژیـار بەرهـەم بێنـێ ،ولەلایـەکی تـرەوە بەهۆی جیاوزی زمانیشەوە نەیان توانیوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەمابەینی خۆیاندا چێبکەن،بۆیە چاریان هەر ئەوە بووە پەنا بۆ وەرگێڕان بەرن. هەرچـەندە پێشکەوتنی زانسـت و تـەکنۆلۆجیاو دیـاردەی جیهاندنـەوانی ئەمڕۆکـە تـا ڕادەیـەکی زۆر تـیرەی بەشـەری لێکـدی نزیکخسـتووەتەوە وئەمە کاری کردووەتە سـەر نزیکخسـتنەوەی زمانـەوانی میللـەتانیش.بەلام هێشـتا هـەر میللـەتان نەگەیینەتە یەك، بۆیە وەرگێڕان وەکو جۆرە دان وسانێکی هزری هەر باقیە..بەشەر بە تەبیعـەتی خـۆی حـەزی لـە جـۆرە سـەرەڕۆییەك هەیـەو کەڵکەڵـەی زانـین و کەشـفکردنی زانسـت و هونـەرو پێشکەوتنەکانی تیرەی بەشەرو خولیـای هـەڤرکی و پێشبڕکێی یـەکتری لەلایە،بۆیـە وەدی هـاتنی ئەم خولیاو کەڵکەلانە وای لەبەشەر کردووە کە وەرگێڕانی لەلا ببێ بە پێداویستی و زەرورەتێکی رۆحانی وزانستی وهزری و هونەری و رۆشنبیریی و سیاسی...رەنگە ئەگەر بگوترێ وەرگێـڕان ئەمڕۆکـە سـەراپای ژیـانی تـاك و کۆمـەڵی گرتووەتـەوەو بـووە بـە ئـەوزارو فاکتـەری سـەراپای پەیوەندییەکانی نێوان تیرەی بەشەرو فاکتەرێکی زۆر کاراو کاریگـەری گشـتاندن و ڕیشـاژۆکرنی دیـاردەی جیهاندنەوانیـە، نـەبێ بـە زێـدەڕۆیی..بـەلام وێـڕای ئـەوەش هەنـدەك جـار وەرگێـڕان، وەرگێڕانـی غەڵـەت دەبێتـە مایـەی بـەدحاڵی بـوونی بەشـەر لـە یـەکتر ولـە جیـاتی پەیوەندییـە مرۆڤانیـەکانی مابـەینی تـیرەی بەشـەر بتـەتر بکـات، لێکـدیان دڕدۆنـگ بکـات و شـەڕو ئـاژاوەو تەنانـەت خوێنڕێـژیان لـە نێوانـدا بنێتـەوە.. رەنگـە زۆر شـەڕی خوێنـاوی لـە بـەدحاڵی بـوونێکی بچوکی زادەی وەرگێڕان وشرۆڤەی غەڵەتی دوو جوملە قسەوە رووی دابێ!

((٢))

دەتوانرێ بگـوترێ زەرورەتـی وەرگێڕان لـە بنەڕەتـدا شـەرعیەتی خـۆی لـە جیـاوازی زمانانـەوە وەرگرتووە. کە دوو کەسی زمان جیاواز گەییونەتە یـەك و پێویسـتیان بـە پەیوەنـدی وگفتوگۆیـان بووە، پەنایان وەبەر پاچڤە بردووەو لە ڕێگەی زمانی ئاماژەو جوڵەی دەست و چاوەوە مەبەسـتی خۆیـان لێکـدی حـاڵی کـردووە. جـا بـەم پێیـە وەرگێڕانـی زارەکـی زۆر کۆنـەو دەگەڕێتـەوە بـۆ

سـەرەتای پەیـدابوونی کۆمەڵگـە بەشـەرییەکان.. خـۆ وەرگێڕانـی نووسـراویش هـەر کۆنـەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆنی پێش زاین و کەتیبەو بەردەنووسەکان بەڵگەی دروستیی ئەم بۆچوونەن..

کاری پاچڤەوانی ئەگەر بە شێوەیەکی بەرنامەداری زانستیانە بکرێ، باشترین بەرهەمی هەر میللـەتێك وەربگـیرێ و خـەڵکانی زمـانزانی پسـپۆڕو زانایـانی هـەر بوارێـك شـان بدەنـە بـەر وەرگێڕانـی، ئـەوا وەرچـەرخانێکی مـەزن لـە بیرو هزرینـی میللەتـدا چێدەبێت و بزوتنەوەیـەکی ڕۆشـنبیریی ڕەسـەن بـەرپادەبێت و وەکـو چۆن وەرگێـڕ لـە ڕێگـەی پاچڤەوە دەبـێ بەشـەریکی نووسەر لە بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە لە زمانی دووەمدا، بەو ئاوایەش میللەتان دەبن بە شەریکی بـیری یـەکترو دەتـوانن یـەکتر بخوێننـەوەو هامـاجێکی لـەباری لێکـدی حـاڵی بـوون بسـازێنن وپەیوەندییە مرۆڤانیەکان ریشاژۆ بکەن.

هەڵبەتە وەرگێڕانیش جۆری هەیە.هەر جۆرەش لایەنگرو نەیاری خۆی هەیە، هەر لایەنەش دەسـتاوێزو بیـانووی خـۆی هەیـە..ڕەنگـە نـاوی جۆرەکـانی پاچڤەش بـەپێی گـۆڕانی قۆنـاغ و سەردەمان، گۆڕانی بەسەردا بێت و ناوی تازەی لێ بنرێ.لێ لە بنەڕەتدا هەر ناوەرۆکە کۆنەکانەو لە بەرگێکی تازەدا خۆ دەنوێنن. کە ناوە زۆر باوەکان زیاتر ئەمانەن:

١- پاچڤەی وشە بەوشە:

ئەم جـۆرە وەرگێڕانـە بـە زۆری نـارەوان و بـەگرێ و گۆڵـە و پەیوەنـدی ئاسایی لـەمابێنی دەق و خوێنـەردا چێناکات.کـە ئـەو پەیوەندییـە دروسـت نـەبوو پەیامەکـە ناگـات،و ڕەنگـە بـە حـوکمی ئـەوەی پاچڤەوان بونیـادی زمـانی و ڕێزمـانی ودەسـتوری زمـانی یەکـەم بەسـەر زمـانی دوەمـدا دەسـەپێنیٚ، دەقـە ئەسـڵەکە، لـە زمـانی دووەمـا دەقایـەتی خـۆی لـە دەسـت بـدات ، بۆیـە هـیچ پەیوەندیـەکی ئاسـان دروسـت نـابێ وخوێنـەر تـەوەللا دەبێـت و دەقەکـە دەبێـت بـە قوربـانی ئـەو جۆرە وەرگێڕانە کە لە چاو جۆرە وەرگێرانەکانی دی دا بێ بازاڕترە..

هەڵبەتە پابەندی لەرادەبەدەری پاچڤەوان بە وشەو ڕستەبەندی دەقە ئەسڵکە و گـوێ نـەدان بـە چـەمك وماناکـەی، دەکاتـە کارێـك پاچـڤە بەرادەیـەك نـارەوان و نامـەفهوم دەردەچێت کـە خوێنـەر توشی سەرەگێژکێ دەکات و لە خوێندنەوە تەوەللا دەبێت. کـە ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە پاچڤەوان نەیتوانیوە لە زمـانی دووەمـدا دەقایـەتی دەقـە ئەسـڵەکە بپارێزێ.کە دەقایـەتیش نەما،پەیوەنـدی نامێنیٚ، پەیوەنـدی نـەما یان دروست نـەبوو، پـەیام و چـەمك ناگـات و خوێنـەر دەتـۆرێ، ئەمـەش نیشـانەی ناکـامی وەرگێرانەکەیـە.بۆیـە وەرگێـڕ نابێـت تـەنیا دەوری قاموسـێکی وشـکی زمـان بگێڕێت، وهەر بە وەرگێرانی وشەکان قایل بێ.بەڵکو دەبێ بونیادو ماناو چەمکی دەقی یەکەم وەسـتایانە هەڵوەشـێنێتەوەو لـە قاڵـب و بونیـادو مانـاو چـەمکی زمـانی دووەمـدا ،وەسـتایانە دایڕێژێتەوەو دەقایەتیەکەی بپارێزێت. جا بەم پێیە پاچڤەی چاك بریتیە لە داهێنانـەوەی دەقێك کە ئەگەر زمـانی زکمـاکی نووسـەری دەقەکـە هـەمان زمـانی وەرگێڕەکـە بوایـە، هـەر بـەو شـێوەیەی دادەڕشت کە وەرگێڕەکە دایرشتووە.. دیـارە خۆیایـە کـە وەرگێڕانـی ئاوهـا چ زانـایی و دانـایی و هۆش و گۆش و زمانزانی و بەرزە خەیاڵی یەکی گەرەکە! بۆیە دەبێ ئەم جۆرە وەرگێرانـە ئامـانج

و مەبەستی هەر وەرگێڕێکی باش بێ، با بە ئاسانیش نەیگاتێ، گرینگ ئەوەیە هەوڵ بدات ئەوەندەی لە توانایدایە لەو ئامانجە نزیك ببێتەوە..

بەهەرحاڵ وەرگێڕانی وشە بەوشە جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگێڕان، ویڕای کەم ڕەواجی و ئەو خەوشانەی لەسەرێرا ئاماژەیان کرایێ، دەبێ لە هەندێ واراندا بە ناچاری پەنای وەبەربرێ، وەك واری فێرکاری، وەرگێڕانی بەڵگەنامانی فەرمی، وەرگێڕانی دەقێن ئاینی میناکی قورعان و فەرموودەی پێغەمبەران و وەلی و پیاوچاکان ووەرگێڕانی نووسراوێن کارگێڕی و دەقێن خەبەری.. بەلاّم لە هەر هەموو ئەو حاڵەت و وارانەشدا دەبێ چۆنیەتی دارشتنەوەی دەقەکە بە پێی یاساو رێسا زمانی و رێزمانی و دەستورییەکانی زمانی دووەم بێ..

٢- وەرگێڕانی وردو ڕەوان:

ئەم جۆرە وەگێرانە باوترین جۆری وەرگێڕانە و بۆ گوێزانەوەی دەقێن جۆراوجۆری ئەدەبی، ئاینی، زانستی، هونەری و فەلسەفی و رۆشنبیریی بەفراوانی بەکار دەهێنرێ. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، پاچڤەوان تەنیا وشەو ڕستە ناگوازێتەوە، بەڵکو ماناو چەمکیش دەگوازێتەوەو لە سنوری توانادا پابەندی ئەمانەتداری دەبێت و لە چوارچێوەی دەقە ئەسڵکە دەرناچێت.لێ بە جۆرێکی هێندە ڕەوان وڕەسا لە زمانی دووەمدا دایدەرێژێتەوە کە خوێنەر بە تەواوەتی رابکێشێت ، واهەست بکات دەقێکی خۆماڵی دەخوێنێتەوە، هەرچەندە هیچ وەرگێڕانێك چەند وردو ئەمینش بێت ناکاتە ئەسڵی دەقەکە.بەلاّم وەرگێڕی بەتواناو باش دەتوانێ نزیکترین هاوتای دەقە ئەسڵەکە لە زمانی دووەمدا بەرهەم بهێنێتەوە..

٣- وەرگێڕانی ئازاد:

لەم جۆرە پاچڤەیەدا وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی دەستەواژەو رستەێن دەقە ئەسڵییەکە پاش و پێش دەکا و هەندێ جار شتی بۆ زیادو کەم دەکات. بەلاّم بە تێکڕایی ئەسڵی بابەتەکە زادەی هزرینی نووسەری دەقەکەیە نەك پاچڤەوانی دەقەکە.واتە هەر دەسکاریکرنێکی دەقەکە لەلایەن وەرگێڕەوە چ بەزیادکرن و چ بەکەم کرن بۆ دەقەکەو لە دەقەکە، بە دەوری تەوەری بابەتەکەی نووسەردا دەسورێتەوە.. ئەم جۆرە وەرگێڕانەش یارو نەیاری خۆی هەیە. نەیارانی دەڵێن وەرگێڕانی ئازاد دەسکارییەکی زۆری دەق دەکات، ئەوەندەی مەبەست و بۆچوونی وەرگێر دەنوێنێ، مەبەست و بۆچوونی نووسەری دەقەکە نانوێنێ و ئەوەندەی بازاڕگەرمی و فرۆشی مەبەستە، ئەوەندە گەیاندنی ئەمینانەی چەمك و مانای مەبەست نییە، یان بەرهەمهێنانەوەی نزیکترین هاوتای دەقە ئەسڵەکەی مەبەست نیە. بۆیە ئەم جۆرە پاچڤەیە رەفز دەکەن. بەلاّم لایەنگرانی پاچڤەی ئازاد پێیان وایە وەرگێڕان بریتیە لە شرۆڤەی دەق وقسان جا لەو پێودانگەوە بەڕەوای دەزانن. بە بۆچوونی ئەوان ئەم جۆرە وەرگێڕانە بەهۆی دەسکاری و زیادکرن و کەمکرنی وەرگێڕەوە، لە قاڵبی وەرگێڕان دەردەچێت و تام و بۆی دانان وەردەگرێت و هەندێ جار لە دەقە ئەسڵەکە جوانتر دەردچێت.. بەلاّم هەرچۆنێك بێ ئەمانەتی زانستی وادەخوازێت کە نابێ هیچ بەرهەمێك بە رادەیەك دەسکاری بکرێت کە نەناسرێتەوەو عەیبدار ببێ. وەرگێڕانی ئازاد پتر بۆ شانۆنامە، شیعر و هەندێ جاران دەقی ئەدەبی دەگونجێت. رەنگە

بشێت کلیلەو دمنە بە نموونەیەکی ئەدەبیی وەرگێڕانی ئازاد بژمێردرێت. کەواتە دەسکاری و زیادوکەمکرن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕانی ئازاد. هەڵبەتە ئەمەش لە توانای هەر وەرگێڕێکدا نیە.. هەر بە حوکمی ئەو زیادو کەمکرنە لە بواری وەرگێڕانی ئازادا دوو زاراوەی پاچڤەوانی دی دێنە گۆڕێ کە وەرگێڕانی شرۆڤەوانی و تەفسیری و وەرگێڕانی کورتکردنەوەیە. وەرگێڕانی شرۆڤەکاری: هەر لقێکە لە لقەکانی وەرگێڕانی ئازادو زیاتر لە مەیدانی تەفسیرو شرۆڤەی ئایەتێن قورعان و دەقێن ئاینی دا بەکار دەهێنرێ. وەرگێڕانی کورتکردنەوە: ئەمیش هەر لقێکی وەرگێڕانی ئازادە. وەرگێڕ بەدەم وەرگێڕانەوە هەوڵدەدات هەرچی زیادەو درێژدادڕییەك لە دەقە ئەسڵەکەدا هەیە بژاری بکات و بیخاتە لاوەو زۆر جار دەقێکی چەند سەد لاپەڕەیی لە سەد لاپەڕەیەکدا کورت دەکرێتەوە.. بەهەرحاڵ ئەمەش بۆ خۆی جۆرە وەرگڕانێکەو لە خانەی وەرگێڕانی ئازادا دەگیرسێتەوە، بەڵام هەرگیز بە تەرجومەی وردو ئەمین حەساو ناکرێت..

٤- وەرگێڕانی شیعر:

وەرگێڕانی شیعر بە حوکمی بونیادو پێکهاتەی شیعر ئەگەر مەحاڵ نەبێ نیمچە مەحاڵە. چونکە شیعر تەنیا بە مەبەستی چەمك و مانا پەنا وەبەر وشە نابات، بەڵکو ئەو دیوی وشە، دنیای ریتم و ئاهەنگ، هەوێن و جەوهەری شیعر پێك دێنێ و نێوەرۆك و فۆرم بە جۆرێ لێکدیدا جۆش دەخۆن و ئاوێتە دەبن کە لە جیا بوونەوە نایەن، ئەمەش لە حاڵەتێکی هەرە تایبەتیدا بەرجەستە دەبێت و شیعریەت پەیدا دەکات کە خۆی لەهەر جۆرە دەسکارییەك پاس دەکات. کە ئەمەش مەحاڵبوون یا نیمچە مەحاڵبوونی وەرگێڕانی شیعر،کە هەرگیز ناکاتە ئەسڵی شیعر دەسەلمێنێ.. جگە لە کێش و سەروا، ریتم و ئاهەنگ و مۆسیقای ناوەوەی دەقی شیعر کۆسپن لە رێگەی وەرگێڕانی شیعر..ئەمە جگە لە هونەرە ڕەوانبێژیەکان کە لە شیعردا زاڵن و یەکجار ئەستەمە مل بۆ وەرگێڕان بدەن.. رەنگە وەرگێڕێکی شارەزاو بەتوانا لە وەرگێڕانی شیعرێکدا داهێنان بکات، بەڵام وەرگێڕانەکە،هەرچۆنێك بێ، کە رەنگە بۆ خۆی بە جۆرە داهێنانێك حەساو بکرێ، ئەسڵی شیعرەکە نیە.. بۆیە وەرگێڕانی شیعر بەحوکمی بونیادو پێکهاتەی شیعر نیمچە مەحاڵ و هەندێ جار مەحاڵە. شیعر هەرکە وەرگێڕدرا، لە زمانی دووەمدا دەبێ بە دەقێکی ترو فڕی بە دەقی یەکەمەوە نامێنێ، مەگەر هەندێ لێکچوونی رواڵەتی لەسەر خوانی شیعرییەت کۆیان بکاتەوە.

٥- وەرگێڕانی پەخشان بەشیعر:

ئەمەش جۆرێکی دیکەی وەرگێڕانە و زیاتر ئەو کەسانە خۆی لێ دەدەن کە بەهرەو زەوق و سەلیقەیەکی شیعری بەرزیان هەیەو، پتر لە مەیدانی ئەدەبیاتدا بەکارهاتووە. ئەمەش بۆ خۆی جۆرە داهێنان و هونەرنوێنییەکەو چەند سەرکەوتووش بێ ناشێت بە وەرگێڕانی وردو ئەمین حەساو بکرێ.. چونکە زەرورەتی بونیادو پێکهاتەی شیعر ناچاری دەکات دەسکارییەکی زۆری دەقە ئەسڵەکە بکات..

٦- وەرگێڕانی زارەکی:

ئەمـەش جـۆرە وەرگێڕانێکـە کـە زادەی پێداویستییەکانی ژیـان و زەررەتـی لێکـدی حاڵیکرنی مەبەست و مەرامانە. ئەمەش لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ، یا قسەکردن یا گفتوگۆ. قسـەکردن: ئەمەیان پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانێکی زۆرە. جا وەرگێڕ دەکارێت دەقی وتارەکـە لـە وتاربێـژ وەربگـرێ و پـاش تـەواوبوونی ئـەو ڕاسـتەوخۆ وەری بگێڕێـت یـا دەشـێت وتاربێـژ هـەر جـارەی پـەرەگرافێکی قسـەکانی خۆی بکـات و ئـەوجا بوەستێ و وەرگێڕ تەرجەمـەی بکـات. یـا وەرگێڕو وتاربێژ بەیەکەوەو لە یەك کاتدا قسە بکەن کە ئەمەیان فرە زەحمەتـە.. دیـارە لـەم حاڵـەدا وەرگێڕ قسەکان بەشێوەی یەکەم کەسی تاك یا سێیەم کەسـی تـاك وەردەگێڕێـت.. وەرگێڕانـی گفتوگـۆو هەڤپەیڤین: ئەمە زیاتر لە گفتوگۆی چاپەمەنیان و ڕادیـۆیی و تەلەفزیۆنیـدا بـەکار دێـت . وەرگێڕ دەبـێ کورتـەو پوختـەی قسـەکانی موخاتـەب تۆمـار بکـات، بـەو حاڵەشـەوە زۆر جـار نـاتوانێ مەبەستی بەرانبەرەکـەی بە باشـی دەربـڕێ و بگوازێتـەوە. دیـارە وەرگێڕانـی زارەکـیش بۆخـۆی کۆمەڵە مەرجێکی هەیە کە دەبێ لەهەر وەرگێڕێکی ئەو مەیدنەدا هـەبێ. دەنا لـە کارەکەیـدا ناکـام دەبێت. لەوانە: شارەزایی تەواوی لە هەردوك زماندا هەبێ. شارەزایی تـەواوی لـە بابـەتی گفتوگۆ یـان قسـەکاندا هـەبێ. دەبـێ زۆر بـەزەین و وردو تەڕدەسـت بـێ. شـارەزای هونـەری دەربـڕین و وتاربێــژی بــێ.. زۆر وردو ئــەمین بــێ لــە هەڵبــژاردنی وشــەو زاراوەکانــدا کــە لەگــەڵ پلــەی خوێنەواری،و پایەی کۆمەلأیەتی و سیاسی و زانستی قسەبێژدا بگونجێت. نابێ بە هـیچ جـۆرێ بیرو بۆچوونی خۆی تێهەڵکێشی دەقی وتارەکە بکات..

*****

هەڵبەتـە هـەر لـە واری وەرگێڕانـدا جـۆرێکی دیکـەش بەرچـاو دەکـەوێ، کـە وەرگێڕانـە لـە وەرگێڕانەوە .بۆ نموونە کتێبێك لە ئینگلیزییەوە دەکرێت بە عارەبی و لە عارەبییەوە دەکرێت بە کوردی.. هەڵبەتە نابێ چاوەڕوانی وردی و ئەمینی لەم جۆرە وەرگێڕانانە بکرێ.چونکە وەرکێڕان وەختـێ پەسـندە کـە لـە زمـانی ئەسـڵی دەقەکـەوە بکـرێ. ئـەو جـۆرە وەرگێڕانانـە وەکـو کەلوپـەلی دەستی دووەو هەرگیز نە ڕەونەق و نموود، ونە نرخ و بایـەخی کەلوپـەلی دەسـتی یـەکی دەبێـت . چونکە لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ چەند زەبەر دەستیش بێ نـاتوانێ وێنـەی دەقـە ئەسـڵەکەمان نیشـان بـدات، ئەوپـەڕی جـامێکی شـێواوی دەقەکـەمان دەخاتـە بەردەسـت. کـە زۆربـەی کـاری وەرگێـڕان لەلای ئێمە و لەوپەڕی ناچارییەوە لە زمانی دووەم و هەندێ جار لە زمانی سێیەمەو دەکـرێ و تـا دەگاتە لای ئێمە تلّپی تەڕی تیا نـامێنێ و یـەکێك لـە هۆیـەکانی کـەم ئەسـەری کـاری وەرگێـڕان لـە ژیانی ڕۆشنبیریماندا ئەوەیە..

هـەروەها لـەواری وەرگێڕانـدا، دیاردەیـەکی دی هەیـە کـە یـەك بابـەت یـان دەق لەلایـەن چـەند کەسێکەوە دێتە وەرگێڕان، هەڵبەتە خوێندنەوەو گۆشـە نیگـاو زەوق و سـەلیقەی پاچڤەوانان زۆر جیاوازن،و ئەم جیاوازیانەش لە وەرگێڕانەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە. لێکدانەوەو گوێزانەوەی چـەمك و مانای دەقەکە لـە وەرگێڕێکـەوە بـۆ یـەکێکی دی دەگـۆڕێت، دیـارە ئەمـە بـە عـەیب ناژمێردرێـت، بەڵکو جۆرە تەواوکردنێکی پاچڤەکانی پێشووترە.

بەهەرحاڵ وەکو چۆن زارۆکی جمك چەندیش بشوبهێنە یەکتری هەر جیاوازیان هەیەو نابن بەیەك،وەرگێڕانیش بەهەموو جۆرەکانیەو چەند وردو رەوان و ئەمینیش بێ هەر ناکاتە ئەسڵی دەق.دیارە پاچڤەی هەر دەقێك بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەدەبی، ئاینی،زانستی، سیاسی، راگەیاندنەوانی،...هتد جۆرە شێوازێکی تایبەتی وەرگێڕانی گەرەکە. بۆ نمونە وەرگێڕانی مەیدانی ئەدەبی وادەخوازێت وەرگێڕ بە ئەندازە خودی نووسەری دەقەکە شارەزاو پسپۆڕبێت، شارەزاییەکی زۆر فرەی لە هەردوو ئاستی فەساحەت و بەلاغەتدا هەبێ.هێندە پابەندی ئەمانەتی ئەدەبی و زانستی بێ کە لە زمانی دووەمدا نزیکترین هاوتای دەقی یەکەم هونەرمەندانە پێشکەش بە خوێنەر بکات یان بۆ نموونە وەرگێڕانی دەقی زانستی، تەنیا زانینی دوو زمانەکەی بەس نییە، بەڵکو شارەزایی لە خودی بابەتەکە و لە زاراوەکانی بابەتەکەش یەجگار پێویستە. بۆ نموونە بابەتێکی پزیشکیی، بە ئەدیبێکی نەپزیشك نایەتە وەرگێڕان، چونکە شارەزایی تەواوی لەو زانستەدا نیە، بۆیە دەقی زانستی دەبێ ئەهلی زانست خۆی لێ بدەن. یان دەقی ئاینی، ئەمە کاری هەر وەرگێڕێك نیە، بۆ نموونە دەقی قورعان کە قسەو کەلامی خوایە، هەندێ پێیان وایە هەر نابێ بێتە وەرگێڕان، بەلاّم لەبەر ئەوەی زمانی موسوڵمانانێکی زۆر عارەبی نییە، بۆیە هیچ چارێك نیە و دەبێ وەربگێڕدرێت، بەلاّم ئەمە کاری خەڵکانی زۆر شارەزایە نەك هەرکەسێك دوو زمانی زانی بێ چەن وچوون قۆڵی لێ هەڵماڵێ و بکەوێتە وەرگێڕانی. بۆ نموونە قورعانەکەی مامۆستا هەژاری لەمەڕ خۆمان نموونەیەکی بەرزی ئەو جۆرە وەرگێڕانەیەو بەر لەو کەس خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی سی جزمەی قورحان نەداوە.

بەهەرحاڵ وەرگێڕ چەند لەزەبرو لە ئاستێکی بەرزیشدا بێ زۆر زەحمەتە دەستخۆشی لێ بکرێ و ئافەرینی پێ بگوترێ، بە تایبەتی لە ناوەندە بە ڕواڵەت رۆشنبیری و رۆشنبیریی بازەکاندا.ئەگەر لە تانەو تەشەر بخەلەسێت زۆر بەختەوەرە. جا لێرەدا دەبێ ئاماژەیەك بۆ وەرگێڕانی دەقی چیرۆکڤانی و شانۆییش بکرێ کە لەم جۆرە دەقانەدا، پێداویستی و تەبیعەتی کارەکە هەندێ جار وادەخوازێت زمانی عامیانەو میللی و دیالۆگی بەکاربێت، وئەمە بۆ خۆی دەبێت بە بەشێك لە شێوازی دەقەکە و وەرگێڕ لە سەرێتی لە زمانی دووەمدا پابەندی ئەمە ببێ و شێوازو رەوتی دەقە ئەسڵەکە بپارێزێ.. بۆ نموونە زمانی کاراکتەرێکی خوێنەوارو شاری، لە دەقەکەدا جیاوازە لە زمانی کاراکتەرێکی نەخوێنەواری دێهاتی کە وەرگێڕ دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ ولە زمانی دووەمدا بەرجەستەی بکاتەوە.

بەهەرحاڵ هەرچەندە هەر وەرگێڕێك بۆ خۆی خودان زەوق و سەلیقەو بەهرەو توانایەکی تایبەتیە و لە پاچڤەوانانی دیکەی جیا دەکاتەوە، لێ هەندێ مەرج و پرەنسیپانیش هەن کە دەبێ لە هەر وەرگێڕێکدا هەبن و پابەندیان بێت، لەوانە: شارەزایی تەواو لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی بەرهەمەکە. شارەزایی تەواو لە بابەت و نێوەرۆکی بەرهەمەکە، واتە دەبێ بە ئەندازەی خودی نووسەر یا دانەری دەقەکە و بگرە زیاتریش شارەزای بابەتی دەقەکە بێ، بۆ ئەوەی ئەگەر نووسەر لە خودی بەرهەمەکەیدا هەڵەیەك یان سەهویەکی کردبێ ، وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا و لە پەراوێزدا ڕاستی بکاتەوە. واتە ئەگەر وەرگێڕ بە ئەندازەی خودان بەرهەم شارەزای دەقەکە نەبێ،

هەق نیە خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی بدات. شارەزایی لە زاراوەکانی هەردووك زمانی یەکەم و دووەم..چونکە مانای زاراوەیی جیایە لە مانای وشەیی وزمانی.. بۆ نموونە: "تەیری گول ئاشق بەداری زەقنەبووتە" مانا زمانیەکەی شتێکەو مانا زاراوەییەکەی شتێکی دیکەیە. ئەگەر وەرگێڕ بەمانا زمانیەکەی وەری بگێڕێت، نەك هەر هیچ ناگەیەنێ بەڵکو دەبێ بە مەخسەرەو گەپجاڕیش.. هەروەها وەرگێڕ دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێ کە هەمیشە لە داڕشتنی ڕستەکانیا، پەیڕەوی دەستوورو یاساو ڕێزمانی زمانی دووەم بکات.،دەنا خوێنەران لێی تەوەللا دەبن، واتە وەرگێڕ دەبێ پابەندی زمانی ئەو خەڵکە بێ کە کارەکەیان بۆ وەردەگێڕێت و بە زمانی خۆیان بیاندوێنێ.. وەرگێڕ دەبێ پابەندی ئەمانەتداری ببێ و تا دەتوانێ خۆی لە هەرجۆرە دەسکارییەك دوورە پەێز بگرێ.چونکە وەرگێڕ لە کاتی پاچڤەی دەقدا دەکاتە نوێنەری نووسەر و دانەر، دەبێ نوێنەرێکی ئەمین و جێ متمانە بێ ،وشێوازو بابەتی ئەو بپارێزێ. ئەم ئەمانەتداریە دەبێ بە رادەیەك بێ کە ئەگەر نووسەرەکە، سەر بەهەمان زمانی وەرگێڕ بوایە، هەر بە هەمان شێوەی وەرگێڕ ئەو دەقەی دابڕشتایە و جیاوازییەکی ئەتۆی لەگەڵیا نەبوایە.واتە وەرگێڕ کە لە زمانی دووەمدا کار دەکات دەبێ خۆی لە جێی خوێنەر دابنێ و بزانێ ئایا توانیویەتی وەستایانە و بە زمانێکی رەوان و خویا پەیوەندی لە نێوان دەقەکەو خوێنەردا چێبکات؟! هەروەها سوود وەرگرتن  لە فەرهەنگی گونجاوو بەکارهێنانی، یەکێکە لە مەرجە گرینگەکان و نابێ بە هیچ بیانوویەك پشت گوێ بخرێ.وردی لە وەرگێڕانی سەرناڤی بابەت یان کتێب یەکێکی ترە لە مەرجەکانی وەرگێران. تا دەکرێ دەبێ هەمان سەرناو بێ کە لە زمانی یەکەمدا هەیەتی و وەرگێڕ بۆی نیە بیگۆڕێ چونکە ئەمە دەکاتە دەسکاری و دوورکەوتنەوە لە ئەمانەتی وەرگێران. هەڵبەتە کاراکتەرو تەمەن و رەگەزی کاراکتەر دەبێ لە وەرگێڕاندا رەچاو بکرێت، دەبێ بزانرێ ئەو رستەیەی دێتە وەرگێران لە زمانی چ کەسێکەوە دێتە دەربڕین، ئایا ئەو کەسە، کەسایەتیەکی زانستی یا سیاسییە؟ پیاوە یا ژنە؟ منالە یا پیرە؟ چونکە زمانی هەریەکێك لەو کەسایەتیانە جیاوازە لە زمانی ئەوانی دی و زمانیش یەکێکە لە بونیادە هەرە گرینگەکانی دەق.

هەروەها وەرگێڕ تا بۆی دەکرێ دەبێ خۆی لە ریزکرنی وشەێن هاومانا بپارێزێ و هەوڵبدات بەرانبەر بە هەر وشەیەکی زمانی یەکەم، یەك هاوتا لە زمانی دووەمدا بەکاربێنێ. وەرگێڕ دەبێ خۆی لە حەزفکرنی هەر ڕستەیەکی دەقە ئەسڵییەکە بپارێزێ. چونکە ئەمە بە جۆرە هەلاتنێك لە دەقەکە لەقەڵەم دەدرێ. دەچێتە خانەی جۆرە نائەمینییەکەوە.. بەلاّم ڕەنگە ئەم کارە ئەگەر بەمەبەستی جۆرە رەوانی بەخشێنێك بە دەقەکە بکرێ ، لەوەیە هەندێ جار چاوپۆشی لێبکرێ. هەڵبژاردنی وشەی باو ومەفهووم مەرجە بۆ وەرگێران، چونکە کە وەرگێڕ بونیادی دەقی زمانی یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە بە هەمان کەرەستەو داروپەردوو لە زمانی دووەمدا و بە دەستوری زمانی دووەم بینای دەکاتەوە. بۆیە نابێ دەقەکە لە زمانی دووەمدا دژوارتربێ  لە زمانی یەکەم. ئەمەش بە زمانێکی مەفهووم و رەوان دێتە دی.. ناسینی بیرو بۆچوون و چۆنیەتی هزرینی نووسەر لە لایەن وەرگێڕەوە، یارمەتییەکی زۆی وەرگێڕ دەدات لە کاری وەرگێڕاندا..وەرگێرش لە

زمانی دووەمدا دەبێ خۆی لە بونیادی دەستووریی و ڕێزمانی زمانی یەکەم دوور بگرێت...بەڵام هەرکاتێ دووزمان لە یەك زماندا کۆبکرێتەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ کار لە یەکتر دەکەن و هەر یەکێکیان هەوڵدەدات هەندێ لە تایەتمەندییەکانی خۆی بەسەر ئەویدا بسەپێنێ.. نموونەی ئەم حاڵەتە لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا بە زەقی دەبینرێ. و لەم جۆرە وەرگێڕانەدا بونیادی زمانی یەکەم زاڵتر دەبێت.. بە شێوەیەکی گشتی بونیادی زمانەوانی و دەستوری زمانە بە هێزترو دەوڵەمەندترەکە زاڵ دەبێت.واتە زمانی بەخششی گەورتر زاڵ دەبێت. ئەگەر سەیری زمانی کوردی ئەمڕۆ بکەین دەیان ڕستەی ناسازی دوور لە بونیادو تەبیعەتی زمانەکەمان بەدی دەکەین کە هەرهەمووی زادەی ئەو حاڵەتانەو بێ توانایی وەرگێڕەکانە لە زمانی کوردی دا. هەروەهاپاچڤەوان لە سەرێتی خۆی لە زمانی پەتی بپارێزێ و نەچێت ئەو وشانەی بۆ نموونە سەدان ساڵە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لای هەر کوردێك ئاشناو مەفهوومن، بە بیانوی زمانی پەتییەوە لە زمانەکەمان وەدەربنێ و کۆمەڵێك وشەی نەباوی تازەی بێ بنج و بناوانی زانستی دابتاشێت..چونکە لە دنیادا هیچ زمانێکی پەتی نیە وهەر زمانێك بەو ڕادەیە پەتی بێ، نیشانەی گۆشەگیرییەتی وئەمە دیاردەیەکی ناپەسندە و نیشانەی ئەوەیە ئەو زمانە دوورە لە هەر کارلێکێکی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ..چونکە زمان بوونەوەرێکی زندووە، لە زاوزێی بەردەوامدایە، وشەی تازەی دەبێ و وشەی لێ دەمرێ،وشە وەردەگرێت و وشە دەبەخشێت، واتە وەکو هەر بوونەوەرێکی زندوو لە حاڵی خۆتازەکردنەوەدایەو لە ناو پرۆسەی گۆڕین و گۆڕاندایە، ئەمە لە نیشانەکانی زندوویەتیە..کە وشەو دەستەواژەو زاراوان وەردەگرێت، لە قاڵبی بونیادی و زمانەوانی و دەستوریی خۆی دەدات و دەیکوردێنێ..هەڵبەتە پاکنووس و پێداچوونەوەی دەقی وەرگێڕدراو یەکێکە لە ئەرکە پێویستەکانی وەرگێڕو ئەمە دەبێتە مایەی پوختەیی کارەکەو بژاردنی لە هەڵەو پەڵە.. دیارە بەرجەستەکردنەوەی هەستی نووسەر لە زمانی دووەمدا یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی وەرگێڕان.چونکە خوێنەر هەر بەوە قاییل نابێت بزانێ نووسەر چی وتووە، بەڵکو دەشیەوێ بزانێت چۆنی وتووە یان بەرجەستە کردووە. بۆیە وەرگێڕ لەسەرێتی ڕۆح و هەستی نووسەر بە جوانی بخوێنێتەوە تا بتوانێ وەستایانە دەقەکەی لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە.. هەڵبەتە هەر بابەتەش زمانی خۆی هەیە کە ئەمە دەبێ لە زمانی دووەمیشدا ڕەنگ بداتەوە. بۆ نموونە زمانی زانست زمانی ئەدەب نییە، بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی لە زمانی دووەمدا نزیکترین هاوتای زمانەوانی دەقی یەکەم بدۆزێتەوەو بەکاربێنێ..

**تێبینـــــــــــی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**


*- فن ترجمه، دکتر یحیی معروف، چاپ دوم، ١٣٨١

*-گفتمان وترجمه، علی صلح جو،چاپ اول ١٣٧٧ تهرن، نشر مرکز

*-ڕۆژنامەی بارزان ژ((٨٧))ئافاتی وەرگێڕان، حەمەکەریم عارف


## وەرگێران ودەردی کوردی نەزانی

((١))

لەو ڕۆژەوە کە کۆمەڵگە بەشەرییەکان دروستبوون ،میللەتان و دەوڵەتانی سەربەخۆ پەیدا بوون، ئیدی پەیوەندی نێوان بەشەرو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان یەکێك بووە لە پێداویستیە هەرە گرینگەکان. ئەم زەرورەتە بە پێی رۆژگارو بە گوێرەی قۆناغان و گۆڕانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاوەو پەرەی سەندووەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە..یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵگەی بەشەر، زەرورەتی بەرقەرارکردنی پەیوەندی و هاوکاریە لە زەمینەو بوارە جیاوازەکاندا. بۆیە لە کۆنی کۆنەوە کار بۆ بەرقەرارکرنی ئەم پەیوەندییە کراوە. جا مەسەلەی زمان و فێربوونی زوانی میللەتانی جیاواز یەکێك بووە لە هۆکارەکانی بەرقەرارکرنی ئەم پەیوەندیانە.. بۆیە تا میللەتان بە زمانانی جیاواز ژیان و ژیار و شارستانیەت بەرهەم بێنن، وەرگێڕان وەکو هۆیەکی بەرقەرارکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیریی، ئابوری، بازرگانی و سیاسی..هتد هەر دەمێنێ. جا لێرەدا مەبەستمان لە زمان وفێربوونی زمان ، تەنیا زمانی گفتوگۆو قسەکرن نییە، بەڵکو ئەو زمانەیە کە لە زەمینەی زانستی، رۆشنبیری، هونەری،بازرگانی و سیاسی دا و..هتد بەکاربێت و لەو بوارانەدا پەیوەندی لە نێوان میللەتان و وڵاتانی جیاوازدا دروست بکات..کەواتە وەرگێڕان زادەی پێداویستییەکانی ژیانی بەشەرە. ئەگەرچی وەرگێڕان هەندێ پرەنسیپ و ڕێسای خۆی هەیەو پێویستی بە فێربوونە، بەلاٌم وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی زیاتر لە رێگەی ئەزموونەوە بەدەست دێت و قاڵدەبێتەوە.زانینی زمانی یەکەم، مەبەست ئەو زمانەیە کە لێوەی وەردەگێڕدرێت مەرجی هرە گرینگە بۆ هەر وەرگێڕێك. هەر وەرگێڕێك بە تەواوەتی شارەزای زمانی یەکەم نەبێ ودەسەڵاتی بەسەریدا نەشکێت، نابێ خۆی لە قەرەی کاری وەرگێڕان بدات. هەڵبەتە زانینی زمانی دووەم ،واتە ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕدرێت وشارەزایی تەواو لە گشت ڕازو نهێنییە بونیادی و دەستوری و فەساحەت و بەلاغەتییەکانی هاوتای مەرجی زانینی زمانی یەکەمەو بگرە زیاتریشە.. بۆ نموونە یەکێك لە خەوشەکانی کاری وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوەیە بەشێکی زۆری وەرگێڕە بەرێزەکانمان بەو ئەندازەیە دەسەڵاتیان بەسەر زمانی کوردیدا ناشکێت کە بەئاسانی وبە ڕەوانی گوزارشتی پێبکەن. بۆیە بەناچاری پەنا دەبەنە بەر وەرگێرانی وشە بە وشە.ڕەنگە هەندێ جار لە زمانی کوردیدا هاوتای وشەکانی زمانی یەکەم بدوزنەوە، بەلاٌم هاوتای لایەنە فەساحەت و بەلاغەتییەکەی زمانی یەکەمیان پێ نادوزرێتەوەو ئیدی نەك هیچ خزمەتێك بە زمانی کوردی ناکەن،بەڵکو خیانەتیشی لێدەکەن کە ئەمە زۆر بەزەقی لە وەرگێڕانی کتێبە دەرسییەکانی قوتابخانەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت..بۆیە دەردی وەرگێڕان لە لای ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی دەردی کوردی نەزانیە. واتە وەرگێڕ چەند لە زمای یەکەمدا زەبەردەست و شارەزاش بێت، ئەگەر لە زمانی دووەمدا گەلەك شارەزاو کارامە نەبێت ناتوانێ وەرگێڕانێکی ڕوون و ڕەوان و مەفهووم ئەنجام بدات..خۆ بە تایبەتی ئەگەر وەرگێڕانەکە دەقی ئەدەبی میناکی شیعرو چیرۆك

و گوتاری هونەری و شانۆنامەو...هتد بیّ ئەوا باشتر وایە وەرگێڕەکە بەخۆی ئەدیب و ئەدەب پەروەرو ئەهلی ئەو مەیدانە بێت.

((٢))

کەواتە کەرەستەی کاری هەر وەرگێڕێك بەر لەهەر شتێك بریتییە لە زانینی تەواوەتی دوو زمان. دەبیّ وەرگێڕ جیاوازی و لێکچوونەکانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی ئەو دەقەی کاری تیا دەکات، لە هەردوو ڕووی فەساحەت و بەلاغەتەوە زۆر بە باشی بزانیّ..هەر وەرگێڕێك ئەو شارەزاییەی نەبوو، هەق نیە خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی نەك کاری گەورە بەڵکو چەند پەرەگرافێکیش بدات. چونکە زۆرجار هەڵەیەکی بچووك دەبێتە مایەی مردارکردنەوەی دەقێکی گەورە. واتە بۆ قەسابانەیەك وشترێك مردار دەکرێتەوە. کەواتە وەرگێڕ دەبیّ لە دەریای هەردوو زمانی یەکەم و دووەم دا مەلەوان بێت. بە گوێرەی بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری وەرگێران، شارەزایی لە زمانی دووەمدا لە ڕیزی پێشەوەی مەرجەکانی وەرگێڕان و وەرگێڕە.هەڵبەتە ئەم مەرجی زانین و شارەزاییە لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا وادەخوازێت وەرگێڕ خوێنەرێکی زۆر جدی بێت. ڕێزمان و دەستوری هەردوو زمانەکە بە بەردەوامی بخوێنێتەوە، بەرهەمی نووسەرانی کۆن و نوێیان بخوێنێتەوەو هەر بۆ مەشق و ڕاهاتن و خۆ جەڕباندن جارجار پێیان بنووسێت. چونکە وەرگێڕ لەم ڕێگەیەوە شارەزای وشەو زاراوەو ڕستەبەندی و پەندو قسەی نەستەق و تایبەتمەندییەکانی هەردوو زمانی زارەکی وئەدەبی، واتە زمانی قسەکردن و نووسین و چۆنیەتی دەربڕینی جۆراوجۆر دەبێت. بە خوێندنەوەو نووسین گەشە بە بەهرەو توانای نووسەرایەتی خۆی دەدات و بەدەم خوێندنەوەوە لایەنە جیاوازو لێکچووەکانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی بۆ دەردەکەوێت و زەخیرەیەکی زمانەوانی باشی لەلا کەڵەکە دەبێت و لە مەیدانی گوزارشت و دەربڕیندا نەك هەر دانامێنیّ بەڵکو هونەرنوێنیش دەکات.. هەڵبەتە مەبەست لە زانینی جیاوازییەکانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم، جیاوازیە گشتییە زۆر باو وزەقەکان نیە، بەڵکو جیاوازیە هەرە تایبەتی و گوزارشتەوانی و بونیادییەکانە کە لەبندێری هەر دەقێکدا خۆی مەڵاس داوەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەیە.جا وەرگێڕ لە قۆناغی فێربووندا، هەقە زۆرجار پەنا بەرێتە بەر خوێندنەوەی دەقێکی وەرگێڕدراو لەلایەن کەسێکی کارامەو متمانەپێکراوەوەو لەگەڵ زمانە ئەسڵەکەدا بەراوردی بکات. چونکە بەمە شارەزای لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی وەرگێڕان دەبێت.

جا وەرگێڕان بە حوکمی ئەوەی پردی پەیوەندی و گوێزانەوەی پەیام و زانیاریانە، دەبیّ هەمیشە جووت لایەنە بیّ. هەم لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی خۆت و هەم بە پێچەوانەوە، واتە لە زمانی خۆتەوە بۆ زمانی بێگانە بیّ تا پەیوەندییەکی ئەوتۆ دروست ببیّ کە کارلێکێکی ژیاری جدی لیّ بکەوێتەوە.. بۆ نموونە پرۆسەی وەرگێڕان لەلای ئێمە تا ڕادەیەکی یەجگار زۆر تاك لایەنی یە. زیاتر لە زمانی بێگانەوە بۆ کوردیە تا لە کوردیەوە بۆ زمانی بێگانەبیّ..دیارە ئەمەش هۆکارو فاکتەری خۆی هەیە. ڕەنگە یەکێك لەو فاکتەرانە ئەوەبیّ هێشتا متمانەمان بە کەلەپورو کەلتوری خۆمان نییە کە ڕووی مەجلیسی کەلەپورو کەلتوری جیهانییان هەبیّ!! هەڵبەتە من

لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا نیم ، ئەگەر بیرکردنەوەی وەها هەبێ!..بەڵام هۆیەکی گەلەك لەوە خۆیاتر هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە هەندێ بواردا زانینێکی مامناوەندییانەی هەردوو زمان بەس بێ بۆ ئەوەی دەست بدرێتە جۆرە وەرگێرانێك، ئەوا بۆ وەرگێران لە زمانی کوردیەوە بۆ زمانی بێگانە دەبێ وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواو تەواوی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێ. شارەزای هەموو پەناو پەسێرو نهێنی و تایبەتمەندییەکانی هەردووك زمانەکە بێ. هەڵبەتە سەبارەت بە وەرگێڕانی هەندێك دەقێن نەئەدەبی ڕەنگە کارەکە تۆزێك ئاسانتر بێ. لێ سەبارەت بە دەقی ئەدەبی، وەرگێر نەك دەبێ شارەزای هەردوو زمان بەڵکو دەبێ شاەزاییەکی تەواوی لە بابەتەکەشدا هەبێ. شارەزاییەکی زۆر زیاتر لەوەی وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی زکماك گەرەکیەتی..بە کورتیەکەی وەرگێڕان لە زمانی زکماکەوە بۆ زمانی بێگانە زۆر قورسترە لە وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی زکماك. بۆیە ئەمەیان پسپۆری و شارەزایی پتری گەرەکە. جا ڕەنگە یەکێك لە فاکتەرەکانی کەمی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە، بگەڕێتەوە بۆ کەمی پسپۆر وکادیرانی شارەزاو پەراگەندەییان، کە دەکرێت هەلومەرجی مادی و مەعنەویان بۆ دابین بکرێ و لە مەڵبەندو بنکەی تایبەت بە وەرگێڕاندا کۆبکرێنەوەو پرۆسەی وەرگێڕان وەکو خەمێکی نەتەوەیی بەوان بسپێردرێت و..بەڵکو هەم ئەو پاشا گەردانییەی ئیستا نامێنێ و هەم پرۆسەی وەرگێڕان دەکەوێتە سەر سکەی خۆی و لەم بێخاوەنییە ڕزگار دەبێت و دەتوانێ خۆی پاس بکات.

((٣))

گوتمان جگە لە زانینی پرەنسیپ و یاساو ڕێسا گشتییەکانی وەرگێڕان، مەشق و ڕاهێنانی پراکتیکیش فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ گەشەکردنی تواناو بەهرەی وەرگێر، زەمینە خۆشکەرە کە زۆر نهێنیی پرۆسەی وەرگێڕان کەشف بکات و لە بۆتەی ئەزموونی پراکتیکیدا قاڵ ببێتەوە..دیارە سەبارەت بە کەسانی تازەکار تا دەکەونە سەر سکە پێویستە لە هەوەڵەوە لە دقی سادەو ئاسانەوە دەست پێبکەن، بەڵکو چەشە دەبن..دەقەکە چەندجارێك بە وردی بخوێننەوە تا لە بابەتی دەقەکە بە تەواوەتی تێ بگەن. بەدەم خوێندنەوەی دەقەکەوە، وشە قورس و فرەواتاکان دەست نیشان بکەن و پاشان لە فەرهەنگدا ماناکانیان دەربێنن. هەڵبەتە بەکارهێنانی فەرهەنگ یەکێکە لە کەرەستەکانی وەرگێڕان و بەڕادەیەك پێویستە، هەر وەرگێڕێك پشتگوێی بخات ناکرێ نێوی وەرگێڕی لێ بنرێ. چونکە هەرگیز ناکرێ ماناو چەمکی وشەکان بە گومان و دوو دڵییەوەو بە پشتیوانی زەینی خۆی و مەزەندەو مەزەندەکاری لێکبداتەوەو بنووسێتەوە.دەقەکە بە شێوەی زارەکی لە دڵی خۆدا وەربگێڕن.ئەوجا دەست بە وەرگێڕان بکەن و بیخەنە سەر کاغەز. کە لە وەرگێڕانەکە بوونەوە، دەقە وەرگێڕدراوەکە بە وردی بخوێننەوەو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکەدا بەراوردی بکەن و بە گوێرەی پێویست دەستکاری بکەن و هەڵەو پەڵەکانی چاك بکەنەوەو پاك بکەنەوە.ئەوجا وەرگێڕانەکە بۆ چەند ڕۆژێك وەلاوە بنەن و پاشان بە شێنەیی بچنەوە سەری و بیخوێننەوەو بەراوردی بکەن و دەسکاری بکەن..سەبارەت بە وەرگێڕی کورد هەمیشە ئەو پرسیارە لەخۆ بکەن، ئەگەر کوردێك فلاَن ڕستە بڵێت چۆنی دەڵێت، تا داڕشتنەکەی

کوردی بێت و دەگەڵ بنەما دەستوری و بونیادییەکانی زمانی کوردی دا تێکبکاتەوەو خوێنەر لە خۆی تەرەو تەوەلا نەکات ..تا وەرگێڕ بەرەبەرە دەبێت بە خاوەنی ئەزموونی خۆی، چونکە ئەزموون دەورێکی بنەڕەتی دەبینێ..

((٤))

جا بەم پێیە تێکڕای پرۆسەی وەرگێڕان دەکاتە هاوتاسازی.وەرگێڕ دەبێ لەسەرەتای کارەکەیەوە تا کۆتایی سەروبر لە خەمی دۆزینەوەو داهێنانی نزیکترین هاوتای ئەو دەقە بێ کە کاری لەسەر دەکات، ئیدی چ دەقی زانستی یان هونەری و هزری وفەلسەفی وڕۆشنبیریی بێ چ دەقی ئەدەبی بێ،گرینگ ئەوەیە لە زمانی دووەمدا هاوتای گونجاو ودروست و ڕوون و ڕەوان بۆ وشەو چەمك وڕستەکانی دەقی یەکەم بدۆزێتەوەو بە جۆرێ لە قاڵبی پرەنسیپە دەستوری و بونیادییەکانی زمانی دووەمدا دایڕێژێتەوە کە ئەگەر زمانی دووەم زمانی زکماکی خودان دەقەکە بوایە هەر وای دابڕشتایە. ئەگەر هەر وەرگێڕێك بگاتە ئەو ئاستە ئەوا کاریگەریی دەقە وەرگێڕدراوەکە لەسەر خوێنەرانی زمانی دووەم هاوتای کاریگەریی دەقە ئەسڵەکە لەسەر خوێنەرنی زمانی یەکەم دەکاتەوەو ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ..هەڵبەتە وەرگێڕ وەکو ئاماژەمان کردێ دەبێ لە هەوەڵەوە دەقەکە زۆر بە وردی بخوێنێتەوەو مەبەستی نووسەرو مانای گشتی دەقەکە حاڵی ببێ، هەموو نهێنییەکانی لە هەردوو ئاستی فەساحەت و بەلاغەتدا کەشف بکات و بدۆزێتەوە.پاشان لە زمانی دووەمدا هاوتای دەقەکە بدۆزێتەوە، بە کوردی و کوردانە دای بڕێژێ..واتە وەڵامی ئەم پرسیارەی دابێتەوە:ئەگەر کوردێك ئەم ماناو چەمك و ڕستانە بڵێت چۆنی دەڵێت و چۆنی گوزارشت لێدەکات؟! خۆ ئەگەر سەرنجێکی بلەزی هەندێ وەرگێڕانی ئەمڕۆی جیهانی وەرگێڕانی کوردی بدەین، دەبینین پڕن لە ڕستەی ناکوردی و نامەفهووم،کە دیارە زادەی خەمساردی و بێ موبالاتی و کەمتەرخەمین، پێموایە هەندێجار دەچنە خانەی خیانەت نەك هەر لە دەق وخودان دەق بەڵکو لە زمانی کوردیش.

دیارە دیقەتکاری لە پرۆسەی وەرگێڕاندا چ لە زمانی فەرەنگییەوە بۆ زمانی خۆماڵی و چ بە پێچەوانەوە یەکێکە لە مەرجە هەرە گرینگەکان. جا دیقەتکاری تەنیا لە رووی ڕێزمانی و دەستوری و بونیادی دەقەوە نییە، بەڵکو دۆزینەوەی نهێنی و ڕازەکانی دەقیشە، خوێندنەوەی ئەودیوی دەقە، دۆزینەوەی چەمك و مانا جیاوازەکانی دەقە، ئەوجا هەڵبژاردنی گونجاوترین چەمك و مانای هەموو ئەو کەرەستە زمانەوانی و بەلاغیانەی کە دەقەکەیان پێکهێناوە..پێموایە زۆر زەحمەتە ئەم مەرجە گرینگە لە ڕێگەی وەرگێڕانی وشە بە وشەوە بێتە دی، بۆیە وەرگێڕ لە سەرێتی نزیکترین هاوتای دەق بدۆزێتەوەو بە کوردی و کوردانە دای بڕێژی ٧.

((٥))

زۆربەی زمانانی جیهان لە ڕووی پێکهاتەی بونیادی دەستوری و چۆنیەتی دەربڕینەوە لێکدی جیاوازن..جا هەر ئەم جیاوازییە خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی وەرگێڕانی وشە بە وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بە زۆری پڕهەڵە ناڕوون و نارەون دەربچێت..ناکرێت ڕستەیەك کوت ومت وەکو خۆی وشە بە وشە وبێ کەم و زیاد بێتە وەرگێڕان.بەڵکو دەبێ سووکە دەسکارییەکی

پێکهاتەو بونیادی ڕستەکە بکرێ. هەندێجار دەبێ پاژێکی ڕستەکە لابرێ و هەندێجار پاژێکی بۆ زیاد بکرێ..هەندێ جار ڕستەیەکی نادیار بە شێوەی دیار دابڕێژرێ و یان بە پێچەوانەوە ڕستەیەکی دیار بە شێوەی نادیار بێتە داڕشتن..هتد.واتە جیاوازی پێکهاتەی بونیادی دەستوری و چۆنیەتی دەربڕین، بە تۆبزی جۆرە دەسکارییەك بەسەر وەرگێڕدا دەسەپێنێ.جا وەرگێڕ تا پتر شارەزای ئەو زمانە بێت کە پێی وەردەگێڕێت، تا پتر دەسەلاتی بەسەر ڕازو نهێنییەکانی دا بشکێت، ئاسانتر دەرەقەتی ئەو دەسکاریانە دێت و توانای داڕشتنی زیاتر دەبێت و وەرگێڕانێکی ڕەوان و سوارترو مەفهوومتر بە دەستەوە دەدات و نزیکترین هاوتای بۆ دەدۆزێتەوە. جا لە حاڵەتی زەرورەتی دەستکاری و سووکە دەسکاریاندا هەرچەندە شێوازو فۆرمی نووسینی نووسەری ئەسڵی تا ڕادەیەك دەگۆڕێت، لێ چار نیەو گرینگ ئەوەیە چەمکی گشتی و ڕوحی دەقەکە بپارێزرێت و بێتە دەربڕین. واتە هزرو پەیامی نووسەر بە وشەو بونیادی ڕێزمانی ودەستوری جیاواز بێتە دەربڕین و بەرجەستە کرن.

گەلەك جار وەرگێڕ، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقی چیرۆکڤانی دا ڕووبە ڕووی هەندێ دیالۆگ دەبێتەوە کە ڕستەیەك یان دەستە واژەیەکی وەسفی لەگەڵدایە حاڵەتی دەروونی و هەستی کاراکتەرەکە بەرجەستە دەکات.وەرگێڕانی ئەو جۆرە دیالۆگ و دەسەواژە وەسفیانە، کە ڕوح و کرۆکی چیرۆکڤانی پێکدێنێ، گەلەك قورسە و تەنیا بە خوێندنەوەی وردو مەشق و دیقەتکاری دێتە دی، واتە وەرگێڕ لەم حاڵەتەدا لە سەرێتی یان چیرکنووس بێ یا شارەزاییەکی باش باشی لە چیرۆکنووسیدا هەبێ. دەنا هەرگیز ناتوانێ لە وەرگێڕانی چیرۆك یان دەقێن وەسفیدا سەرکەوتن بە دەست بێنێ.

جیاوازییەکی دیکەی بونیادی و گوزارشتی نێوان زمانان ئەوەیە لە هەندێ زماندا ڕستەی درێژو لێکدراو وداڕژاو باوەو زۆر ئاسایی بەکار دێت،کە لە زمانێکی دیکەدا بەو شێوەو ڕادەیە نییە. بۆ نموونە زمانی کوردی ڕەنگە لە ڕووی ڕستەبەندییەوە، دەرەقەتی وەرگێڕانی دەقاو دەقی ڕستە درێژەکانی بەرهەمەکانی مارسیل پرۆست نەیەت، کە جاری وا هەیە ڕستەیەك بە لاپەڕەیەك ئەوجا تەواو دەبێت.. دیارە هەندێ کەس ئەمە بە شێوازی ئەو دەقە دەزانن،و شێوازیش لە خودی دەق نایەتە دابڕان، بۆیە پێیان وایە لە چوارچێوەی ئەمانەتداریدا، دەبێ ڕستەکە چەند درێژیش بێ وەکو خۆی بێتە وەرگێڕان،وبونیادی زمانی ئەسڵی دەقەکە بپارێزرێ.. هەڵبەتە کەسانێکی دیکەش هەن پێیان وایە لە پێناوی پاراستنی ڕەوانی دەقە وەرگێڕدراوەکەدا،دەبێ ئەو جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە وردبکرێنەوە بۆ کۆمەڵێك ڕستەی ئاسایی و سادە. هەڵبەتە ئەگەر گەیاندنی نێوەرۆك و پەیامی دەقەکەمان لە شێوازەکەی پێ لە پێشتر بێ، ئاساییە ئەو جۆرە ڕستە درێژانە وردبکرێنەوە بۆ ڕستەێن سادەو ڕوون و ڕەوان،نەك بە بیانووی ئەمانەتدارییەوە وەکو خۆی بپارزرێ وتەرجەمەیەکی وشە بە وشەی ئاڵۆزو نامەفهووم بکرێت، واتە ڕەوانی زمانی دووەم بکرێت بە قوربانی ئەمانەتداری.. بە هەرحاڵ ئەمە بۆ دەقی نا ئەدەبی ڕەنگە هەندێ ئاسانتر قەبوڵ بکرێ..بەلام هەندێ ئەدیب هەن کە بۆ خۆیان ئاڵۆزنووسن و بە ئانقەست و وەکو شێوازێکی تایبەتی دەربڕین پەنا وەبەر ڕستەێن درێژ دەبەن ،جا ئەوەی سەبارەت بەو جۆرە

ڕستە درێژانە لە دەقی ئەدەبیدا پێویستی بە ئاماژەیە، ئەمەیە کە ئەو جۆرە ڕستانە لە زمانی ئەسڵی دەقەکەدا ڕوون و ڕەوان و مەفهوومن. جا ئەو وەرگێڕەی بیەوێ ناوەرۆك وشێوازی زمانی یەکەمی دەقەکە لە وەرگێڕانەکەیدا بپارێزێ، دەبێ زمانی وەرگێڕانەکەی هەم هەمان خەسڵەت وتایبەتمەندییەکانی دەقی زمانی یەکەم بپارێزێ وهەم ڕوون وڕەوان ومەفهووم بێ،دەنا باشتر وایە ڕستە درێژەکان وردبکاتەوە بۆ کۆمەڵێك ڕستەی کورت وسادەو ڕەوان.

هەروەها لە زۆربەی زمانانـدا هەر وشەیەك لە پاڵ مانا بنەڕەتییەکەیدا، مانایەك یا چەند مانایەکی دیکەشی هەیە کە بە گوێرەی بەکارهێنانی دەگۆڕێت. بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی وەرگێڕی چاك ئەوەیە شارەزای لایەنی چەندمانایی وشە بێ،دروستترینیان بە گوێرەی ئەو دەقەی کە وەریدەگێڕێت هەڵبژێرێ.دەنا تووشی هەڵەی کوشندە دەبێت و هەم دەقەکە عەیبدار دەکات و هەم ناو وشۆرەتی نووسەرەکە دەشکێنێ و دەزڕێنێ..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
*- ترجمه و مترجم ،غلامرضا رشیدی ،چاپ:١٣٨٥
موسسه چاپ وانتشارات استان قدس رضوی
*- مترجم شدن، دۆگلاس رۆبینسۆن، ترجمه:رضی خدادادی(هیرمندی)
چاپ اول: ١٣٨٠ مرکز نشر دانشگاهی، تهران
*- وەرگێڕان = هاوتاسازی،حەمەکەریم عارف، ڕۆژنامەی بارزان ،ژ: ((٩٣))

## هەڵوەستەیەکی پاچڤەوانی

وەرگێران پرۆسەیەکی هونەری،ئەقلانی و زمانەوانییە کە بەهۆیەوە نێوەرۆك و چەمکی پەیامی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوێزرێتەوە، بە مەرجێ کە مانا و چەمکی دەقەکە نەگۆڕێ...دیارە دەق لە رستە گەورەترەو هەردوو ئاستی فەساحەت و بەلاغەت بە هەموو لق و پۆکانیانەوە لە خۆ دەگرێت..واتە وەرگێڕ لە سەرێتی زۆر بە چاکی لە قاڵبی زمان تێبگات، لە نێوەرۆك و پەیامی دەقەکە حاڵی ببێ، بتوانێ شێوازی دەقی یەکەم راڤەو شرۆڤە بکات، وسیستەمی بونیادی دەقی یەکەم بپارێزێ..لەگەڵ هەموو ئەم پابەندیانەدا دەبێ بە گوێرەی توانا رەوانی دەقی وەرگێردراو، واتە رەوانی زمانی دووەم نەکرێت بە قوربانی ئەمانەتداری زمانی یەکەم.

***

یەکێك لە پێداویستییەکانی وەرگێران لە رۆژگاری ئەمرۆدا ئەو تەقینەوە مەعلوماتیەیە کە لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا بەدی دەکرێت. جا کە میللەتان خاوەنی زمانی جیاوازن، وهیچ میللەتێك ناتوانێ بە تەنێ هەموو بوارەکانی ژیان بەرهەمبێنێ و بگاتە ئاستی خۆکەفایی و بۆشاییە ژیانی و ژیارییە پێویستەکانی خۆی پڕبکاتەوە،بۆیە دەبێ پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرێت، ئەمش کارێکی وای کردووە کە بازاری وەرگێڕان، تا رادەیەکی زۆر گەرم بێ، و وەرگێڕان بووە بە کەناڵێکی پەیوەندی لە نێو میللەتاندا. بە هەرحاڵ هەرچەند زانینی هەردووك زمانی یەکەم و دووەم و چۆنیەتی کاری هەر یەکێك لەو دوو زمانە بۆ وەرگێری راسەقینە، کە بیەوێ لە دەقی یەکەم حاڵی ببێ و بەشێوەیەکی روون و رەوان پاچڤەی بکات، یەجگار زەرورییە، بەلام ئەم مەرجە بە تەنێ بەس نییە.. چونکە هەر دەقێك بگری دنیایەك لق و پۆی ئەبستمۆلۆجی لێ دەبێتەوە کە لە پاڵ دەلالەت و مانایانی زمانەوانیدا، چەمکێك لە هزرو زەینی وەرگێڕدا دەخولقێنێ کە پاشان وەرگێڕ هەوڵ دەدات بە زمانی دووەم و دووبارە گوزارشت لەو چەمکانە بکات و بەرجەستەیان بکاتەوە..جا لەم حاڵەتەدا گوێزانەوەی ناوەرۆك و چەمکان بە مانا بەرینەکەی وشە، ئاماج و مەبەستی وەرگێڕانە ..هەرچەندە رەنگە تەجروبە ئەوەی سەلماندبێ کە لە راستیدا پەیام و مانا، بابەت و ئامانجی بنەرەتی زمان و پەیوەندی پێك دەهێنێ، بەلام ئەمە بۆ هەموو بوارە ئەبستمۆلۆجی و ئەفراندنەوانییەکان چوون یەك و یەکسان نییە، بۆ نموونە وەرگێڕانی ئەدەبی یان وەرگێڕانی فێرکای،جگە لەو مەرجانەی ئاماژەیان کرایە، تایبەتمەندی و مەرجی خۆشیان هەیە. لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، خولقاندنەوەی دەق چەند پێویستی بە وەرگێڕانی چەمك و ماناکەیەتی بۆ زمانی دووەم، ئەوەندەو زۆر زیاترش هوشیاریی و بەهرەو هەستیاری زمانەوانی گەرەکە.یان وەرگێڕانی فێرکاری،زیاتر زمانێکی فەرەنگی شی دەکاتەوەو تاوتوێی دەکات، تا تایبەتمەندی و رازو نهێنییەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زمانە روون ببێتەوە، واتە مەبەستی وەرگێڕانی فێرکاری خوێندن و فێربوونی زمانێکە نەك گوێزانەوەی ناوەرۆك و پەیامی

دەق و تێکستان..بەڵام گوێزانەوەی مانا و ناوەرۆك لە هەموو جۆرە وەرگێڕانێکدا زەروریە، واتە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو جۆرە وەرگێڕانەکانە.

***

هەندێ پێیان وایە وەرگێڕانیش، وەکو شیعر زیاتر بەهرەیەکی خۆرسکیەو هەرکەسێك ئەو بەهرەو توانایەی نەبێ، هەرچییەك بکات ناتوانێ ببێ بە وەرگێڕی چاك. هەڵبەتە راوبۆچوونی پێچەوانەش هەیە کە پێی وایە ئەگەر بەهرە بریتی بێ لەوەی بەهرەدار بتوانێ بە ئاسانی کارێك ئەنجام بدات، بەلای خەڵکانی کەم بەهرەوە زەحمەت و دژوار بێ، ئەوا کەسانی بێ بەهرەش دەتوانن لە رێگەی خوێندن و فێربوون و مەشق و راهێنان و جەڕباندنەوە قەرەبووی ئەو کەم بەهرەییەی خۆ بکەن، بەم پێیە فێربوونی چۆنیەتی وەرگێڕان، دەکاتە فێربوونی چۆنیەتی بیرکردنەوە لە گوێزانەوەی هزرو بیری کەسێکی دی بە مەبەستی بەر قەرارکردنی پەیوەندی بە شێوەیەکی دروس و لۆجیکی..لەم حاڵەتەدا وەرگێڕ جگە لە زانینی تەواوەتی دوو زمان، دەبێ شارەزای هونەرەکانی نووسینش بێ، تا بتوانێت دەقی یەکەم،هونەرمەندانەو نووسەرانە لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە.

***

زمانی قسەکردن لە هەموو دنیادا جیاوازە لە زمانی نووسین..زمانی نووسین بونیادێکی گونجاوترو چڕترو زاکونی تری هەیە..واتە زمانی نووسین لەسەر بنەمای سێنتاکسی دروست و رێزمان و بونیادی دەستوری، ئیملایی تایبەتی رۆدەنرێت. نووسەری کارامەو ئەزموونداز زۆر بە وردی وشەو پەیڤان هەڵدەبژێرێ و خۆی لە زێدەبێژی و درێژدادڕی دەپارێزێ و خۆی لە هەر دووبارە کردنەوەیەکی نابەجێ دوور دەگرێت. یانی نووسەری چاك هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێو بیرو وشەکانی دا دروست بکات و دەقێکی سفت و گونجا و بەدەستەوە بدات

***

لە بەرهەمی ئەدەبیدا نووسەر جیهانبینی و مامەڵەی شەخسی خۆی دەربارەی بابەتەکەی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە.ئەدەبیات نووس هەمیشە بۆ خۆی دەنووسێت، بۆیە هەستەکانی خۆی، کاردانەوەکانی خۆی، سۆزو گودازی خۆی بە چڕی لە دەقەکەدا رەنگدەدەنەوە. واتە دەقی ئەدەبی بەر لە هەر کەسێك خودانی دەقەکە دەدوێنێ و بێ هیچ سانۆرو گومرکێك دەیدوێنێ.واتە دەقی ئەدەبی بە پلەی یەکەم و بە لە هەر کەسێکی دی ئاراستەی خودی نووسەرە، بۆیە لە کارێکی ئەدەبیدا نەخش و رۆڵی سۆزداری و عاتیفی زمان لە هەموو رەگەزەکانی دیکە زاڵترو دیارترە.راستە دەقی ئەدەبیش لە جۆرە پەیامێك بەدەر نییە، لێ هەموو پەیامەکەی بە شێوەیەکی روون و رەوان نایەتە دەربرین، هەمیشە بەشێکی زۆری ئەو پەیامە بە پەنامەکی دەمێنێتەوەو بە شێوەی ناراستەوخۆو تەم و مژاوی دێتە نیشان دان، بۆیە مانای مەجازی لە ئەدەبیاتدا رۆڵی گرینگ دەبینێ. ریزبەندی وشە،کێشی رستەو ئۆرگانیزمی رەمزان، هەر هەموو ئەمانە ئاوێتەی پەیامی بەرهەمەکە دەبن و وەرگێڕ لە سەرێتی بە شێوەیەکی هونەریانە بیانگوێزێتەوە بۆزمانی دووەم...

لە کاری ئەدەبیدا، فۆرمو شێوە بایەخی فرە تایبەتی هەیە، چونکە هونەرمەند یا ئەفرێنەر رەنجێکی یەجگار فرە دەدات تا بتوانێ نێوەرۆکی بابەتەکەی لە فۆرمو قاڵبێکی بێ وێنە، نۆباووتازەو ئەستاتیکیدا بەرجەستە بکات. لە دەقی ئەدەبیدا بەپێچەوانەی دەقێن نائەدەبی، زمان تەنیا هۆی بەرقەراری پەیوەندی نییە، بەڵکو بۆ خۆی مەبەستو ئامانجە.واتە فۆرمو نێوەرۆك لە دەقی ئەدەبیدا بە جۆرێ ئاوێتەن کە لێکدی نایەنە جوداکرنەوە، ئەم یەکێتیی فۆرمو ناوەرۆکە لە هیچ ژانرە نووسینێکی دیکەدا بەدی ناکرێ...واتە زمان لە دەقی ئەدەبیدا هۆیەك نییە لە هۆیەکانی تێگەییشتنو برایەوە، بەڵکو بۆ خۆی ئامانجو مەبەستەو نووسەر بە شێوازی تایبەتی خۆی بەکاری دێنێو دەیهونەرێنێو بەرهەمی دێنێتەوەو ئەدەبییەتی پێ دەبەخشێت، بۆیە خۆی لە دەستەواژەی کلێشەییو سواوی رۆژانەی واقیعی و دوور لە خەیاڵو تینو تاوی رەوانبێژی دەپارێزێو پەنا وەبەر داهێنانی خواستنێن تازە دەباتو وشەکان بە جۆرێکی چاوەروان نەکراو دەداتە دەم یەکەوەو ژیانی تازە بە وێنە زەینیەکان دەبەخشێت. فۆرمی زمان بۆیە بەلای نووسەرەوە گرینگە چونکە حەزدەکات خوێنەرانی بەرهەمەکانی لە روانگەیەکی تازەوە بڕواننە ژیان. هەڵبەتە دەقی ئەدەبی راڤەو شرۆڤەو لێکدانەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێ،دەقی ئەدەبی تا دەوڵەمەندترو چڕترو مەنگتر بێ، ماناو لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێ، بۆیە دەقی ئەدەبی لەلای هەموو خوێنەران هەمان مانا نابەخشێت..ئاساییە دەقێکی ئەدەبی لای هەر خوێنەرێك لێکدانەوەیەکی تایبەتی بۆ بکرێ..ئەمە جگە لەوەی دەقی ئەدەبی گەورەو شایستە سنوورو کەشەنان ناناسێت، مەرزی کاتو شوێن دەبڕێ...راستە دەقی ئەدەبی ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، بەڵام ئاوێنەیەکی ئەفسوناوییە..بۆیە دەشێت دەقی ئەدەبی چەندین جارو لە زەمانانی جیاوازدا پاچڤە بکرێت. لێ وەرگێڕ دەبێ لە هەموو جارەکاندا دەقایەتی بەرهەمەکە فەرامۆش نەکات، چونکە وەك دەڵێن هەرشتێکی جوان سەرچاوەی هەمیشەیی لەزەتە.. جا دەقی هونەری بۆیە سنووری زەمان دەبڕێ،واتە لە شوێنو سەردەمی خۆی تێدەپەڕێ بۆ شوێنو سەردەمەکانی دی چونکە بارگاوییە بە بەها مرۆڤانیو جیهانییەکان، ساتە زندووە ئینسانییەکان وێنە دەگرێت، دەقی هونەری رەسەن لە هەموو سەردەمەکاندا دەخوێنرێتەوە نەك هەر لەبە لایەنە ئەستاتیکیەکەی، بەڵکو لەبەر نێوەرۆكو بابەتە مرۆڤانییە زندووەکانیشی، وەکو: ژیان، مەرگو خەمو ئازارو پەیوەندییە مرۆڤانییەکان کە لە هەموو شوێنو کاتەکاندا هەن.

یەکێك لە جیاوازییەکانی دەقی ئەدەبیو دەقی نائەدەبی ئەوەیە دەقی ئەدەبی زیاتر دەقێکی رەمزیو مەجازیە، بەڵام دەقی نا ئەدەبی روونو رەوانەو راستەوخۆ وەرگر دەدوێنێ.بۆیە لە وەرگێراندا سەبارەت بە ئەدەبیاتی خەیاڵیو فەنتازی زیاتر بایەخ بە ماناو دەلالەتە پەنامەکییەکانو بە هەستو سوزو گودازان دەدرێ، وەرگێڕ دایمە لە خەمی ئەوەدایە جوانترینو زندووترین وێنەی دەربڕین بدۆزێتەوە تا لایەنی ئەستاتیکی دەقەکە بپارێزێت.. بەڵام وەرگێڕی دەقی نا ئەدەبی لە خەمی ئەوەدایە پەیامی دەقەکە بە شێوەیەکی دروستو کاریگەر بگوازێتەوە..

نووسەری دەقی ئەدەبی یان لە بنەرەتدا گوێ بە خواستی خوێنەر نادات یا زۆر بە کەمی مدارای دەکات..شاعیرێك یان چیرۆکنووسێك نایەت لە خۆی بپرسێت کە ئاخۆ خوێنەر لەم وشەیە حاڵی دەبێت یان نا.ئەم وێنە تایبەتیە زهنییە پەسند دەکات یان نا، واتە بیر لەوە ناکاتەوە بە گوێرەی دڵی خوێنەر بنووسێت، هەرگیز خەیاڵو توانای دەربرینی خۆی لەبەرخاتری ئەمە جڵەو ناکات کە ئایا خوێنەر لەم دەستەواژە یان رستەیە تێدەگات یان نا، واتە نووسەر یان داهێنەر تەنیا بۆ خۆی دەنووسێتو خۆی دەدوێنێ..خوێنەرانی دیکەش ئەگەر ئەو دەقەیان مەبەستە، دەیانەوێ لێی تێبگەن یان لەزەتی لێ بدینن، دەبێ خۆیانی دەگەڵ ماندوو بکەن. بەڵام نووسەرێن دەقی غەیرەز ئەدەبی بە پێچەوانەوە کار دەکات،دەخوازێت پەیامی خۆی بگەیەنێتە خوێنەران، بۆیە مدارا کردنی خوێنەری ئیحتیمالی زۆر مەبەستە.دەقی نا ئەدەبیو مەیدانی، ماهیەتو کرۆکی فێرکاریانەی هەیە، بۆیە وەرگێڕ دەبێ هەمیشە خوێنەرانی لەبیرو لە خەیاڵ بێ، جا لێرەوە رێبازی دەقی ئەدەبیو دەقی نا ئەدەبی جیا دەبێتەوە..هەڵبەتە هەندێ دەقی نا ئەدەبی هەن کە بە شێوازی ئەدەبی دێنە نووسین، ئەم بابەتە دەقە لە رووی شێوازەوە دەکەونە نێوان دەقی ئەدەبیو دەقی نا ئەدەبییەوە، بەڵام شێواز بە تەنیا هەر نووسینێك ناگۆرێت بۆ دەقێکی ئەدەبی. چونکە شێوازو شێوە یەك توخمی هەر دەقێکی ئەدەبی پێکدێنێ ئەرکی دەقی غەیرەز ئەدەبی گەیاندنی پەیامە، ئیدی بە شێوازێکی زۆر جوانو ئەدەبی  نووسرابێ یان بە شێوازێکی شاشو بازاڕی. ئیدی جیاوازی دەقێن ئەدەبیو غەیرەز ئەدەبی لەوەدایە کە دەقی نا ئەدەبی زیاتر دەقێکی ئاشکراو راستەخۆیە، بە راشکاوی دێتە دەبڕینو سەروساختی دەگەڵ دیاردەو رووداوێن بابەتی دایەو مەبەستو ئامانجی سەرەکیشی گەیاندنی پەیامێکە، کە شرۆڤەو لێکدانەوەی جیاوازو هەمەجۆ هەڵناگرێتو زۆر جاریش بە زمانێکی کلێشەیی باو دێتە نووسین. بەڵام کاری ئەدەبی جگە لە ئەدەبییەتەکەی تایبەتمەندی ئەستاتیکی خۆیشی هەیە، زمانی ئەدەبیات زمانێکی چڕی ناسکی بژاردەی یەجگار دژوارە، لە روی هەڵبژاردنی وشەو شێوازی تایبەتییەوە، زۆر دوورە لە زمانی باوی زارەکی رۆژانە یان زمانی نووسینی ئاسایی  غەیرەز ئەدەبی. وەرگێڕانی دەقێن ئەدەبی بۆ پاچڤەوانانی کارامەو زەبەر دەستو ئەزموونداریش قورسە چ جای تازەکارانی مەیدانی وەرگێڕان. هەڵبەتە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی ئەوەندەی کارێکی ئەدەبییە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری کارێکی زمانەوانی نییە..واتە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی پێویستی بە بەهرەو توانای ئەدەبی هەیە، پێویستی  بە هونەردۆستییەکی ئەوتۆ هەیە کە یارمەتی وەرگێڕ بدات کە ئەدەبییەتو هونەرییەتی ئەو دەقە ئەدەبییە، هونەریانەو هونەرمەندانە بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە..وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبی پێویستی بە مەهارەتو شارەزاییو زەبەردەستیو کارامەییەکی پتر لە مەهارەتی نووسینی باش هەیە.

***

لەوەیە زۆر کەس پێیان وابێ هەرکەسێك دوو زمان بزانێ ئیدی دەتوانێ پاچڤە بکات، بەڵام واقیع پێچەوانەی ئەمەمان پێ دەڵێت. راستە جووت زمانیو پاچڤە پەیوەندییەکی تەواویان بە یەکەوە هەیە... بەڵام زانینی دوو زمان بەتەنێ بە س نییە..هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە کەسی

جووتزمانە کەسێکە بتوانێ بە تەواوەتی بە زمانی دووەم هزروبیری خۆی دەربڕێ، واتە کەسی جووتزمانە کەسێکە بتوانێ بە دوو زمان قسان بکات. لە کاتێکا هەندێك پێیان وایە بۆ وەرگێڕ تەنیا تێگەییشتنی ئەو زمانە، واتە زمانی یەکەم بەسە. واتە بەم پێیە مەرج نییە وەرگێڕ کەسێکی جووتزمانەی راستەقینە بێ..واتە وەرگێڕ کە زمانی نووسینی دەقەکە بزانێو بە تەواوەتی تێی بگاتو حاڵی ببێ پێویستی بە زانینی زارەکیانەی زمانی پەیامی دەقەکە نییە. واتە چونکە مەبەستی سەرەکی وەرگێڕ دەقە نووسراوەکەیە، ئیدی مەرج نییە بتوانێ بە شێوەیەکی روونو رەوان قسە بە زمانی دووەم بکات..هەڵبەتە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە وەرگێڕ هەرگیز بیروبۆچوونو هزرینی خۆی دەرنابرێت، ناتوانێ لەو هزرو بیرانەی کە لە خودی دەقەکەدان، لابداتو بە کەیفی دڵی خۆی گوزارشتیان لێ بکات، چونکە پابەندە بەو دەقەوە کە کەسێکی دیکە بەرهەمی هێناوە، واتە چەندیەتیو چۆنیەتی دەقەکە وەکو خۆی لە زمانی دووەمدا دەبێ دووبارە بکرێتەوەو بەپێی توانا بپارێزرێ. وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا هەمان دەقی ئەسڵی دووبارە دەکاتەوە، بەرهەمی ناهێنێتەوە..هەڵبەتە ئەمە توانایەکی زمانەوانی یەکجار مەزنی گەرەکە، دەشێت بگوترێ وەرگێڕان لەبارترین زەمینەیە بۆ ئاوێتە بوونو کارلێکی زمانەوانی،دیارە ئەمە وا لە وەرگێڕ دەخوازێ لە کاتی پرۆسەی وەرگێڕاندا بەو زمانە بیر بکاتەوە کە بۆی وەردەگێڕێت، دەنا وەرگێڕانەکەی نارەوانو ناپوختە دەبێ و رەنگە لە جیاتی بە ئەمانەتەوە دەقەکە بگوازێتەوەو دەقایەتییەکەی بپارێزێ، لە دەقایەتی بخات! بەم پێیە وەرگێڕ دەبێ زۆر شارەزای ئەو بابەتە بێ کە وەری دەگێڕێت، تەواو وردی بکاتەوەو شیبکاتەوە، هەر جۆرە بیرکردنەوەیەك بە زمانی یەکەمی دەقەکە لە مێشکی خۆی بسرێتەوە، بە پێی یاساو رێسای زمانی دووەم بیر بکاتەوەو دەقەکە بگوازێتەوە. دەنا وەرگێڕانەکەی دەبێتە کۆپی کردنەوەو لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی وشەو دەستەواژەو بونیادی دەستوریو زمانەوانی دەقە ئەسڵەکە، کە ئەمە وەرگێڕانی وشە بە وشەی لێدەکەوێتەوەو دەقەکە لە دەقایەتی دەخات. رەنگە ئەمە بگەرێتەوە بۆ نەشارەزاییو کەم ئەزموونیو زۆرجار بۆ تەمەڵیو تێ نەگەییشتنی وەرگێڕ لە بابەتی دەقەکە.. چونکە ئەو چەلەنگییە زەینییەی بۆ بەرهەمهێنانی وەرگێڕانێکی وشە بە وشە پێویستە، زۆر کەمترە لەو هەوڵو چالاکییە زەینییەی بۆ بیرکردنەوەیەکی هوشیارانە لە بەرهەمهێنای وەرگێڕانێکی روونو رەوانو مەفهووم پێویستە، وەرگێڕانی وشە بە وشە زۆرجار لە کوڵ کردنەوەیە، وەرگێڕ بە بەردێك دوو کێشکان دەکوژێت، هەم تێنەگەییشتنی خۆی لە دەقەکە، لە خوێنەر دەشارێتەوەو هەم لافو گەزافی ئەمانەتداریش لێدەدا.. بەهەر حاڵ وەرگێڕ تا دەتوانێ دەبێ خۆی لە یاساو رێساو رستەبەندیو دارشتنکاری زمانی ئەسڵی دەقەکە، واتە زمانی یەکەم دوور بگرێ، چونکە سەروکاری وەرگێڕ بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەگەڵ زمانی دووەمدایە و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەگەڵ زمانی یەکەمدایە..بەم پێیە زانینی تەواوەتی زمانی یەکەمو تێگەییشتنی بابەتو مانا مەجازیو مەعنەوییەکانی دەقو شارەزایی لە بونیادە زمانەوانیودەستوریو هونەرییە نقیسارییەکانی زمانی دووەم لە مەرجە بنەڕەتییەکانی هەر وەرگێڕێکە.. ئەمە جگە لەوەی دەبێ ئەوەی لا مەعلوم بێ کە سەرخانی بونیادی هەر زمانێك

جیایـه لـه زمـانێکی دیکـه. کاریگـەریی زمـانی یەکـەم بەتایبـەتی ئەگـەر لـە زمـانی دووەم دەوڵەمەندترو خزمەتکراوتر بێ، لە زمانی دووەمدا کەمو زۆر رەنگ دەداتەوە، ئەگەر وەرگێڕ وریا نەبێو بەسەر زمانی دووەمدا زاڵ نەبێ، رەنگە ئەو دیاردەیە (کاریگەریی و رەنگدانەوەی زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا) ریسەکەی لێ بکاتەوە بە خوری..واتە وەرگێران پرۆسەیەکی هەستیارە، بەر لـە هەرشـتێك بریتییـە لـە جیاکردنەوەیـەکی زهنـی چـەمكومانایەکی تایبـەتی لـە شـێوە نڤیسـارییەکەی خـۆی بـۆ ئـەوەی لـە قـاڵبی سیسـتەمێکی زمانـەوانی جیـاوازدا بێتـە دەربـڕینو نیشـاندان. ئەمـەش وادەخـوازێ وەگێـڕ دەبـێ بـەر لـە هـەر شـتێك لـە هـزرو بـاوەڕی نـاو دەقەکـە تێبگـات، چـونکە هـیچ هـزرو باوەڕێك بـە بـێ تێگەییشـتن نایەتـە دەربـڕین..جـا رەنگـە یـەکێك لـە دژوارییەکانی پرۆسەی وەرگێران ئەمە بێ کە وەرگێڕ ناچارە هزرو باوەڕێك دووبـارە بکاتـەوە کـە لـە لایـەن کەسـێکی دییـەوە بەرهـەم هـاتووە، کـە ئەمـە لـە بـاری زەینـیو ئەقڵانییـەوە زۆر قورسـترە لەوەی راستەوخۆ هزرو باوەڕی خـۆت بەرهـەم بێنـی..هەڵبـەت کـاری وەرگێـڕ ئەوەنـدەی بەنـدە بـە زمانی زکماك یان دووەمـەوە، چیوای لـە کـاری نووسـەر کـەم نیـە.چونکە هـەردووکیان (نووسـەرو وەرگێـڕ) دەبـێ پابەنـدی یاسـاو رێسـای دروسـتو وردی هونـەری نووسـین بـن. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیدا نیشـانەو بەڵگـەی گرینگـی پـێش مـەرجی زانینـی زمانـە بـۆ وەرگێـڕ. چـونکە وەرگێـڕان بـە زمان دەست پێدەکاتو بە زمان کۆتـایی دێـت..تـا وەرگێـڕ بەسـەر هـەردووك زمانەکـەدا زاڵتـر بـێ باشتر لە دەقەکە حاڵی دەبێتو پەی بە رازە مەجازیو مەعنەوییەکانی دەباتو ئاسانتر دەرەقەتی گواسـتنەوەی نووسـەرانەی دەقەکـە دێـت..وەرگێـڕی کارامـەو پیشـەیی نایـەت وشـەو رسـتە بـە موجەڕەدی وەربگێڕێتو لە کۆڵی بکاتـەوە...بـەڵکو دەقێك بە هەموو رەگەزەکانییەوە، بە هـەموو پێکهاتە هونەرییەکانییەوە، بەگشت چۆنیەتیو چەندیەتیکییەوە، بە هـەمووبونیادە زمانـەوانیو دەسـتورییەکانییەوە، بـە هـەموو پـەیامو فۆرمێکییـەوە، لـە زمـانی دووەمـدا بـە جـۆرێ دووبـارە دەکاتەوە کە دەقایەتی خۆی لە دەست نەداتو پەیوەندی بەرقەرار بکات، واتـە گوتـاری دەقەکـە ، هونەرمەندانـە بگەیەنێتـە وەرگـر.دیـارە کەسـێك شـارەزاییو مـەهارەتێکی باشـی لـە هونـەرەکانی نڤیساریدا نەبێ ئەم کارەی پێ ناکرێو زەحمەتە ببێ بە وەرگێڕ، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بگـوترێ وەکو چۆن زانینـی چۆنیـەتی نووسـین بـە تـەنیا کـەس ناکـات بـە نووسـەر، زانینـی دوو زمـانیش، هەرچەندە مەرجێکی زۆر گرینگە، بە تەنێ کەس ناکات بە وەرگێڕ

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :**


١- م. گۆرکی ، ئامانجی ئەدەبیات ،چ٢ ،٢٠٠٩ و: حەمە کەریم عارف

٢- ئەلبیر کامۆ، میوان ،چ١ ،٢٠٠٩ ، و: حەمەکەریم عارف

٣- تحلیل کلام،روشی برای ترجمه:نظریة و کاربرد ،ژان دولیل، ترجمه: دکتر اسماعیل فقیه، تهران، رهنما، ١٣٨١

# چەند سەرنجێکی خێرا
# دەربارەی وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی

"١"

دەقی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە دەربڕینی هەستی ئادەمیزاد لە وێنەیەکی جوان وهونەری سەرنجڕاکێشدا.واتە دەقی ئەدەبی زادەوبەرەنجامی زەوق و سەلیقەو بەهرەی ئەدەبی و ئەزموونی قووڵ ودەوڵەمەندەوبە زمانێکی پاك وباش وخۆش دێتە دەربڕین ونیشاندان.ڕەنگە یەکێك لە نهێنی و رازەکانی هەرمان و نەمریی ئەدیبانی جیهان، هەمان خۆشی و پاکی زوبان بێ..چونکە ئەگەر بشێت ئەدیبانی راستەقینە وڕەسەن بە کیمیاگەران بشوبهێنرێن،ئەوا کارەکەیان دەکاتە گۆڕینی مسی زوبان بۆ زێڕی ئەدەبیات. زوبانی ئەدەبیات زوبانی دڵەو ڕەگی دەچێتە قولایی هەست وخەیاڵ ولق و پۆپ بۆ دنیای مەعریفەت دەهاوێ. واتە زوبانی ئەدەبیات ئەوەندەی سەروسەختی دەگەڵ ناخ ودەروونـدا هەیە،وخۆی لە لۆژیکگەرایی دووردەگرێت و پەیڕەوی لە قاڵب شکێنی دەکات،ئەوەندە مامەڵە دەگەڵ بوونی دەرەکیدا ناکات.واتە ئەدەبیات بە پلەی یەکەم مامەڵە دەگەڵ کەرەستەو ڕەگەزی خەیاڵ و رەوت ورەوشی ئەفراندنەوانیدا دەکات..بەلام هەست وئەزموون وبیر کەرەستەی زوبانی ڕووت پێکدێنن، واتە زوبان بە شێوەیەکی مەنتیقی و سیستماتیك مامەڵە لە تەك دیوی دەرەوەدا دەکات. جا بەم پێودانگە زمانی دەق، لە زمانی گفتوگۆو مامەڵەی ژیانی ڕۆژانە جیایە، چونکە ماناو چەمکی دەق لە سنوورو ئاستی وشەوپەیڤان هێوەتر دەڕوات.بۆیە دەقی ئەدەبی نەك هەر هەستی جوانیناسی لەلای خوێنەر دەهاڕوژێنێ و بەرەو دنیای خەیاڵی دەبات، بەڵکو ڕاڤەو شرۆڤەشی گەرەکە.جا هەر دەقێکی ئەدەبی ڕەسەن بۆ خۆی ولە خۆیدا خودانی ناسنامە، کەسایەتی،وتایبەتمەندییەکە کە پێی دەگوترێ شێوازوستایل،و زۆرجار شێواز دەکاتە ئەو نیشانەیەی کە دەقی پێدەناسرێتەوەو هەر لە کۆنەوە فەرەنسییەکان گوتوویانە شێواز دەکاتە خودوکەسایەتی نووسەر.هەڵەتە هەر نووسەرێك، یان ئەدیبێك شێوەیەکی تایبەتی هەیە بۆ دەربڕین وبەرجەستە کردنی هەست وسۆزوگودازی خۆی کە پێی یەژن شێواز، بۆیە هیچ سەیر نییە کە لە دنیای ئەدەبیاتدا بە ئەندازەی ژمارەی ئەدیبەکان شێواز هەبێت.بەلام دەقی ئەدەبی بە حوکمی ئەوەی پابەندی یاساو رێسا ئەستاتیکییەکانە وپەنا وەبەر هونەرە زمانەوانی وڕەوانبێژییە جۆراو جۆرەکان دەبات ولە شێوەو شێوازی تایبەتیدا دێتە نیشاندان وبەرجەستە بوون، لە دەقێن ئاسایی دیکە جیاوازەو لە هیچ بوارێکی دنیای نووسین وقەڵەمدا ناشێت هەمان مامەڵەی هەر دەقێکی ئاسایی دەگەڵ بکرێت. بۆ نموونە لە مەیدانی وەرگێڕانیشدا،ئەگەرچی دەقی ئەدەبی ناکەوێتە سەرووی هێڵ وڕێسا گشتییەکانی پرۆسەی وەرگێڕانەوە،بەلام دەبێ مامەڵەیەکی تایبەتی دەگەڵ بکرێت.

جا لێرەدا بەر لەوەی بێینە سەر ڕاستە بابەتەکەمان، پێتڤیە سووکە هەڵوەستەیەك لە ئاستی بۆچوون و پێناسەی هەندێ لە پسپۆران وتیۆریسێنان دەربارەی پاچڤە بۆ چاچڤە بکەین، یۆجین نایدا، زمانەوان ،پاچڤەوان،توێژەرو سەرۆکی ئەنجوومەنی کتێبی پیرۆز لە ئەمریکا، بەمجۆرە پێناسەی وەرگێڕانی کردووە:"ئەفراندنەوەی نزیکترین هاوتای ئاسایی پەیامی زمانی یەکەمە لە زمانی دووەمدا هەم لە رووی ماناوەو هەم لە رووی شێوازوستایلەوە."

پیتەر نیومارك،تیۆریزانی بە نێوبانگی ئینگلیزی مەیدانی وەرگێڕان، بەمجۆرە پێناسەی وەرگێڕانی کردووە:"بریتیە لە وەرگێڕانی مانای دەق بۆ سەر زمانێکی دی بەوجۆرەی کە نووسەری دەقەکە مەبەستی بووە."

دیارە وەرگێڕ دەبێ کەسێکی پڕ زانیاری وڕۆشنبیر بێ، چونکە وەرگێڕ تەنیا پەیامێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی ناگوازێتەوە،بەڵکو ئایدۆلۆجیاو هزران لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دی دەگوازێتەوە.لە ڕێگەی پاچڤەوە ئایدیا یان بەهاێن کەلتوری جیاواز بۆ کۆمەڵگەی خۆی دەگوازێتەوە..هەندێك لە پسپۆڕانی مەیدانی پاچڤە، وەرگێڕان بەسەر دوو جۆری پەیوەنداری (ارتباطي)و مانابیدا (سیمانتیکی) دابەش دەکەن..واتە وەرگێڕ یان خوێنەر بە هەند وەردەگرێ و بە ناچاری وەرگێڕانێکی روون ورەوان وسواری دەخاتە بەردەست و پەیوەندی خوێندنەوەی لا دروست دەکات و بەمە دەڵێن وەرگێڕانی پەیوەنداری، یان بایەخی تەواو بە نووسەر دەدات و دەکۆشێت مەبەستی نووسەر وەکو خۆی بێ زیادو بێ کەم بە ئەمانەتەوە وەربگێڕێ ،بەمە دەگوترێ پاچڤەی سیمانتیکی (مانایی).جا لێرەدا کە قسەمان لەسەر پاچڤەی دەقی ئەدەبیە، پێویستە بەر لە هەرشتێك هەڵوەستەیەك لە سەر ڕۆڵی زمان بکەین، چونکە زوبان لە دەقی ئەدەبیدا تەنیا گواستنەوەی زانیاری نیە،بەڵکو بریتیە لەوەی کە خوێنەر بکات بە شەریکی ئەزموون،هەست، سۆزوگوداز و بەرزەخەیاڵی نووسەرو گواستنەی دەرك وتێەیشتنێکی قوڵتر لە ژیان بۆ خوێنەر.وەرگێڕی ئەدەبی، لە ڕاستیدا هەست،هزر،وئەزموونێکی نوێ لە زوبانێکی سەر بە کەلتورێکی جیا بۆ زوبان وکەلتوری خۆی دەگوازێتەوە.بەم پێودانگە وەرگێڕانی ئەدەبی بەر لە هەرشتێك کار یان پرۆسەیەکی کەلتوری وهونەرییە وپاچڤەوانانی بواری ئەدەب ودەقی ئەدەبی ئەرکی گەشاندنەوەی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبیاتیان لە وڵاتی خۆدا دەکەوێتە ئەستۆ.بۆیە داهێنان وخۆش سەلیقەیی و زەوقداری مەرجی سەرەکیە لە کاری وەرگێڕانی ئەدەبیداو ئەمەش جیاوازیی بنەڕەتیەتی دەگەڵ جۆرەکانی تری پاچڤەدا..ئەمە جگە لەوەی کە وەرگێڕانی دەقێن ئەدەبی شارەزاییەکی تەواوی ڕێزمانی وسێنتاکسی،حاڵی بوون لە دەق وشێوازی،توانای دۆزینەوەو کەشفکردنی پەیوەندیی لۆژیکی دەستەواژەکانی دەق، شارەزایی تەواو لە هەرتك زمانی یەکەم ودووەم بە مەبەستی دەست نیشانکردنی تایبەتمەندییە ئەدەبییەکان، تێگەییشتن لە مانایێن مەجازی وخوازەیی وخواستن ودرکە وکینایە،وهیرمۆنەتیکی دەق دەخوازێ.کەواتە پاچڤەی ئەدەبی پێویستە هاوسەنگ وهاوترازی بەرهەمە ئەسڵییەکە بێ.بەم پێودانە پاچڤەی بەرهەمێکی ئەدەبی،خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی ئەدەبییە،بۆیە نابێت لە زمانی دووەمدا ئەدەبیەتی خۆی لە دەست بدات.کە دەگوترێ هاوسەنگ وهاوتراز، دیارە ئەمە چەمك و

زاراوەیەكی ڕێژەییە نەك ڕەها،هاوسەنگی نێوان دوو دەق وەكو هاومانایی نێوان دوو وشەیە،كە وەكو چۆن لە دنیادا دوو كەسی سەدی سەد چوون یەك ویەكسان،ئەگەر جمكانەش بن نییە، بەو ئاوایەش دوو وشە،دوو دەستەواژە،یان دوو دەقیش لە دوو زمانی جیاوازدا هەرگیز لە سەدی سەدا هاوسەنگ وهاوتاو هاوترازی یەكتر نین و نابن.واتە پاچڤەی ئەدەبی پێویستە بەپێی توانا هاوشێوە یان هاوتاو نزیكی دەقە ئەسڵیەكە بێ ..چونكە دووركەوتنەوەی پاچڤەوان لە دەق ،دووركەوتنەوەیە لە بنەماو پرەنسیپی چەمكی وەرگێڕان..بۆیە وەرگێڕانی وشە بە وشە لە كاری وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا كارێكی پەسند نییەو نامانگەیەنێتە شێوازێكی هاوتای شێوازی دەقی یەكەم.حاڵبووكی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا پێتڤیە شێوازێكی هاوشێوەی شێوازی دەقە ئەسڵییەكە بخوڵقێنرێ. بەكورتیەكەی پاچڤە دەبێ بە گوێرەی توانا لە دەقە ئەسڵییەكەوە نزك بێ، بە پێی توانا لە قاڵب وچوارچێوەو سنوورداری وتوانای زمانی، زمانی دووەمدا دابڕێژرێتەوە،وتا دەكرێت شێوازی دەقە ئەسڵییەكە بپارێزرێت ودەبێ لە دووا ئەنجامدا دەقە وەرگێڕدراوەكەش، میناكی دەقە ئەسڵییەكە بەرهەمێكی ئەدەبی دەربچێتەوە. دیارە وەرگێڕ بۆ خوڵقاندنەوەی بەرهەمێكی هاوسەنگ وهاوتاو هاوتەرازی دەقە ئەسڵییەكە سوود لە هەر تواناو بەهرەو ئەزموونێكی پاچڤەوانی خۆی وەردەگرێت.

وەرگێڕان بۆخۆی جۆرە كەشفكارییەكی دەقە لە چوارچێوەو سنووری زمان وكەلتورێكی دیكەدا (زمان و كەلتوری دووەم) جا ئەدەب یان دەقی ئەدەبی كە ڕەگی لە زەینگەراییدایە، بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە ڕاڤەو شرۆڤەو هیرمۆنەتیكێكی گەرەكە. شرۆڤەكار كۆمەڵە كلیلێك بە خوێنەر دەدات تا دەرگا داخراوەكانی دەقی پێبكاتەوەو تەمەشای دنیای ناوەوەی دەق بكات و ببێ بە شەریك ولەزەت وبەهرەی لێ بدینێ. جا لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی، تاك مەداو ڕەهەند نییە، خوێنەری باش وسەركەوتوو ئەوەیە كە بتوانێت زیاتر لە مەبەست ومەرامی نووسەری دەق نزیك ببێتەوە، چونكە گەییشتنی سەدی سەد بە دەق مەحاڵە، كەواتە وەرگێڕ كە ئەركی قورسی گواستنەوەی فۆرم وناوەرۆكی لەسەرە، هەڵبەتە سەرچاوەی نێوەرۆك زەین وهەستە، دەبێ جگە لە ئەركی وەرگێڕی، ئەركی شرۆڤەكاریش لە ئەستۆ بگرێ، ئیدی لێرەوە ڕێی وەرگێڕ دەكەوێتە دنیای هیرمۆنەتیكش.بەم پێیە وەرگێڕان دەكاتە زادەوبەرەنجامی دەرك وتێگەییشتن، ودەرك و تێگەییشتن لە دەرێی جۆرە هیرمۆنەتیك وشرۆڤەیەك نایەتە دی. واتە وەرگێڕان لە خودی خۆیدا جۆرە ڕاڤەوشرۆڤەیەكەو هەر وەرگێڕێك لە ڕادەیەكی ماقوڵدا پەنای بۆ نەبات ناتوانێت بە باشی و ڕوونی و ڕەوانی لە زوبانی دووەمدا دەقەكە بخوڵقێنێتەوە.ڕاستە زانین وشارەزایی تەواو لە هەردووك زمانی یەكەم ودووەم ویاساو ڕێساودەستوورەكانی لە مەرجە سەرەكییەكانی وەرگێڕانن، بەڵام ئەوەی لە گۆشەنیگای هیرمۆنەتیكییەوە پێویستە بێتە وەرگێڕان پتر مانایە تا شێوەی گوزارشت.هەر وەرگێڕانی هیرمۆنەتیكی یە (واتە وەرگێڕانی گوزارەیی)یە كە لە ئەنجامدا، وشەودەستەواژەو زاراوەی هاوتای دەقی یەكەمی لە دەقی دووەمدا لێدەكەوێتەوە.لێرەدا هیرمۆنەتیك دەكاتە هونەری گواستنەوەی ئەو شتەی بە زمانی بێگانە گوتراوە بۆ زمان ودەركی كەسێكی دی. واتە هیرمۆنەتیك سەروكاری دەگەڵ زمان،وەرگێڕان لە

زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترو چێکردنی پەیوەندی دەنێوان دوو زماندا هەیە.ئەوەی لە ڕوانگەی هیرمۆنەتیکەوە جێی شرۆڤەو ڕاڤەو تەئویلە زیاتر مانایە تا پیت وئامرازو وشەو پێکهاتەی ڕستەو..هتد واتە ئەوەی پێویستە بێتە وەرگێڕان تەنیا ڕستە دەستورییەکان نیە بەڵکو ئەو مانایانەشە کە تێکرای زمانی دەق پێیان ئاوسن، بۆیە پێتڤیە سەرلەبەری ماناکان بەر لە دەستپێکردنی وەرگێڕان، بە شێوەیەکی لەبار شرۆڤە بکرێ،وشرۆڤەش دەبێ لە فۆرمێکی لەبارو گونجاوی دەستوری وزمانەوانیا بێتە دەربڕین.بۆیە لە ڕوانگەی هیرمۆنەتیکەوە تەنیا وەرگێڕانی زمانەوانی زمانێك بۆ زمانێکی تر بە وەرگێڕان حەساب ناکرێ.جا چونکە دەقی ئەدەبی ڕەسەن بە فرەمانایی ئاوس وبارگاویە بۆیە بایەخ وزەرورەت وگرینگی هیرمۆنەتیك لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا زۆر بە زەقی بە دیاردەکەوێت..

بەهەرحاڵ وەرگێڕ چەندیش بتوانێت بچێتە پێستی نووسەری دەقەوە، هەر نابێت بە نووسەرەکە، بۆیە دەشێت بگوترێ وەرگێڕان دەکاتە خولقاندنەوەی دەق بەو شێوەیەی کە وەرگێڕ لە دەقە ئەسڵییەکە حاڵی بووەو تێی گەییشتووە. هەموو وەرگێڕێك لەوە بە ئاگایە کە فاسیلەومەودایەك لە نێوان وەرگێڕان وئەسڵی هەر دەقێکدا هەیەومەحاڵیشە بتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات، بۆیە دەوری وەرگێڕ لەم حاڵەدا دەوری ئەو میانچییەیە کە گەرەکیەتی دوو لای گفتوگۆیەك لێکدی نزیك بخاتەوەوبیانگەیەنێتە لێکدی حاڵی بوون..ئیدی ئامانجی هیرمۆنەتیك ئەمەیە کە فاسیلەی نێوان نووسەروخوێنەر نەهێڵێ،ودەقەکە بە مەبەستی دۆزینەوەی ماناکانی، شەن وکەو بکات، بۆیە وەرگێڕ لەسەریێتی چەند جارێك بە وردی وبە جدی دەق بخوێنێتەوە،چونکە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا مانای زیاتری بۆ کەشف دەبێت وپتر ئاشنای ڕازورەمزەکانی دەق دەبێت.

*****

وەرگێڕی ئەدەبی پێویستە بەهرەوتواناوسەلیقەو هزرو خەیاڵێکی ئەدەبیانەی تەواوی هەبێت، چونکە بە دۆزەرەوەو پەیامبەری کەلتوریش دێتە ژماردن،بەهۆی بەهرەی خودادادی وهەوڵو کۆششی فێربوونی زمانەوە جۆرەها ژانری ئەدەبی وڵاتانی دی وەردەگێڕێت وبەمەش خزمەتێکی فرەی گەشەسەندن ودەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی وڵاتی خۆی دەکات،جا ئەم ئەرکە گەورەیە وادەخوازێت کە وەرگێڕی باش لە رووی رۆشنبیریی وکەلتورییەوە پڕبێ، نەك هەر لە مەیدانی ئەو بابەتەدا کە وەری دەگێڕێت شارەزا بێ، بەڵکو شارەزاییەکی گشتی لە هەر هەموو ئەو کەلتورەدا هەبێت کە گەرەکیەتی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، بیگوازێتەوە بۆ زمان وکەولتوری خۆی. واتە وەرگێڕ پێویستە پردێکی ئەمین بێ لە بەینی هەردووك کەلتوری زمانی یەکەم و دوەم..ئەمەش بەوە دێتە دی کە وەرگێڕ دڵسۆزی کارەکەی بێت،خۆی بۆ تەرخان بکات، نووسەری دەقەکە بناسێت-هەڵبەتە لەباری ئەدەبییەوە-پایەی ئەدەبیی لە نێو ئەدەبیاتی وڵاتی خۆیدا بناسێت،شارەزای شێوازی نووسینی بێت، ئەو ڕەخنانەی خوێندبێتەوە کە لەمەڕ بەرهەمەکانی نووسراون..وەرگێڕانی باش دەبێت روون ورەوان وسوار بێت و بە ڕەحەتی بخوێنرێتەوە.

هەندێك لە پسپۆڕان وشارەزایان پێیان وایە وەرگێڕی ئەدەبی،هەقە لە یەك بواری تایبەتیدا کاربکات،بۆ نموونە پەیگیری یەك نووسەر یان یەك شێواز یان یەك قۆناغی ئەدەبی بکات،تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە بە تەواوەتی بناسێت وشارەزابێت. بەڕادەیەك ئاشنای زمانی ئەو قۆناغە بێت کە بەباشی ئاستی زمانی دەقەکە،یان بەرهەمەکە دەرك بکات،لایەنە جیاوازە گوزارەییەکانی وشەکان بفامێ وئەدیبانە مامەڵە دەگەڵ دەقدا بکات وحورمەتی نووسەری دەقەکە پێشێل نەکات وشێوازی دەقی یەکەم یان نزیکترین هاوشێوەوهاوتای لە دەقی دووەمد بخولقێنێتەوە..

یەکێك لە ئەرکەکانی وەرگێڕی باش،ئەوەیە کە چەند جارێك دەقە وەرگێڕدراوەکەی بخوێنێتەوە تا هەڵەوپەڵەکانی هەڵگرێتەوەوبسڕێتەوەو بە بەشە ئاڵۆز ونامەفهوومەکانی وەرگێڕانەکەیدا بچێتەوە..خۆ ئەگەر خاوەنی دەقەکە لە ژیاندا بێت و وەرگێڕ بە ئاسانی دەستی بیگاتێ، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم کارە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە مەیسەر دەبێت، دەتوانێ سەبارەت بە بەشە ئاڵۆزو بە تەمتومانەکانی دەق داوای ڕوونکردنەوەو کۆمەکی لێبکات..

*****

خوێندنەوەو پەیجوری ئەدەبیاتی خۆماڵی یەکێکە لە پێداویستییەکانی وەرگێڕانی ئەدەبی، چونکە وەرگێڕ لەم ڕێگەیەوە دەبێتە خاوەنی زەخیرەیەکی زمانەوانی دەوڵەمەندو لە هەر تەنگانەیەکی زمانەوانیدا فریای دەکەوێت وبۆ وشەی هاوتاوهاومانا دانامێنێ.

**

ناونیشان و سەرناڤ یان تایتڵی دەق، چ چیرۆك، شیعر، فیلم،یان زنجیرەی تەلەفزیۆن بێت، بەشێکی گرینگ لە ناسنامەی ئەو بەرهەمانە پێکدێنێ و وەرگێڕ لە سەرێتی ناونیشانێکی ئەوتۆ هەڵبژێرێت کە جۆرە شۆرەتێك بە بەرهەمەکە ببەخشێت..هەندێ لە شارەزایان وپسپۆڕان باوەڕیان وایە بۆ نموونە دەبێ چیرۆکەکە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بە جددی وبە وردی بخوێنرێتەوەو ئەمجا پاچڤە بکرێت،پاشان تەمەشا بکرێت کە ئاخۆ وەرگێرانی وردی تایتڵە ئەسڵییەکە لە زمانی دووەمدا ڕەوان وسەرنجراکێش وپڕ بەپێستی دەقەکەیە یان نا.ئەگەر سەرناڤەکە لە زمانی یەکەمدا ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی دەقەکە بوو، باشتر وایە وەرگێڕ هەمان سەرناڤ بە شێوەیەکی ورد پاچڤە بکات،ئەگەر واش نەبوو، ئەوا وەرگێڕ دەتوانێ بە ڕەچاوکردنی نێوەرۆکی چیرکەکە سەرناڤێکی گونجاوولەبار هەڵبژێرێ..چونکە هەندێ سەرناڤ لەگێنە لە زمانی یەکەمدا زۆر پەسند بێت وبۆ خوێنەر جوان ولەبەردڵان ومایەی سەرنج بێت وحەزو سەلیقەیان پاراو بات،بەڵام هەمان سەرناڤ لە زمانی دووەمدا چەند وردودروستیش پاچڤە بکرێ،هەر بێگانەو غەوارەو نا پەسند بنوێنێ،هەم بازاڕی فرۆختی بەرهەمەکە بشکێنێ وهەم هیچ شۆرەتێك بە وەرگێڕ نەبەخشێت.بۆیە پسپۆڕانی مەیدانی پاچڤە، ڕێگەی دەستکاری سەرناڤیان بە وەرگێڕ داوە..

***

هەندێ لە پسپۆڕان وشارەزایان پێیان وایە لە نێو ژانرە ئەدەبیەکاندا کورتە چیرۆك لە هەر هەموویان دژوارترە بۆ وەرگێڕ،لە حاڵێکا وەرگێڕ لە پاچڤەی چیرۆکدا هیچ نەبێت لە کۆت و بەندی شیعر، یانی لە کێش وقافیەو سەروا ڕەهایە،چونکە بۆ ماناوشرۆڤەو ڕاڤەی ماناو گوزارە پابەندی بەیت نییە، بۆیە دەستی وەرگێڕ هەندێ کراوەتر دەبێت وڕەنگە هەر ئەم دەستکراوەییە بکاتە کارێك کە وەرگێڕانەکەی بڕێك لە دەقە ئەسڵییەکە درێژتر بێت، ئەگەرچی دەقەکە چەند بە هەمان کورتی خۆیەوە بمێنێتەوە ئەوەندە باشترە..

سەبارەت بە رۆمانیش،بە تایبەتی رۆمانی تازەی رۆماننووسانی میناکی پرۆست،کامۆ، کافکاو..جۆیس..کە جۆرە کودەتایەکیان لە مەیدانی شێوازدا کردووە وگواستنەوەی ئەو شێوازانە بە ئەمانەتدارییەوە، جۆرێك لە فرەشێوازی بە زمان وکەلتوری ئەدەبی زمانی دووەم دەبەخشێت،بۆیە وەرگێڕانی دەقاودەقیان لە لایەن کەسانی بە تواناوشارەزاوە، لە رووی ئەستاتیکییەوە نەك هەر هیچی لە وەرگێڕانی ئازاد کەمتر نییە، بەڵکو روحی دەقەکەو بلیمەتی نووسەرەکەیشی بەرجەستە دەکات ودەگەیەنێ.

***

شیعریش وەکو ژانرێکی هەرە تایبەتی وچڕترین جۆری ئەدەبیات لە وەرگێڕان نەخەلەسیوەو لەو تاقیگەیەدا توێکاری کراوە.لە شیعردا هیچ وشەیەکی زیادە نییە،واتە لە شیعردا وشە بەردی بناغەیەو لە واری وەرگێڕاندا لە هەر هەموو دەقێکی تر بایەخی زیاتر پەیدا دەکات ودوای وشە بەیت دێت کە مەیدانی بنەڕەتی کاری وەرگێڕانە. وەرگێڕ لەسەریێتی خواستن ومیتافۆرە تازە وتایبەتیەکان، تەنانەت ئەگەر لە باری کەلتوری ورۆشنبیریشەوە مایەی سەرسامی خوێنەر بێت، بە شێوەیەکی زۆر ورد بخوڵقێنێتەوە..بۆیە پاچڤەوانی شیعر پێویستە لە خەمی ئەوەدا بێت کە فۆرمێکی گونجاوولەباری ئەوتۆ بۆ دەقە شیعرییەکە لە زمانی دووەمدا بدۆزێتەوە کە یەجگار لە فۆرمە شیعرییەکەی زمانی یەکەمەوە نزیك بێت..سەبارەت بە قافیە هەرچەندە بەشێکە لە فۆرم، بەلام مەرج نییە تەواو وەکو خۆی بهێڵرێتەوە.وەرگێڕ لەسەریێتی گوزارەومانا خوازەییەکان و وێنە شیعرییەکانیش بخوڵقێنێتەوە. لە وەرگێڕانی شیعردا ڕەوت وڕێچکەی جۆراوجۆر هەیە وەك: وەرگێڕانی فۆنۆلۆجی،وەرگێڕانی وشە بە وشە ودەقاو دەق،وەرگێڕانی کێشدار، وەرگێڕانی بە پەخشان، وەرگێڕان بە شیعری قافیەدار، وەرگێڕان بە شیعری بێ قافیە و وەرگێڕانی هیرمۆنەتیکی.

هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە شیعر نایەتە وەرگێڕان، کە وەرگێڕدرا دەبێت بە شیعرێکی ترو فڕی بەسەر شیعری یەکەمەوە نامێنێت، رۆبەرت فرۆستی شاعیری ئەمریکایی دەڵێت ئەوەی لە وەرگێڕانی شیعردا، بە تەرجەمە نەکراوی دەمێنێتەوە، ئەوە رۆح وخودی شیعرەکەیە. بۆیە وەرگێڕی شیعر بۆ ئەوەی بتوانێ شیعرێك وەربگێڕێت، پێویستە بە خۆی شاعیرێکی لەزەبرو کارامە بێت. یان هەستێکی شیعریی هێندە بەرزی هەبێت کە بتوانێت، دەنگ ورەنگ وتۆن و بونیادومانای دەقەکە بپارێزێت وبە پەخشانێکی شاعیرانە ولە رێگەی پەیڤێن هەڵبژاردەوە دەستەبژێروگونجاو وخۆشاوازوریتمدارەوە دای بڕێژێتەوەو دەقایەتیەکی زۆر نزیك لە دەق

یەکەمی پێببەخشێت.یەکەمین مەرجی وەرگێڕانی شیعر بریتییە لە بەکارهێنانی پەیڤی جوان، خۆشاهەنگ،وخەیاڵئەنگێز،واتە هەڵبژاردنی وشەیێن گونجاو،هەرسکردنی هونەرە ئەدەبییەکانی شیعر،هەڤبەندی وشەکان وگەیاندنی ڕۆح وجەوهەری شیعر لە مەرجەکانی وەرگێڕانی ئەدەبییە.

***

شانۆنامە، وەکو ژانرێکی ئەدەبی کە دێتە نووسین، پتر بۆ نمایشکردنە لەسەر شانۆ، بۆیە لە هەوەڵەوە دەبێ تەماشاڤانی لەبەرچاو بێ. جا ئامانجی وەرگێڕانی شانۆنامەش، هەر زیاتر نمایشکردنی دەقی شانۆییە لەسەر شانۆ دەبێ وەکو دەقە ئەسڵییەکە تەماشاڤانی لەبەرچاوبێت و پێویستە زۆر جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەو دەقەی دێتە وەرگێڕان دەقێکی دراماتیکی یەو لە ڕێگەی جوڵەو گوتاری ئەکتەرەوە دێتە نیشاندان. بۆیە وەرگێڕانی شانۆنامە دەبێ حیسابێکی زۆر بۆ نەفەسی ئەکتەر بکات ودەبێت کورت وچڕ بێت..وەرگێڕ پێویستە لە هەڵبژاردنی جۆری وشەدا زۆر بە دیقەت و وردبێت، ڕستەکان بە جۆرێ بداتە دەم یەکترەوە کە مانا پەنامەکی وناڕاستەوخۆکانی، بە تەواوەتی بۆ خوێنەروگوێگرو تەماشاڤان روون بێت. واتە وەرگێڕانی شانۆنامە بۆ ئەوەی بتوانێت مانا پەنامەکییەکان بگەیەنێت پێویستە لە وەرگێڕانی وشە بە وشەودەقاودقەوە هەندێ نزیک بێت.

***بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:***


*–درامدی به اصول وروش ترجمه، چاپ سوم،١٣٨٤کاظم لطفي پور ساعدی

*–گفتمان وترجمه،علی صلح جو،،چاپ اول١٣٧٧

*–میوان ،ئەلبیر کامو،پێشەکی و وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، ٢٠٠٩

*–ئامانجی ئەدەبیات، م.گۆرکی،پێشەکی و وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف

*–رۆژنامەی بارزان، ژ(٨٧) ئافاتی وەرگێران، حەمەکەریم عارف

*–ترجمه متون ادبی، تالیف:علی اکبر عقیلی اشتیانی، تهران:رهنما ١٣٨٢

# وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری ئاینده

٢٠٠٨/٢/١٩

ئەگەر سەرنجی مێژووی پرۆسەی رۆشنبیریی تیرەی بەشەر بدەین دەبینین لەبەرەبەیانی مێژووەوە تا رۆژگاری ئەمرۆ کاری وەرگێڕان لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە رۆشنبیرییەدا هەر هەبووەو هەیە. ئەم کارەش قۆناغ و رەوتی خۆی هەبووە. هەڵکشان و داکشانی هەبووە. لە زۆر شوێن و قۆناغدا بەرنامەڕێژی بۆ کراوە، دام ودەزگای تایبەتی بۆ دانراوە، زاناو داناو هزرڤان و تیورکارانی گەورە خۆیان لێکردووە بە خاوەن و رێکیان خستووەو ئاراستەیان کردووەو بنەماو پێوانەو پێوەری زانستییان بۆ داناوە، بەرادەیەك زۆر کەس وەرگێڕ لە خانەی دانەردا دادەنێت، دیارە وەرگێڕی باش..ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە و تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز قسە بکەن و گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوونە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بەزمانانی جیاواز هزرو بیرو رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشر دەبێت. جا وێڕای ئەوەی قسەیەکی باو لەسەر خیانەتکاری وەرگێڕ هەیە، کە پێموایە ئەمە خیانەتێکی حەلاڵەو شەرعییەتی خۆی لە زەرورەت و پێداویستییەکانی ژیانەوە وەردەگرێت،چونکە چار نییەو تا فاکتەرەکانی بەردەوامی کاری وەرگێڕان بمێنێ، ئەو خیانەتە هەر دەبێ بکرێت، لێ پێویستە تا دەکرێت رێژەکەی کەم بکرێتەوە.. کەواتە وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ناسنامەی کارکردن لە هەموو زمانەکانا،واتە وەرگێڕان دەکاتە بەزاندنی جیاوازییە دەرەکی و فۆرمییەکان،دەکاتە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بە زمانێکی دیکە بەرهەم هاتووەولە زمانێکی دیکەدا بەرجەستە بووە.. کەواتە وەرگێڕان دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانە، دووبارەکردنەوەی داهێنانە، ئەمەش توانایەکی زمانەوانی یەکجار گەورەی گەرەکە.واتە وەرگێڕ لەسەرێتی نەك تەنیا زمانزان بێت، بەڵکو دەبێت لە بونیادو وشەی ئەو زمانە شارەزابێت، پەی بە پەیوەندییەکانی نێوان بونیادو وشە لە ناو کەلتوورو شارستانییەتی ئەو زمانەدا ببات. هەڵبەتە ئەگەر وەرگێڕێك ئەو مەرجە قورسەشی تێدا بێ ،هێشتا هەر زەحمەتە بتوانێ بەتەواوەتی ئەو هەژانە عاتیفییەی کە لە زمانە ئەسڵەکەی دەقێکدا هەیە، بەتایبەتی دەقی ئەدەبی، بگوازێتەوە.. رەنگە هەر ماناکەی و ئاراستە فیکرییە گشتییەکەی بگوازێتەوە. چونکە هەندێ کەس پێیان وایە دەقی ئەدەبی دەبێ هەر بە زمانە ئەسڵەکەی خۆی بخوێنرێتەوە، ناشێت بە زمانی دووەم بخوێنرێتەوە..هەرچەند ئەم بۆچوونە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە، بەلام ئەوە دەگەیەنێ کە وەرگێڕان تەنیا دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو دووبارە کردنەوەی داهێنانیشە.. ئەمە مانای وایە کە وەرگێڕ دەبێت لە ئاستی نووسەرەکەدا بێت و لە هەموو کەسێك پتر شارەزای هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی ناو پرۆسەی وەرگێڕان بێ. ئەمە چەند لە وەرگێڕەکانی ئێمەدا هەیە؟! وەختێ تەمەشای کتێبی قوتابخانە دەکەی، من لێرەدا هەردوو کتێبی ئابوری و فەلسەفەی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی دەکەم بە نموونە کە زۆر بە دڵنیاییەوە دەیڵێم

که لەسەرانسەری ئەو جووتە کتێبەدا مەگەر بە ڕێکەوت تووشی ڕستەیەکی ڕەوان و مەفهومی کوردی ببی.. دڵنیام هیچ مامۆستایەکی ئەو دوو وانەیە وەکو پێویست لە زمانی ئەو دوو کتێبە تێناگەن، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو قسەیەیان پێنەوترێ خۆیان لە گێلی داوە، دەنا دەبوایە زۆر زوو یەخەی وەزارەتی پەروەردەیان بگرتایە و لەوە پتر ئازاری مێشك و دەروونی قوتابی داماویان نەدایە بەو زمانە نامەفهوم و ئاڵۆزو سواوو پواوە کە ئەو دوو کتێبەیان پێ تەرجەمەکراوە کە بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە هەزاران قوتابی کورد.ئەگەر ئەمجۆرە کتێبانە سەرچاوەی زمانی مناڵەکانمان بن، کە پێموایە هاوتای لاڵییە، دەبێ سبەی ڕۆژێ چۆن بە لاڵی و بەبێ زمانی بەناو ژیان بکەون، ژیان بەرهەمبێنن، لە کاتێکا هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە!!..کەواتە هەقی خۆمانە بە گومانەوە بڕوانینە کاری وەرگێڕەکانمان..

*****

هیچ میللەتێك لەم ڕۆژگاو سەردەمە جەنجاڵەی ئەمڕۆدا ناتوانێ بە تەنیا هەموو بوارەکانی ژیان بەرهەم بێنێ، بۆیە پەنابردنە بەر وەرگێڕانی وردو دروست، یەکێکە لەو کەناڵانەی دەبێ پەنای بۆ ببرێ و لەرێگەی وەرگێڕانەوە ڕێگەکان قەدبڕ دەکرێن و کارلێکێکی ڕۆشنبیری ئیجابی چێدەبێت، واتە وەرگێڕان دەبێ بە بەرنامە بکرێ و وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستییە فەلسەفی و هزری وئابوری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و زانستییانە بێ کە زمانی دووەم نەیتوانیوە بەرهەمی بێنێ..جا بەم پێیە وەرگێڕان بەجۆرێ ئاوێتەی ژیانی تیرەی بەشەر بووە کە هەندێ فەیلەسوف و دەروونناس ورەخنەگر پێیان وایە هەر وتووێژ و گفتووگۆیەکی سەرکەوتوو لە نێوان تیرەی بەشەردا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە خانەی وەرگێڕانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وتووێژە لە ناو یەك زمانیشدا بێ، هەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان بەم چەمکە فراوانە رووبەرێکی گەورەی زانستی دەلالەتان و دەروونناسی و فەلسەفەش دەگرێتەوە..

جیاوازی نێوان زمانان کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم حاڵی بوونی زمانەوانیدا، واتە جیاوازی زمانان دەکاتە کۆسپ لە نێوان لێکدی حاڵی بوونی ئەو خەڵکانەی بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. بۆیە وەرگێڕان هەوڵێکە بۆ بەزاندنی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە.. وەرگێڕان هەوڵدەدات بە زمانی دووەم گوزارشت لەو بیرو هزرانە بکات کە بەزمانێکی دیاریکراوو تایبەتی داڕێژراون، جا وەکو چۆن لەم سەرزەمینەدا دوو کەسی تەواو چوونیەك نییە، دوو زمانی چوونیەکیش نییە، بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ سەرکەوتووترین وەرگێڕان جۆرە ناکامییەك لە خۆ دەگرێ.. بەڵام وێڕای ئەمەش لە سایەی فرەزمانیدا زاراوەی زمان و وەرگێڕان تەواوکەرو تەواوکراوی یەکترن.. کەواتە تا جیاوازی زمان هەبێ وەرگێڕانیش دەمێنێ ، مەگەر زۆر چاوەڕوان بکەین تا ڕۆژێ بێ هەموو تیرەی بەشەر بەیەك زمان بخوێننەوەو بنووسن.. هەنگێنێ پرۆسەی وەرگێران خۆ بەخۆو بەشێوەیەکی سروشتی دەوەستێ و نامێنێ و پرۆسەی لێکدی حاڵی بوون و کارلێکی شارستانی زۆر لە ئیستا ئاسانتر دەبێت.

***پ١:تا ئیستا ورگێڕکارانی کورد زیاتر پشتیان بە وەرگێڕانی دەقی بیانی بەستووە بۆ سەر زمانی کوردی.. بەرای تۆ بۆچی کەمتر دەست بۆ ئەوە براوە دەقی کوردی***

***وەرگێردرێتە سەر زمانەکانی تر. ئایا کورد خاوەنی دەقێك نییە شایستەی وەرگێڕان بێت بۆ زمانەکانی تر؟***

ڕەنگە ئەمە زۆر هۆی بابەتی و خودی و تەنانەت دەرونیشی هەبێت. هەموو دەزانین مەیدانە ئەبستمۆلۆجییەکەی کوردەواری چۆڵ و هۆڵە، پڕە لە بۆشایی..وەرگێڕی کورد هەست بەمە دەکات و کار بۆ پڕکردنەوەی دەکات،و زۆربەی هەرە زۆری زمانە زندووەکانی جیهان ،لەرووی بەرهەمهێنانی ئەبستمۆلۆجییەوە لە زمانە بێخاوەنەکەی ئێمە دەوڵەمەندترن و هەر هەژاریش چاوی لە دەستی دەوڵەمەندە. ئەمە جگە لەوەی نیشانەیەکی خەمخۆری وەرگێڕی کوردە بۆ موتوربەکردنی بەرهەمی خۆماڵی و نەتەوەیی بەبەرهەمی بێگانەو کردنەوەی دەرگاو پەنجەرە کەلتورییەکان بەسەر زمانی کوردیدا. وەرگێڕ دەزانێت کاری وەرگێڕان، تەنیا گواستنەوەی زانیاری و ئەزموونان نییە، بەڵکو خزمەتێکی گەلەك گەورەی رەوت و ڕێبازە هزری و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندن و گەشەکردنیان خۆشدەکات..

وەرگێڕی کورد ، گوایە کەمتر خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی دەقی کوردی بۆ سەر زمانانی تر داوە.. پێموایە لەم بوارەشدا کار کراوەو چەندین دەقی کوردی بۆ زمانانی دیکە وەرگێردراون، ئەمەش هەوڵێکی پەسندو بەجێیە بۆ رزگارکردنی دەقی کوردی لە بازنەی خوێندنەوە بەیەك زمن، هەوڵێکە بۆ زۆرکردن و هەمەجۆرکردنی خوێنەرانی دەقی کوردی. کردنەوەی پەنجەرەی دەقی کوردییە بەسەر دنیادا، ئیدی چەند پێشوازی لەو دەقانەمان کراوە یان نا؟! ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە،ئەمینی کاری وەرگێرانەکەو شایستەیی خودی دەقەکەی لەخۆدا هەڵگرتبێ .ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی کارە ئەبستمۆلۆجییەکانی ئێمە لە چاو هی زمانانی دیکەدا یەجگار کەمە بۆیە رێژەی وەرگێران لە زمانی کوردییەوە لە چاو وەرگێران بۆ زمانی کوردی کەم دەنوێنێ، دەنا بەندە پێموایە لەو بوارەدا کار کراوەو رەنگە جۆرە سەنگەلاییەك لە هەڵبژاردنی دەقە کاندا هەبێ و ئەم کارە وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەهەند وەرنەگیرابێ وکەمتر ئەو دەقانە هەڵبژێردرابن کە دەشێت ناسنامەبن و بەزمانی خۆماڵی گوزارشتیان لە مرۆڤایەتی کردبێ. ئەمە سەبارەت بە ئەدەبیات، خۆ لە بوارە فیکری و فەلسەفی و زانستییەکاندا پێموایە زمانەکەمان زمانی بەخششێکی ئەوتۆ نییە کە خەڵکی دەرگامان لێبکەنەوەو لەرێگەی وەرگێڕانەوە تەجاوزی جیاوازی زمانان بکەین..

***پ٢:تا ئیستا خوێنەری ئێمە بەر ئەو بەرهەمانە کەوتوون کە لە زمانی سێهەم و دووەمەوە وەرگێڕدراون باشتر نییە ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کاریان لەسەر بکرێت؟***

وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، ئەنجامی ئەوپەڕی ناچارییە، نیشانەی ئەوەیە کە وەرگێڕ زمانە یەکەمەکە نازانێ.خەڵکێکیش هەن زمانی یەکەم دەزانن بەڵام ئەهلی قەڵەم نین تا بچنە ژێر ئەوبارە.. چونکە وەرگێڕ هاوتای نووسەرەو لە خانەی دانەردا دادەنرێ .جا وەرگێڕ

چەند بە تواناش بێ هێشتا هەر زەحمەتە بتوانێت بە تەواوەتی ئەو سۆزو گودازو هەژانە سۆزدارییەی کە لە زمانی یەکەمی دەقێکا هەیە بەتایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، بگوازێتەوە..رەنگە هەر ماناکەی و ئاراستە فیکرییە گشتییەکەی بگوازێتەوە. بۆیە هەندێ کەس پێیان وایەدەقی ئەدەبی دەبێ بە زمانە ئەسڵەکەی خۆی بخوێنرێتەوەو ناکرێت بە زمانی دووەم بخوێنرێتەوە.. جا ئەگەر ئەمە بۆ خوێندنەوە وابێ، ئەوا بۆ وەرگێڕان گەلەك واترە، چونکە لەو حاڵەتەدا بەرهەمەکە وەکو کاڵای دەستی دووەم و سێیەمی لێدێت و لەهەر دەستکردنێکدا بەشێك لە رەونەق و بایەخ و کاریگەریی هونەری و مێژوویی و رۆشنبیری خۆی لە دەست دەدات. جا ئەم بۆچوونە رەنگە بەر لە زۆر کەس ریشی بەندە بگرێتەوەو بیانووش ئەوەبێ کە ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات ، بۆیە هەق وایە زمانزانانی ئەهلی قەڵەم هیممەت بکەن و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و لە کۆڵ ئێمەمانانی بکەنەوە..

***پ٣: بوونی تەخەسووس لە وەرگێڕاندا تا چەند بە گرنگ دەزانیت. بۆ نموونە وەرگێڕمان هەیە لە چەندین بواری جیاجیادا وەرگێڕان دەکەن؟***

تەخەسووس زادەی پێداویستییەکانی ژیانە، ژیانی ئەمڕۆ لەوە فرەلایەنترو ئاڵۆزترو جەنجاڵترو لەزترە لە یەك چارچێوەی گشتیدا جێگەی ببێتەوەو مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و بەرهەم بهێنرێت. واتە ژیان نەك هەر تەخەسووس دەخوازێ بەڵکو دەشیسەپێنێت . تەخەسووس خەسڵەتێکی ژیانی ئەمڕۆیە.. وەرگێڕانیش لایەنێکە لە لایەنەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیان،و لە دوائەنجاما بەشێکە لە ژیان و بییەوێ و نەیەوێ، خەسڵە تی ژیان وەردەگرێت..ئێمە لە وەرگێڕانیشدا هەر قڕەی ژیانین،کامانەن ئەو بوارە جیاجیایانەی وەرگێڕی ئێمە کاریان تێدا دەکەن؟ هەر هەمووی یەك دوو بوار پتر نیین.زیاتر ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانە کە کە هەم کارێکی کەمی تێدا کراوە وهەم خاڵی یەکانگیری و لێکچوونی زۆریان لە نێواندا هەیەو بۆ ئەم قۆناغی دەستپێکی وەرگێڕانە پڕ لە بۆشاییەی لای ئێمە ئاساییە وەرگێڕ خۆی تیا تاقیبکاتەوە...دەنا من پێم شك نایەت وەرگێڕێکمان هەبێ هەم لە بواری ئەتۆمدا کاری وەرگێڕانی کردبێ و هەم لە بواری سێکسۆلۆجیدا..ئیدی هەر کارێك هەوێنی گۆڕان و وەرچەرخانی تێدا بێ، لەگەڵ دەستپێکدا جۆرە ئەنارشیزمێکی بەگەڵ دەکەوێت و ئەزموون وڕۆژگار لە مەحەکی دەدات و کۆنترۆڵی دەکات..

***پ٤: وەرگێڕ چیبکات بۆ ئەوەی متمانەی خوێنەر بەدەست بێنێت چونکە زۆرجار بیستوومانە یان بینیوومانە بەهۆی کەم شارەزایی زمانەوانییەوە دەقێك یان بەرهەمێك شێوێنراوەو متمانەی خوێنەری لەدەستداوە؟***

وەرگێڕ دەبێت بەر لە هەر شتێك ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی کە وەرگێڕان بریتییە لە بەزاندنی جیاوازییە رواڵەتی و فۆرمییەکان، بریتییە لە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بەزمانێکی دیکە

بەرهەم هاتووە و لە زمانێکی دیکەدا بەرجەستە بووە. واتە وەرگێڕان هەم دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانەو هەم دووبارەکردنەوەی داهێنانە، ئاوێتەیەکە لە هەردوو حاڵەتەکە، ئەم کارەش تەنیا لە توانای کەسێکدایە کە توانایەکی زمانەوانی گەورەی هەبێ، واتە تەنیا زمانزانی بۆ وەرگێڕ بەس نییە، بەڵکو دەبێ بەتەواوەتی شارەزای بونیادو وشەی ئەو زمانە بێت، پەیوەندییەکانی نێوان بونیادو وشە لە ناوجەرگەی کەلتوورو شارستانییەتی ئەو زمانەدا بناسێت و وەکو قوڕەخۆشە بەکاری بێنێ.. کەی ئەمانەی کرد متمانەی خوێنەر بەدەست دێنێ. ئەوجاش خوێنەری جددی وچاك کە لە خوێندنەوەی وەرگێڕانێکی نایاب دەبێتەوە، خۆزیایەك دەخوازێ ئەی کاشکێ زمانی یەکەمی ئەو بەرهەمەی زانی بووایە و جارێکی بەو زمانەش خوێندباوە. واتە کاری وەرگێڕان چەند سەرکەوتووش بێت، جۆرە گومانێك، گومانی حەقیقەت خوازی و حەقیقەت زانی، هەر هەڵدەگرێ..

## پ٥: بەکورتی پێمان بڵێ ئەو سیفەتانە چین کە دەبێت لە وەرگێڕی سەرکەوتوودا هەبێت؟

خوێنەر دکارێت لە بندێڕی وەڵامەکانی پێشوودا هەندێ لە سیفەتەکانی وەرگێڕی سەرکەتوو بدۆزێتەوە.. بەڵام بەکورتی و کوردی وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستە کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدا بێت کە رەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە. وەرگێڕ دەبێ هێندە بەهرەدار بێ کە بەهرەو تواناکانی لە ئاستی تواناو بەهرەکانی نووسەردا بێت. واتە وەرگێڕ دەبێ بە خۆیشی نووسەرێکی چاك بێت و بتوانێ نووسەرانە بەرهەمێکی چاك وەربگێڕێت و ژیان و جوڵە وەبەر ئەو بەرهەمەدا بکات کە وەریدەگێڕێت، واتە لە زمانی دووەمدا دووبارە بیافەرێنێتەوەو بەرهەمی بێنێتەوە. تواناو بەهرەی وەرگێڕی سەرکەوتوو پتر لە وەرگێڕانی بەرهەمی گەورەدا دەردەکەوێت،و بەرهەمی گەورەش هیممەتی گەورەی دەوێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ زمانزان بێ ،تایبەتمەندی و نهێنییەکانی زمان هەڵبێنێ، کەلتوور دۆست بێ ، وردو سەرنج تیژ بێ، زیرەك و بەزەوق و خۆش سەلیقە بێ. ویژدانی کاری هەبێ. پشوودریژو پرسا بێ، هەمیشە فەرهەنگی لەبەردەستدا بێ و لە بچووکترین دوودڵی و گوماندا بگەڕێتەوە سەری. وەرگێڕی سەرکەوتو دەبێ بزانێ کە وەرگێڕان مەسئولیەتێکی گەورەیە، جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە، کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێڕ نە لەبەر بێتاقەتی پەنای وەبەر دەبات و نە لەبەر ئەوەیە کە خۆی نەتوانێ بنووسێت،و وەرگێڕ بەگوێرەی زۆر پێوەران لە خانەی دانەراندا دانراوە. وەرگێڕی سەرکەوتوو نابێ دەست بداتە کارێك کە دەرەقەتی نەیات، چونکە لە حاڵەتی وەهادا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانی وەرگێڕو متمانەی خوێنەر لەدەست دەچێت. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی جددی بێت و جیهانبینییەکی رەخنەیی هەبێت و بەتەواوەتی چەمك و رۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە، ریتم و ئاهەنگی کارەکەی نووسەر بپارێزێ، تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقەکە کەشف بکات و رەمزو رازەکان بپارێزێ.. زەمەن و کات و

دیاری و نادیاریی ئەو فرمانانەی بەکار هاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە زەمەنەکە شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێ و لە سکەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.

وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ بونیادی رستەکانی نووسەر، بەتایبەتی رستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپارێزێ. خاڵبەندی بەشێکە لە پێکهاتەی بونیادی دەق و شێوازی هەر نووسەرێك، واتە بەشێکە لە قوڵایی دەق، بۆیە وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ زۆر بە جددی رەچاوی بکات، دەنا ئاهەنگ و چەمك و مانای دەقە ئەسڵییەکە دەشێوێ.. وەرگێڕی سەرکەوتوو نابێت بەرگێکی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێڕاوەکەدا بکات کە خوێنەر بڵێ لە تۆ وایە لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسراوە، واتە کوردانـدن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕان نییە، بەڵکو پاراستنی داب و نەریت و خەسڵەت و رەنگ و بۆی ئەو ژینگەیەی کە کارە وەرگێڕدراوەکەی تێدا بەرهەم هاتووە نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو..

٢٠٠٨/٢/١٩

## وەڵامی پرسیارەکانی کوردستانی نوێ لاپەڕەی بیرورا- تەوەری وەرگێران

٢٠٠٨/٣/٢٧

***١-بەدەر لە پێناسەکان بەپێی سەلیقەی خۆت و بەپێی ئەزموونی خۆت چۆن پێناسەی وەرگێڕان دەکەی؟***

بەپێی ئەزمونی من وەگێران جۆرە دۆنایدۆنێکی هونەرییە. بەگوێرەی هەندێ باوەڕان دۆنایدۆن بریتییە لە دەرچوونی رۆح لە بەدەن و قاڵبێکەوە بۆ بەدەن و قاڵبێکی دی. واتە رۆحی ئینسانی چاکەکار لەپاش مردنی، دەچێتە بەدەنی ئینسانێکی ئاقڵ و هوشیارەوە تا لە دنیادا بەخۆشی بژی. بە پێچەوانەوە رۆحی ئینسانی خراپ و خراپەکار دەچێتە بەدەن و جەستە ی حەیوانێکەوە کە بەشی هەر بارکێشان و زەحمەت بێ. ئیدی ئەم گواستنەوەی رۆحە ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە تا تەواو پاك ببێتەوەو چیتر گوناە و خراپە نەکات. جا کاری وەرگێران پرۆسەیەکی هەرە هونەریی لەوجۆرەیە لەناو زمانەکانی دنیادا. چونکە فەلسەفەو هزرو هونەریش بە مردنی خاوەنەکەی نامرێت..و لە رێگەی وەرگێڕانەوە دەچێتە بەدەن و قاڵبی زمانێکی ترەوە.

***٢-یەکێك لە بنەما گرنگەکانی وەرگێڕان هەڵبژاردنی بابەتە بۆ وەرگێڕان پێتوایە وەرگێڕەکانی لای خۆمان لە هەڵبژاردنی بابەتدا سەرکەوتووبوون و ئەو بابەتانەیان هەڵبژاردووە کە پێویستن بۆ کتێبخانەی کوردی؟***

کاری وەرگێڕان لای ئێمە زۆر تازەیە. پاشخانێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە ئەم کارە تا دەکەوێتە سەرسکەی خۆی و ڕەوتی دروستی خۆی وەردەگرێت، هەندێك پاشاگەردانی بەخۆوە دەبینێ. یەکێك لەو لایانانە هەڵبژاردنی بابەتە.دیارە وەرگێڕ دەبێ ئاگاداری بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی میللەتان بێ و بەرهەمە رۆشنبیرییە پێشڕەوو کاریگەرە کۆن و تازەکان بناسێت تا لە هەڵبژاردنی بابەتدا سەرکەوتوو بێت وەکو ئەمە ز ۆر بە جوانی لای دکتۆر جەمال نەبەز، لە هەڵبژاردنی (پاڵتۆ)کەی گۆگۆل و (گەرداو)ەکەی شەکسپیردا دیارە.واتە وەرگێڕ رۆشنبیر بێت و ئەو بەرهەمە فەلسەفی و هزری و کارە هونەری و زانستیانە هەڵبژێرێ کە خێرایی بە بزاڤی کەلتووری نەتەوەییمان دەدات و دەوڵەمەندی دەکات. چونکە ئەم کارە لەلایەکەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات و سەدان زاراوەو وشەی هاوچەرخ دەڕژێتە ناو زمانەکەمانەوەو، بەرەبەرە دەبێ بە زمانی بەرهەمهێنان و بەخششی رۆشنبیری و زانستی و هونەری و لە لایەکی ترەوە بیرو بیرکردنەوەی خۆمان بە ئەزموونی پێشڤەرۆی میللەتانی دنیا موتوربە دەکەین .. بەڵێ زۆربەی وەرگێڕەکانمان لە هەڵبژاردنی بابەتدا سەرکەوتوونین. رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆی مینا: نەفەسکورتی و سەقەت بیرکردنەوەو هەژاری کتێبخانەی کوردی و خەمساردی پسپۆڕان و.. جا سەرباری ئەوەی کە وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی گەورەیە و تەعاروفێکی شارستانیانەی میللەتانە

دەگـەڵ یەکدیـدا، فاکتـەرێکی گرنگـی پەرەپێدانی پەیوەنـدی رۆشـنبیری و هـزری و هونـەری و زانسـتی و کۆمەڵایــەتی و سیاسـی میللــەتان پێکـدێنیٚ و شــەرعییەتی خــۆی لــە زەرورەتــە مرۆڤانییەکانــەوە وەردەگرێـت، و هـیچ میللــەتێك نـاتوانیٚ دەسـتبەرداری بـیٚ، کەچـی ئاسـتی هۆشمەندی خەڵکی کورد تاکو ئێستاش هێندە نزمە کە کاری وەرگێـران بـەکارێکی کـەم و سـووك تەمەشا دەکەن. ڕەنگە زۆر کەس –هەڵبەتە لە رووی نەفامییەوە– نامیلکەیەکی شیعری خۆماڵی کـاڵو کرچـی پـیٚ پەسـندتر بـیٚ لـە وەرگێڕانـی شـاکارێکی هـزری یـان فەلسـەفی یـان زانسـتی جیهـانی!!. ئـەم نەفەسـکورتی و هزرینـە سـەقەت و داخـراوە وای لێکـردووین بـەزۆری پـەلاماری شیعرۆکەیەك یا کورتە چیرۆکێك یا وتارۆکەیەك یا نووسینێکی سەرڤەسەرڤەی نەرمەقووت بدەین و خێـراو بەکاڵوکرچـی تەرجەمـەی بکـەین و لـەم بلاڤـۆك و لـەو ڕۆژنامـەو غەزەتـەدا بیانکـەین بـە ئـاردی نـاو درك وچ کاریگـەری و تەڤگـەرێکی رۆشـنبیری وئـەدەبی و هونـەرییان لێنەکەوێتـەوە. هەڵبەتـە ئـەم جـۆرە پاشاگەردانییە خزمـەتێکی ئـەوتۆی کتێبخانـەی کـوردی ناکـات. چـونکە چ کرانەوەیەك بەسەر ئەدەبیات و کەلتووری میللەتاندا، بۆ هونـەرو رۆشنبیریی کوردی دەستەبەر ناکات،و هیچ هەناسـەیەکی بەبەردا ناکات و نابێتـە هـۆی تەقاندنـەوەی سەرچاوە خۆماڵییـەکانی داهێنـان.. وەرگێڕانـی شـاکارەکانی جیهـان ئـەرکی یەکـەمی وەرگێـری کـوردە. مـەخابن ئـەم کارەبەشـێوەیەکی گشـتی تـا ئێسـتا لای ئێمــە نــەکراوە. شـاکارە کــەلتووری و هزرییــەکانی جیهانمان بە جەماوەری خوێنەری کورد نەناساندووەو نەمانتوانیوە بە ئەمانـەت و وەفادارییـەوە وەریـان بگێـرین وبیانخەینـە بەردەسـت خوازیـارانی رۆشـنبیری.. بۆیـە هەقـە تـا زووە روو لـە وەرگێڕانی ئەو کتێب و شاکارانە بکریٚ کە بایـەخ و کاریگـەری رۆشنبیریی پێشڕەوانەیان هەیـەو دەبنـە بەشـدارییەك لـە کـاروانی پێشـڤەبرنی ژیـارو شارسـتانییەتی مرۆڤایـەتی.. هەڵبەتـە غیـابی رەخنەش فاکتەرێکی دیکەی ئەم پاشاگەردانی و بەدهەڵبژاردنانەیە. ئەگەر رەخنە هـەبیٚ وەرگێڕە سەرکەوتووەکانیش بەم ڕادەیە ناکەونە نەدیووی، بۆ نموونە دکتۆر کـوردۆ عـەلی، کۆمـەڵێك کـاری نایـابی هەڵبـژاردەی بـە زمـانێکی کـوردی دەوڵەمەنـدی روون و ڕەوان و سـوار، لـە ئەڵمانییـەوە وەرگێڕاوە کە هەر حەزدەکەی بیخوێنیتەوەو ئافەرین و دەستخۆشی لێبکەی. کەچی..

## *٣-بوونی بەرنامە بۆ وەرگێران پێویستییەکی حەتمییە پێتوایە وەرگێڕان لای ئێمە بەبەرنامەیە یان میزاجی شەخسی تیایدا دەوری سەرەکی دەبینیٚ؟*

ڕاستە جۆرە بیٚ بەرنامەییەك هەیەو رەنگە ئەمە بەرەنجامی کەڵەکەبوونی زۆر فاکتەری وەکو تـازەیی کـاری وەرگێـڕان لای ئێمــە، هــەژاری و چــۆڵەوانی کتێبخانــەی کــوردی، خەمســاردی پسپۆڕان، غیابی رەخنە، نەفەسکورتی وەرگێڕەکان و سەقەتی بیرکردنـەوەی خوێنـەر بیٚ. بەهـەر حـاڵ ژیـانی ئـەمڕۆ لـەوە فرەلایـەنترو ئـاڵۆزترو جـەنجاڵترو لـەزترە لەیـەك چوارچێوەی گشـتیدا جێگەی ببێتەوەو مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و بەرهـەم بهێنرێت. بەرنامـەداری خەسـڵەتێکی ژیـانی ئەمڕۆیە. وەرگێڕانیش لایەنێکە لە لایەنەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیان،و لـە دوا ئەنجامـدا بەشـێکە لە ژیان. بۆیە خەسڵەتی ژیان وەردەگرێت..ئێمە لە وەرگێڕانیشدا هەر قڕەی ژیانین. جا وەرە بـەو

حاڵەشەوە دووربین لە بەرنامەداری!.. پێموایە پەیوەندی نێوان میللەتان بەجۆرێ فروان بووە، بەرادەیەك تێكرژاوە، خەریكە هەموو میللەتان دەبن بەشەریك لە بەرهەمهێنانی هزرو هونەرو ژیارو شارستنییەتدا. ئەمە كردوویەتێ كارێك كە پرۆسەی وەرگێران ببێ بە كارێكی زۆر پێویست، چونكە لەم رۆژگارە جەنجاڵەدا هیچ میللەتێك ناتوانێ بەتەنێ هەموو بوارە كەلتووری و ژیاری و شارستانییەكان بەرهەمبێنێ .كتێبخانەی نیشتمانی و نەتەوەیی هیچ میللەتێك بەبێ وەرگێران دەوڵەمەند نابێ و رەونەق پەیدا ناكات، ئەمەش بەرنامەدارییەكی وردو زانستانەی گەرەكە. دەبێ لەو كارە فەلسەفی و هزری و هونەری و زانستیانەوە دەست پێبكرێت كە لەگەڵ باری واقیعی كۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو قۆناغەدا بگونجێ كە میللەتی تێدایە و،خێرایی بەرەوتی گەشەسەندن و بەرەوكامڵچوون و پێگەییشتنی ئەو قۆناغە كۆمەڵایەتی و مێژوویییە ببەخشێت. ئەمە جۆرە كارلێكێكی رۆشنبیریی و شارستانی چێدەكات. بۆیە پێتڤییە پرۆسەی وەرگێران كە دەكاتە گوێزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەكتری ،لەچوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەكی زانستیدا ئەنجامبدرێ . روو لە وەرگێڕانی ئەو شاكارانە بكرێ كە بایەخ وكاریگەری پێشرەوانەیان هەیە و دەبنە بەشدارییەك لە كاروانی پێشڤەبرنی ژیارو شارستانییەتی مرۆڤایەتی.هەڵبەتە یەكێك لە دەرهاویشتەكانی بەرنامەداری ئەوەیە كە واز لە وەرگێڕانی پەراگەندەو بەرهەمی كەمبایەخ و نیمچە مردوو بهێنرێ. پسپۆڕی و حەزو زەوق لە وەرگێراندا رەچاو بكرێ. واتە هەر بابەتێك پێویستە خەڵكی پسپۆڕ و شارەزای خۆی وەریبگێڕێت. پزیشك نەچێت بەلای ئەندازەوە، ئەدیب نەچێت بەلای بابەتی تەكنیكییەوە. چونكە ئەمە جگە لە سەقەتبوونی بابەتەكە، پاشاگەردانی و كێشەی دژواری زمانەوانیشی لێدەكەوێتەوە. دیارە ئێمە كەتووینەتە سەردەمێكی فرەخێراو خۆشبەزەوە، تەكنۆلۆجیا میللەتانی تەواو لێكدی نزیك كردووەتەوە.مرۆڤایەتی مەحكومە بەوەی بەشداری لە بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانییەتی كەونی بكات. ئەگەر ئێمە هەر بەم خەمساردییە بمێنینەوەو بەتەمابین –لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەدیبانی رەسەن و كاریگەر– بە پشتیوانی نامیلكەی كاڵوكرچی شیعریی و كۆچیرۆكی پەرپووت و بێرەونەق و كەم نموودەوە ببین بە خودانی كتێبخانەی دەوڵەمەند، ئەوا كاتێ بەخۆ دەزانین لە هەموو جەژنان بووین و دەستمان لە بنی هەمبانەوە دەرچووە. بۆیە دووپاتی دەكەمەوە كە بەبێ وەرگێرانی بەرنامەدار و بەردەوام نابین بە خاوەنی كتێبخانەی دەوڵەمەند.نەوەیەكیش پشت بە وەرگێڕانی نادروست و نا ئەمین ببەستێ هەرگیز ناتوانێ ببێ بە ئاڵا هەڵگری بزاڤی رەوشەنبیریی ئایندە.

## ٤–بەڕای تۆ پرۆسەی وەرگێڕان ئەركی تاكە كەسە یان داودەزگای رۆشنبیریی، ئەگەر ئەركی دامودەزگای رۆشنبیرییە لەبەرچی؟

بەڕای من وەرگێڕان هەم ئەركی تاكە كەسە و هەم ئەركی دامودەزگای رۆشنبیرییشە. لە بندێری وەڵامی پرسیارەكانی پێشتردا ئاماژەمان بۆ گرنگی دەورو رۆڵی وەرگێران كردووەو

ئەوەشمان دووپاتکردووەتەوە کە زمان کەرەستەی هەرە جەوهەری و سەرەکی وەرگێڕە. جا بۆ نەگبەتی وەرگێڕی کورد، زمانی کوردی هێشتا زمانێکی نیمچە کێوییە و لە زۆر رووەوە گۆشەگیرەو رەنگە نەزۆکیش بێ، دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە.. جا کە زمان کەرەستەی جەوهەری کاری وەرگێڕ بێ،و ئەوەش حاڵی زمانی زکماکی بێت، وبەخۆیشی دەسەڵاتێکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕاندا بەسەلامەتی دەرباز دەبێت!. زۆربەی ئەو کارە وەرگێڕدراوانەی لە بازاڕی چاپەمەنی کوردیدا بەرچاو دەکەون، ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێك لە وەرگێڕەکان، تەنێ زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بەنیوەچڵی و سەقەتی دەزانن. هەر بۆیە ئەو لێشاوی وەرگێڕانە، نەیتوانیوە بزاڤێکی رۆشنبیریی رەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروستبکات و بخاتە سەر سکە.. ئەمە جگە لەوەی وەرگێڕان لای ئێمە نەبووە بە پیشەیەك کە خاوەنەکەی بژێنێ، خەڵکانێك هەن چ لە رووی دڵسۆزی و خومخۆری و چ بەمەبەستی شۆرەت پەیداکردن بەدەم هەڵپەی ژیان و نان پەیداکردنەوە، جارجارێ لە وەختی خۆ دەگرنەوەو بۆ وەرگێرانی کارێك یان بەرهەمێکی تەرخان دەکەن، کە کارەکەشیان تەواوکرد، ئەوسا دەبێ بیدات بە کۆڵیاو لە دەرگای ئەم وەشانخانەو ئەو وەشانخانە بدات، ئەگەر دوای زەحمەتێکی زۆر لێیکرایەوە، نۆرە دێتە سەر مەنسوولی وەشانخانەکە، ئەویش دوای وەعبێژییەکی زۆرو فەزڵفرۆشییەکی فرەو گلەییەکی مشە لە حیزبە حەیاتەکە، کاکی وەگێڕ دەخاتە تاقیگەی میزاجە نەخۆشەکەی خۆیەوەو، ئیدی خۆی و بەختی یا گاڵ دێنێ یان پەمو، کە دوای پتر لە ساڵێك نامیلکەیەکی بۆ چاپکرا( ئەگەر بە هەندێ دەسکارییەوە بە ناوی کەسێکی دییەوە بڵاو نەکرێتەوە، یان هەڵەو کەموکوڕی کتێبی کەسێکی دی لەبەر راست نەکرێتەوەو دەستخەتەکەی وێدرێتەوە!!.. ئیدی بیتاقەیە بۆ هەندێ دەردەچێت و بۆ هەندێ دەرناچێت. خەڵکانێك بەدەرزەن بۆیان چاپدەکرێت و خەڵکانێك بەدەساڵ نامیلکەیەکیان پێڕەوانابینرێ!!)دەبێ هەتا هەتایە سەناگۆو منەتباری ئەوبێت. هەڵبەتە تاقە پولێکی هەقدەستیشی نادرێتێ و بە نوکتەیەکی لەمجۆرە بەڕێ دەکرێ : "حیزبی ئێمە حیزبێکی سیاحییە!.."ئەمە لە کاتێکایە کە دەبێ کار بۆ بە پیشەکرنی پرۆسەی وەرگێران بکرێ. وەرگێڕ بە پیشەکەی خۆی بژی و خۆی بۆ تەرخان بکات.وەرگێڕی جددی مامەڵە دەگەڵ کتێباندا دەکات، کە رەنگە وەرگێڕانی کتێبێك چەندین مانگ بخایەنێ ، یا ئەگەر دوورو درێژ و ئاڵۆز و سەخت بێ، چەند ساڵێك بخایەنێ. جا وەرگێڕێك بەکارەکەی نەژی چۆن دەتوانێ ئەمە بکات. هەڵبەتە نابێ ئەوەش فەرامۆشبکرێ کە کاری وەرگێڕی باش دەچێتە خانەی کارە هونەرییە ئیبداعییەکانەوەو ڕێگەیەکی قەدبڕ لە نێوان کەلتوورو شارستانیەتە جیاوازو دوورەکاندا دەکاتەوە، واتە شارستانییەتی تیرەی بەشەر بەم وەزع و حاڵەی ئیستایەوە، بە رادەیەکی زۆر قەرزاری خزمەتی ئەو سەربازە ونانەیە کە لە رێگەی وەرگێڕانی نایابەوە پێشکەش بە تیرەی بەشەریان کردووە.. مەخابن دامودەزگاکانی لای ئێمە بەنەفەسێکی زۆر قاچاغچیانەوە مامەڵە لەگەڵ وەرگێڕەکان و کارەکانیاندا دەکەن. لە کاتێکا لەسەریانە، وەرگێڕە بە تواناکان بەسەربکەنەوە، دەستیان بگرن،و تەفەڕوغیان پێبکەن و هانیان بدەن کە شاکاری هونەری و

کەلتووری و زانستی بە زمانی پاراوو روون و ڕەوان وەربگێڕن. چونکە بەم کارە هەم توانا و بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەملێ وهەم بەهرەو سەلیقەی بەراورد و جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لەبەرهەمی زۆڵەك و بازاڕی دەڕسکێ. ئەمە لە دوا ئەنجاما خزمەتێکی فرە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات. چونکە ئەوکاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێت و ناوێرێت بەرهەمی کاڵوکرچ ڕەنگماڵ بکات و بەنرخی شاکاری هونەری ڕەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت.. هەروەها پێویستە گۆڤارو خانەی تایبەت بە وەرگێڕان دابمەزرێ و بدرێتە دەستی خەڵکانی شایستە ودڵسۆزوئەهلی مەیدانەکە، نەك بدرێ بە خزم و کەسوکارو دەروێشانی ئەم مەنسوول و ئەو مەنسوول،و بکرێ بە بازاڕی کاسبی و گەندەڵسازی، هەروەها لە زانکۆکانی کوردستان –ئەگەر بە زانکۆ دابنرێن!– کۆلیژی تایبەت بە وەرگێران بکرێتەوەو بە شێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنرێ. چونکە بەڕاستی ژمارەی کادیران و پسپۆڕانی واری وەرگێڕان زۆر کەمن و گەلەکجار گومان لە تواناو دەسەڵاتی وەرگێڕییان دەکرێت و زۆربەی کات لە هەڵبژاردنی بابەتدا ناسەرکەوتوون. بەرهەمی کاڵوکرچ بەزمانی سەقەت و نامەفهووم دەخەنە بازارەوە. ئەمە جگە لەوەی کایە زانسی و هزری و فەلسەفییەکان بە تەواوەتی فەرامۆشکراون و کەم کەس خۆی لێدەدا. خۆ مۆسیقاو سینەما ئەوا هەر مەپرسە.. ژارۆ کتێبخانەی کوردی!.

## ***٥–بەڕای تۆ پێوەرەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو کامانەن؟***

پێموایە هەر وەرگێڕێك تایبەتمەندی و نهێنییەکی زاتی و خودی خۆی هەیە، کە لە مەیدانی پراکتیکیدا دکارێت بەکاری بێنێ ، بەڵام رەنگە نەکارێت بۆ کەسێکی باس بکات. ئەمە نهێنی پیشەی پێدەگوترێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو وەرگێڕە سەرکەوتووەکان لە چەند خاڵێکی گشتیدا یەك دەگرنەوە کە دەشێت لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە: بەهرەداری وەرگێڕ دەبێ لە ئاستی بەهرەداری نووسەردا بێ. واتە وەرگێڕ دەبێ نووسەرێکی چاك بێت و بکارێت نووسەرانە بەرهەمێکی چاك وەربگێڕێت و ژیان و جوڵەی وەبەربخات. واتە لە زمانی دووەمدا دووبارە بەرهەمی بێنێتەوەو بیافەرێنێتەوە. توانای وەرگێڕی سەرکەوتوو پتر لە وەرگێڕانی بەرهەمی گەورەدا دەردەکەوێ، وبەرهەمی گەورەش پشوودرێژی و هیممەتی گەورەی گەرەکە. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ زمانزانێکی زیرەك و ژیر و پڕسەلیقە بێ، وردەکاری و نهێنییەکانی زمان کەشف بکات و هەڵبێنێ. وردو سەرنجتیژ بێ، خۆش سەلیقەو ژیرو بەزەوق بێ. ویژدانی کاری هەبێ، پشوودرێژو پرسا بێت. هەمیشە فەرهەنگی لەبەردەستدا بێ و لە بچووکترین دوودڵی و گوماندا بگەڕێتەوە سەری .وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ بزانێ کە وەرگێڕان مەسئوولییەتێکی گەورەیە. جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە. کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێڕ نە بۆ بێتاقەتی پەنای بۆ دەباتو نە لەبەر ئەوەیە کە خۆی ناتوانێ بنووسێت. وەرگێڕی سەرکەوتوو بە گوێرەی گەلەك پێوەران لە خانەی دانەراندا دانراوە. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەست ناداتە کارێك کە دەرەقەتی نەیات. چونکە لەم حاڵەتەدا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانی وەرگێڕو متمانەی خوێنەر

لەدەست دەچێت. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی جددی بێت و جیهانبینییەکی ڕەخنەیی هەبێت و بەتەواوەتی چەمك و ڕۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە. ریتم و ئاهەنگی کارەکەی نووسەر بپارێزێ. نهێنی وتایبەتمەندی زمانی دەقەکە کەشفبکات و ڕەمزو ڕازەکانی بپارێزێ. زەمەن و کات و دیارو نادیاری ئەو فرمانانەی بەکار هاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە کە زەمەن شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێ و لە گرێژنەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ بونیای ڕستەکانی نووسەر، بە تایبەتی ڕستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپاێزێ. خاڵبەندی بەشێکە لە پێکهاتەی بونیادی دەق و شێوازی هەر نووسەرێك ،واتە بەشێکە لە قوڵایی دەق. بۆیە وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ زۆر بەجددی ڕەچاوی بکات. دەنا ئاهەنگ و چەمك و مانای دەقە ئەسڵییەکە دەشێوێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو نابێت بەرگێکی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێردراوەکەدا بکات کە خوێنەر بڵێ لە تۆ وایە لە بنەڕەتدا بەکوردی نووسراوە. واتە کوردانـدن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕان نییە. بەڵکو پاراستنی هاماج و خەسڵەت و ڕەنگوبۆی ئەو ژینگەیەی کە کارە ئەسڵییەکەی تیا بەرهەمهاتووە نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو...هتد.

### ٦- باوەڕت بەوە هەیە وەرگێڕان هونەرو زانست و داهێنانە؟ ئەگەر بەڵێ چۆن؟

هەر وەرگێڕانێك بگری وردی زانست، بەبڕشتی و دەوڵەمەندی خەون و خەیاڵ و فانتازیای هونەر،و بەهرەو سەلیقە وتوانای داهێنان و دەقاندن و هونەراندنی تیمەی داهێنانی دەوێ. ئەمانە بەڕادەیەك لە کاری وەرگێڕاندا ئاوێتەن کە جیاکردنەوەیان مەیلەو مەحاڵە. وەکو چۆن قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ، منداڵی و لاوی و کامڵی لەناو یەکتردا ئاوێتەن و لێکدی جیا ناکرێنەوەو وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو لە بوونی مرۆڤانی هەر بەشەرێکدا هەن و لە ڕەفتارو هەڵوێست و بارە دەروونییەکانی بەشەردا دەردەکەون و ئاوا دەبن..وەرگێڕانیش بەو ئاوایەیە.لە هەمان کاتدا مامەڵە لەگەڵ زمان، وشە، ماناو چەمك، شێوازو دەق وهەموو توخم و ڕەگەزەکانی دەق و پاشخان وژینگەی کەلتووری و شارستانی دەقدا دەکات. بۆ نموونە گەنجییەتی، منداڵییەتی ناسڕێتەوە، بەڵکو پەرەی پێدەدات، بەلام دەبێ ناسنامەی کەسەکە بمێنێ ، کامڵی گەنجییەتی ناسڕێتەوە، بەلام پەرەی پێدەدات و ڕەگی ئێستای مرۆڤی دەچێتەوە سەر. ئێستا دەبێتە درێژەی رابردوو،و لە شێوەیەکی تازەدا بە ئاراستەی ئایندەدا لق وپۆ دەهاوێ، و بەشێوەیەکی نەدیار تێکەڵەیەك لە خەسڵەتەکانی هەموو قۆناغەکان لە خۆدا هەڵدەگرێت و ناسنامەی مرۆڤانی پێدەبەخشێت. وەرگێڕانیش تێکەڵەیەکە لە وردی زانست و دەوڵەمەندی خەون و خەیاڵ و فانتازیای هونەر،و بەهرەو توانای داهێنان و هونەراندنی تیمەی ئەفراندن، بەلام بە ناسنامەی وەرگێڕان..

## ٧- ئایا پێویست بەوە دەکات وەرگێڕ دەست بداتە وشەداتاشین، ئایا وشە داتاشین خزمەتی زمان و ڕۆشنبیریی ئێمە دەکات؟

زمان، یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچی شارستانییەت و مەدەنییەت و دەسکەوتی مرۆڤایەتی هەیە قەرزارباری زمانە. چونکە زمان و بیرو بیرکردنەوە، دوو ڕووی یەك دراون و هەرگیز لێکدی جودا ناکرێنەوەو هەرکە جیاکرانەوە، ئیدی بایەخ و کاریگەری خۆیان لە دەست دەدەن. ئەو دراوە دەبێت بە پارچە دراوێکی قەڵب و لە هیچ بازاڕێکدا ناچێت... ئەگەر ڕۆڵەی میللەت و نەتەوەی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بێتەسەر حازرەکی و لە نێو زمانی دەوڵەمەندو خزمەتکراودا چاو بکاتەوەو باب و باپیرانی، لە نووسەرو ئەدیب و شاعیرو هزرڤان و زمانەوان وفەیلەسوفان ڕێگەیان بۆ تەخت کردبیٚ وکۆسپە سەرەکییەکانیان لابردبیٚ، کەرەستەی تەواوی دەربڕین و گوزارشتکردنیان بۆ فەراهەم کردبیٚ و تەنیا ئەوەی لەسەربیٚ ئالآکەی دەستی ئەوان هەڵگریٚ و بەپێی واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی وەخت، بەشداری خۆی وەکو نوێنەری قۆناغ و ڕۆژگارو سەردەمی خۆی لە مێژوودا تۆمار بکات، ئەوا بۆ ڕۆڵەی نەتەوەی بێخودان و پێنەگەیشتوو و سانسۆرزەدەو زمان لێقە دەغەکراوی بێدەوڵەتی وەکو کورد، کادیرانی هەموو بووارانی نووسین ئەرکی بەشداریکردن لە بونیادنانی زمانەکەشیان دەستۆ دەکەوێت. ئەمەش گەر نەخرێتە چوارچێوەی جۆرە بەرنامەدارییەکەوە، ئەوا چەشنە پاشاگەردانییەکی زمانەوانی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە ڕووی زاراوە سازییەوە، کە ڕەنگە کەسمان دەفتەری کەسمان نەخوێنینەوە، بەهەرحاڵ نووسەرو هزرڤان، هەڵبەتە وەرگێڕ بەڕێژەیەکی زیاتریش،کە دەست بۆ نووسین دەبات، بەبیٚ زمان هیچی بۆ ناکرێت و ناچارە ئەو وشەو زاراوەو چەمکانە دابتاشێت کە بۆ کارەکەی پێویستی پێیانە.. بەڵام ئەمە دەبیٚ لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی ئەو زمانەدا بکرێت، نەك بنەما سەرەکییەکانی لە گرێژنە ببریٚ وزمانەکەمان بشێویٚ، کە مەخابن ئەم دیاردەیە لە کاری زۆر وەرگێڕشماندا بەدی دەکرێت.. خۆ ئەم دیاردە نەرێتییە زۆر بە زەقی لە کتێبی قوتابخانەکاندا بەدی دەکرێت. چونکە بە دڵنیاییەوە دەیڵێم ئەم کتێبانە بە قۆنتەرات دراونەتە وەرگێڕان و خەڵکانێك بە پەلەپرۆزیٚ و جەڵەبیانە ئەنجامیان داوەو زمانی کوردیان شێواندووەو، دیارە ئەم دیاردەی بەد وەگێرانە ڕێژەی دەرچوونی قوتابیانی تەواو کەمکردووەتەوە.. بۆیە هەقە شکات لەوانە بکریٚ و بێگومان وەزارەتی پەروەردەش زۆر بەرپرسیارە لەم دیاردەی بەدوەرگێڕانە.. هەڵبەتە ئەو زمانە سەقەت و نامەفهوومەی ناو کتێبی قوتابخانەکان تەشەنەی کردووە بۆ ناو کەناڵە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن ( نووسراو، بینراو،و بیستراو). خۆ ئەگەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی کوردینووس و کوردیزان دەچنە قاتی و مەگەر بە چراوە بۆیان بگەڕێی..

پیاو وەختیٚ دێتە ناو زانستە تازەو هاوچەرخەکانەوە هەنگینیٚ پێدەحەسێت کە زمانی کوردی لە ڕووی زاراوەی زانستی و تەنانەت هونەری و ئەدەبی و ئاینی و سیاسییەوە چەند هەژارە.. دەوڵەمەندی و هەژاری زمان بەوەدا دەردەکەویٚ کە تا چ ئەندازەیەك زمانی بەخشەە، بەخشش لە هەموو ڕوویەکی زانستی و ئەدەبی و هونەری و شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە.. تا چ

ئەندازەیەك وەڵامدانەوەی پرسیارو پێداویستییە رۆحی و مادییەکانمانی پێیە و تا چەند توانای گوزارشتکردنی هەیە لەو ماناو مەبەست و کەڵکەڵەو ئارەزوو و چەمکانەی بە هزرو بیرو هۆش و ویژدانماندا دێن و دەچن. پێموایە زمانی کوردی لەم رووەوە لە گڕوگاڵدایەو بە ئاشکرا هەژاری و کەم خوێنی پێوە دیارەو زۆر هۆی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مێژوویی هەیە.. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە بەڵێ کاری وشە داتاشین زەرورەتە و دەبێ لە چوارچێوەی یاساو رێساکانی زمانەکەدا ئەنجام بدرێت. من بۆ خۆم زۆر وشەم داتاشیوەو قەبوڵیش کراوەو چووەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە...خۆ تۆفیق وەهبی بەگ و مامۆستا سەجادی و خەڵکانی دیکەش زۆر وشەیان داتاشیوەو قەبوڵیش کراوە. وەرگێڕەکان لەسەریانە لەسەر زاراوە هەمەپەسندو زانستی و چەسپاوەکان رێکبکەون.. هەڵبەتە زمان لە بنەڕەتدا داتاشراوەو زادەی پێداویستییە مرۆڤانییەکانە و بەپێی قۆناغ و پێداویستی کۆمەڵ دەگۆڕێ و تازە دەبێتەوەو زاوزێ دەکات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بنەما سەرەکییەکانی نەمێنن و هەڵوەشێنەوە.. زمانی کوردیش لەم حاڵە بەدەر نییە..

## ٨- تۆ ئەمانەتی وەرگێڕان لە چیدا دەبینیتەوە؟

ئاشکرایە هەر زمانێك تایبەتمەندی و وردەکاری خۆی هەیە. هەموو زمانێك هەندێ داڕشتن و ڕستەبەندی و پێکهاتەی هەیە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی بگوازیتەوە ،هەم زوڵم لە زمانی یەکەم دەکەیت و هەم لە زمانی دووەم، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی هەستیاری و مەترسیداری کاری وەرگێڕانە، ئەمە وەکو مینجاڕێکە کە دەبێ پێیدا ڕەت ببی و بە سەلامەتیش دەربازببی!!.بەهەرحاڵ سەلیقەو خۆشزەوقی بۆ هەر کارێکی ئەفراندنەوانی گەلەك پێتڤییە.سەلیقەو زەوق لە بۆتەی زمانزانیدا قاڵدەبێتەوە.واتە وەرگێڕ لەڕای ئەمەدا، دەبێ زمانی زکماك و نەتەوەیی خۆی زۆر بە چاکی بزانێ و کلیلی کردنەوەی هەموو نهێنییەکانی پێبێ و لە ونگەکانیدا گومڕا نەبێت. جا لم حاڵەدا فەرهەنگ تەنیا دەورێکی بچوکی یاریدەدەر دەبینێ و نایەڵێت لە نهێنگەکانی زماندا گیرۆدە ببی. چونکە ئەو وشە فەرهەنگییە راستەو خۆیانە ی لەناو قاموساندا هەن،زۆر کەم لەگەڵ ئەو هەست و سۆزو خەون و خەیاڵ و هزرو هاماجانەدا یەکدەگرنەوە کە پێتڤییە بەدەم وەرگێڕانی ئەم وشە یان ئە پەرەگرافی دەقەکەوە، لەلایەن وەرگێڕەوە بخوڵقێنرێتەوە. بۆیە تا وەرگێڕ زمانی زکماك و نەتەوەیی خۆی پترو باشتر بزانێ، بەهرەو سەلیقەی زیاتر دەخەملێ و کارە ئەفراندنەوانییەکەی خۆشتر بەدەستەوە دێت،و بەجۆرێ ئاوێتەو عەوداڵ و ئاشقی دەقەکە دەبێت، خۆی لە بیر دەکات و دەچێتە پێستی نووسەرەکەوە، وەکو ئەوەی خۆی دەقەکە بەرهەمبێنێ. هەڵبەتە بێئەوەی دڵی بێت یان ڕێ بەخۆی بدات بە ئاستەمیش دەسکاری رۆحی دەقەکە بکات. واتە ئەو جیهانە ئەفسوناوییەی کە نووسەرەکە خوڵقاندوویەتی کەشفدەکات و دەگاتە لەزەتێکی هونەری ئەوتۆ کە بەتەنیا دەرەقەتی نەیات،و ناچار بێت هونەرمەندانە بیگەیەنێتە خوێنەرو بیکات بە شەریکی ئەو لەزەتە ئەستاتیکییەو..

هەر كارێكی وەرگێڕان ئەمەی پێكرابێ دەشێت بگوترێ ئەمینەو مەبەست و ئامانجی پێكاوە.. هەڵبەتە وەرگێڕ دەبێت پەیڤداریێكی ئەمین و وەفاداری نووسەری دەقەكە بێ، ئەگەر وەرگێڕ بییەوێ بە ئەمانەتەوە دەنگ، بیر، هەست، و ئەزموون و ژینگەی دەقەكە بگەیەنێت، دەبێ بەتەواوەتی بچێتە پێستی ئەو ئەدیبەوەو زۆر شت لەمەڕ سەردەم و ڕۆژگاری ئەدیبەكەش بزانێ..هەموو ئەمانە دیاردەو نیشانەی ئەمانەتدارییە...

سلێمانی - ٢٠٠٨/٣/٢٧

# "هیچ شتێك لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە"

ح.ع

هەڤپەیڤینی: هیوا غەفور

**پ١:یەکەم کاری وەرگێڕانت بۆ کەی دەگەڕێتەوەو یەکەم بابەتیش کە وەرت گێڕا چی بوو؟**

لە سەرەتاکانی هەشتایەکانی سەدەی رابردووەوە،ناوە ناوە هەندێ بابەتی کورتی وەکو کورتە چیرۆك و وتاری ئەدەبیم وەردەگێڕا .جاری وا هەبوو لە گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکانی ئەو رۆژگارەدا بڵاوم دەکرنەوەو جاری واش هەبوو تورم دەدان، دەمدڕاندن، بڵاوم نەدەکردنەوە..ئەوەندەی لەبیرم مابێ ئەگەربە هەڵە نەچووبم، یەکەم وەرگێڕانم چیرۆکێکی چیرۆکنووسی ئەمریکایی:جیمس. ت. فاریل بوو، بە نێوی چیرۆکێکی سەرکەوتوو، کە لە ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری ڕۆژی کوردستاندا بڵاو بووەوە...

**پ٢:گرینگترین شتێك کە لە وەرگێڕانی دەقێکدا بۆ سەر زمانی دایك دەبێت ڕەچاوی بکەین چییە؟یاخود وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێت چ سیفەتێکی هەبێت؟..**

لێرەدا کە باسی دەقت هێناوەتە پێشێ دەبێت ئەوە بگوترێ کە وەرگێڕی باش و شارەزا هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کە دەق وەکو یەکەیەکی هونەریی یەکپارچە وەردەگێڕێت نەك وەکو وشەو ڕستەو زمانی مجەڕەد. بۆیە تواناو بەهرەی دۆزینەوەو ناسینی هزرو بیرە بنجییەکانی ناو دەق،ولێهاتوویی و شارەزایی لە دەسکاری چەمکان و پێکڤە گرێدانیان بە شێوەیەکی لۆژیکی و روون ورەوان لە مەرجە سەرەکییەکانی هەر وەرگێڕێکی باشە. هەر دەقێك ژیانی تایبەتی خۆی هەیە. چونکە کەم و زۆر ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نووسەرەکەیەتی و خودی نووسەرەکەی کەم دابێـژێك دەنوێنێتەوە..هەموو دەقێك بە پلەی جیاواز مەوداو ڕەهەندی سۆزداری، ئەقڵانی و ئایدیالی وخەیاڵی تایبەت بە خۆی هەیە، جا بۆ خوڵقاندنەوەو ئەفراندنەوەی وردو دروستی دەق و تێکستان لە زمانێکی دیدا،لە زمانی دووەمدا، فامین ودەرککردن و تێگەییشتنی کرۆك و جەوهەرو رۆح و کێش وئاهەنگی ئەو مەداو ڕەهەندانە، یەجگار پێویست ومەرجە.بۆیە وەرگێڕ دەبێت هەموو مەرج و تایبەتمەندییەکانی نووسەرێکی باشی تێدا هەبێت.چونکە پاچڤە گشت گیروگرفتەکانی نووسینی تێدایە، زێدەباری ئەوەی کە وەرگێڕ ناچارە لە مەبەست و ئامانجی نووسینێك تێبگات کە هی خۆی نییە وئەو پەیامە نووسراوەی کە پەیوەندی بە هەست و سۆزوگودازو رۆحی ئەمەوە نەبووە لە زمانێکی تردا بەرجەستە بکاتەوە. واتە وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی هونەرێکە پێویستی بە بەهرەو توانای کارامەو پەروەردەکراو، بە زانستی زمانەوانی و غەیرە زمانەوانی هەمیشە لە حاڵی گۆڕان، توانای دەست نیشانکردن و بەرزە خەیاڵی، وێرای هۆش وگۆش و دوڕناسی و ئەقڵمەندی و رۆشنبیریی گەورەو دەوڵەمەندە..واتە وەرگێڕان وەکو چەلەنگییەکی زەینی بەلای کەمەوە مەعلانی و لێزانی لە چوار بواری بەرینی هەستیاری میناکی: زمان، زانیاری و رۆشنبیریی گشتی، تێگەییشتن لە بابەت ومەبەست،و داڕشتنەوەو ئەفراندنەوەی لە نوێی گەرەکە..چونکە مرۆڤ تەنیا ئەو شتە باش وەردەگێڕێت کە باشی دەزانێت، بۆیە زانینی زمان و ئەودیوی زمان بۆ تێگەییشتن وحاڵی بوون لە پەیام و

دووباره نووسینەوەو خوڵقاندنەوەی یەجگار پێویستە. بەهەرحاڵ وەرگێڕی باش نەك هەر پێویستە شارەزایی لە زمان وخاوەنی زانیاری چاك تواناو بەهرەی دەرككردنی چەمك ومانای دەقی هەبێت، بەڵكو دەبێت تواناو كارامەیی داڕشتنەوەی دەقەكەشی لە زمانی دووەمدا هەبێت.ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت كە دەبێت تواناو بەهرەی نڤیساریی هەبێت..

پ٣:پەیوەندی نێوان وەرگێڕو هەڵبژاردنی ئەو دەقەی وەری دەگێڕێت چۆنە؟

ئەگەر وەرگێڕ بەو مەبەستە دەقێك هەڵبژێرێت كە لە میانەی پرۆسەی وەرگێرانەوە مامەڵە دەگەڵ دەقی ناڤبریدا بكات و رەمزو ڕازو نهێنی و وردەكارییەكانی كەشف بكات و لەزەتی لێ ببینێت،دەبێت لە ناخی خۆیدا خۆزیاخوازی ئەوە بێت كە ئەو، ئەو دەقەی نووسیبا، بۆیە لەسەرێتی بەر لە هەرشتێك لە گوتاری ئەو دەقە حاڵی ببیَ كە گەركیەتی وەری بگێڕێت.چونكە وەرگێڕ بە پێچەوانەی زمانەوانەوە،كە وشەو ڕستە لە چوارچێوەی وشەو ڕستەداو لە پێناوی خودی وشەو ڕستەدا شیدەكاتەو، دەق لە ئاستێكی باڵاترو هێوەتر لە وشە، ڕستە، یان گوتاری سەربەخۆ، شیدەكاتەوە. چونكە زۆر ئاشكرایە كە مەبەست لە وەرگێڕان، تەنیا پاچڤەی زنجیرە ڕستەیەكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو پاچڤەی تەواوی دەقەكەیە،و لە ڕاستیدا پاچڤە هەرگیز بەو مانایە نییە كە وشەیەك لە جێی وشەیەكی دی دابنرێت،بەڵكو هەڵێنجان و شرۆڤەی مانایە بە مەبەستی وەرگێڕانی دەق وەكو یەكەیەكی یەكپارچە،بۆیە زۆرجار قاموسی زمانیش دادی وەرگێڕ نادات و هەموو گرفتەكانی چارەسەر ناكات،مانای وشەیەك، ڕستەیەك ویان سەرانسەری دەق پتر لە ڕێگەی ڕاڤەو شرۆڤەوە دێتە حاڵی بوون وفامین. بۆیە وەرگێڕ دەبێت سوود لە شرۆڤە، واتە شیكردنەوەو وردكردنەوەی هۆشمەندانەی هەموو دەقەكە وەربگرێت. چونكە بە بیَ پەی بردن بە ڕازو رەمزو نهێنی وتان و پۆی دەق، یەجگار ئەستەمە پەی بە شرۆڤەو ڕاڤەی ڕستەی ئەسڵی ببرێ. واتە شیكردنەوەو لێكدانەوەی شرۆڤەكاریانە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەردی بناغەیەو بەبیَ ئەمە هیچ وەرگێڕانێك مەیسەر نابێت. بۆ شیكردنەوەو لێكدانەوەی شرۆڤەكاریانەش وەرگێڕ لەسەرێتی هەوڵبدات ئەو مەبەست و مەرامە دەست نیشان بكات كە نووسەرەكە ویستویەتی گوزارشتی لێبكات..چونكە وەرگێران دەكاتە گوزارشت كردنەوە لەو چەمك و هزرو باوەڕو سۆزو گودازو خەون و خەیاڵو كول وكۆڤانانەی كە لە دەقی یەكەمدا هەن..ئەمە بە كورتی و كوردی هەندێك پەیوەندی نێوان دەق و وەرگێڕە..واتە هەمان پەیوەندی نێوان نووسین و نووسەرە، بەڵام لە چوارچێوەیەكدا كە وەرگێڕ هەڵی نەبژاردووە بەڵكو بەسەریا سەپاوە.

پ٤:بە بڕوای تۆ وەرگێڕان تا چەند زەروورە بۆكۆمەڵگەی كوردی؟

هەر كتێبخانەیەك،هی هەر میللەتێك بیَ،با ئەو میللەتە زۆریش پێشكەوتوو بێت، نەك وەكو كورد زۆر پاشكەوتوو،وقڕەی میللەتان بێت،ئەگەر بەرهەمی وەرگێردراو دەوڵەمەندی نەكردبێت ئەوا لە زۆر ڕووەوە هەژاو كەم ڕەونەق و بیَ نموود دەنوێنیَ.بۆیە ئەگەر بڵێم هیچ شتێك لە دەریی وەرگێڕاندا نیە نابێت بە زێدەرۆیی..سەرلەبەری ژیان دەكاتە پرۆسەیەكی هەرە ئاڵۆزی وەرگێڕان..ئەمەش زەرووڕەتی پرۆسەی وەرگێڕان دەسەلمێنیَ. كتێبخانەی نیشتمانی كوردی،

یەکێکە لە کتێبخانە هەژارەکان و ئاستی هوشیاریی خەڵکی کورد تا نهو هێندە نزمە کە کاری وەرگێڕان بە کارێکی کەم و سووك تەماشا دەکەن. ڕەنگە زۆر کەس نامیلکەیەکی ناشیعریی کاڵوکرچی پێ پەسندتر بێت لە وەرگێڕانی شاکارێکی ئەدەبی یان غەیرە ئەدەبی جیهانی!

هەڵبەتە بەرنامەداری لە وەرگێڕاندا، بە تایبەتی بۆ گەلانی پاشکەوتووی میناکی کورد زۆر پێویستەو دەبێت لەو بەرهەم وکارە ئەدەبی و هونەری زانستیانەوە دەست پێبکرێت کە دەگەڵ باری واقیعی کۆمەڵایەتی ومێژوویی ئەو قۆناغەدا کە میللەتی تێدایە بگونجێت وخێرایی بە ڕەوتی گەشەسەندن و بەرەو کامڵ چوون وپێگەییشتنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی ومێژووییە ببەخشێت..بەڵام مەخابن ئێمەی کورد چونکە خاوەنی مێژوویەکی نیمچە وەستاوو پچڕپچڕین، بۆیە بیرکردنەوەشمان پچڕ پچڕە، نەفەسمان کورتە، نەفەسی ئەو میللەتانەمان نییە کە ڕەوتی مێژوویان لە پچڕان ودابڕان بە دوور بووەو بە شێوەیەکی سروشتی وئاسایی قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیان بڕیوە..هەڵبەتە پچڕ پچڕی ئێمەی کورد، کە زادەی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژووی پچڕ پچڕی میلەتەکەمانە سێبەری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانمانەوە دیارە، یەکێك لەو بوارانە، مەیدانی وەرگێڕانە کە نەمانتوانیوە بە پێی نیمچە بەرنامەیەکی تۆزێ رێك وپێك، رۆشنبیریی وئەزموونی هزریی و ژینی تۆمارکراوی میللەتان بۆ زمانەکەی خۆمان نەقڵ بکەین ، تا بەلای کەمەوە زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و سەدان زاراوەو وشەی هاوچەرخ بڕژێتە زمانەکەمانەوەو لە لایەکی دییەوە بیرو بیرکرنەوەی خۆمان بە ئەزموونی پێشکەوتووانەی میللەتانی دی موتوربە بکەین.هەر ئەم نەفەسکورتی وبیری خێڵایەتیە وای لێکردووین بە زۆری پەلاماری شیعرۆکەیەك یان چیرۆکۆکەیەك یان وتارۆکەیەك یان نووسینێکی سەرڤەسەرڤەی نەرمەقووت بدەین وخێرا بەکاڵوکرچی پاچڤەی بکەین ولەم بلاڤۆك و لەو رۆژنامە وغەزەتەدا بیانکەین بە ئاردی ناو دڕووان.. خۆ ئەوەندەمان بلاڤۆك و رۆژنامان هەیە کە بەشی میللەتێکی سەدوپەنجا ملیۆنی دەکات وئەمەش بووەتە مایەی بەلەفیڕێ و ئیسهالی نووسین و بلاوکردنەوە..هەڵبەتە ئەم جۆرە بێ سەروبەرییە خزمەتێکی ئەوتۆ بە کتێبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەك بەسەر ئەدەبیات ورۆشنبیریی ڕەسەنی میللەتاندا بۆ کەلتوری کودی دەستەبەرناکا وچ هەناسەیەکی تازەی بە بەردا ناکات و نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوەکانی داهێنان.جا مادامێکی وەرگێڕان هۆیەکە بۆ نزیك خستنەوەی گەلان لە یەکدی و ئاشنا بوونی گەلان بەباری سەرنج و بۆچوونی یەکدی بەرانبەر بە ژیان و ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیریی وشارسانی و ژیاریی چێدەکات،بۆیە پێتڤیە پرۆسەی وەرگێڕان کە بریتیە لە گوێزانەوەی شیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتر، لە چوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەکی ڕێك و پێکدا ئەنجام بدرێ..روو لە وەرگێڕانی ئەو کتێب وشاکارانە بکرێ کە بایەخی رۆشنبیریی پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لە کاروانی بەرەوپێشڤەبرنی ژیاروشارستانیەتی مرۆڤایەتی..بە وەرگێڕانی باش و بەرنامەدار هەم توانای خوێنەرو نووسەری خۆماڵیش دەخەملێ و هەم بەهرەی جیاکردنەوەی بەرهەمی هونەری لە بەرهەمی بازاڕی و جەڵەبی دەڕسکێ، ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خزمەتێکی گەورە بە نووسینی خۆماڵیش دەکات،چونکە ئەو

کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگریٚ و ناویٚریٚ بەرهەمی کاڵوکرچ ڕەنگماڵ بکات و بە نرخی شاکاری هونەری ڕەسەن بە خوێنەری بفرۆشێت..بەڵیٚ وەرگێڕان بۆ کورد یەجگار زەرورییە و بە دڵنیاییەوە دەیڵم بەبیٚ وەرگێڕانی باش و بەرنامەدارو هەڵبژاردە نابێت بە خاوەنی کتێبخانەی نیشتمانی دڵخوازی خۆی... چ شتێك لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە..

پ٥:ئیستا ئەوەندەی دەقی بیانی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی ئەوەندە دەق لە کوردییەوە وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانی بیانی، بەڕێزت ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟ ئایا پێویست نییە لە زمانی کوریشەوە ورگێڕان بکەین بۆ سەر زمانی بیانی؟

*- بەڵیٚ وەرگێڕان لە کوردیشەوە بۆ زمانانی بیانی پێویستە..کە جۆرە خەمساردی وفەرامۆشکارییەك لەو مەیدانەدا بەدی دەکرێت،ئەمە هۆکاری زۆرە،هەندێك لەوانە:ڕەنگە وەرگێڕەکان زمانانی بیانی بەو ڕادەیەو بەو ئاستە نەزانن کە بتوانن دەقی کوردی وەکو پێویستە پیٚ وەربگێڕن.ڕەنگە وەرگێڕەکان پێیان وابیٚ دەقی شایستەی ئەوتۆمان نەبێت کە ڕووی مەجلیسی بێگانانی هەبیٚ و لە مەجلیسی واندا دەنگ بداتەوەو بە ناسنامەی کوردیەوە خەڵکانی غەیرە کورد بدوێنیٚ و ناچاریان بکات گوێی لیٚ بگرن و هەڵوەستەی لەسەر بکەن..ڕەنگە هەندیٚ لە وەرگێڕەکان لە بەغیلیدا، بە غیلی وەکو دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵگەی پاشکەوتوو، نەیانەویٚ لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە گوایە شۆرەت بەم نووسەر یان ئەو نووسەری کورد ببەخشن.ئەمە جگە لەوەی کە زۆر بەرهەمی کوردی لە چاو هەژاری کتێبخانەی نیشتمانی کوردا، بۆ هەندیٚ زمانانی میناکی عەرەبی و فارسی و تورکی و..وەرگێڕدراون و لە لایەن وەرگرانی زمانی دووەمەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکراوەو کوردە حەیاتەکەش نەفەسی کورتە و زوو تاقەتی دەچێت و وازدێنیٚ،نایەت بە مکوڕیەوە بۆ هۆیەکانی ئەم پێشوازی نەکردنە بگەڕیٚ..کە ئایا بەهۆی لاوازی و بیٚ نموودی و بێناسنامەیی خودی دەقەکەوەیە، بە هۆی خراپی وەرگێڕانەکەوەیە، بەهۆی شۆڤینیەتی خوێنەری زمانی دووەمەوەیە، بەهۆی خراپی دابەشکردنی بەرهەمەکەوەیە..خۆ ئەگەر لە زمانێکا دەنگی نەدایەوە با لە زمانێکی دیکەدا تاقی بکرێتەوە، خۆ دنیا بڕۆخیٚ بەسەر زمانانـدا دەڕوخیٚ..ئەمە جگە لەوەی دام ودەزگا حکومەتیە پەیوەندارەکان لەسەریانە پەیگیرییەکی تەواوی ئەم لایەنەی چالاکی ڕۆشنبیریی وکەلتوری کوردی بکەن وپشتیوانی تەواوی لێبکەن..بەڵام ئامان با حیزبە حەیاتەکان هەقیان بەسەر ئە کارەوە نەبیٚ ودەستی تێوەرنەدەن،واقیعی کوردستان پێمان دەڵێت کە ئەمە نەشولی وانە!!..

پ٦:لە ناو ئەو بابەتانەی وەریان دەگێڕیت چی بابەتێك زۆر ماندووت دەکات؟

*- هەر بابەتێك بگری لە نامەیەکی شەخسی سادەوە تا شاکارێکی تری، فەلسەفی،زانستی،هونەری،زەحمەتی خۆی هەیە،چونکە تۆ ناچاریت خۆبەخش خۆت لە قاڵبی ئەو دەقە بدەیت کە بەگژیا دەچیت!خۆ لە قاڵبدان کارێکی یەجگار تاقەتبەرو نارەحەتە، زۆرت ماندوو دەکات..یانی تۆ تا ئەو بەرهەمە وەردەگێڕیت و لیٚ دەبیتەوە دەستبەسەری و تەنانەت خەیاڵیشت لە قاڵب دەدرێت.بۆیە وەرگێڕ سەرباری هەموو مەرجەکانی نڤیساری کە دەبیٚ بە زیادەوە تیایدا بێت،دەبێت ئەو سەریەشەی قاڵب پەزێرییەش تەحەمول بکات..وەرگێڕانی دەقی

ئەدەبی ڕەسەن و هونەریانە زۆرم ماندوو دەکات،چونکە وەرگێڕ دەبێت بچێتە پێستی نووسەری دەقەکەوەو لە ناو واقیعی دەقەکەدا دەبێت ببێت بە خودی نووسەری دەقەکە، ئەمەش پرۆسەیەکە ، بە دیتنی بەندە،ئەفسووناوی وفرە ئەستەم وزەحمەتەودەکاتە جۆرێك لە دۆخەگۆڕکێ وهەموو دۆخە گۆڕکێیەکش ژان و ژاری خۆی هەیە..

پ٧:تا ئیستا چەند بەرهەمت وەرگێڕاوەو چی تریشت لە بەردەستایە کە وەری بگێڕیت، واتە بەرهەمی تازەت چییە؟

*- ژمارەی کتێبەکانم بە چیرۆك و نووسینەکانی خۆمەوە پتر لە هەشتا کتێبن. حاڵی حازر ڕۆمانێکی بزۆرگی عەلەوی، کە یەکێکە لە پێشەنگانی چیرۆکی فارسی، بەدەستەوەیەو کاری تیادەکەم بە ناونیشانی (روایت)

سلێمانی. مانگی/١٢/٢٠٠٩

## ( حەمە کەریم عارف* ) لەوەڵامی سیانزە پرسیاردا.

## سازدان و ئامادەکردنی: بەرزانی م. تەها.

**-دیارە لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستان شێوە وەرچەرخانێکی بە خۆوە دیوە لە زۆر بواردا، بەتایبەت بواری ڕۆشنبیری،نووسین لەم کات و ساتەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لە کوێدا دەبینیتەوە؟**

و١: راستە کوردستان لەدوای راپەڕینەوە (١٩٩١) هەندێ سووکە وەرچەرخانی بەخۆوە دیوەو زۆر بواریشی گرتۆتەوە.. هەڵبەتە هیچ وەرچەرخانێك لەفاکتەرە بابەتیو خودییەکانی سەردەمی خۆی بەدەرنابێو لاوازیو بەهێزی ئەو فاکتەرانە چەندیەتیو چۆنیەتی وەرچەرخانەکەدا رەنگ دەداتەوە. بێگومان هەر گۆڕانکارییەکی گەورە، بەحوکمی ئەوەی گۆڕان لەکەمترین حاڵەتدا دەکاتە شکاندنی کۆمەڵێك قاڵبو چوارچێوەو بەزاندنی زۆر سنووری کۆمەڵایەتیو ئابووریو رۆشنبیری. واتە جۆرە ئامادە سازییەکە بۆ گوێزانەوەی کۆمەڵ بەهەموو لقو پۆپو بوارێکی مادیو مەعنەوییەوە لەقۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووترو جیاوازتر. دیارە لەم حاڵەتەدا جۆرە ئەنارشیزمێك هەموو بوارەکان دەگرێتەوە. رەنگە ئەمە لەقۆناغی یەکەمی پرۆسەی گۆڕانکارییەکەدا ئاسایی بێو پاساوو پاکانەی خۆیشی هەبێ، بەڵام بەردەوام بوونی ئەم ئەنارشیزمە زۆر مەترسیدارەو نیشانەیەکی زەقە بۆ لەبارچوونو پاشەکشەی ئەو قۆناغە رەخساوەی کە بەگۆڕانکاری ئاوسە.
هەڵبەتە هەر قۆناغێکی مێژوویی پێداویستیو داخوازی تازەی خۆی هەیە. دەنگو سیماو نوێنەرانی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەدەر دەکەونو هەوڵ دەدەن رەسەنایەتی خۆیان لەبواری پراکتیکیدا تاقی بکەنەوەو دیاردەو رووداوە تازەکان بەکەرەستەی تازە مالیجە بکەن..
جا بالێرەوە بێینە سەر نوسینو دنیای نوسین، ئەمیش لەکاریگەری وەرچەرخانەکە بەدەر نەبوو، هەڵبەتە پێویستە نوسین فاکتەرێکی هەرە گرنگی ناو پرۆسەی گۆڕینو گۆڕان بێ. بەهەرحاڵ نوسینو کاری رۆشنبیری لەهەموو کاتو ساتو قۆناغو سەردەمێکدا مەسئولیەتێکی گەورەیە، هەر کەنووسەر رێی بەخۆیدا بەرهەمەکی لەنێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوەو هەر بەوەندەوە نەوەستا کەبەرهەمەکەی تەنیا بۆ خۆیو بۆ سەرگەرمی خۆی تەرخان بکات، ئیدی دەکەوێتە ژێر باری ئەو مەسئولیەتە گەورەیەوە، بۆیە دەبێ لەسەر شوێنەوارو کاریگەری بەرهەمەکەی بەسەر کۆمەڵەوە موحاسەبە بکرێ.

زۆربەی نوسەرو رۆشنبیران لەوەدا یەك دەگرنەوە كەبابەتی هەرە سەرەكیو كاری رۆشنبیری مرۆڤو ئازادی مرۆڤە، ئیدی جۆری چارەسەرو مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا لەنوسەرێكەوە بۆ نووسەرێك دەگۆڕێ.. كەواتە سارتەر گوتەنی: (نوسین رێگەیەكە لەڕێگەكانی شانی ئازادی هەركاتێ گرتتە بەر- بتەوێو نەتەوێ- مولتەزیمیو دەبێ مولتەزیم بی) ئیلتیزامیش دڵسۆزیو وەفادارییە دەرهەق بەئامانجێك، ئامانجی كاری رۆشنبیریش مرۆڤو ئازادی مرۆڤە.

جوانترین ئیلتیزام ئەوەیە لەناخی خاوەنەكەیەوەو بەشێوەیەكی ئارەزوومەندانەو مرۆڤانەی خۆڕسك هەڵقوڵابێ، درێوترین ئیلتیزامیش ئەوەیە لەدەری راسەپێنرابێو بەخوتو خۆڕایی تەلبەندی هەمەجۆری عەنتیكەی لەدەوری نوسەر كێشابێو بەملاو بەولادا ئاڕاستەی بكات، قەڵەمی ئاڕاستەكراو هەمیشە لەقەڵەمی بەكرێگیراو خەتەر ترە، چونكە ئەگەر تاسەریش نەتوانێ ، ئەوا بۆ ماوەیەك دەبێتە دێوجامەی راوە جەماوەرو تەفرەدانی خەڵكانی سادە.. نوسینو كاری رۆشنبیری لەكەشو هەوای ئازادا دەڕسكێو ئازادی لەڕۆحی مرۆڤدا بێدار دەكاتەوەو ئیدی مرۆڤ دەكەوێتە سەر راستە رێگەی بیركردنەوەو بەئاسانی چەواشەو دەسخەڕۆ ناكرێت. كەواتە نوسین چرایەكە رێگەی بیرو بیركردنەوە رۆشن دەكاتەوەو نابێ ئەشكەوتێك بێ كۆمەڵێك دەنگی ناڕەسەن عەكس بكاتەوە.. هەڵبەتە گەلێك لەنوسەرو ئارەزایانی بواری نوسینو كاری رۆشنبیری پێیان وایە نوسین هۆیەك نییە بۆ گوزارشت كردنو دەربڕین بەڵكو هۆی هەرە كاراو كاریگەری گەڕانو پشكنینو كەشف كردنو رۆچوونە بەناخی دیاردەو رووداوەكاندا.

یانی نوسین نابێ لەڕەخنە بەدەربێ.. كەواتە نوسین دەبێ راستگۆیانە بێو حورمەتی زمان بگرێ كەبنەمای هەرە سەرەكی نوسینەو، بەناچاریو بەتۆبزی شتی لێ بار نەكاتو نەیهێنێتە گۆ.

هەڵبەتە نوڤالیس گوتەنی هەر كەسێك حورمەتی زمان پێشێل بكاتو ناچاری بكات بەنابەدڵیو ناچاری شتێك بڵێ، ئەوا زمان تۆڵەی خۆی لێدەكاتەوەو دوچاری گەوجە گەوجۆیژی دەكات.. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كەزۆربەی نوسینی نوسەرانی پاش راپەڕین لەڕووی زمانەوە مایەی گلەییەكی زۆریو زمانی سەقەت بووە بەدیاردەیەكی زەقو پێویستە بخرێتە بەر باسو لێكۆڵینەوەی زانستیانەو چارەسەرێكی بۆ بدۆزرێتەوە.

بێ چەندو چوون مرۆڤایەتی قەرزارباری وشەیە، وشەش ئەو داهێنراوە هەرە مەزنەیە كەگەورەترین وەرچەرخانی لەژیانی مرۆڤدا تۆمار كردوو، لەهەموو بوونەوەرانی ئەم گەردوونەی جیاكردەوە. وشە بوو بەهەوێنی (بوون)و بناغەی شاكارە فیكریو حسییەكانی بنیادەم. هەڵبەتە وشەو بایەخو چەمكی وشە لەبوارێكی ژیانەوە بۆ بوارێكی دی دەگۆڕێ. بۆ نموونە وشە لەدنیای ئەدەبیاتدا هێندە سەرەكیە دەكرێ

بگوترێ: نوسین بەتایبەتی ئەدەبیات دەکاتە بەکارهێنانێکی ئەفسوناوی وشە... بەداخەوە زۆر نوسینی ئێمە لەو رووەوە تەواو شێواو کاریگەرییەکی رۆشنبیری ئەوتۆیان بەسەر جەماوەری خوێنەرەوە نییەو بێ ناسنامەیەو لەنێوان لاسایی کردنەوەی کاڵو کرچو رەسەنایەتیدا لەموڵقان.

دیارە خراپترین نوسین، یان یەکێك لەئافەتەکانی نوسین ئەوەیە کەهیچ دەنگدانەوەیەکی نەبێ، خەڵکانێك نەوروژێنێ چ بەقەبووڵ کردنی چ بەرەفز کردنی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەئەو کارە رۆشنبیرییەمان ئەدەبی گوتاری نییە، یان گوتاری زۆر لاوازی هەیەو بستێك لەخاوەنەکەی دوور ناکەوێتەوە، واتە ئاوێتەی ژیان نابێ خۆی بۆ گەشاندنەوەی ژیان تەرخان نەکردووەو دوورە لەگێرو گرفتەکانی ژیانو ناوێرێ خۆی لەقەرەی ئەو گێروگرفتو نهێنیانە بداتو ئیدی نوسینەکە خودی خۆی پێ نایەتە دیو لەبار دەچێ.

هەڵبەتە یەکێك لەخەسڵەتەکانی نوسینی رەسەن روانینی ئەقڵیو میتۆدی رەخنەییە، واتە جیهانبینی ئەقلانیو میتۆدی رەخنەیی کۆڵەکەی نوسینی رەسەنن. ئەقڵو رەخنە لێکدی نایەنە دابڕان، کەئەقڵ هەبوو دەبێ رەخنە هەبێ، غیابی رەخنەکە لەئەقڵو بیرکردنەوەوە هەڵدەقوڵێ، نیشانەی لاوازیو سستی ئەقڵە. ئەقڵ دەبێ رەخنەیی بێو هەر ئەقڵێك بەڕوانینێکی نارەخنەییەوە خۆی لەگرفتەکانی فیکرو بارودۆخی کۆمەڵو خەڵکی بدات، خیانەت لەتەبیعەتی خۆی دەکاتو خۆی لەئەنجامدانی ئەرکەکانی دەدزێتەوە. چونکە خەسڵەتی بنەڕەتی ئەقڵ، خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕانەیەو کار بۆ بەزاندنی شتە باوەکان دەکات، بۆیە رەخنە بالآترین وارە کەفیکر خۆی تێدا بنوێنێ، خۆی تێدا تەحقیق بکات.. کەواتە نوسینی رەسەن دەبێ دەسەلآتێك بێ سەغڵەتو تەنگەتاو بکات.

کەمەخابن ئەمە لەناو لێشاوی نوسینی دوای راپەڕیندا بەکەمی دەبینرێ. ئەمە جگە لەوەی لەزۆربەی نوسینی پاش راپەڕیندا پرسیاریان هەر نییە، یان زۆر کزە.. کەدیارە پرسیار کز بوو نوسین لەچوارچێوەی ئینشاکارییەکی نامەفهوم تێناپەڕێو گوتاری چالاكو کاریگەری نابێو، نابێ بەچراو لەوە تێناپەڕێ کەدەنگدانەوەیەکی کزی تەمەن کورتی کۆمەڵگەیەکی نووستوو بێ.. چونکە پرسیاری بەجێو ماقوول لەناو مێژووی فیکردا لەوەلامەکەی کاریگەرتر دەبێ، پرسیاری بەجێو دروست خۆی لەخۆیدا نوقلآنەو بانگەوازی دەستپێکی رابوونێکی هزرییە، ئیدی ئەو رابوونە گەورەو بەر بلآوبێ یان بچووكو سنووردار بێ.. پرسیار وەلآمو وەلآمانی لێدەکەوێتەوە، ئیدی وەلآمی جیاوازین یان چوونیەك، بەلآم وەلآمەکان یان کۆی وەلآمەکان بەکۆکیو بەناکۆکییانەوە مادامێکی بەدەوری یەك تەوەردا دەسوڕێنەوە، جۆرە رابوونێکی رۆشنبیریو یکری چێدەکەنو گەر بگوترێ هەر قۆناغێکی تازەی

ڕۆشنبیری هزری زادەی پرسیارو پرسیارێن تازەو بەجێیەو هەر پرسیاریش ئەقڵ دەمەزەرد دەکاتەوەو لەتەمەڵی دەخەلەسێنێ. ناکاتە زێدەڕۆیی.
بۆیە ئەگەر بتەوێ بۆ خەسڵەتی تازەی هەر قۆناغێك بگەڕێی، دەبێ پرسیارە ریشەییەکانی ئەو قۆناغە بخوێنیتەوە، کەمەخابن لای ئێمە هێشتا بەتەواوی نەخەمڵیوەو لەڕەشبینیشەوە واناڵێم، چونکە من قەناعەتم نە بەنەزۆکی میللەت هەیەو نە بەنەزۆکی هیچ قۆناغێكو ئەم قۆناغەش دەنگو رەنگ نوێنەری خۆی بەرهەم دێنێ و رۆژگاریش رەسەنو ناڕەسەن لەبێژنگ دەدات.

**–نووسین دەبێت لەزەتی خۆی لێ وەربگیرێ ئەوسا نووسینە،بەو پێیەی بەشێکە لە مەعریفە، لەزەتی عەقڵیش مەعریفەیە، غەزالی واتەنی(لذة العقل المعرفة كلما كانت المعرفة اكبر كانت اللذة اكبر)،بێ گومان بەرهەمی عەقڵیش فیکرە، ڕای بەڕێزت چییە؟**

و٢: هەر گوتارێك بگری خەڵکێك یان خەڵکانێك دەدوێنێ، هەر کارێکی رۆشنبیری کەمەبەستم نوسینە بەلای کەمەوە دوو لایەنی سەرەکی هەیە، یەکەمیان نوسەرەو دووەمیان ئەو جەماوەرەیە کەگوتارەکەی، واتە نوسینەکەی ئاڕاستە دەکرێت.. کەواتە لێرەدا هاوکێشەیەكو لایەنەکانی هاوکێشەیەك دروست دەبێ، نوسەر، پەیام، وەرگر. جابۆیە نوسەر لەسەرێتی لەئاستێکی هەرە بەرزدا پەیام یان گوتارەکەی بگەیەنێ، لێرەدا چۆنیەتی و ئاستی گوتارەکە، هاوسەنگی هاوکێشەکە رادەگرێ لەزەتەکە، یانی لەزەتە ئەپستمۆلۆجییەکە ئاسانتر دەگەیەنێ. جانوسەر لەبەرئەوە نوسەر نییە کەلێرەوە هەندێ شتی دیاری کراو بڵێ، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەلێرەوە بەشێوازێکی تایبەتی بیڵێ و گومانیش لەوەدا نییە کەشێواز بەها بەپەخشان دەبێتو نووسەر دەزانێ کەووشە کارو کردەوەیە، ووشە کەشف کردنە، کەشفیش گۆڕینە، جائەرکی نووسەر لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە کارو کارلێکەدا ئەوەیە بەجۆرێ کاربکات کەکەس نەتوانێ ئەم جیهانە فەرامۆش بکاتو خۆی لەمەسئولیەت بدزێتەوە.
هەڵبەتە نووسەرو خوێنەرو بابەت لەم پرۆسەی نوسینەدا بەجۆرێ ئاوێتە دەبنو دەکەونە کارلێکەوە، مەگەر هەر لەزەتە ئەپستمۆلۆژییەکە یەکیان بخات.. نووسەر بەڕاستگۆیی و لەزەتەوە ووشە بەکاردێنێ، ئەو وشانەی لەسەرەتاوە هەڵیاندەبژێرێ، لەهەوەڵەوە بابەت نین، بەڵکو جۆرە ناونانێکە لەبابەتان.. بەرەبەرە لەسیاقی سەرلەبەری پرۆسەی نوسیندا دەبن بەدەلالەت، دەلالەت لەشتێکی دیاری کراو، دەلالەت لەچەمکێکی دیاری کراو، پاشان دەبێ بەهەڵوێستی فیکری و کەشفو گۆڕینی بەدوادا دێ.. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەکاتە بەرهەم هێنانی مێژوو دەکاتە

خۆگێڕانەوەو خۆسەلماندن لەناو ئەو بوارەدا کەتیایدا دەژین‌و بەشداری لەبەرهەم هێنان‌و دروست کردنی دەکەین..
بەهەرحاڵ ئەمە هەندێ لایەنی ئەو لەزەتە ئەبستمۆلۆجییەیە کە لەنوسینی رەسەن‌و ریشەییدا هەیە.

**-نوسینێك نەتوانێت شۆڕشێکی فیکری دروست بکات ، نەتوانێت ژیاری ڕۆشنبیری و ئینسانی بەرجەستە بکات ، بزوێنەری واقع نەبێت، ئەبێ چ جۆرە نووسێنێك بێت، لە واقعی ئێستای نووسیندا وا دەبینم گرنگ نەبێت چی بنوسی بەڵکو گرنگ ئەوەیە بنوسی، ئەی بەڕێزت پێت وانییە؟**

و٣: نوسینی رەسەن خۆی لەخۆیدا پڕۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەو هەر نوسینێك بگرێ ئاوسە بەهزرو بیر هزرو بیر وەختێ بلاوەبێتەوەو تەشەنە دەکات کەزانستیانەو مەنتیقی بێ، پابەندی روانین‌و جیهانبینی ئەقلی‌و مینۆدی رەخنەیی بێ، وەرگش، ئیدی هەر کەس‌و گروپ‌و چینێك بێ تاڕادەیەکی باش هۆشیار بێ‌و بایەخی ئەو نوسینە بزانێ‌و کاریگەرییەکەی لەسەر رزگاری خۆی‌و پەرەسەندنی کۆمەڵەکەی بخوێنێتەوەو لەدوا ئەنجامدا ببێ بەفاکتەرێك لەفاکتەرەکانی گۆڕین بەئاڕاستە ئیجابییەکاندا.
هەڵبەتە ئەوەی سەردەمێکی فیکری دەکات بەیەك سەردەم، یەکێتی یان نزیکی پرسیارەکانە، نەك چوونیەکی وەڵامی هزرڤانان. هەر نووسینێك بەپرسیاری زۆر جدی‌و ریشەیی ئاوس نەبێ‌و وەرگر عەودالٚ‌و تامەزرۆی وەڵامان نەکات ناتوانێ شۆڕشگێڕانە بێ، بۆیە چی نووسین‌و ئاستی نووسین زۆر گرنگەو تەنیا لەو حاڵەتەدا کاریگەری رۆشنبیری‌و فیکری خۆی دەبێت.. دەنا وانەبووایە ئەو لێشاوە نووسینەی ئەمڕۆ لەبازاڕی نووسینی کوردیدا دەبینرێ، دەبووایە کاریگەرییەکەی زۆر بەزەقی لەوارەکانی ژیانی کوردەواریدا رەنگی بدایەتەوەو ئەم پاشا گەردانییە بەم جۆرە بەردەوام نەدەبوو، راستە لێرەو لەوێ، لەتوێی کتێبان‌و بلاڤۆکاندا هەندێ بریسکەی پەراگەندە دەبینرێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە بکرێن بەچرا.. فیکر بەدیالۆگ دەوڵەمەند دەبێ، ئەهلی فیکرو رۆشنبیری لەلای ئێمە زۆر دوورن لەیەکترەوەو کەس دەفتەری کەس ناخوێنێتەوە، هاوبەشی کردن لەبەرهەم هێنانی فیکریدا نییە، دیالۆگ قاتییە..
فیکر دەنگدانەوەی نییە، رەنگدانەوەی نییە، بێدەنگی کوشتویەتی.. پێویستە دەنگ چ بەڕەفزو چ بەقەبوولٚ هەبێ،چونکە ئەو رەفزو قبووڵە سەرچاوەی گەشەکردن‌و پەرەسەندنە.. دیارە ئەم پەراگەندەییە هەرگیز نایەڵێ کەش‌و هەوایەکی فیکری‌و رۆشنبیری هاوبەشی ئەوتۆ دروست ببێ کەسیمای مەڵبەندێك یان قۆناغێك یان سەردەمێکی فیکری‌و رۆشنبیری دیاری کراوی پێوە بێ..

-بەلای بەڕێزتەوە خوێنەری کورد لە چ ئاستێکدایە؟ لە کاتێکدا خوێنەر دیاریکەری ماناو ڕەهەندی دەقەکانە ، خوێنەری ڕاستەقینە ئەرکی زۆر زیاترە لە نووسەر،ئەلیوتی شاعیر لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت(خوێنەر بەهەمان ئەندازەی خودی شاعیر مانای شیعرێك دیاری دەکات)، وا پێویست دەکات دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە خوێنەری کورد لە مێژەوە تاوەکو ئێستا هەمیشە لە مەرگدا بووە و نووسەریش نیوە مەرگ،ئەگەر خوا بەو ڕۆژە نەکات مەرگی نووسەریش بێت چ کارەساتێك دەخوڵقێت؟

و٤: خوێنەر وەکو نەوییبەت دەتوانێ رۆڵی یەکجار کاریگەر لەگەشەکردنو نەشونمای رۆشنبیریو ئەدەبیدا ببینێ، هەر دەقێك یان نوسینێك بەندە بەخوێنەرەکەیەوە، واتە نوسین بەخوێنەر تەواو دەبێت. وەکو چۆن پەیام دەبێ پەیامبەری هەبێ، بەهەمان شێوەش دەبێ وەرگری هەبێ، واتە قەدری دەقێك، بەهای دەقێك لەڕێگەی خوێنەرەوە، بەهۆی خوێنەرەوە دەردەکەوێو بەرجەستە دەبێ.. بەهەرحاڵ خوێنەری جددی چی وای لەڕەخنەگر کەمتر
نییە، چونکە خوێنەری چاكو جددی هەرگیز ئەوە لەنووسەر قبوڵ ناکات، بەرهەمی بێ پێزی دوور لەدیدو بۆچوونی مێژوویی نوێخواز، دور لەجیهانبینییەکی قووڵ دەربارەی، بەلای کەمەوە، ئەو بابەتەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، پێشکەش بکاتو کاتی بەفیڕۆ بدات.
خوێنەری هۆشیار، بایەخی کاری ئەدەبیو رۆشنبیریو هزری هەر لەوەدا نابینێ کەچەند زانیاری تازەی پێ دەبەخشێت، چونکە رەنگە نووسینێك زانیاری یەجگار ووردی دەربارەی ژیان تێدابێ، وەکو رواڵەت وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیان بێو نووسەرەکەشی زۆری پێوە بنازێ.. بەڵام خوێنەری وورياو بەئاگا قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەریو دەقی ئەدەبی نەقڵی دەکاو لای خوێنەر دەیهاڕوژێنێ، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کەژیانی ئاسایی رۆژانە دەیوروژێنێ.
ئەگەر هەستە ئەدەبیو هونەرییەکە، گەلەك بالاتر نەبێ ئەوا لای خوێنەری وورِیا ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جوینەوەو کاوێژ کردنەوەیەکی بیهودەی ژیان. خوێنەری بەئاگا لای عەیانە داهێنەر لەهەر بوارێك دابێ، فیکری، ئەدەب، هونەر، رۆشنبیری، تەنیا کەرەستە خاوەکان لەژیانەوە وەردەگرێ. تاوتوێیەکی ووردی دەکات، هەڵیدەسەنگێنێو پاشان (گووڕاوێکی) تازەی ناسكو جوانی لێ دروست دەکاو دەخوڵقێنێ، رەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بەجۆرێ لێکدی دەداو مونتاژی دەکاو دەیکات بەیەکەیەکی یەك پارچە کەهەرگیز لەڕەگەزەکانی جارانی ناچێت.. واتە خوێنەری بەئاگا بەئاسانی تەسلیمی دەق یان هەر نووسینێکی دیکە نابێ، بەڵکو بەکلیلی تێگەیشتن، قفڵی دەق دەکاتەوەو موناقەشەی جددی دەقەکە یان

نووسینەکە دەکات، پاش گوێگرتن و پرسیار کردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی ڕەفز یان قبوڵ هەڵدەبژێرێ.
بەڵام سەبارەت بەئەدەب و بەنوسینی کوردی وێڕای ئەوەی خوێنەری جددی و بەئاگا زۆر کەمە، دەبێ ئاوڕێك لەو حەقیقەتە بدەینەوە کەدەقی کوردی لەئاستەنگدایەو هەندێ جار وادێتە بەرچاو کە لەکوێرە کۆڵانێکدا گیرۆدە بووە، هەڵبەتە ئاستەنگەکەش پتر ئاستەنگ و قاتی هۆشیاری نووسەرانە، قاتی و ئاستەنگی جیهانبینی و زمانە لای زۆربەیان، غیابی جیهانبینی ئەقڵی و میتۆدی ڕەخنەیی، کزی خوێندنەوەی فیکری و فەلسەفی و هونەرییە.
دیارە غیابی مەعناو چەمکی قووڵ و خەیاڵی ناسك و.. ئاشکراشە هەر دەقێك داهێنەرانە مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزەکانی خۆیدا نەکات زۆر بڕ ناکات و تەمەنی لەو چەند ساتانە تێناپەڕێ کەخوێنەرێکی تەمەڵ بۆ بێتاقەتی دەخوێنێتەوە. بەهەرحاڵ هیچ گوتارێکی بە فیکری، ڕۆشنبیری، هونەری لەدەرێی خوێنەردا ناژی.. خوێنەری ئێمە زۆربەی کات ناهۆشیارو تەمەڵ بووە.

**-نووسەر ئەوکاتە خاوەنی نووسینەکەیەتی کە لە ژێر دەستیدایە ، دوای بڵاوبوونەوەی خوێنەر خاوەنیەتی، ئەتوانیت پەیوەندی نێوان نووسەرو خوێنەرمان بۆ باس بکەیت؟**

و٥: بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان نووسەر، نوسین، ڕەخنەگر یان خوێنەردا هەیەو هەموو ئەو لایەنانە لەحاڵی کارلێکدان و هەر لایەنەو نەخش و دەوری خۆی لەپێکهاتەی بەرهەمەکەدا هەیەو بەزمانی تازەی ڕەخنەیی دەبێ بگوترێ کەهەر یەکێك لەو لایەنانە تاڕادەیەك دەور لەنووسین و زیندوو ڕاگرتن و خوڵقاندنی نووسین یان دەقدا دەبینێ.
جالەم پرسیارەداو لەپرسیاری پێشووتریشتاندا مەسەلەی مەرگی نووسەر هاتۆتە گۆڕێ. ئەمە زاراوەیەکی ڕەخنەیی تازەیەو دەگەڕێتەوە بۆ بونیاد گەراو بونیاد شکێنەکان و، ئەوە ناونیشانی نوسینێکی ڕۆلان بارتە.. هەر ئەو مانایە دەگرێتەوە کەئێوە لەپرسیارەکەدا خستووتانەتە ڕوو، بۆیە بۆ دەقێکی نووسراو نووسەرەکە گرنگ نییە، هەر کێیەك دەبێ بابێ، شەکپیە خاوەنی ئەو کەلەپورە شانۆییە بێ کە بەناوی ئەوەوەیە یان کەسێکی دی، یان خاوەنی هەر نەبێ گرنگ نییە، گرنگ بەرهەمەکەیە کەپەیوەندی تەواو لەگەڵ خوێنەردا پەیدا دەکات و بوونی بەندە دەبێ بەخوێنەرەوەو ڕەنگە لەئاکامدا پێویست بەڕەخنەگریش نەمێنێ و ئەویش وەکو نوسەر بچێتە خانەی مەرگەوە، هەڵبەتە لێرەدا مردنەکە مردنی مەعنەوییەو دەرهەق بەدەقی نووسینەکەیە.. بەهەرحاڵ لەمیتۆدی بونیاد گەری و هەڵوەشانەوە گەریدا

بایەخ و گرنگی نووسەرو هاندەرەکانی نووسەر بەڕادەیەك لەتۆژینەوەی بەرهەمێکدا کەم دەبێتەوە دەگاتە رادەی سڕینەوەو نەمان و بەمەش دەگوترێ (مەرگی نووسەر).
وەکو گوتمان ئەوە ناوی گوتارێکی رۆلان پارتە دەربارەی ئەو مەسەلەیە.. واتە هەر کەپرۆسەی نووسین دەست پێدەکات و نووسەر تەواو دەبێ ئیدی پەیوەندی نوسەرو خوێنەر دەپچڕێ. رەنگە ئەمە لەکۆنیشا بەشێوەی دیکە هەبوو بێ، بۆ نموونە ئەو حیکایەت و نەقڵ و ئەفسانانەی لەکۆڕو مەجلیساندا هاتوونەتە گێڕانەوە، خاوەنیان نەبووە، گوتیار (راوی) دەوری خاوەنی ئەو بەرهەمانەی گێڕاوەو گوێگری کردووە بەشەریکی خوڵقاندنی ئەو بەرهەمانە.. هەڵبەتە نوسین، بەتایبەتی دەقی هونەری سەرچاوەی جیاوازی هەیەو هەموو ئەم جۆگەلە جیاوازانە لیەك رووباردا دەگیرسێنەوە کەئەویش خوێنرە خوێنەر.. بەهەرحاڵ یەکێتی نووسین بەتایبەتی دەق لەدەست پێکدا نییە، بەڵکو لەئەنجام و ئاکامدایە. یانی یەکێتی بەرهەمێك لەخوێنەردا بەرجەستە دەبێ نەك لەنووسەردا.. جابۆ ئەوەی ئایندەی نووسین دروست ببێ پێویستە ئەفسانەی نووسەر سەرنگوون بکرێ و، بەبەهای مەرگی نووسەر، خوێنەر لەدایك ببێ. بەهەرحاڵ ئەمانە روانگەو بۆچوون و یاسای بنجبڕو پیرۆز نین. ئەم بۆچوونانە زیاتر هی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەو لەئاخرو ئۆخری سەدەی نێو براوداو لەهەرەتی برەوەی بونیاد گەری و بونیاد شکێنیدا گەییووەتە لوتکەی خۆی و رەواجی پەیدا کردووە.. دیارە ئەمەش پاپەندی پرۆسەی گۆڕانەو هەر بەو دەقەوەو تاسەر نامێنێ.
بەم پێیەو لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی رۆلان پارتدا ئەوە ساغ دەبێتەوە تارۆشنبیری و چالاکیە هزری و هونەرییەکان لەکۆمەڵگەدا بەرینترو گشتی تر بێ، واتا دیموکراتیکتر بێ، رۆڵی رێژەیی وەرگر (خوێنەر) لەپێکهێنان و پێناسەی چالاکییە هزری و هونەرییەکاندا زیاتر دەبێ و دەوری نووسەر کەمتر دەبێ.
بەهەرحاڵ کەنووسین بەووشە سپێردرا، ووشە لەناو پێکهاتەی نووسیندا بوو بەتانوپۆی زمان و خوێنەر پەی بەڕەمزو رازی برد، ئیدی دەستکراوە تر دەبێ لەچۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکەداو پێویستی بەنووسەر نامێنێ و نەمانی نووسەریش رەنگە نەمانی رەخنەگری بەدوادا بێ و ئیدی هەم دەسەڵاتی نووسەرو هەم دەسەڵاتی رەخنەگر هەرەس دێنن و خوێنەری جددی لەدایك دەبێ و بەخۆی هەموو بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوەو بایەخی نووسینەکە دیاری دەکات.. جالەم قۆناغەدا پێم وایە رەخنەگریش، هەڵبەتە بەمانا ئیستیعمارییەکە، دەمرێ و کەس پێویستی پێی نامێنێ.
**-نووسین بە مانا گشتییەکەی هەڵگری کۆمەڵێك ئەخلاقیاتە، بۆیە وا پێویست دەکات نووسەر پابەند بێت بە ڕێساکانی نووسینەوە ، ئەخلاقیاتی نووسین وەك چی؟**

و٦: نووسین شێوەیەکە لەشێوەکانی ئازادیخوازیو مرۆڤپەروەری هەر کەدەستت دایێ ئیدی بتەوێو نەتەوێ دەبێ مولتەزیم بی. واتە یەکێك لەئەخلاقیاتی نووسین پاپەندییە بەمرۆڤو ئازادی مرۆڤەوە، چونکە ئەم گەردوونە لەمرۆڤدا بەرجەستە دەبێو لەدەرێی مرۆڤدا هیچ حەقیقەتێك بوونی نییەو هیچ شتێك بایەخی نییە.. یەکێك لەئەخلاقیاتەکانی دیکەی نووسین بریتییە لەنەدۆڕانی ئەنجامدا لەخوێنەرداو بەخوێنەر بەرجەستە دەبێو لەخوێنەردا بەردەوامی پەیدا دەکات، بۆیە نووسەر دەبێ ئەو خاڵە دەرك بکاتو راستگۆیانەو دوور لەهەر ریاو ریاکارییەك خوێنەر بکات بەشەریکی پێکهێنانی نووسینەکەیو متمانەی خوێنەر نەدۆڕێنێ.. کاری نووسین، قاڵب شکێنیو شۆڕشگێڕانە، واتە شۆڕش لەدەروونو سایکۆلۆژیەتی خوێنەردا بەرپا بکاتو ئەقڵی بوروژێنێو لەزەتێکی ئەقڵی گەورە، واتە لەزەتێکی ئەبستمۆلۆژی پێ ببەخشێو تاك لەدرێژایی زەمەندا هەست بەبوونی خۆی بکاتو هەرگیز بەوە قابیل نەبێ دیکتاتۆریەت ببێ بەشتێکی هەمیشەییو جیهانگیر، بۆیە نوسین موغامەرەی مانو نەمانە، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسانە، نووسەر دەبێ بەتەواوەتی پاپەندی بێو بەیەکێك لەئەخلاقیاتی نووسینی بزانێ.. بەهەرحاڵ..

**-مەسعود موحەممەد لە یەکێك لە وتەکانیدا دەڵێت(گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لە بڕینی زمانی باشترە)، واتە نووسەری خاوەن هەڵوێست و داهێنان، نووسینێك بتوانێت وەعی ڕۆشنبیری و ئینسانی دروست بکات، بەڕێزت چۆن لەم وتەیە دەڕوانیت؟**

و٧: (گرتنی قەڵەمی نووسەرێك لەبڕینی زمانی باشترە).

هەرچەندە پێم وایە ئەو رستەیە لەسیاقی خۆیو لەمەتنی خۆی دابڕێنراوەو بەم رووتیو قووتییە وەکو پێویست چەمكو مانای خۆی ناگەیەنێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە ئەم رستەیە زادەی هاماجێکی دکتاتۆریەت زەدەیەو جۆرە تاریخیەتێکی لەخۆگرتووەو رەمزیەتی پەیدا کردووە.. بەشێوەیەکی گشتی دادو بێدادە لەدەست ستەمو زۆرداریو نەبوونی ئازادی کەبۆ نووسەر لەئاوو هەوا فەرزترە. هەڵبەتە من پێم وایە نەگرتنی قەڵەمی نووسەرو نەبڕینی زمانی هیچیان نەرەوانو نەباشن، بەڵام لەکەشوهەوای دکتاتۆریەتدا، کەمرۆڤ ناچاری بەراورد یان هەڵبژاردن بکرێ، ئەوا پێم وایە چاری ناچارە دەبێ بەراورد دەکەن یان هەڵبژاردنەکەی بەتۆبزی لەنێوان خراپو خراپتردا بێ، دیارە لەو حاڵەتەدا خراپەکە هەڵدەبژێردرێو پێشی دەگوترێ هەڵبژاردن!! بۆیە لەو جۆرە کەشو هەواو هامەجەدا، نووسین دەبێ بەجۆرێك لەموغامەرە، موغامەرەی مانو نەمان، موغامەرەی پاراستنی ئابڕووی ئینسان، واتە دەبێ بەخەباتێکی شارستانیانەو هیچ خەباتێکیش بێ بایەخ نابێ.

بێگومان ووشه لەدوای پەیامبەران هی نووسەرانەو نووسەران بۆشایی ئەوان پڕ دەکەنەوەو ئەرکی هەرە سەرەکی نووسەر مرۆڤو ئازادی مرۆڤە.. کەئەمە ئەکری نووسەر بێ، دەبێ بێ هیچ ترسو دوو دڵییەك ئازادی بێ قەیدو شەرتو ئازادی موتڵەقی بدرێتێ، چونکە پیشەی نووسەری خۆی لەخۆیدا جۆرە عیبادەتێکەو راستگۆیانەو دوور لەهەر دووڕوویییەك لەپەرستگەی ئەفراندندا دێتە ئەنجامدانو هەوڵدانە بۆ وەدەست هێنانی جۆرە نەمرییەك. نووسین خۆراکی ئەقڵو رۆحە، هزر دەخەملێنێ، سۆزی مرۆڤایەتی جۆش دەدا، خودو ئاستی خود بەرز دەکاتەوە، زەوق دەپاڵێوێو مشتوماڵی دەدا، دیارە ئەم کەڵکەڵەی وەدەست هێنانی نەمرییە، لەچوارچێوەی تاقە کەسو تاك تاكی کۆمەڵدا نامێنێو کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. چونکە نووسینی رەسەنو دوور بورد رێگە بۆ ئاوێتەبوونی خودی پاکیزەو پاڵێوراو لەگەڵ کۆمەڵدا خۆش دەکات. دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.. لەسایەی سیستەمی پۆلیسیو سەرکوتکەردا کەشوهەوای سامناك دەخوڵقێو بەرەبەرە خەڵکەکە خووی پێوە دەگرێو لەسەری رادێو هەموو قسەکردنو ئازادی دەربڕینێك دەبێ بەبقەو قسەش کەقافی هاتو نەکرا، زەین کوێر دەبێ. نووسەریش لەکەشو هەوای ئاوا خنکێنەردا زەینی قەڵەمەکەی کوێر دەبێ، چونکە چەند یاخیش بێ، ئەوا هەندێ درەنگتر لەگەڵ بارودۆخەکەدا رادێ. کەراشهات یادەبێ بکەوێتە سازشو تەسلیم بوون، یادەبێ قوڕو قەپی لێبکاتو زمانی خۆی کۆتو زنجیر بکات. هەردوو هەڵوێستەکە زۆر خراپنو دوژمنی قەڵەمو داهێنانو نوسینن...

جا پێم وایە وتەکەی مامۆستا مەسعود محەمەدی رەحمەتی بانگەوازێکی بێ چەندو چوونە بۆ ئازادی، لەکەشو هەوایەکی خنکێنەردا، پەیڤی خۆی گوتووە.

بۆیە نووسەری رەسەنو خاوەن گوتاری مرۆڤانی لەسەرێتی لەهەر کەشو هەوایەکدا بێو بەهەر شێوەو شێوازێك بێ ئاوێکی وەها بڕێژن کەدەسەڵات پێیان نەوێرێو هەمیشە وەها سەیر بکرێن کە لەسەرووی دەسەڵاتەوەنو لەوێندەرەوە بەردەوام بن لەسەر شۆڕشگێڕاندنی هەموو لایەنەکانی ژیانو مەحەبەت بکەن بەئایینی سەر لەبەری مرۆڤایەتی.

**–ڕای بەڕێزت چییە بەرامبەر بەو قەڵەم ڕەشانەی کە بە قەڵەمەکانیان ئاگری شەڕی ناوخۆیان تاوداو و بوونە ئاگر خۆشکەری ئەو شەڕە براکوژی و کوردکوژییە ؟**

و٨: خەڵکانێکی زۆر لەئەهلی قەڵەمو ووشە پێیان وایە نووسین هۆیەك نییە لەهۆیەکانی گوزارشت کردنو بەیان، بەڵکو ئامرازی هەرە کاراو کاریگەری گەڕانو پشکنینو کەشفکردنو رۆچوونە بەناخی دیاردەو رووداو شتەکاندا، بەمرۆڤانی کردنێکی هەرەجوانی شتەکانە. کەواتە نوسین دەبێ زۆر راستگۆیانە بێ، حورمەتی زمان بگرێ کەبنەمای هەرە سەرەکی نووسینەو بەتۆ بزیو ناچاری شتی لێبار

نەکاتو نەیهێنێتە گۆ، چونکە ئەو کەسەی حورمەتی زمان نەگریو ناچاری بکات بەنەبەدڵی شتێك بڵێ، ئەوا تووشی گەوجە گەوجێکی زۆر دەبێو وردە وردە دەکەوێتە سازش لەگەڵ دەسەڵاتداو بەرەبەرە تەسلیم دەبێو بەخۆی فەرمانی لەسێدارەدانی نووسەرایەتی خۆی مۆر دەکاتو ناسنامەی (نۆسەر)ی هەڵدەگرێ.
جائەو (قەڵەم رەشانە)ی کەئێوە باسیان دەکەن خەڵکانێکن هەموو پێوەرە مرۆڤانیو ئەخلاقییەکانیان بەزاندووەو بوون بەکەسێکی دیکتاتۆر سازو شەریکی هەر هەموو ئەو تاوانانەن کە لەشەڕی ناوخۆدا ئەنجامدراون.
دیارە دیکتاتۆرساز زۆر تاوانبارترو خەتابارترە لەخودی دیکتاتۆر.. چونکە ئەوانە دەبن بەخەڵکێکی درۆزنی رمۆزنی زمان لووسی عەوام خەڵەتێنی، رییابێژی هەرزەوێژی خوازەلۆکی پولەکی چاوچنۆکی وێڵی دەرێی مێژوو.. هەقە ئەوانە بەبەڵگەی دروستو بنجبڕەوە لەقاو بدرێنو . ئەلبێر کامۆ قسەیەکی جوانی هەیە کەدەڵێ لەدنیادا هیچ ئابڕووچوونێك لەوە گەورەتر نییە کەمرۆڤێ بدینی مامەڵەیەکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێ.
جاوەرە تۆ نووسەربەو کار بۆ ئابڕووبردنی هاوڵاتیو هاونەژادی خۆت بکەی، فیتوای کوشتنو بڕینو ورەهەندەکردنودەربەدەرکردنیبدەیو دیکتاتۆرانی لێ هانبدەی..دەبێ ئەمە چ ریسواییو ئابڕووچوونێك بێ خودایە!!

**-بەرێزت زیاتر مەیلت بەلای وەرگێراندایە، ئەمەش لەبەرهەمەکانتدا بەڕوونی رەنگیداوەتەوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و٩: گومان لەوەدا نییە کەپەیوەندی نێوان میللەتان بەجۆرێ فراوان بووەو بەڕادەیەك تێکڕژاوە، هەموو میللەتان خەریکە دەبن بەشەریك لەبەرهەمهێنانی هزرو فەلسەفەو هونەرو رۆشنبیریو ژیارو شارستانیەتدا، هەر ئەم دیاردەو رووداوانەو لقو پۆپی ئەو دیاردەو رووداوانە کردوویانەتە کارێك کەوەرگێڕانو پرۆسەی وەرگێڕان ببێ بەکارێکی زۆر پێویستو دەبێ لەزانکۆکانی کوردستاندا کۆلێژی تایبەتی بۆ بکرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنرێ.. چونکە هیچ میللەتێك ئەمڕۆکەو لەم رۆژگارە جەنجاڵەدا ناتوانێ بەتەنێ هەموو بوارەکانی رۆشنبیریو ژیاریو شارستانیەت بەهەم بهێنێ، بۆیە وەرگێڕان بووە بەکارێکی هەرە پێویستو فاکتەرێکی هەرە گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری میللەتان پێکدێنێ، بەهەرحاڵ کتێبخانەی نیشتیمانیو نەتەوەیی هیچ میللەتێك، ناتوانێ بەبێ وەرگێڕان دەوڵەمەند ببێو رەونەق پەیدا بکات.
رەنگە ئەو خاڵانەی بەخێرایی ئاماژەم پێکردن هاندەرێك بووبن کە تاڕادەیەك بایەخم بەکاری وەرگێڕان داوە. هەڵبەتە بەرنامەداری لەوەرگێڕاندا کارێکی گەلێك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمو کارە فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیانەوە دەست پێ بکرێ

که لەگەڵ باری واقیعی کۆمەڵایەتیو مێژوویی ئەو قۆناغەدا کەمیللەتی تێدایە بگونجێو خێرایی بەرەوتی گەشەسەندنو بەرەو کامڵ چوونو پێگەیشتنی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتیو مێژووییە ببەخشێتو ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیریو شارستانی چێدەکات. بۆیە پێویستە پرۆسەی وەرگێران کەبریتییە لەگوێزانەوەی سیلەی ئەزموونی گەلان بۆ یەکتری لەچوارچێوەی جۆرە بەرنامەیەکی رێكو پێکدا ئەنجام بدرێ: روو لەوەرگێرانی ئەو کتێبو شاکارانە بکرێ کەبایەخی رۆشنبیری پێشرەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لەکاروانی بەرەو پێشنەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

**-بەرێزت بەو پێیەی ئەزموونێکی یەجگار زۆرت هەیە لە بوارەکانی وەرگێراندا، خەسڵەتەکانی وەرگێری سەرکەوتوو کامانەن؟**

و١٠: دیارە وەرگێری چاك پێویستە بەلای کەمەوە کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدابێ، کەرەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا چر بکرێنەوە. وەرگێر دەبێ کەسێکی بەهرەداری ئەوتۆ بێ، کەتواناو بەهرەکانی لەئاستی تواناو بەهرەکانی خودی نووسەری بەرهەمە ئەسڵییەکەدا بێ، واتە بەم پێیە وەرگێر دەبێ بەخۆیشی نووسەر بێو نووسەرێکی چاك بێ تابتوانێ بەرهەمێکی چاك وەربگێرێو نووسەرانە بتوانێ ژیانو جووڵە وەبەر ئەو بەرهەمەدا بکات کەوەری دەگێرێت.. دیارە تواناو بەهرەی وەرگێر پتر لەوەرگێرانی گەورەدا دەردەکەوێ، ئاشکراشە کەکاری گەورە هیمەتی گەورەی دەوێ.. وەرگێر دەبێ کەسێکی زمانزان بێ، تایبەتمەندییەکانی زمان هەڵبێنێ، کەلتوور دۆست بێ، وردو تیژ سەرنجو زیرەكو بەزەوقو خۆش سەلیقە بێ، ویژدانی کاری هەبێ، پشوو درێژو پرسا بێ، هەمیشە فەرهەنگی لەبەردەستدا بێو لەبچوکترین دوودڵیو گوماندا بگەرێتەوە سەری.. وەرگێران مەسئولیەتێکی گەورەیە، جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە، وەرگێران کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێر نەلەبەر بێتاقەتی پەنای وەبەر دەباتو نەلەبەر ئەوەیە کەخۆی ناتوانێ بنووسێت. وەرگێر نابێ دەست بداتە وەرگێرانی کارێك کەدەرەقەتی نەیات، چونکە لەحاڵی وادا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانی وەرگێر.. وەرگێری سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی زۆر جدی بێو جیهانبینییەکی رەخنەیی هەبێو بەتەواوەتی چەمكو رۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە، ریتمو ئاهەنگی نووسەر بپارێزێو تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقەکە کەشف بکاتو رەمزو راەکان بپارێزێ.. زەمەنو ماتی ئەو فرمانانەی بەکار هاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە کەزەمەنەکە شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێو لەسکەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.

وەرگێری سەرکەوتوو، دەبێ بونیادی رستەکانی نووسەر، بەتایبەتی رستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپارێزێ.. خاڵبەندی، بەشێکە لەپێکهاتەو بونیادی دەقو شێوازی هەر

نووسەرێك، واتە بەشێكە لەقوڵایی دەق، بۆیە وەرگێڕی چاك دەبێ زۆر بەجددی ڕەچاوی بكات، دەنا ئاهەنگو چەمكو مانای دەقە ئەسڵییەكە دەشێوێ.. لەوەرگێڕاندا، وەرگێڕ نابێ بێت بەرگێكی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێڕاوەكەدا بكات كەخوێنەر بڵێ لەتۆ وایە لەبنەڕەتدا بەكوردی نووسراوە، واتە كوردانلن نیشانەی سەركەوتنی وەرگێڕان نییە، چونكە دابو نەریتو تایبەتمەندیو ڕەنگو بۆی ئەو ژینگەیەی كەكارە وەرگێردراوەكەی تیادا بەرهەم هاتووە، نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە، كەیەكێكە لەخەسڵەتەكانی وەرگێڕی سەركەوتوو ئیدی نازانم.

**-شارستانیەتی ئەوروپا لە پێش بەرقەرار بوونی لە گشت بوارەكاندا سیاسی ، ئابوری، ڕۆشنبیری....، بزوتنەوەو قوتابخانەگەلێكیان پێك هێنا بۆ وەرگێڕانی كتێبە یۆنانی و ئیسلامییەكان، لەم ڕووەوە تەعزیز كردنی ماددیو مەعنەوی نووسەران و وەرگێڕەكانیان كردە پیشەی خۆیان لە پێناو دروست بوونی بزوتنەوەیەكی ڕۆشنبیری و بە مەركەزبوونی ، لە سەردەمی عەبباسییەكانیشدا بەهەمان شێوە، وەرگێڕان پردی پەیوەندی ڕۆشنبیری نێو میللەتانە، لەم ڕوانگەیەوە ئاستی وەرگێڕان لە كوردستان و واقعی نووسیندا چۆن هەڵدەسەنگێنی، لەم پێناوەدا چ بكرێت باشە؟**

و١١: ببورە ئەگەر لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هەندێ درێژدادڕی بكەم، چونكە پرسیارەكە ئەوە هەڵدەگرێ. بەهەرحاڵ ئەگەر بگوترێ مرۆڤ بەوشەوە مرۆڤایەتی پەیداكردووە ڕەنگە نەبێتە زێدەڕۆیی. هەموو دەزانین وشە خۆی لەخۆیدا جفرەو ڕەمزە، مرۆڤ خۆیو دەستكەوتەكانی خۆی پێ دەگێڕێتەوەو تۆمار دەكات.
مرۆڤ بەر لەووشەو بەر لەبەكارهێنانی ووشە بوونەوەرێكی بێدەنگ بووە.. پاشان لەڕێگەی ووشەوە زمانی كراوەتەوەو نەتقی پەیدا كردووە، ئەمەش وەرچەرخانێكی یەجگار مەزن بووە.. هەر ووشەیەك بگری ئاوسە بەهزر، هزریش دەلالەت لەشتێك یان كۆمەڵێك شت ئەكات.. واتە هزر لەبنەڕەتدا پڕۆسەیەكی ڕەمزیو ڕەمز ئامێزی گەورەیەو دەلالەتی دووبوودری خۆی هەیەو لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ گۆڕاوەو مرۆڤایەتی پەیدا كردووە. ئیدی مرۆڤ بەرەبەرە هەموو چالاكییە فەلسەفیو هزریو زانستیو هونەریو رۆشنبیرییەكانی خۆی بەووشە سپاردووەو خۆیو رابووردوی خۆی تۆمار كردووە، لەنزیكەوە ئێستای گێڕاوەتەوەو نەخشەی ئایندەی داڕشتووە..
بەهەرحاڵ وەرگێڕان شەرعیەتی خۆی لەپێداویستییە مرۆڤایەتییەكانەوە وەرگرتووەو هیچ میللەتێك ناتوانێ فەرامۆشی بكات. ئەگەر فەلسەفەو هزرو هونەرو رۆشنبیریو زانست لەچوارچێوەی یەك زماندا قەتیس بمێنێ هەرگیز مەدای راستەقینەی خۆی

وەرناگرێت، چونکە گوتاری چالاکییە هەمەجۆرەکانی مرۆڤ، گوتارێکی دوور بوردەو هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێ.
ولەڕێگەی وەرگێڕانەوە بوردی ئاسایی خۆی وەردەگرێتو دەبێ بەموڵکی خەڵکانێکی دیکەو بەپێی پێویستی مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، لێی وەردەگرن، دەستکاری دەکەن، دەیگۆڕنو بەم جۆرە سەر لەبەری تیرەی بەشەر راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبن بەشەریکی بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی، شارستانیەت لەڕێگەی وەرگێڕانەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچێتو بەرەبەرە هەموو دنیا دەگرێتەوە..
جا بەمەدا بۆمان بەدیار دەکەوێ کەوەرگێڕان خۆی لەخۆیدا داهێنانێکی گەورەیەو تەعاروفێکی شارستانیانەی میللەتانە لەگەڵ یەکتردا، فاکتەرێکی گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندی رۆشنبیریو هزریو هونەریو زانستیو کۆمەڵایەتیو سیاسی میللەتان پێکدێنێو شەرعیەتی خۆی لەزەرورەتە مرۆڤایەتییەکانەوە وەردەگرێو هیچ میللەتێك ناتوانێ دەستبەرداری بێ. جا با بێینە سەر وەرگێڕان لەلای خۆمانو چەند سەرنجێکی خێرای بدەین.
*گومانی تیدا نییە کەکتێبخانەی کوردی، یەکێکە لەکتێبخانە هەژارەکانو بەو حاڵەشەوە دەبینی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کورد تاکو ئێستاش هێندە نزمە کەکاری وەرگێڕان بەکارێکی کەمو سووك تەماشا دەکەن.
رەنگە زۆر کەس– هەڵبەتە لەڕووی نەفامییەوە– نامیلکەیەکی ناشیعری کاڵو کرچی پێ پەسەندتر بێ لەوەرگێڕانی شاکارێکی هزری یان فەلسەفی یان هونەری یان زانستی جیهانی!!
*بێ بەرنامەیی لەوەرگێڕاندا زاڵە، دیارە ئەمە زۆر مەترسیدارە، چونکە لەم رۆژگارەی ئێمەدا هیچ شتێك بەبێ بەرنامە نابێ، گەر بگوترێ هیچ شتێك لەدەرێی بەرنامەو بەرنامەداریدا وجودی نابێ، زێدەڕۆیی نییە. بۆیە بەرنامەداری بۆ کاری وەرگێڕان گەلەك پێویستەو دەبێ لەو بەرهەمە فەلسەفیو کارە هونەریو زانستیانەوە دەست پێبکرێ کەخێرایی بەرەوتی بزاڤی کەلتووریمان دەداتو دەوڵەمەندی دەکات. بۆیە پێویستە بەپێی بەرنامەیەکی رێكو پێك رۆشنبیریو ئینسانی فەلسەفیو هزریو هونەریو زانستیو ژیانی تۆمارکراوی میللەتان بۆ زمانەکەی خۆمان نەقڵ بکەین، تا لەلایەکەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەینو سەدان زاراوەو ووشەی هاوچەرخ بڕژێتە ناو زمانەکەمانەوەو ببێ بەزمانی بەرهەمهێنانو بەخششی رۆشنبیریو زانستیو هونەریو لەلایەکی ترەوە بیرو بیرکردنەوەی خۆمان بەئەزموونی پێشکەوتووانەی میللەتانی موتوربە بکەین.
*دیارە ئەم نەفەس کورتیو بیرکردنەوە سەقەتە داخراوە وای لێکردووین بەزۆری پەلاماری شیعرۆکەیەك یاکورتە چیرۆکێك گیاوتارۆکەیەك یانووسینێکی سەرقەی

نەرمە قووت بدەین‌و خێراو بەکاڵوکرچی تەرجومەی بکەین‌و لەم بلاڤۆك‌و لەو ڕۆژنامەو غەزەتەدا بیان کەین بەئاردی نێو دڕکان‌و چ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەرییان لێنەکەوێتەوە.

هەڵبەتە ئەم جۆرە پاشاگەردا نییە خزمەتێکی ئەوتۆ بەکتێبخانەی کوردی ناکات، چونکە چ کرانەوەیەك بەسەر ئەدەبیات‌و ڕۆشنبیری میللەتاندا، بۆ هونەرو ڕۆشنبیری کوردی دەستەبەر ناکات‌و چ هەناسەیەکی تازەی بەبەردا ناکات‌و نابێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوە خۆماڵییەکانی داهێنان.

*وەرگێڕانی شاکارەکانی جیهان یەکێکە لەئەرکەکانی وەرگێڕ، مەخابن ئەم کارە تائێستا لەلای ئێمە نەکراوەو شاکارە ڕۆشنبیری‌و فیکرییەکانی جیهانمان بەجەماوەری خوێنەری کورد نەناساندووەو نەمانتوانیوە بەئەمانەت‌و وەفادارییەوە وەریان بگێڕین‌و بیان خەینە بەردەست خوازیارانی ڕۆشنبیری.. بۆیە پێویستە تازووە ڕوو لەوەرگێڕانی ئەو کتێب‌و شاکارانە بکرێ کەبایەخی ڕۆشنبیری پێشڕەوانەیان هەیەو دەبنە بەشدارییەك لەکاروانی پێشڤەبردنی ژیارو شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

وازهێنان لەوەرگێڕانی پەراگەندەو بەرهەمی کەم بایەخ‌و نیمچە مردوو.. ڕەچاوکردنی پسپۆڕی‌و حەزو زەوق لەوەرگێڕاندا، واتە هەر بابەتێك پێویستە خەڵکی پسپۆڕو شارەزای خۆی وەری بگێڕێ، پزیشك نەچێ بەلای بابەتی ئەندازەوە، ئەدیب نەچێ بەلای بابەتی تەکنیکییەوە، چونکە ئەمە جگە اەسەقەت بوونی بابەتەکە پاشاگەردانی‌و کێشەی دژواری زمانەوانیشی لێدەکەوێتەوە.

پێویستە ڕێز لەکاری وەرگێڕ بگیرێ‌و وەرگێڕەکان لەسەر زاراوە هەمە پسەندو زانستی‌و چەسپاوەکان بگرن. دەرگا فەرمییە ڕۆشنبیرییەکان وەرگێڕە بەتواناکان بەسەر بکەنەوە، دەستیان بگرن، هانیان بدەن کەشاکاری هونەری‌و ڕۆشنبیری‌و زانستی بەزمانی پاراوو ڕەوان وەربگێڕن، چونکە بەم کارە هەم تواناو بەهرەی خوێنەرو نووسەر دەخەملێ‌و هەم بەهرەو سەلیقەی بەراوردو جیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لەبەرهەمی ناڕەسەن‌و بازاڕی دەڕسکێ. ئەمە لەدوا ئەنجامدا خزمەتێکی فرە بەنووسینی خۆماڵیش دەکات. چونکە ئەو کاتە نووسەر ناچارە حورمەتی خۆی بگرێ‌و ناوێرێ بەرهەمی کاڵ‌و کرچ ڕەنگماڵ بکات‌و بەنرخی شاکاری هونەری ڕەسەن بەخوێنەری بفرۆشێت..

هەروەها پێویستە گۆڤارو خانەی تایبەتی بەوەرگێڕان دابمەزرێ‌و بدرێتە دەست خەڵکانی شایستەو کارامەو ئەهلی مەیدانەکە.. نەك بدرێ بەخزم‌و کەسوکاری ئەم مەنسوول‌و ئەو مەسئولی ئاخر زەمان.. هەروەها لەزانکۆکانی کوردستاندا، کۆلێژی تایبەتی بەوەرگێڕان بکرێتەوەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بخوێنرێ، چونکە بەڕاستی ژمارە کادیرانی بواری وەرگێڕان زۆر کەمن‌و زۆرجار گومان لەتواناو دەسەڵاتی

وەرگێڕییان دەکرێ‌و زۆربەی کات لەهەڵبژاردنی بابەتدا ناسەرکەوتوون، بەرهەمی کاڵ‌و کرچ بەزمانی سەقەت‌و نامەفهووم دەخەنە بازاڕەوە.. ئەمە جگە لەوەی کەوارە زانست‌و فیکری‌و فەلسەفییەکان بەتەواوەتی فەرامۆش کراون‌و کەم کەس خۆی لێدەدا.. خۆ مۆسیقا‌و سینەما هەر باس مەکە.. ژارۆ کتێبخانەی کوردی.

بەڵێ واری وەرگێڕان پاشاگەردانییەکی زۆڵای پێوە دیارەو دوور لەهەموو نەخشەو بەرنامەو پلانێك‌و بەپێی خاوسی بەناو کەوتووین، رەنگە هەژاری کتێبخانەی کوردی‌و خەمساردی پسپۆڕان فاکتەرێکی بنەڕەتی ئەم پاشاگەردانییە بێ... هەڵبەتە لەئەنجامی ئەم پاشاگەردانییەداو بەهۆی بێ توانایی گەلێك لەوەرگێڕەکانمان‌و بەحوکمی نەزانینی تەواوی هەردوو زمانی ئەسڵی‌و وەرگێڕاوەو دووچاری بەدوەرگێڕان بووین‌و ئەم دیاردەیەش روو لەزیادییەو خەریکە هەڕەشە لەشێواندن‌و سەقەت کردنی زمانەکەمان دەکات. بەلێشاو رستەو دەستەواژەو رستەبەندی هەڵەو بێ بنج‌و بناوانی زانستی‌و دوور لەتەبیعەتی زمانی کوردی‌و سەرباری ئەمەش نامەفهووم واخەریکە زمانی کوردی بەرەو هەڵدێری وێرانکردن دەبات.

ئەم دیاردەی بەدوەرگێڕان‌و شێوانی زمانە زۆر بەزەقی لەکتێبی قوتابخانەکاندا بەدی دەکرێت، چونکە بەدڵنیاییەوە دەیڵێم ئەو کتێبانە بەقۆنتەرات دراونەتە وەرگێڕان‌و ئەو بەدوەرگێڕانەش رێژەی دەرچوونی قوتابیانی تەواو کەم کردۆتەوەو.. ئەمە جگە لەوەی ئەو زمانە سەقەتەی ناو قوتابخانەکان تەشەنەی کردووە بۆ ناو کەناڵە هەمە جۆرەکانی راگەیاندن (نووسراو، بینراو،و بیستراو). هەڵبەتە گەر کار وابڕوات ئەوا چەند ساڵێکی دی کوردینووس‌و کوردیزان دەچنە قاتی‌و مەگەر بەچراوە بۆیان بگەڕێی.

هەڵبەتە خەتەری گەورەی شێوانی زمان لەوەرگرتنی ووشەی بێگانەدا نییە، بەڵکو لەوەرگرتنی ئەو داڕشتن‌و رستەبەندییە ناکوردیانەدا کەهەندێ وەرگێڕ لەبەر نابەلەدی‌و تەمەڵی خۆی خێرا وەری دەگرێ‌و.. ئیدی بەرەبەرە ئەم زمانە سەقەتە دەبێ بەزمانی باوو وەرگێڕانی پچڕ پچڕو نیوەچڵ کار دەکاتە سەر زمانی نەوە تازەکان‌و پاشان کار دەکاتە سەر زمانی نووسین‌و ئەدەبیاتی تازەو نەوەکانی دی کەچاویان بەبەرهەمی تەرجەمەکراوی پڕ لەهەڵەو بیسەرو بەردەکەوێ واهەست دەکەن کەئاڵۆزی‌و پچڕپچڕی بابەتەکە بۆ خۆی جۆرە شێوازێکی نوێیە.. جا لەبەرئەوەی نەوەی تازە هیچ پشتیوانییەکی رۆشنبیری‌و سەرچاوەیەکی دیکەی فیکری‌و فەلسەفی تری نییە، بۆیە خێرا دەکەونە لاسایی کردنەوەی ئەو زمانە سەقەتەو گوایە رۆشنبیری سەردەمی خۆیانی پێ بەرهەم دێنن.. بۆیە سەیر دەکەی گەلێك لەو خوێنەوارانەی کەپەیوەندی هەرە سەرەکیان لەگەڵ رۆشنبیری جیهانیدا، لەڕێگەی ئەو وەرگێڕانە سەقەت‌و شێواوانەوەیە، بێ ئەوەی تاقە یەك زمانی زیندووی جیهانی یان ناوچەیی بزانن، وەکو دەم سپی‌و نوێنەری رۆشنبیری خۆ لەقەرەی

مالیجەو چارەسەری گەورەترین‌و گەرمترین کێشەی ڕۆژی ئەم دنیایە دەدەن بۆ ئەوەی پشت بەتاقە سەرچاوەیەك دەرەجەیەك ببەستن، دێن سەرچاوە دەرەجە چوارو پێنجە لەبنەڕەتدا شێواوەکان کاوێژ دەکەنەوەو دەیتەقێننەوەو خەڵکەکە بێ چ قێز کردنەوەیەك هەڵیدەگرنەوەو تاڕادەیەکی زۆریش پێی قایلن‌و بانگەشەی هزرڤانی‌و پیتوڵیش بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەن‌و ئیدی لەچەندین لاوە دەهۆڵ‌و زوڕنایان بۆ لێدەدەن.

گەر هەندێ وورد سەرنجی دنیای ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان بدەین، گەلەك نموونەو دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعری زادەو لەدایك بوونی ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین.. ڕاستە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەپێی قۆناغ‌و پێداویستی کۆمەڵ دەگۆڕێ‌و تازە دەبێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەبنەما سەرەکییەکانی نەمێنن‌و هەڵوەشێنەوە. لەکۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کەئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکی فرە خێراو خۆشبەزەوەو تەکنولۆژیا میللەتانی تەواو لێکدی نزیك کردۆتەوە.. مرۆڤایەتی پێویستە بەشداری بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتی کەونی بکات، ئەگەر هەر بەم خەم ساردییە بمێنینەوەو بەتەما بین لەگەڵ ڕێزماندا بۆ ئەدیبانی ڕەسەن کاریگەر- بەپشتیوانی نامیلکەی شیعر کاڵ‌و کرچ‌و کۆمەڵە پیرۆکی پەرپووت‌و بێ ڕەونەق‌و کەم نموودەوە ببین بەخودانی کتێبخانەی دەوڵەمەند، ئەوا کاتێ بەخۆ دەزانین لەهەموو جەژنان بووین‌و دەستمان لەبنی هەمبانەوە دەرچووە بۆیە دووپاتی دەکەمەوە بەبێ وەرگێڕانی بەرنامەدارو بەردەوام نابین بەخاوەنی کتێبخانەی دەوڵەمەندو نەوەیەکیش پشت بەوەرگێڕانی نادروست‌و بێ سەروبەر ببەستێ هەرگیز ناتوانێ ببێ بەئاڵا هەڵگری بزاڤی ڕۆشنبیری ئایندە.

**-لەو بەرهەمانەی تاوەکو ئێستا بەکوردیت کردوون لەڕووی فیکرییەوە بەکام نووسەریان کاریگەر بووی؟**

و١٢: بەرهەمم زۆرە پتر لەهەفتا کتێبە، وەرگێڕان بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەی پێکهێناوە، زۆربەی زۆری ئەو بەرهەمانە بەخۆم‌و بەدەم خوێندنەوەوە بۆ وەرگێڕانم هەڵبژاردوون‌و هەستم کردووە بۆشاییەك لەکتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکەنەو.. یەکێك لەو نووسەرانەی کە لەڕووی فیکرییەوە خۆشم ویستووە، د. فوئاد زەکەریای هزرڤانی عەرەبەو لەخزمێکی خۆمم خۆشتر دەوێ.. بەداهەوە تەنیا یەك کتێبی ئەو نووسەرە هێژایەم کردووە بەکوردی (گوزارشتی مۆشیقا) ئەم کتێبەم لەهەشتاکاندا، لەچیاو بەدەم پێشمەرگایەتییەوە کرد بەکوردی‌و ئەوسا لەژمارە (یەکی) گۆڤاری کەلتووردا بڵاومان کردەوە. ئێستاش، لەساڵی ٢٠٠٦دا لەلایەن یانەی قەڵەمەوە وەکو کتێب چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە.

گۆڤاری کەلتوور، یەکێك بوو لەگۆڤارە زۆر چاکەکان، تەنیا چوار ژمارەمان لێدەرکرد. کاك محەمەد موکری سەرنووسەرو بەندە سکرتێری نووسینی بووم. هەر ژمارەیەکی پتر لە دە کتێبی نایاب و هەڵبژاردەی لەخۆ گرتووە.
هەقە ئەو ژمارانە وەکو خۆیان چاپ بکرێنەوەو بەنوسخەی زۆر بڵاو بکرێنەوە.. کێ ئەمە بکات؟! خەمخۆرانی رۆشنبیری..

**-ئەمساڵ فەرهەنگێکی گەورەو نازدارت بەناوی (گۆڤەندو زنار) پێشکەش بە قوتابخانەی کوردی کرد،بەرگی یەکەمی چاپکراوەو دووەمیش لە ژێر چاپدایە، لە رووی فەرهەنگنوسییەوە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمە لە کوێدایە؟**

و١٣: (گۆڤەندو زنار) لەبواری کاری فەرهەنگنووسی کوردیدا، هەوڵێکە لەنێو هەوڵەکانی تری ئەو بوارەدا، ئەگەر لەهەوڵەکانی پێش خۆی سەرکەوتووتر نەبێ، ئەوا هەرگیز کەمتر نییە.
بیرۆکەی ئەم فەرهەنگە لەئەنجامی کاری وەرگێڕانەوە لەلام دروست بوو.. چونکە کاری وەرگێرشان بەبێ پشتیوانی فەرهەنگ نابێ و زۆر زەحمەتە.
بەهەرحاڵ فەرهەنگی (گۆڤەندو زنار) ئەو کارەیە کەتوانیومە بیکەم، ئەوە نییە کەویستوومە. من ئەوەندەم پێکراوە، باخەڵکی دیکە زیاتر بکەن. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە کە لەبەرامبەر هەر واژەیەکی فارسیدا چەندین واژەی هاو واتای کوردی دانراوەو هەوڵێکە بۆ تۆمار کردنی زۆرترین ووشەی کوردی لەو بوارەدا، فۆنەتیکی ووشەکان بەهەردوو رێنووسی کوردی باوی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان و بەرێنووسی لاتینی کە لەنێو کوردی باکوردا بڵاوە، تۆمار کراوە، کەئەمە سنوورە رێنووسییە نەیەکگرتووەکەی ناو کوردەواری دەبەزێنێ و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان سوودی لێوەر دەگرن و لەو رووەوە کورد یەکدەخاتەوە.. خوا یاربێ بەو زووانە بەرگی دووەمیشی بڵاو دەبێتەوە.

* (حەمە کەریم عارف)ی نووسەرو وەرگێڕ ساڵی ١٩٥١ لەشاری کەرکوك هاتۆتە ژیانەوە، لەساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی لەبەغدا تەواو کردووە، یەکەمین بەرهەمی هەڵبەستێکی شیعرییە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوی‌کردۆتەوە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو)، لەساڵی ١٩٧٧وە تاوەکو ئێستا بەردەوام بێ بچڕان خەریکی نوسین و وەرگێڕانە، سەری لەنوسین و وەرگێڕاندا سپی کردووە، خاوەنی نزیکەی (٧٠) بەرهەمە، زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕانن، خزمەتێکی بێ وێنەی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، بەپێویستی ئەزانم ئاماژە بدەمە هەندێ لەو بەرهەمانە (مەسەلەی کورد لەعێراق- کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو- کورد لەئەنسکۆپیدیای ئیسلامدا، مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد- تیرۆژ (کۆ پیرۆك)-

**كۆچی سوور (چیرۆك)– بەیداخ (چیرۆك– داوەتی كۆچەریان (كۆ چیرۆك)– نینا– نامۆ– رێبەر– شكست (رۆمان)– هاومالەكان (رۆمان)– بێناسنامەكان (رۆمان)– دووره وولات (رۆمان)– ئازادی یامەرگ (رۆمان)– دادپەروەران (شانۆنامە)– بەدحالی بوون (شانۆنامە)– مندالە دارینە (چیرۆك بۆ مندالان)– شوانە بچكۆلەكە (چیرۆكێكی چینییە بۆ مندالان)– دەربارەی شیعرو شاعیر– خافروخ لەشیعر دەدوێ– ریالیزمو دژە ریالیزم لەئەدەبیاتدا– رێبازە هونەرییەكانی جیهان،مەرگی نووسەرو چەن باسێكی دیكەی ئەدەبی و رۆشنبیری...هتد، لەتەك چەندین بەرهەمی ناوازەی دیكە، ئەمسالیش فەرهەنگێكی گەورەو نازداری بەناوی (گۆڤەندو زنار)ەوە پێشكەش بەكتێبخانەی كوردی كردووە، لەزۆربەی زۆری رۆژنامەو گۆڤارەكاندا بەرهەمو بلاوكراوەی هەیە، لەهەشتاكانی سەدەی رابردووەوە تاوەكو ئێستا سەرۆكی لقی كەركوكی یەكێتی نوسەرانی كوردە، سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (نەوشەفەق و– گزنگ)ە، لەم روانگەیەوە بەزەرورمان زانی گفتوگۆیەكی لەتەكدا ساز بدەین دەربارەی واقیعی نوسینو وەرگێران لەكوردستان، لەم رووەوە بەخۆشحالییەوە ئامادەگی دەربڕی بەرامبەر بەو داوایە، لێرەوە زۆر سوپاسی دەكەین.**